# سێکس و پۆلیتیک

**سەرچاوە :**

لە ڕۆژنامەی (القبس) ی کویتی بە زەنجیرەو ڕۆژانە لە ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوکراوەتەوە.


**ناوی کتێب: سێکس‌و پۆلیتیك**

**نووسینی: کریستۆف دلوار و کریستۆف دۆبوا**

**وەرگێڕانی: شێرزاد هەینی**

**بابەت: لێکۆڵینەوە**

**مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج**

**تیراژ: ١٠٠٠ دانە**

**نرخ: ٣٠٠٠دینار**

**ژمارەی سپاردن: ١٣١٠ ی ٢٠٠٨**

**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٨**

**کوردستان -سلێمانی**

**www.serdam.net**
**www.serdam.info**

كريستۆف دلوار و كريستۆف دۆبوا

# سێكس و پۆليتيك

(دۆزينەوەی چەند لاپەڕەيەكی شاراوەی ديپلۆماتانی فەرەنسای هاوچەرخە)

وەرگێڕانی بۆ كوردی:

**شێرزاد هەينی**

سلێمانی ٢٠٠٨

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

کتێبی سەردەم ژمارە ( ٤٤٦ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

ئازاد بەرزنجی

## تروسکاییەك بۆ ناسین:

ئەو کتێبە کۆششی شەرعی و ناشەرعی رۆژنامەنووس و پۆلیس و هەواڵگری و حزبایەتی و ململانێی بردنەوەی دەسەڵاتە لە هەڵبژاردنەکانا، دۆراوەکانیش گەورە سیاسەتمدارانی حکومەتی فەرەنسی هاوچەرخە.

هەردوو نووسەرەکەی فەرەنسیین، ژنە عەرەبێکی رۆژنامەنووسی جەزائیری بۆ ناسینی ئەو ریپۆرتاژەو بەدواچوون و پێناسەی بەرزی دەسەڵاتی رۆژنامەگەری وەرگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی. تا تیشکێك بخرێتە سەر ئەو بابەتە تازەیە لە رۆشنبیری و چاپەمەنی کوردی منیش کتێبەکەم وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی، نیازیشمان ناسینی کۆششی رۆژنامەگەری و شکاندنی هەندێ لە قودسیەت و نهێنیەکانی سیاسەتمداران.

**وەرگێر**
**سوید ـ ٢٠٠٧**

# بەشی یەکەم

## سەردەمی  خۆشەویستی و دەسەڵاتی شیراك و فیلبان:

چوار مانگ بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی فەرەنسی مابوو، ئەو ماوەیەش بە بۆچوونی شارەزایان و توێژەرانی سیاسی بۆ ئاراستەکردنی رای گشتی، بۆ ناسینی هەڵوێستی کەسایەتیە کاندیدکراوەکان، تا بگەنە بڵندترین پایەی سیاسی سەرۆکایەتی کۆماری فەرەنسی، ئەو ماوەیەش ماوەیەکی کورت بوو. لەبەرئەوەی سیاسەت وەك وتراوە هونەری ممکیناتە، بۆیە ئەو کتێبەش بڕیاردەرە لە دروستکردن و گەیاندنی هەڵوێست، ئەو هەڵوێستەی کاریگەری لەسەر کەسی فەرەنسی بۆ بڕیاری دەنگدان هەبووە. بۆ یەکەمجارە لە مێژووی فەرەنسی سەرۆك وەزیرانی پێشوو و ئەوانەی ئێستاو راوێژکاران و بەرپرسانی گەورەی دەسەڵات باسی بابەتێك دەورووژێنن کە زۆر دەزگاکانی پێشوازی هەستیاری فەرەنسی بایەخیان پێداوە، ئەویش پەیوەندی نێوان دەسەڵات و سێکسە.

لەو کتێبەدا  (کریستۆف دلوار) و (کریستۆف دوبوا) ی رۆژنامەنووس لە لوبوان و لوباریزیان کاریان لەو توێژینەوەیە

کردووە، لەو پەیوەندییەیان کۆڵیوەتەوە، ئازایانە ئەو مەسەلەیان ناوهێناوە، راستی رووداوەکانی ئەو سەرۆکانەیان ئاشکراکردووە، تا ببنە کەسانی (دونگوان) ی سەردەمەکەیان. ئەو کارەش بە گوێگرتن لە چەندین کەسایەتی فەرەنسی ئاگادار ئەنجامدراوە.

نووسەرەکان، ئەو کتێبەیان بە لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی و فەلسەفەیی ناونەبردووە، ئەو کتێبەیان بە تامی خۆشی سەرکەوتنەکانی هەڵبژرادنەکانی سەرۆکایەتی داناوە، ئەو تامەی لە وەرگرتنی دەسەڵاتەوە وەریدەگرن. ئەو پۆست و دەسەڵاتەی نەك تەنها ژنانی جیهان شەوقداردەکات، بەڵکو ئەو دەسەڵاتە ناشیرینترین پیاو دەکاتە کەسی سەرنجراکێشی بایەخدار.

ئەو فەرەنسایەی ناکرێ بێ سێکس باس لە سیاسەتی تێدا بکرێت، چونکە دەسەڵات بە ژنانەوە بەندە، جا ژنەکان هاوسەربن، یان دۆست و هاوسۆزو یارو دڵنەوایی بن. زۆرجار ئەوانە پاریسیان هەژاندووە، گۆشەکانی کۆشکی ئالیزییان هەژاندووە.

لە گۆشەیەکی شوقە پاریسیەکەی بەرامبەر باخچەی لکسنبورگ دانیشتبوو، بەهێمنی چاوی بڕیبووە فەمیلیەکەی سارکۆزی، ئەگەرچی ئەو پەیوەندییە ٣٠ ساڵی بەسەردا رۆیشتووە، ئەو رەوشەی دوارۆژی سەرۆکی وەرگێڕاو گەیشتنە رادەی تەڵاق. ئەو ژنەی تا ئیمرۆش چاوەکانی هەنگوینین، چەندین پارچە شیعری بەئیمزای (جاك) ی یاری هەڵگرتووە. کە فرانسوا رۆمانی (ژنەجوانەکەی بەرێزەکە) ی ئالبریت کوهن لەسەر ناشیرینەکانی ئەڤینی پێشکەشکردبوو، کۆپلەیەك شیعری بۆ نووسیبوو، ئەویش پەراوێزی سەر کتێبەکەشی بۆ یادگار هەڵگرتبوو.

شیراك لە سەرەتای شێستەکاندا خۆشی ویستبوو، بەڵام میتران دڵنەوایی دابۆوە. یەکەمیان جوانیەکەی ئەوی بە ئەسکندریە

شوبهاندبوو، دووەمیشیان بە پێنووسەکەی دڵی ئارامکردبوو. بێئەوەی دڵە ناسکەکەی هەست بە خەمگینی و پەشیمانی بکات، لە ساڵۆنە گەورەکەی دانیشتبوو، زۆر یادگارو بیرەوەری بەبیر خۆی دەهێنایەوە. توانی برینەکانی سارێژبکات و چالاك ببێتەوە، ئێستا خانەنشینکی زیندووە. تەمەنی هەشت ساڵ لە سەرۆك گچکەترە، لەبەرئەوەی خۆی بە رەچەڵەك لادێی بووە، بۆیە لە چواردەورەی پاریس ماوەتەوە، قاچەکانی لەسەر ئەو ئەرزە گیرکردووە. چیرۆکی ئەو لە ساڵی ١٩٧٤ زۆر بەگەرمی دەگێردرایەوە، ئەو رۆژانەی دیگۆلییەکان کۆشکی ئالیزیيان بۆ کەسێکی نەیاری خۆیان چۆڵ دەکرد. ئەوان دەسەڵاتیان نەبوو، سەندووقەکانی هەڵبژاردنەکان (فالیری جیسکار دیستان) ی هێنایە سەر کورسی دەسەڵات، ئەویش زوو (جاك شیراك) ی کردووە بە وەزیری یەکەم، ئەو دەمە تەمەنی ٤١ ساڵ بوو، بەڵام ئەو ویست و ئارەزووی لەو پایە زۆرتربوو.

که لە رۆژنامەی لوفیگارۆ کاری کردبوو، یان ئەو دەمانەی هاتوچۆی مەڵبەندی چەپەکانی دەکرد، یەکتریان نەدەنوواند، لە سەرەتای شێستەکان شووی بە کەسێکی نزیك لە (فرانسوا میتران) کردبوو، ئەو کەسە، لە ساڵی ١٩٨١ پۆستێکی وەزاری گرنگی وەرگرتووە، بەڵام پەیوەندیان باش نەبوو، رۆژێکیان راوێژکاری سەرۆکایەتی وەزیران (کزافیی مارشیتی) داوای لێکردبوو ریپۆرتاژێکی رۆژنامەگەری لەسەر شیراکی بۆ ئامادەبکات، ئەگەرچی ئەو لە بەشی سیاسیش نەبوو، بەڵام دەستەی نووسەران بۆ ئەو کارە لاریيان بۆ ئەو نەبوو، چونکە ئەو دۆستی راسترەوەکان نەبوو، بڕوای زۆریان بەکارو چالاکییەکانی ئەو هەبوو.

## سوتانی خۆشەویستی:

بۆ تەواوکردنی ریپۆرتاژەکە، ئەو ژنە گەنجە هاوبەشی سەردانەکەی شیراکی کردبوو بۆ رۆمانیا، لە پەنا پەردەکانا ئەستێرەی گەشی کۆماری پێنجەمی فەرەنسی کز دیاربوو، لەو دەمانەدا سەرەتای چیرۆکی خۆشەویستیەك دروستبوو، ئەو خۆشەویستیەی لە مێژووی ئەو وەزیرە یەکەمەدا زۆر باڵکێش بوو. شیراك نازدارەکەی بەچەندین دیاری و بەخشین تەژی کردبوو، بەنهێنی لە شوقە (فەلات) کەی لە گەڕەکە خۆشەکەی پاریسی حەوتەم دیداریان دەبوو، شوقەکەی بە هێلێکی تەلەفۆنی هاوبەشی نهێنی لەگەڵ سەرۆکایەتی وەزیران راستەوخۆ کۆنتاکت کردبوو، بایەخی زۆری پێدەدا، ژوورەکانی بە شەرشەفی نازداری بۆتیگی بورتهۆد بۆ دەرازاندەوە.

ئەو نهێنیە زۆری نەخایاند، ئەو دوو عاشقە سووتاوە ئاشکرابوون، کە بەیەکەوە بە سەردانێکی رەسمی لە ینایری ١٩٧٦ چوونە هیندستان، رۆژنامەنووسەکان هەستیان بەو پەیوەندییە کردبوو، ئەو زوو زوو لە شوێنی پشتەوەی تایبەتی گرووپی رۆژنامەنووسەکان هاتوچووی دەکرد، زۆر دەچووە پێشەوەی فرۆکەکە، ئەو شوێنەی وەزیری یەکەم و هاوسەرەکەی (برنادیت) ی تێدا سواردەبوون. کە شیراك ئەندێرا غاندی لە دەلهی بینیبوو، هاوشانی هاوسەرەکەی سەردانی (تاج محل) و (گەڕەکی ئیمپراتۆریەتی فاتحبور سیکرییان) کردبوو، پەیامنێرە تایبەتیەکەی رۆژنامەی لوفیگارۆ، وتارەکەی بە وشەی سەردەمی گوڵ و زەردەخەنە و پێشوازی گەرم نووسیبوو .

شیراك زۆر بیری لەو دەکردەوە، ئەو هەرچەندە کاری رۆژانەی زۆری هەبووایە زۆر سۆراخی دۆستەکەی دەکردو لە

خۆشەویستێک دەگەڕا. پاش ئەوەی ١٥ ساڵ پارەی زۆری لەو دەسەڵاتەوە پەیداکرد، رازی بوو بۆ ئەو، لە برنادیتی ژنی جیابێتەوە.

## خۆشەویستیە موستحیلەکە:

ئەو هەستی بە رەوشێکی ناسککرد، وا هەڵبژاردنەکان نزیك بوونەتەوە، راوێژکارانی شیراك گەیشتنە ئەو راستیەی ئەو پرۆسەیە بۆ پاڵێوراوێکی بێ ژن و ژن تەڵاقدراو، خۆکوشتن و سەرنەکەوتنی مسۆگەرە. کەسە نزیکەکانی شیراك زۆریان بۆ شیراك برد تا پەیوەندییەکەی سنووردار‌بکات، هەروەها سەرۆکایەتی رۆژنامەی لۆفیگاریۆش رۆژنامەنووسە نازدارەکەیان خستە ژێر چاودێری وردەوە، ئەویش سازکردنی ریپۆرتاژو پێداچوونەوەی نزیك لە سەرۆکایەتی کەم کردەوە، برادەرانی ناو حزبی سوسیالیستیش لێی دوورکەوتنەوە، ئەو هاورێیانەی نێوانیان سازنەبوو، ئەو ماوەیە نێوانیان توندترو ئاڵۆزتربوو.

ئەو دەمانە ئەو ژنە نازدارە بە قۆناخێکی ناسك و هەستیار گوزەری دەکرد، کەسایەتی وەك (توماسینی) و (ئەلکسندر سونگینیتی) ناو دیگۆلییەکان هەڕەشەیان لێکرد، تا گەیشتە هەڕەشەی کوشتن. رۆژێکیان (ماری فرانس گارۆ) داوەتی نانی نیوەرۆی کردبوو، پەیامی ئەو دانیشتنەی روون و کراوە بوو، پێیووتبوو :

خۆشەویستی و دەسەڵات ناکرێ، ئەگەر شیراك چاوی لە کورسی کۆشکی ئەلیزیبیایەو هیوای دیگۆلییەکان بەرهەمدار بێت، دەبێ لە حەیاچوون و کاری ناپەسند خۆی دوور راگرێت. راوێژکاری رۆژنامەگەری شیراك بە روونی و راشکاوانە پێیووتبوو:

بۆ بەرژەوەندی وڵاتی فەرەنسا دەبێ لە شیراك دووربکەویتەوە.

ئەو هەموو هەڕەشانە خەونی ئەو نازدارەی بە ژیان لەگەڵ شیراك نەرەواندەوە، رۆژێکیان بۆ دەرکەوت نامە نوێ و کۆنەکانی شیراك لەناو سەندووقەکەی نەماوون. لە هاوینی ١٩٧٦ شیراك تەلەفۆنێکی بۆی لێدا بەئاشکرا پێیووتبوو:

بۆ گەیشتن بەکۆشکی ئەلیزی من بڕیارم داوە لە تۆ دووربکەومەوە، ناکرێ دیدارمان هەبێت.

ئەو رستە سادەیە بۆنی هەڕەشەو دەسەڵاتی چواردەورەکەی پێوەبوو. سەرۆکی حکومەت سەرۆك شیراکی لە ٢٥ی ئۆگسستی ١٩٧٦ ئاگادارکردەوە بە وازهێنان، ئەوانەش هەمووی قوربانی بوون بۆ پێشبرکێ بۆ کۆشکی ئالیزی. ئەو ژنە نازدارە بەرگەی ئەو کۆست و دوورکەوتنەوەی نەگرت، بۆیە بە قووتدانی چەندین کەبسوولی ترسناك هەولی خۆکوشتنی دابوو، بەقووتدانی ئەو حەبانە کەوتووتە نەخۆشخانەو گۆشەی بوژانەوەو چاودێری پزیشکان، شیراکیش لە نزیکەوە چاودێری دەکردو کەسانی نزیکی شیراکیش سەردانیان دەکردو هەواڵپرسینیان کردبوو. پاش مانەوەی دوو رۆژ لە هۆبەی بوژانەوە لە مردن رزگاری بوو. ژنەکە لە مانگی سپتمبەری ساڵی ١٩٧٦ توانی جاریکی ترو بۆ دواجار لە نووسینگەی (ماری فرانس گاری) لە پاشکۆیەتی سەرۆکایەتی لە شەقامی (فانو) چاوی بە شیراک بکەوێتەوە، بەڵام دوو بەرپرس لە حزبەکەی بواریان نەدا شیراک ماڵئاوایی لێبکات.

قسەی وا بڵاوبۆوە گوایە کارمەندێکی تەنەکەچی کۆتایی بەو دیمەنە درامییە هێنابوو، بەڵام راستیەکەی (ئاڵان جوبی) لە پشتەوەی ئەو دوورکەوتنەوەبووە. پاش چەند مانگێك شیراك (کۆبەند بۆ کۆماری) دامەزراند، لەوەشەوە گەیشتە لوتکەی هەرەمی دەسەڵات. زۆرجار بۆ گەیشتن بە هیواو ویستەکانی تاکەکان بەناچاری

دەستبەرداری زۆرت دەکات، بەڵام مەسەلەکەی ئەو وەك (ژەنرال بولونجی) رۆمیۆی ئەو سەردەمەی لێهات، وازی لە خۆشەویستەکەی بۆ کۆشکی ئالیزی، نەهێنا تا لە سپتمبەری ١٨٩١ گەیشتە رادەی خۆکوشتن لە سەر گۆڕی یارو دۆستەکەی.

## کۆمیدیای فیلبان لەگەڵ نازدارەکەی:

لە سەرەتای سپتمبەری ٢٠٠٥ دوفیلبان لە کۆڕێکی رۆژنامەوانی رووە کۆمەڵایەتیەکەی دەرکەوت، ئەو بەرامبەر جەماوەرێکی زۆر قسەی دەکرد، وەزیری یەکەم باسی کەمکردنەوەی باجی داهاتی ساڵی ٢٠٠٧ ی دەکرد، پاش ١٠٠ رۆژ لە هاتنە سەرکاری وەك سەرۆك وەزیران لەبەردەم مایکرفۆنەکەدا باسی مامۆستاکەی خۆی کردبوو، کە تەمەنی ١٠ ساڵان بووە مامۆستاکەی پەراوێزێکی لەسەر دەفتەرەکەی بۆ نووسیبوو:

زۆر کار دەکەیت، بەڵام دەکرێ زۆرتر خۆت ماندوو بکەیت .

بەڵام لە ناو قسەکانیدا لەجیاتی وشەی مامۆستاکەم وشەی نازدارەکەمی لەدەم دەرچوو بوو، ئامادەبووان بەو وشەیە سەرسام ببوون، تا کەسانێك هەبوون بە دەنگی بەرزەوە پێکەنینیان هاتبوو، بووە دەنگەدەنگ، رۆژنامەنووسەکان شاگەشکەبوون، هەتا وەزیرێکی دەسەڵاتدار لە تەنیشتی دانیشتبوو خۆی پێرانەگیراوەو زۆر پێ پێکەنیوە، بەڵام دەکرێ بپرسین بۆ وا سەیر پێکەنینی هات ...؟؟

دیارە چەند مانگێك پێشتر، هەموو دەزگاکانی سیاسی و راگەیاندن و میدیاکان رووداوەکەی یانەی راسینگیان بیستبوو، پێش ئەوەی ئەو ببێتە وەزیری یەکەم (ماری لور دوفیلبان) ی ژنی رووی بە رووی

دەرمانسازێکی نازداری جوانی هەرێمی هەشت دەکەوێت، ئەویش مێردەکەی دەناسی.

## رووبەرووبونەوەی ژنانە:

ئەو رووداوە بەئاسانی و بەهێمنی تێنەپەری، لە یەکێك لە هۆڵەکانی نووسیندا بایەخی زۆری پێدرا، کیژە رۆژنامەنووسێك ئەندامی یانەی (راسینگ) و کارمەند لە کەنالی (تی ڤێ ١ی) فەرەنسی، ئەو هەواڵەی قۆستەوە، ئەو هەواڵە وردەی بە گۆڕین و بۆیەکردن و رازاندنەوەی بڵاوکردەوە. رووداوەکە وەك کەسە نزیکەکانی وەزیری یەکەم پێناسەی کردبوو، بۆ رەواج و ناوبانگی دەرمانخانەکە ئەو مەسەلەیەی گەورەکردووە، دیارە ئەویش بۆ یانەی راسینگ بەپێی بەندە توندەکانی پەیرەوی ناوخۆی یەکسەر لابردنی سەرۆکایەتی ئەو یانەیە دەگەیێنێت. ئەو قسەیەو ناوهێنانیان لە زۆر بوارو شوێنی تر باسکرا.

## ئەدی ئەوانە چۆنن ...؟؟

لە فبرایری ٢٠٠٦ (جاك تومیت) بەرێوەبەری پێشووی نووسینگەی وەکالەتی هەواڵەکانی فەرەنسی لە بوگوتا لەسەر گیراوێکی دەستبەسەر لەلای هێزەکانی چەکداری شۆرشگێرلە کۆڵومبیا ـ فارك ـ کتێبێکی بڵاوکردبۆوە. گیراوەکە ژنێکی کۆڵۆمبی هەڵگری ناسنامەی فەرەنسی هەبووە، کە بە هۆی مێردی یەکەمی لە ساڵی ١٩٨٤ ئەو رەگەزنامەیەی وەرگرتبوو، سوودی زۆری لەو مامەڵە فەرەنسیە تایبەتیە وەرگرتبوو، ئەوانەی دەستیان لە

وەرووژاندنی كێشەكە هەبوو، مەسەلەكەیان بەگەرمی و بەبایەخەوە باسدەكرد، ئەنجامەكەشی ئازادكردنی گیراوەكەبوو .

لەو كتێبەدا باسی پەیوەندی خۆشەویستی نێوان باڵوێزی فەرەنسی لە كولومبیا (دانیال بارفید) و (ئەسترید) ی خوشكی (ئەنگرید) و پەیوەندی كۆنی ئەو جووتە خوشكە بە فیلبان كردبوو، ئەو قسەیەش زۆر كرابوو، بەڵام لە كتێبەكەی بەچاكی ئەو نهێنیەی ئاشكراكردو بڵاویكردەوە. بەكورتی ئەنگرید لەسەرەتای هەشتاكانەوە زۆر عاشقی وەزیری یەكەم بووە، بەتایبەتی ئەو دەمانەی مامۆستای زانستە سیاسیەكان بووە، ئەو پەیوەندیەش هەر مابوو.

## فرمێسكی عاشقەكە:

فیلبان كە وەزیری كاروباری دەرەوەبوو وتارێكی لە كولۆمبیا پێشكەشكردبوو، ئەگەرچی ژنەكەی بە فستانی شینەوە لە پێشەوەی هۆڵەكە دانیشتبوو، لەوێی ئەنگرید سۆزی زۆری بۆ هەڵساوەو خۆی پێرانەگیراوەو هەردوو چاوەكانی مشت فرمێسكی گەرم بوون. لە جانفیش لە ساڵی ٢٠٠٤ یش فیلبان كە رێزی بۆ فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوە دەربرییوو، سڵاوێكی تایبەتی بۆ ئەو نادربوو.

دەگێرنەوە گوایە فیلبان بیری لەوە كردیتەوە بچێتەوە بیابانەكان، تا لەگەڵ مسیری (فارك) بۆ بەردانی ئەنگرید بتونكورت دانوستان بكات، بەڵام وەزیری یەكەمی ئێستا پرۆژەكەی لا باش نەبوو، لە یولیوی ٢٠٠٣ فرۆكەیەكی جۆری هركول س ١٣٠ مشت پارە لە بەرێوەبەرایەتی ئەمنی دەرەوە بۆ ئازادكردنی لە دەست رفێنەرانی ناردە بەرازیل، بەڵام سەری نەگرت، ئەوەش زۆری نەمابوو كێشەیەكی دبلۆماسی لێبكەوێتەوە. وەك دەڵێن دڵ بیانۆی هەموو

کارێکی هەیە، هیچ لۆژیکێك قبوولّی ناکات. فیلبان بەجوانی و شۆخی و قژە جوانەکەی دەنازی و حەزی بەسێکس و رەگەزی ناسك کردووە.

## وەزیرێکی رووت:

لە سپتمبەری ٢٠٠٥ لە شاری لابول، (یەکێتی بۆ بزاڤی میللی) کۆبوونەوەیەکی هاوینی سازکرد، لەوێ وەزیری یەکەم فیلبان خۆی رووتکردەوەو لە ئاوە ساردەکەی ئوقیانوسی ئەتلەسی خۆی نقوومکرد، بەبێ ئەوەی بیر لەو خۆرووتکردنەوەیە بکاتەوە، مەلەوانی کردووە، زوو چەندین کامیرای فۆتۆگراف ئامادەبوون، کە هاتە دەرەوە، چەند وێنەی رووتی وەزیری یەکەمیان گرتبوو.

لە دانیشتنێکی ئێوارانی نانخواردنا پەخشکەرێکی تەلەفزیۆنی سەری بردبووە بن گوێی فیلبان و پێ وتبوو:

ئەزیزم دومینیك خۆشەویستەکەم بۆچوونێکی تایبەتیم لەسەر تۆ هەیە، ئەویش ئەوەیە، سێ بەشی ئەو ژنانەی دەنگت بۆ دەدەن لەبەر جەستەو جوانیەکەت دەنگت بۆ دەدەن، نەك لەبەر بەرنامەی هەلّبژاردنەکەت، دیارە ئەنجامەکانی هەلّبژاردنی سەرۆکایەتی سەرسامیان دەکات.

بەبێ ئەوەی بزەیەکیشی بێتێ، فیلبان ولاّمی داوەتەوە، وتبووی: ئەوەش گرنگە.

ئەوەی زۆر گرنگە، ئەکتەری سومبلی جوانی و سێکس (ئالآن دلۆن) یش جارێك بە وەزیری کاروباری دەرەوەی پێشووی وتبوو: (تۆ بێ سنوور جوانی !!!).

ئەو دەمەبوو سەرۆکی فراکسیۆنی شیوعیەکانی کۆمەڵەی نیشتیمانی کە لە ئامادەکردنێکی ناو دانیشتنەکەیاندا رووی لە فیلبان کردبوو بە وشەی پشیلەی یەکەم ناوی هێنابوو!.

## کتێبی وەزیرێك:

ئەگەر فیلبان شۆخی بەلاشەو جەستەی نەهاتبێت، ئەو ئەگەرەش لە مەزندە دوورە ، ئەوا پیاوە سێبەرەکەی ئەو، (برونو لومار) ی کە شێوەی لە کەرۆیشك نەدەچوو، لە کتێبەکەی (وەزیر) دا بە پارێزەوە نووسیویەتی:

لەو کتێبەدا باسی رووبەرووبونەوەی نێوان فەرەنساو ئەمریکا دەکات لە رۆژانی سەرەتای شەڕەکەی ئەمریکا بۆ سەر عێراق دەکات، ئەو دەمانە فیلبان وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرەنسابووە، لە یەکێك لە بڕگەکانی ئەو تکنۆکراتە باسی پشووی هەفتانەی خۆی و هاوسەرکەی دەکات، چۆن لە ینایری ٢٠٠٣ دا ئەو کتێبی (بەهەشتی) هرفی کیپارتی دەخوێندەوەو ژنەکەشی کتێبی (مردن لە فینیسا) ی دەخوێندەوە، لە لاپەرە ١٠٧ دا نووسیویەتی، کە لە خەو رابووم، بە سابونی بۆندار خۆم دەشووشت و چایەی کەسکم فڕ دەکردو ژنەکەشم گەمەی بۆ پێ دەکردم.

دەبێ زەوق و تامی نووسەری ئەو دوو کتێبە سۆزدارە بووبێت، دبلۆماتە نزیکەکەی فیلبانی جۆش کردبێت...؟

## گەورەیی سیسەمی نووستن:

رۆژنامەکانی فەرەنسی زوو بۆچوونەکانیان گەراندەوە بۆ خودی کەسایەتی فیلبان، یان بۆ رۆمانسیەتی دەسەڵاتەکە، بۆ شاعیری کێشەکان، یان بۆ نووسەری کتێبی (دزەکانی ئاگر، نەورس و قورش، هاواری دیناسور) ..؟؟ سانت جونی دبلۆماسی کۆن، سەرسامی خۆی بە وەزیری یەکەم دەنواند، بۆیە لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی:

گەورەی سیسەم، خۆشەویستیەکەم وەك قوبتانی کەشتیەکەیە، هێزەکەی بەرگری باوبوران و شیشبەندی ئاسن دەگرێت، نەرم و هێمن دەبێتەوە.

فلیپان لە شاعیرەکان زۆرتر شاعیرانە هەستی دەردەبڕی، کە لە ساڵی ١٩٩٥ بە سەر (بالاور) سەردەکەوێت وتوویەتی :

ئەوانەم بە بەرد وەرگرت.

ئەو رستەیە لە یونیوی ٢٠٠٥ لوموند کردیبووە مانشێت، ئەو کەسە توانی بڵێت پیاوی سیاسی ئەو کەسەیە ژنێکی لە هەرێمەکە هەبێت، لە پاریسیش دۆستێکی هەبێت.

ئەو رستەیەش لە هەفتانەی لونوفال ئوبسرفاتوری رۆژی ٩ی ٢٠٠٥ نووسرایەوە.

فیلبان لە گەرمەی کێشەی سەردەمی کارکردنی سەرەتایی لە مارسی ٢٠٠٦ دا، زۆرجار وشەی (گوون) ی بەکارهێناوە. جارێك لەبەرامبەر چەند کەسێکدا هاواری کردووە:

ئێمە ١٤ـ ١٨ مان لە پێشە، بۆیە دەبێ بەرگری بکەین، لەو ئاڵۆزییە دەربازمان بێت، خۆمان وا نیشان بدەین، ئێمە گوونمان هەیە. بۆیە نیکۆلا سارکوزی وەڵامی داوەتەوەو وتوویەتی:

ئێمە گوونی کەس نابڕین، ئێمە سەران دەبڕین.

## سەرقاڵی وەزیرێکی خائین:

فیلبان لە کتێبی (سەد رۆژەکە) دا نووسیویەتی:

من زۆر ئیلهامم لە سیاسەتمداری فەرەنسی (جوزیف فوشی) وەرگرتووە، ئەو بەدوای خاڵە لاوازو کەم و کوریی نەیارەکان و دۆستەکانی گەڕاوە، زۆریش شەیدا زانینی چیرۆکەکانی خۆشەویستی و نهێنیەکانیان بووە .

وەزیری ناوخۆ لەلای بەرپرسێکی گەورە لە گۆڕەپانی (بوفو) گلەیی کردبوو، ئەو زانیاری زۆری لە سەر ئەو مەسەلانە لەلایە، بەڵام ئەوەندە زانیاری لەسەر تیرۆریش نییە، لە ساڵی ٢٠٠٥ گومانی گەورەو زۆری لە فیلبان هەیە، کە (سیسیلیا سارکوزی) لە ماڵەوە دەرچووبوو، پروپاگەندەی وا پەیدابوو گوایە لەلایەن کەسێکی نەناسراو تەلەفۆنی بۆ کراوە، گوایە پیاوەکەی داوێن پێسی و خیانەتی لەگەڵ کردووە، بۆیە کابراش بەناچاری لەسەروبەندی ریفراندۆم لەسەر دەستووری ئەوروپی یەك هەفتە نەگەڕاوەتەوە ماڵەکەی. ئەو پرسیارە ماوەیەکی زۆر باسکرا، راستە نێوان سیسیلیاو مێردەکەی کە تێکچووە دەست و پلانی کەسانی تری تێدابووە؟..؟؟ هەرچی رووی دابێت، سارکوزی بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ هەڵچووبوو، چونکە ئەوەی بەسەر ئەودا هاتبوو بەسەر کەسی ترا نەهاتبوو. بەڵام سیسیلیا بۆ رۆژنامەنووس فالیری ئەوەی بیرەوەرییەکانی بەناوی (قەدەغەکان) نووسیبۆوە، وتبووی:

من لەلایەن چەندین کەس و لایەن ئەو لیستە دەستنووسەم وەرگرتووە، ناوی ئەو ژنانەی تێدایە، ئەوانی دۆستی پیاوەکەی من بوینە، ئەو شوێنانەی ئەو دیداری لەگەڵیان هەبووە، هەموو بەمێژوو و بەراستی مسۆگەرەوە روونکراونەتەوە، بەڵام بڵاویان ناکەمەوە.

که له رۆژنامەنووس فالیری دەمانیان پرسبووی، راسته سارکوزی خیانەتی له ژنەکەی کردووه، ئەویش له وڵامدا وتبووی :
سیسیلیا بۆی گێراوەتەوەو زۆریش تووڕەو نارەحەت بووه، ئەو دۆسیەی تایبەتی لەسەر ئەو مەسەلەیه لەلایەو ناوی ژنه دۆستەکەی مێردەکەی نادرکێنێت، بەڵام ئەو ژنه زۆر له کۆشکی ئالیزی نزیکبووه، چونکه لەمێژه لەناوی دۆستەکانی دەگەڕێن، ناوی زۆریش هەیه قسەیان لەسەربێت. ئەفسەرێکی پایەداری پەیوەند به کۆشکی ئالیزی، له ساڵی ٢٠٠٥ له ناونیشانێکی تایبەتی پاریسی دەگەڕا، وای بۆ دەچن ئەو بۆ کەسێك بگەڕێت که له سازکورییەوه نزیکه، مەبەستیش لەوه بۆ نموونه دۆزینەوەی چەند وێنەیەکی فوتۆگرافی بووه.. ئەو دەمه فیلبان وەزیری کاروباری دەرەوەبوو، هێشتا نەببووه وەزیری ناوخۆ.

# بەشی دووەم

## رۆژنامەنووسەکەی لوفیگارۆو ئەوانی تر:

سیسیلیا لە مایۆی ٢٠٠٥ ماڵی مێردەکەی جێهێشتبوو. ئەو پیاوەی زۆر لە باوەشی ئەو ژنە رۆژنامەنووسە پرشنگدارەی بەشی سیاسەتی رۆژنامەی لوفیگارۆ تاواوەتەوە. سارکۆزی زۆر بەباسکردن و ئاشکراکردنی شتە تایبەتیەکانی تووڕە دەبوو، بەڵام لەوانەی روویانداو باسکران، ئەو بێدەسەڵات بوو. ویستی بەرگری بکات و لە روویان بوەستێت، وڵامی ئەو هێرشانە بداتەوە، بەڵام میدیاکانی وڵات و دەسەڵات ئامۆژگاریان کرد، لەبەر چاوی منداڵەکانی ئەو پەیوەندییە ئاشکرا نەکات، بواری ئەومیان نەدا ئەو وێنەی لە ساڵی ٢٠٠٥ چەند ئارەزوومەندێکی وێنەگر لەگەڵ ژنەکەی بۆیان گرتبوو بڵاوببێتەوە، بەتایبەتی لە بازنەی هەشتەمی شاری پاریسدا.

سارکۆزی پاش ئەوەی چەندین کێشەو گرفت و ئاشووبەی تایبەتی هاتەپێش، لە ناخی دڵەوە حەزی دەکرد فەرەنسییەکان لە هەڵسوکەوتەکانی تێبگەن، بزانن ئەو پێویستی بەوە هەیە ئەوان لەو رەوشە تازەیەی تێبگەن، لەو پەیوەندیە نوێیەی لە گەڵ ئەو ژنە گەنج و جوانە تێبگەن، بەڵام هەموو لایەك جەختیان لەسەر کرد کەوا هێشتا

زووه ئەو هەواڵە بەدرۆ بخاتەوە، کە لە ئاژانسی هەواڵەکانی فەرەنسی و فرانس سوار لەسەر ئەو پەیوەندیە بابەتیان بڵاوکردبۆوە، بەتایبەتی کە ناویشی لەسەر تۆڕەکانی نێتەوە بڵاوکرایەوە .

لە رۆژیکی ئوکتۆبەری ٢٠٠٥ کە خەریکی ماڵدانان و سازکردنی شوقەکەیان بوون، سارکۆزی ویستی رای گشتی فەرەنسی لە راستی چیرۆکەکەی ئاشنایان بکات، پاش سەردانەکەی لە ٦ ی ئوکتۆبەری ٢٠٠٥ بۆ لیبیا ئەو نهێنیە ئاشکرابوو، کە رۆژنامەنووسان دەموچاوی ژنێکی تازەیان لەو سەفەرەیدا لەگەڵ بینی، بەبێ ئەوەی ناوەکەی ئاشکرابکەن. رۆژنامەنووسەکان ویستیان بە هاوپیشە هاورێیەکانی بگەێنن، ئەویش فەمیلی هەیە، بۆیەش هەواڵەکەیان بڵاوکردبۆوە.کە هەواڵەکە لە سالۆنی نووسینگەی رۆژنامەی لوفیگارۆ بڵاوبۆوە، تا زۆرتر تەنگاو نەبێت کاری رۆژانەی لە بەشی سیاسی گواستەوە بەشێکیتر.

ئەو دووانە چیرۆکێکی خۆشەویستی خۆشیان هەبوو، سارکۆزی دۆستەکەی گەیاندە شاری ڤینسیا، ئەو دەمانەی گەرمەکانی شاری پاریس بە ئاگری تووڕەی خۆپیشاندەرانی بێگانە مەغریبیەکان دەسووتا، بە چووتە چوونە مەراکشی مەغریب، لە هوتێلی مامونیە بە ماڵباتەکەی خۆی ناساند، دۆستەکەشی سووربوو لەسەرئەوەی ئەویش باوکی ئەو بناسێت.

سەرۆکی یەکێتی بۆ بزاڤی میللییش سەرقاڵی دڵداری بوو، نامەی دڵداری لەسەر پسولەی تایبەتی وەزارەتی ناوخۆی بۆ دۆستەکە دەنارد، ئەویش خێرا نامەکانی دەشاردەوە، تا نەکەونە بەر چاوان، نەوەك بدزرێن یان گوم بن. چونکە پێش سی ساڵ نامەکانی شیراك کە بۆ دۆستە رۆژنامەنووسەکەی لە رۆژنامەی لوفیگارۆی ناردبوو بێ سەروشوێن ببوون.

## دۆستێکی هاوبەش:

فیلبان پێش دە ساڵ ئەمینی گشتی کۆشکی ئالیزی وو، ئەو کیژە رۆژنامەنووسە دۆستی ئەویش بووە، کە دەزگاکانی میدیا ئەو هەواڵەیان راگەیاند، ناکۆکی و شەڕێکی دژوار لە نێوانیاندا روویدا. سەرەتا دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە ئەو هەواڵانە راست نین و گێرەشێوێنن، بەڵام پاشان پۆلیس راستیەکانی دۆزیەوە، تا هەموو لایەك راستیەکاب بزانن بڵاویشیان کردەوە. کە هەواڵەکە بڵاوکرایەوە سارکۆزی بڕوای پێهێنان، ئەو چیرۆکەی بەچەندین شێوە بیستبوو، بڕوای نەدەکرد، ئەگەرچی هەموو لایەك گومانیان نەمابوو. سارکۆزی زۆر بەو رۆژنامەنووسە شەنگە سەرسام ببوو، سیسیلیای ژنیشی لە بیرنەکردبوو. هەواڵی نیکۆلای بە نامەی کورتی تەلەفۆنی دەزانی بەردەوام نامەیان دەگۆرییەوە، ئەو لە نیویورك دەژیا، بەڵام نەیتوانی لە دووری بژیت، کە گەڕاوەتەوە خۆی و جانتاکانی لە نزیك بارەگای وەزارەتی ناوخۆ دابەزیبوو.

ژنەکەی گەڕایەوە، سارکۆزی لەگەڵ دۆستەکەی لە مغریب بوو، لە پشوودانی کۆتایی هەفتەدابوو، ئەو لەوێیەوە فەرمانی نەدا جانتاکانی فڕێ بدەن، یەکسەر لەگەڵ دۆستەکەی فرین بۆ دوورگەی موریس، ئەویش وەك دۆستەکەی شیراکی نەکرد لەناو ژنەکەی خۆی بکوژێت.

سارکۆزی هیچی لەدەست نەهات، کە گەڕایەوە تا دڵی دۆستەکەی رازی بکات و توورە نەبێت، کە لە فرۆکە دابەزین ئەنگوستیلەیەکی ئەلماسی پێشکەش کردبوو، ئەوانەی لەناو فرۆکەکە بوو هەستیان بەوە کردبووو ئەنگوستیلەکەشیان بینیبوو.

## جارێکی تر ژنەکەی:

ژنە رۆژنامەنووسەکە گەڕایەوە بە یادی ساتە تازەکانی ساڵی نوێ ٢٠٠٦ ئاهەنگی دەگێرا، لەناو ئەو ئاهەنگە بە جۆشەدا وەزیرەکە تەلەفۆنێکی بۆ کرا، کە تەلەفۆنەکەی تەواوکردو گەڕایەوە وتبووی، ئەوە کوڕەکەم بوو، لە نیویورکەوە بە فرۆکە دەگاتەوە.

ناوی سیسیلیای ژنی نەهێنابوو، راستییەکەش سیسیلیای ژنی بوو تەلەفۆنەکەی بۆ کردبوو، کە هاتەوەش ئامێزی گەرمی بۆ کردەوەو بەگەرمی پێشوازی لێکرد. ئەوەی رۆژنامەنووسە ژنەکە بیری لێنەدەکردەوە ئەوەبوو، بەدرێژایی ئەو رۆژە سارکۆزی تەلەفۆنە دەستیەکەی داخستبوو، یەك تەلەفۆنیشی پێکرد ئەویش بۆ ئەو بوو، بە یەك تەلەفۆنی کورت پێ ووتبوو:

هەموو شت لە نێوانمان تەواو.! من رۆژانی رابردووم ڕەش ناکەمەوە، ناتوانم هەموو یادگارە کۆنەکانم لەبیربکەم.

سارکۆزی ژمارە کۆنەکەی گۆڕی و هیچ پەیوەندی بە ژنە رۆژنامەنووسەکەوە نەمابوو، زۆریش لەبەردەم خەڵکەکە دەیووت:

من تەنیا دەژیم، ئای کە ناخۆشە ژیانی تەنیایی.

بەڵام ئەو قسانە تەمەنی درێژ نەبوو، زوو درۆکەی ئاشکرابوو، کە گۆڤاری (قالا) وێنەیەکی بڵاوکردەوە سارکۆزی هاوشانی ژنە رۆژنامەنووسەکە دانیشتبوو، ئەوەش ئەوەی ئاشکراکرد، کەوا ئەو هەرگیز پاش رۆیشتنی سیسیلیای ژنی تەنها نەبووە.

کە هەردووکیان ژن و مێردەکە بەیەکەوە دیداریان بوو، هاورێیەکی سارکۆزی ئەوەی بە هەلزانی بە رۆژنامەی لوباریزیان رابگەیێنێت، کەوا ئەو قسانەی لەسەر پەیوەندی خۆشەویستی وەزیرو

ڕۆژنامەنووسە شۆخە شتێکەو تەواودەبێت، سەرۆکی یەکێتی بۆ بزاڤی میللی ئەوەشی وت:
کەوا ئەو کەسێکی سەرنجراکێش و گەنجە .
ئەو وتەیەش زوو ڕۆژنامەنووسەکەی ڕۆژنامەی لوفیگارۆ وەك درۆیەك تۆماری کردبوو. زۆری نەخایاند تا هاوشانی کورەکەی بکات بۆ خوێندن، سیسیلیا گەڕایەوە نیویۆرك. ئەو دەمانەش نیکۆلا خەریکی دانان و ڕێکخستنی ماڵە گچکەکەی بوو، کە ژنەکە سەفەری کردەوە ئەو بەناچاری گەڕایەوە لای شۆخە ڕۆژنامەنووسەکە. تان بویگ بەرپرسی کاروباری ئیمپراتۆریەتی عمومی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەروونی
پێیووتوو:
نیکۆلا بێ تۆ ناژیت، ئەویش ڕازی بووە شتەکان لە یر خۆی بباتەوە. لەو دەمانەشدا سارکۆزی بڕیاری دا ژیانی تایبەتی خۆی سەرلە نوێ بنیات بنێتەوە .
پاش چەند مانگێك دووبارە سیسیلیا گەڕایەوە، ئەو ماوە کورتەی بەیەکەوە خۆشیان ڕابوارد، زۆری نەخایاند نێوانیان شێلوو بۆوە. بەڵام سیسیلیا زۆر نەمایەوەو لەگەڵ لویسی کوری دووبارە ڕۆیشتنەوە، ئەو دەمانەش سارکۆزی لە ٩ ی مایوی ٢٠٠٦ لە وتارێکدا چووە ناو ململانێی هەڵبژاردن. لە گەرمەی کۆبوونەوە جەماوەرییەکانی سارکۆزی شۆخە ڕۆژنامەنووسەکەش ئامادە دەبوو، بەڵام ئەو وەك ئامادەبووان چەپلەی بۆ لێنەدەدا، ئەگەرچی ئەو زۆر پێویستی بەو چەپلە گەرمە هەبوو. بەڵام کە سیسیلیا لە ٢٢ی یونیو گەڕایەوە مەسەلەکەی بڕاندەوە، مێردەکەی فراندە شاری ڤینیسیا بۆ پشووی کۆتایی هەفتە، بەنیازی ئەوەی بەهێمنی، لە هەموو جاران زۆرتر گوێ لە ڕازی گەرمی خۆشەویستی یەکتری ڕاگرن.

## هاورێیە رۆژنامەنووسەکانمان:

زۆرن ئەو شۆخە رۆژنامەنووسانەی بۆ خۆشی و بۆ کاری پێویست، بە ئارامی رۆژانە و
بەسۆزەوە دەکەوتنە ئامێزی گەورەکان. بەڵام گەشەو زۆری تازەیی بوارەکانی گەیاندن و راگەیاندن زوو نهێنیەکانی ئاشکرا دەکردن، زۆریان دەیانویست ئەو دۆستانەیان زۆر لە ئامێز بمینێتەوەو ماڵی شەرعیش بەیەکەوە رێکبخەن، بەڵام کارە دزێوی گەورە سیاسەتمدارەکان ئاشکرادەبوو، بە وێنەیەکی بڵاوکراوەی رۆژنامەکان شتەکان دەردەکەوتن. بەدواچوون و گەڕان بەدوای ئەو کێشانە زۆر لایەنی تریان دەدۆزرایەوە، وەك وێنەی شیراك لە کەنار دەریا هاوشانی دۆستەکەی، سەرفکردنی پارەی زۆری خەزینە بۆ پلیتی سەفەری تایبەتی فەمیلیەکەی و دۆستەکانی.

سێ دادوەر لە ساڵی ٢٠٠١ کە لە سەفقەیەکی بە گومانیان دەکۆڵیەوە، بۆیان دەرکەوت سەرۆك جاك شیراك چەندین جار پارەی پلیتی بۆ ئەندامانی فەمیلیەکەی و راوێژکارەکانی ئالیزیی وەك موریس ئورلیش و کلود بومبیدوی بێوەژنی سەرۆکی پێشووی فەرەنسا سەرفکردووە. لە چەند بواری نووسین و دەزگاکانی قەزایی قسەی ئەوە کرابوو، کەوا رەنگە سەرۆك لەسەر ئەو کارانەی بدرێتە دادگاو لێپرسینەوەی دەرحەق بکرێت، سەبارەت بە دەستتێوەردانی لە سەندووقی دەوڵەتی نهێنی.

شیراك بایەخی بەو مەسەلەیە نەداوە، تا رۆژس ٥ ی یولیوی ساڵی ٢٠٠١ کە رۆژنامەی لیبیراسیون چەند وێنەیەکی ئەویان کە لە مایوی ١٩٩٢ گیرابوون بڵاوکردەوە، ئەو سەردەمەی ئەو پارێزگاری پاریس بوو، لەو وێنەیەدا ئەو لە ژێر چەتری هاوینەیدا بە جلی مەلەوانی لە

کەناری روایال بالم لە تەنیشت ژنیکا پاڵ کەوتبوو. ئەو دەمانە شیراك سەرقاڵی کۆبوونەوەی کۆمەڵەکانی دەولی سەرۆکی شارەوانیە فرانکفۆنییەکان بوو، بەبوونی سەندووقە نهێنییەکانا توانی دیاری بۆ دۆستەکانی بنێریت لەوانە دووانیان رۆژنامەنووس بوون، وەك ئالیزابێت فریدیریشی لە وەکالەتی هەواڵەکانی فەرەنسی و چاودێری کاروباری شاری پاریس و فرانسواز فارین نووسەر لە رۆژنامەی لوفیگارۆ و سەرۆکی کۆمەڵەی رۆژنامەگەری ناوخۆیی. ئالیزابێت سوودی لە گەشتەکانی بۆ رۆماو توزۆر وەرگرت، بەپێی راپۆرتی لیژنەی پێداچوونەوەی قەزایی ئەو ژنە ١٧٠٨٥٧ فەرەنکی فەرەنسی سەرفکردبوو، سەبارەت بە رۆژنامەنووسەکەی رۆژنامەی لوفیگارۆیش هەروا بووە، بەڵام پەیوەندییەکەی بە شیراك بەندبووو بەس بە کاروباری رەسمیەوە، بوونی پەیوەندی تری بە شیراك رەتکردبۆوەو لە ژیانی تایبەتی ئەودا هیچی نەبوو.

## جارێکیان راوێژکارێکی شیراك وتبووی:

ئەو پەیوەندیەی نێوان بەرپرسە گەورەکانی فەرەنسی و ژنە رۆژنامەنووسەکانیان زۆر تایبەتی بووەو بوار نادرێت کەس لێیان بکۆڵێتەوە یان لەسەریان بنووسیرێت، ئەوەی سەردەمی میتران رۆیشت هەتا هەتایێ ناگەرێتەوە.

جاران (میتران) دەرگای بۆ ژنە رۆژنامەنووسەکەی هاورێی لەسەرپشت بوو، پاشان باجی ئەو کردەوانەی دایەوەو گران لەسەری وەستا، کە رۆژێکیان بواری هاتنە ژوورەوەی ناو کۆبوونەوەیەکی داخراوی حزبی نەدا، ئەویش وەك ئەوانی تر بۆی نییە بێتە ژوورەوە. خاتوو (رافابیل باکی) ی نووسەر لە بەشی سیاسی لە رۆژنامەی

لۆمۆند رای وایە، پێوەبوونی ئەو ژنە ناسکانە بە داوی ئەو سیاسیانە بەهۆی هێرشی بەردەوامی چینە سیاسیەکانە لەسەر سیاسەتمداران، زۆریش سەربردەو راستی ئەو پەیوەندیانە ماون و ئاشکرا نەبوو، بەڵام رۆژی خۆی دێت و هەر ئاشکرا دەبن و تۆزەکەی سەریان پاکدەکرێنەوە.

بزانن چۆنە، بەم شێوە دیارە کەوا (ئاڵان جوبیە ئایزبیل) ی نووسەر لە (ئاڵاکروا)ی خۆشدەویست. کە (بیاتریس شونبرگ) ی پێشکەشکەری هەواڵەکانی کەنالی تەلفزیۆنی فەرەنسی دووەم خەریکی راپۆرتێك بوو لەسەر کێشەی بێکاری و گرێبەستی کاری نوێ، سەردانی وەزیری کار ( لویس بارلۆ) ی کردبوو، لەو دیدارەوە رووبەرووی کێشەی زۆری بوو، وەك وەڵامداوەنەوەی ئەو پروپاگەندانەی لە سەر مێردەکەی بڵاوکراونەتەوە، گوایە ئەو دەبێتە سەرۆك حکومەت و یان ئەوانەی وتیان پارەی قەرزی لە حکومەت بۆ کاری تایبەتی وەرگرتووە ... هتد. بۆیە بەرێوەبەری تەلەڤزێۆنەکە (باتریك دو کارول) ی لە یولیوی ٢٠٠٥ لە کۆرێکی رۆژنامەوانیدا داوای لابردنی ئەو رۆژنامەنووسە ژنە وەزیرەی کردبوو.

## دوو قەدری ناکۆك:

جاران ناوهێنان و دۆزینەوەی دۆست و خۆشەویستەکانی سیاسەتمدارانی فەرەنسی نەبوو، ئەو زاراوەیەش ئەوەندە ترسناکەیش نەبوو، ئێستا بەپێچەوانەیە، ناکرێ نهێینی سیاسییەکان بشاردێتەوە، ئەوەی پەیوەندی بە رەگەزی ناسکەوە هەبێت، بەو پەیوەندییە نوێیانەی تەکنەلۆژیاوە بەئاسانی ئاشکرادەبێت، ئاسانە ناسکترین و نهێنیترین چرپەو بزەیان تۆمار بکرێن و بڵاوبکرێنەوە. با کەمێ بگەرێنەوە

پاشەوە، ئەو مێردەی لە شێستەکان تیشکی زۆری لەسەربوو، پەیوەندی نێوان (فرانسوا میتران) و ( دانیال) ی ژنی ئازادانە بوو، بەئاسانی ئەو بواریان بۆ خۆشکرابوو، ژنەکەی هاوسەفەری نەدەبوو زۆر سۆراخی نەدەکرد، کەم بەیەکەوە دەردەچوون. زۆرتر مومارەسەی خۆشەویستیان دەکرد. هەردووکیان لەیەك کاتا لە دوو شوێنی جیاواز دەردەکەوتن. ئەو زۆر لەگەڵ ژنانی هاوبەرنامەو هاوکاری حزبی لە رۆژنامەنووسان و ئەکتەرو ژنانی تری نەناسراو هاومشۆی گەرمی هەبوو، زۆریش لە هۆڵی کتێبخانەکەش جیادەکرانەوە، یان شوفێرەکەیان بۆ هوتێلی کۆشکی دەبردن، ئەویش شەوەکەی بە خانمی ئەو رۆژەی تەواو دەکرد.

دبلۆماتێکی ئاگادار لە کەسایەتی میتران وتوویەتی:

ئەو لەسەرانسەری جیهانی دۆستی هەبووە، لە سویسرا زۆری دەبینی، یان لەهەر شوێنێکی تری ئەو جیهانە. ئەویش وەك سیاسەتمدارانی تری فەرەنسی دۆستی رۆژنامەنووسی هەبووە، لە ساڵی ١٩٧٩ رۆژنامەنووسی سویدی کریستینا فورسن پەیامنێری رۆژنامەی (گوتیبۆرگ باستن) لە پاریس دۆستی بووە.

لە کۆبوونەوەیەکی ئوممیەتی ئیشتراکی دیداریان بووە، ئەگەرچی ئەو ئەوەی بەدرۆ خستبۆوە، کەوا ئەو دۆستی میترانە، ئەو تەنها برادەرایەتی لەو ویستووە نەك خۆشەویستی. بەڵام ئەوەیان زۆری نەخایاند تا رۆژێکیان خۆی چووە پارێزگای پۆلیسی گەرمەکەیان، یەك بەدەنگی خۆی هاواری کردو وتبووی:

من دۆستی سەرۆکم!.

کە هەواڵەکە گەیشت، زوو سەرۆك ئاگادار کرایەوە تا مەسەلەکە چارەسەر بکات، بەڵام هەر شوفێرەکەی لە دەست دابوو بچێت بییاتەوە ماڵەکەی، بەڵام هاوارەکەی گەیشتبوو ساڵۆنەکانی نووسینیش، بۆیە

بەیانی ڕۆژنامەی (مینوت) وێنەیەکی ئەو ژنەی بڵاوکردەوەو لە تەنیشتی نوسیبووی، برادەرە سویدییەکەی میتران.! بەناچاری میتران پەیوەندی بە ڕۆژنامەنووسە سویدیە پچراندبوو، بەڵام ئەو لەساڵی ١٩٩٧ کتێبێکی بە ناوی (فرانسوا) بڵاوکردەوە، بەو ڕستەیە دەستی پێکردبوو، من زۆر نزیکی سەرۆك فرانسوا میتران بووم .

ئەگەرچی نەخۆش و پیریش ببوو، بەڵام ویستی ڕۆژنامەنووسێکی تر کەمۆ بکاتەوە، ئەوەی لە دوا ڕۆژەکانیدا هاورێی بوو، تەمەنی سەرووی بیست ساڵ بوو. بەڵام دەسەڵاتەکەی دەوری هەبوو، بۆیە زۆرتر هۆگری بوو و زۆریش خۆی لێ نزیك دەکردەوە، ئەوەش کەسە نزیکەکانی ترساند، زۆریش لە نهێنی کەسی ناو وێنەکەیان کۆڵیەوە، تا وتیان ئەوە کیژیەتی و لە رادیۆی فەرەنساوە هاتیتە دەرەوە، بەڵام جارێك توانی دیداریان ببێت و لە ٨ ی ینایری ١٩٩٦ مرد.

# بەشی سێیەم

**ئەمریکیە فەرەنسییەکە:**
**لە ساڵی ١٩٩٦ هینری کیسنجەر وتبووی:**
**دەسەڵات ئیغرایەکی رەهایە.**

ئەو کە ئەو قسەیەی کردبوو، نەیدەزانی ئەو قسەیە دەپەڕێتەوە وڵاتانی جیهان و میتران و شیراکیشی لە وڵاتی فەرەنساش نەدەناسی. راوێژکاری سیاسی سەرۆکی ئەمریکی ریتشارد نیکسۆن بێوەمێردانەو رەبەن دەژیا، حەوت ساڵ بوو لەگەڵ ژنەکەی جیاببۆوە، تەمەنی ٤٧ ساڵان بوو، ئەو شەوانە سەری بەو کلۆپە (یانەی شەوانە) زۆرانەی ناو واشنتۆنا دادەگرت، حەزی زۆری بە هاموشۆی خەڵك دەکرد. کیسنجەر لە ژیانی دبلۆماتی فەرەنسی نزیك بوو، جاری یەکەم وێنەیەکی لە بەرنامەی پارانۆما لە مارسی ساڵی ١٩٧٠ بڵاوکرابۆوە، بەو وێنەیەی ئامادەکەری ریپۆرتاژەکە خاتوو (دانیال هونبیلا) یەکسەر حەزی لێکردبوو. وێنەکەشی وێنەی پیاوێکی پێگەیشتووو خاوەن سەرکەوتنی زۆر گەورە لە هاموشۆو مامەڵەی ژنانەوە نزیك بوو .

لە ساڵی ١٩٧٢ گۆڤاری تایم لیستی ناوی ژنە دۆستەکانی راوێژکار کیسنجەری بڵاوکردەوە، لەوانە یەکێکان جێگری حاکمێك

بوو، چەندین ژنی نازدارو ئەکتەری ناسراویشی تێدا بووە، یەك لەو وێنانە، ئەو سەری بردیتە بن گوێ ژنێکی جوان و بە نازەوە قسەی بۆ دەکات. لە وڵامی بڵاوبوونەوەی ئەو لیستە ناوانە وتبووی:

ئەوەیان مافی خۆمە، من ئازادم لەو ئەکتەرانە یەکێکی جوان هەڵبژێرم و پەیوەندییم پێوەی هەبێت!.

هەروەها وتبووی:

بەداخەوە ئەو ناوانەی من هاوشانیان دەردەچووم و پەیوەندییم پێوەیان هەیە، هیچیان ئەوەندە جوان و سەرنجراکێش نین .

کیسنجەر بەقەدەر خۆی شۆخ بوو، بەڵام بەکورتی باڵایەکەی دڵی خۆش نەبوو، دەکرێ بگوترێت ئەو یەکێکە لە پلەی یەکەمی ئەو پیاوە دەسەڵاتدارانەی هەموو جیهان کە زۆر شەیدای ژن بووە، ژنانیش زۆر بە پەرۆشەوە ئارەزووی باوەشی ئەویان کردووە. ئەوەیە لە وڵایەتە یەکگرتووەکان روو دەدات، بیریش لەوە بکەنەوە ئەو رووداوانە چە کاریگەری لەسەر رووداوە سیاسیەکان دەگێرێت، لە هەرێمە گچکەوە تا کۆشکی ئالیزی.

## نیگەرانی ئیغرات دەکات:

فیلیب دوست بلازی پێشەوای دبلۆماسی فەرەنسی جارێکیان لەناو فرۆکەدا بووە، لە وڵاتی مەغریبەوە دەگەرایەوە وتبووی:

ئەوە باش دەزانم دکتۆریی و نیگەرانی ئیغرا پەیدا دەکات نەك دەسەڵات، لەبەر ئەوەی ئەو دبلۆماتانە کاری رۆژانەیان سەخت و بە گێژاوەو کاری هزر دەکەن، بۆیە ئەوانە وەك وەرزشوان و پزیشکان پێویستیان بە پشوودان و خۆشی و هەوستبازی هەیە.

یەکێك لەسەر نشینەکانی ناو فرۆکەکە هاتە قسەو وڵامی داوەتەوە:

بۆیە بەرێز وەزیری دەرەوە ئێوە وەك دكتۆرێك، وەك دبلۆماتێك شتی گڵاڵەو تۆماری زۆرتان لەسەرە .

وەزیری بەرگری پێشوو سەردەمی فرانسوا میتران (شارل هینری) نموونەیەكی تاكە لە زۆری بوونی رێزپەری و نەگونجان، بە كەمی ٥ جار ژنی هێناوە، بۆیە جارێكیان سەرۆكی دەوڵەت بە چرپە پێیووتوە، ناكرێ تۆ ئەوەی لەگەڵی درێژبویت و بیهێنیت و ببێتە ژنت. لە راستیشدا وا نەبوو، هەموو ئەو ژنانەی نەهێنابوو، بەڵام ئەوەی بیویستبایە دەیتوانی بیكات. جارێك فەرمانی دابوو بە كاروانی رەسمی ژنێك لە قاوەخانەیەكی پاریسی ببەنەوە شاری لیون.

پاش كارە شەرمەزارییەكەی پاپۆری رینبو واریور وەزیری بەرگری شارل هینری دەستی لەكاركێشایەوە. گۆڤاری (بلای بوی) لە دیدارێكی تایبەتیدا چەند پرسیاریان ئاراستەكردبوو، یەكێك لەو پرسیارانە لێیان پرسیبوو، تۆ بۆچی تەنها لەگەڵ ژنان هەست بەخۆشی و بەئیسراحەت دەكەیت...؟

## وزیرە درۆزنەكە:

پێشەوای سوپای فەرەنسی وڵامی داوەتەوە، بە هاوژیانی و وشە دەربرین، پیاوان زۆرتر بە دۆستەكانیان دەبەستێتەوە. ئەو پیاوێكی پارێزگاربوو لە پەیوەندییەكانیدا، كە باس هاتە سەر پەیوەندی ئەو بە ئەكتەری ناوداری (بریجیت باردۆ)، لێیان پرسیبوو، دەستبازیتان لەگەڵ یەكترا كردووە، لە وڵامدا وتبووی:

بێگومان دیدارمان هەبووە، چەندین جار بەیەكەوە دەرچووین.

كە وەزیری بەرگری بوو، چەندین نامەی بۆ نووسیوە. دیداری گۆڤارەكە بە سەلامەتی رەتنەبوو، زوو بریجیت باردۆ وڵامی

داوەتەوە، کەوا ئەو هەرگیز دۆستی ئەو نەبووە، هەرگیز چاویشی بەو وەزیرە نەکەوتووە، هەروەها وتبووی:

ئەوانەی دەستبازی منیان کردووە پیاوانی شۆخ بوون، ئەو شەرەفە بەوان بڕاوە. من خۆم ئەو پیاوانەم هەڵبژاردووە، وەزیری یەکەم ئەو دیدارە تایبەتیەی بەرنەکەوتووە.

چەند ساڵ بەسەر ئەو دیدارە لەو گۆڤارە بەسەرچوو، (جون بیار شوفانمان) وەزیری بەرگری کە پرسیاری پەیوەندی ژنان و وەزیرەکانیان لێکردبوو، ئەو وڵامدا وتبووی:

پیاوان زۆرجار کاتی جوان و خۆش بۆ ئارەزوو و زەوقی خۆیان تەرخان دەکەن، من لەو کەسانە نیم .

لەسەرەتای ١٩٩٧ شوفمان کراوە بە وەزیری ناوخۆی فەرەنسی، لە سەرەتای ٢٠٠٠دا چەندین جەژنانەی بۆ برادەرانی ناردبوو، وێنەی سەر جەژنانەکان وێنەی مێژوویی بوون، یەکێك لەو وێنانە وێنەی ناپلیۆن بووە، لەو وێنەیەدا ناپلیۆن دەستی راستی لە کەمەری جیانەو دەستی چەپیشی لە سەر سینگی ژنێك داناوە، ئەو وێنە پرسیاری زۆری دروستکرد، لەوانە رۆژنامەنووسان زۆریان لا سەیربوو ئەوە چۆن لە شوفمان رووی داوە. ئەو کارە لەو ناوەشێتەوە.

## هەتا لوبانیش ..!

ئەگەر باس لە سیاسەتمدارانی فەرەنسی بکرێت ناکرێ باس لە جۆن ماری لوبانی پێشەوای بەرەی میللی و ئەنجامدەری چەندی رووداوی سیاسی فەرەنسی لە ماوەی ٣٠ ساڵی تەواو نەکرێت. زۆرجار لوبان نەیویستووە باس لە رۆژانەی ئێستای بکات بەڵام لە گێرانەوەی رۆژانەی رابردووی بێ یەك دوو ئامادەبووە سەربردەکانی

بیگێرێتەوە. لەو رۆژانەی سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکاران بووە، دواییش وەك ئەفسەرو راوچییەك، لە زۆر شوێنی جوان و خۆش ژیاوە، لەو دەمانەدا کیژانی خوێندکاری کەمی لەگەڵ بووە، ئەو دەمانە ئەو کیژانە کەم بوون، زۆر نەبوون وەك ئیستا نەبوو، ئەوان بەئاسانی دەستەمۆ نەدەبوون، بەڵام ئەگەر هەستیان بە دڵنیایی و نهێنی کردبایە ئامادەییان تێدا هەبوو.! ئەو وایدەزانی پیاوانی دپلۆمات هێزی پیاوانەی بەهێزیان هەبووە، ناخی ناوەیان جیاوازیان هەبووە لەگەڵ کەسانیتر، ئەو بڕوای بە کەسانی شەریف هەبووە بۆ کاری سیاسی، چونکە ئەوان کاتیان بۆ کردار کەمتربووە .

جین فرانسوا بروبستی راوێژکاری پێشووی سەرۆکی فەرەنسی جاك شیراك ئاگاداری زۆری رووداوە نامۆکانی بزاڤی دیگۆلییەکان بوو، چیرۆکی زۆری ئەوان دەگێرێتەوە، ئەوە سی ساڵە سەربردەی خۆشی خۆشەویستی و رابواردنی ئەوان دەگێرێتەوە، زۆری بینیوە. لە کتێبی (بیرەوەری گچکە) دا برجیت لیوتارد نووسیویەتی:

ئەگەر ویستیان دەستیان لێت بەردەن، تا لەگەڵیان بمینێتەوەو بەرگری بکەیت پێویستە وا بکەیت زۆرترو بەجۆشتر شەیدات بن. ئەوەشی لە شرۆڤەی رەوشی هەردوو براکەی فرانسوای سیاسی و فیلیبی گۆرانبێژی کۆمیدی فیلیب لە گلاڵە بووە. فرانسوا لیوتارد دانی بەوە ناوە بۆ دۆزینەوەی خۆشەویستێك لە هەموو دەرگایەك دەدات، ئەگەر سیاسەتمدارانی پیاو نەیانتوانی گەرمی و نازی ژنان و مناڵان وەرگرن، ئەوە توێژەری دەروونیان دەوێت.

توێژەری دەروونی خاتوو ئایلانا سشیمال دەپرسێت :

دەتوانین چی بڵێین ئەگەر دبلۆماتێك نەرجسیەتی لەدەستدا. بۆ دۆزینەوەو گەران بەدوای ژنێك لە فەرەنسا وەك دۆزینەوەی ئیکسسوارێکی نێرانەیە.

بەڵام توێژەری دەروونی جاك لكان دەڵێت:
من ناوی سیاسەت لە سیاسەت نانێم، بەڵكو بە ناهۆشیاری ناوی دەبەم، چونكە ناهۆشیاری خۆی بەتەواوی سیاسەتە .
وەزیری دامەزراوەكانی گچكەو ناوەندەكان (رونود دوتریال) لە گۆڤارێكی تایبەت بە توێژینەوەی دەروونی كە لە فبرایری ٢٠٠٥ بڵاوبویتەوە سەربارەت بە دامەزراوەكانی دەوڵەت، وتوویەتی:
نیزام لوتكەی زەوق و خۆشی یە.

## تێكەڵكردنی چەمكەكان:

لە چەند چیرۆك و ئەزموونی و رووداني هەڵەكانا ئاشكرابووە، كەوا پەیوەندی نێوان سیاسەت و سێكس هەیە. ئەوەیە (فالیری جیسكار دیستان) لەپێش جەماوەرێكی زۆرەوە بە ناهۆشیارییەوە لە جیاتی بڵێت هەڵبژاردن ئامادەیی دەوێت، ئەو وتبووی، هەڵسان ئامادەیی دەوێت. ئەو وشەیە بووە جێگای سەرنجی رۆژنامەنووسان و ئاگاداران، رۆژنامەنووسێكی رۆژنامەی لیبراسۆن ستونێكی تایبەتی بەناونیشانی (هەڵسانی سیاسی) بۆ تەرخانكردبوو، لەوێ رستەیەكی لیونال جوسپانی بە بیرهێنانەوە كە وتبووی :
من كاری سێكسی هەرچی بێت، ئەو كارە وەردەگرم.
سێ ساڵ پێش ریفراندۆم لە سەر دەستووری ئەوروپی لە ٢٩ ی مایوی ٢٠٠٥ وەزیری فەرەنسی یەكەم (جۆن بیار رافاران) هەڵەیەكی گەورەی كردبوو، لە جیاتی باسی هەرشەی سەر یەكێتی ئەوروپی و مەترسیەكانی داهاتوو ناوچەكە بكات، بە ئامادەبووانی وتبوو، نەترسێن ترستان نەبێ لە ساردی سێكسی دوور بكەنەوە.

## سالێکی تر:

رۆژنامەنووسی ئەکادیمی پسپۆر لە کاری دروستکردنی وێنەی سیاسەتمەداران لە گۆڤاری باری ماتش وا راڤەی ئەو رەوشە دەکات:

پیاوی سیاسی کار بۆ ئەوە دەکات دەوڵەتێکی ئارام دامەزرێت کەس بەرگری نەکات، هەروەها لە بوارێك دەگرێت کەلەن و بۆشایی نێوان تام و رەحەتبوون نەمینێیت، چونکە پیاوی سیاسی کە لە کاتی هاندانی ئامادەبوونی گەرم دادێت و هەڵدەچێت، هەمان گەرمی و خۆشیش لە کاتی کاری سێکسی وەردەگرێت. چونکە سیاسەتمدار کەسی مەزاجین ئەوان زۆرتر بەدوای خۆشەویستی کەسە نزیکەکانیاندا دەگەڕێن نەك بەدوای رازیبوون و خۆشەویستی میللەتا.

بە بۆچوونی توێژەری دەروونی (جیرارد میلیر) کارکردن لە سیاسەت خەڵکت

لێدوور دەخاتەوە، ئەوەندە دووردەکەنەوە تا رادەی رقبوونەوە. ترسەکەش لەوەدایە ئەگەر ئەوانەی ئیمرۆ لە هەڵبژادنەکانیش دەنگی زۆرینە بەدەست دەهێنن، وا بیر بکەنەوەو میللەت رقی لێیان ببێتەوە، ئەوە ناتوانن ئەو ئەرکە گرانەی سەرشانیان سەرکەوتووانە ئەنجام بدەن، ئەرکەکەیان زەحمەتە، دیگۆل کە وتارێکی پێشکەش دەکرد خۆی لە جیهانێکی تر دەدۆزیەوە، بەتایبەتی کە رووبەرووی کەسانی نەناسراو دەبۆوە.

## دەسەڵات بەچاوی کەسێکی ئازادیخواز:

ئەو رووداوەی کە لە شەقامی ١٧ ی زانکۆ لەساڵی ١٩٨٨ روویدا، پاش ئەو داوەتە تایبەتیە هات کە پەخشکەر (کلۆد قالیمار) چەند برادەرێکی داوەتکردبوو، لەوانە (فرانسوا میتران) و هەردوو ئەدیب (ئوکتافیو باز) و (فیلیب سولر)، ناوی کەسی دواوەیان لە پاش ساڵی ١٩٨٣ەوە سەرۆکی نەبینیبوو، ئەوەش پاش دەرچوونی رۆمانی ژن بوو. لەو رۆژەدا میتران لە سولری نووسەری لە نووسینەوەی رۆژانەو بیرەوەری کازانۆفای پرسیبوو، ئەو بیرەوەرییەی پاش ١٠ ساڵ بڵاوکرایەوە، سولر ئەوەی درکاند کە سەرۆك ئەو بیرەوررییە چاپکراوەی لەسەر بیرەوەریەکانی سولر لە دەزگای پەخشی ئەفسانەیی بروکهۆس ئاند ئافناریوس لە شاری لیبسیرگی ئەلمانی کڕیبووەو خوێندویتەوە. فیلیب سولر بەهێچ شێوەیەك لە کیسنجەری نەدەکرد. حەزی بە هاموشۆی پیاوانی سیاسەت نەدەکرد، بەئەدەب چاودێری هەڵسوکەوت و نهێنیەکانی دەکردن، ئەویش پەیوەندییە سکێسەکانی ئاشکرا دەکردن، چونکە ئەو سیاسەتی بە ژنان گرێدەدا، پەیوەندیەکی موگناتیسیشی بەو رەگەزەوە هەبووە. سولر بەشێوەی تایبەتی خۆی رۆژانەی میترانی بینیووە، کە جیاوازی لەگەڵ سارکۆزی و شیراك هەبووە. لە ناوەراستی نۆهەدەکاندا چاوی بە (ئان بانجۆ) ی دایکی (مازارین) ی کیژی میتران کەوتبوو، میتران بۆ ئەو سەرۆکی سەرنجراکێشی یەکەم بووە لە کۆماری پێنجەم. سولر لە نزیکەوە چاودێری هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٥ کردووە، کە شیراك سەرکەوتنی بەدەست هێنا ئەو وتبووی:

ئەو زۆر شەیدای ژن بووە، من بە کەسێکی هەستیاری نازانم، ئەو مرۆیەکی برسی بوو .! سولر دووبارە بایەخ بەو هەڵبژاردنەی سەرۆکایەتی ئەپریل دەدات، سەربارەت بە سارکۆزی وتوویەتی:

جێگای داخەو دوورە لە راستی، ئەوەیان رووی نەداوە ژنێك لەناوەندی رێگا مێردەکەی جێبهێلێت، بڕوا دەکەن چۆن خاتوون شیراك لە ساڵی ١٩٥٥ بەگەڵ جونی هالیدی کەوت ..؟ سەبارەت بە فیلیبانیش وتوویەتی:

ئەو کەسە زۆر گەمە بە جەستەی خۆی دەکات!.

رۆژ لە دوای رۆژ بە پێوەری سولر دەرکەوتووە کەوا ئەو گەورە بەرپرسانەی دەوڵەت گەنجن و لێوشاوەیی و کارامەیی خۆیان بۆ راکێشانی رەگەزی ناسك بەکاردەهێنن، یەك جاریش جێگای سەرنجی و سۆزی ژنیان لێدەرنەکەوتووە.

# بەشی چوارەم

## کۆشکی سەرۆکایەتی و سەرئێشەکانی:

لای هەموو فەرەنسییەك دیارە کەوا ئەوانەی گەیشتوونەتە کۆشکی ئالیزێ، کەسانی زۆر هەستیاربووینە. ئەوش چەند کەسێکی دیارکراو ناگرێتەوە، چونکە زۆریان ژیانیان لەو کۆشکەدا بەسەردا وەرگەڕاوە، کەمیان بە ۆنی سۆزی هەموو گۆشەکانی ئەو کۆشکە کاریگەرو شەیدا نەبوون. یەکێك لەوانە کە بەدوای نهێنیەکانیدا دەگەڕا، وەزیری پێشووی دەرەوە (موریس کوف مورفیلن) بوو، پاش وەزارەتی دەرەوە پۆستی وەزارەتی ئابووری، پاشان وەزارەتی دارایی

وەرگرتووەو پاش جۆرج بومبیدۆ لە ساڵی ١٩٦٨ بووە بە سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا .

زۆرجار لەناو گۆرەپانێكی یاری گۆلف لە سویسرا یاری دەكرد، لە رۆژێكی ئەیاری ساڵی ١٩٦٩ بەجوانی ژنێك سەرسام بوو، كە گەڕاوەتەوە پاریس بەرێوەبەری بەرژەوەندیە تایبەتیەكانی پێیوتووە، گوێ لەو تەلەفۆنە راگرە، قسەكەرەكەو پاڵەوانەكە ژنێك بوو چاودێری دەكراو قسەكانی تۆماردەكرا، گومانی ئەندامیەتی هەواڵگری بۆ وڵاتێكی بێگانەی لێدەكرا. ژنەكە لەگەڵ برادەرێكی قسەی دەكرد،

بەوردی باسی وردەكاری ناوەرۆكی لێدوانێكی سەرۆك بومبیدۆی دەكرد، كە پێش چەند مانگێك بۆ رۆژنامەنووسانی كردبوو.

ئەو هەواڵە گەرمانە، گەشی ناو كۆشكی سەرۆكایەتی وەزیرانی فەرەنسی سارد نەكردەوە. كە (جاك شابان دلماس) پاش (كوف مورفیلن) هات، ئەویش سەربردەی زۆری خۆی و ژنەكەی لە بوردۆ و خۆی دۆستەكەی لە پاریس هەبوو.

كە لە ساڵی ١٩٧٢ (بیار میسمار) بووە سەرۆك وەزیران گۆڕانی تازە هاتە پێشەوە، ئەو زۆر ئاگاداری مەسەلە تایبەتیەكانی خۆی بوو، نهێنیەكانی جوان دەپاراست، بواری ئەوەی نەدەدا رۆژنامەكان و كەسە نزیكەكانی چواردەورەی ئەو وردە مەسەلانە بزانن. بەڵام ژنەكەی زمانی نەدەوەستا زۆرجار باسی رۆژانەی خۆی و سەرۆكی دەگێرایەوە، ئەو كاتانەی ئەو ئەفسەرێكی بچوك بوو كە یەكتریان خۆشدەویست، بەوردی باسی ئاهەنگی گواستنەوەكەی دەگێرایەوە. بۆیە لە رۆژنامەكانا بە ناوی مسیمرالدا ناویان دەهێنا، كە خۆی ئەو ناوەی لا خۆش بوو، هەروەها بە پاڵەوانی فلیمەكەی ئەنتوێن كوین، لولوبریجیدایشیان ناو دەبرد، چونكە ئەو ئەكتەرەی خۆشدەویست.

## لەگەڵ دونوف و ئادوجیانی:

لە ساڵی ١٩٨١ بیار موروا بووە سەرۆکی حکومەت، تا ساڵی ١٩٨٤ لەو پۆستەدا مایەوە. لەو ماوەیەدا هیچی لەسەر نەنووسرا، کەس وردەکاری رۆژانەی تایبەتی ئەویان نەزانی، ئەگەرچی نیوەرۆیەك ئەو بینرابوو، لەگەڵ ژنیکی گەنجیش لە چێشتخانەیەکی شکۆداری پاریسیش بەیەکەوە نانی نیوەرۆی خواردبوو، بەڵام رۆژنامەنووسەکە ئەو نهێنیەی بۆ پاراست و بڵاوینەکردەوە. ئەگەرنا دووچاری شەرمەزاریەکی گەورەی دەکرد .

پێش دە ساڵ سیاسەتمەداری ئیشتراکی (بیری قوفو) ی گەیشتە لوتکەی سەرۆکایەتی فەرەنسی لەو رۆژەوە چەندین کێشەی تازەی هاتە پێش، رۆژێکیان لە ئاهەنگێکی کۆشکی ئالیزی بانگکرابوو، لەوێ لە نێوان کاترین و دونۆف و ئایزابیل ئادجیانی راوەستابوو، میتران بەگەرمی قسەی لە گەڵیان کرد، رۆژنامەنووسان زۆر باسی ئەو گفتوگۆیەی نێوان میتران و ئەو ئەکتەرە بە ڕەگەز جزائیریەیان کرد، پرسی پەیوەندی نێوان بیری قوفوی بە دونۆفیشان کردبوو. ئەو هەواڵە زوو بڵاوبۆوە، زوو بڕوایان کرد، تا رۆژنامەنووسێك جورئەتی کردو پرسیاری ئەو پەیوەندییەی لێکرد، ئەویش لەبەرئەوەی ژنەکەی زۆر سۆراخی دەکردو لێدەترسا، هەواڵەکەی بەدرۆ نەخستەوەو هیچیشی نەدەرکاند .

## خۆکوشتنەکە راستیەکەی درکاند:

ئەو هەواڵە مایەوە تا ئەو رۆژەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتی مایوی ساڵی ١٩٩٣ بەشکان و شەرمەزاری شکایەوە. لە

ئەنجامدا بەساردی خۆی کوشت و گوشیەکی لە کەللەی سەری خۆیدا. پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد بۆ دارشتنەوەی وەك خۆی مەسەلەکە ئاشکرابوو، بیری ڤوفوی هەردوو پاسەوانە تایبەتیەکانی دوورخستبۆوە، داواشی لە شوفێرەکەی کردبوو لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزێت و خۆشی بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ ژنێکی پاریسی کردبوو.
کەس ئەو ژنەی نەناسی و بەئاشکرا دەرنەکەوت، نهێنی پەیوەندی ئەوو سەرۆك وەزیرانیان نەزانی، ئەو ژنە زیرەکانە خۆی لە چاوی زانینی میدیاکان شاردەوە نەکەوتە ناو لاپەرەکانی مێژوو
بەتایبەتی کە فەمیلیەکەی سەرۆك، پاش رووداوە ناخۆشەکەیان رەوشیان خراپ بوو، ئەو نەیویست رەوشەکەیان زۆرتر ئاڵۆز بکات، بەتایبەتی ژنەکەی .
ئەو ژنەی بە فرۆکە بەیەکەوە لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی پێشوو سەفەری کردووەو زۆریش بەیەکەوە نانی نیوەڕۆیان خواردووە، ئەوەش زۆر وتراوە گوایە ئەو پەیوەندییە تەنها برادەرایەتیەکی سادەو دۆستانەبووە. لە یەکی مایوی ١٩٩٣ تەلەفۆنی بۆ ئەو ژنە کردووەو ئەویش سەرقاڵی مێوانەکانی بووە، بەقسەی ئەو دەنگی ناساز نەبووە، پێش خۆکوشتنەکەی هیچ نیشانەی هەولی خۆکوشتنی پێوە دیارنەبووە.
کەس لە هاورێیە نزیکەکانی بیری ڤوفوی نەیانزانیبووە ئەو پەیوەندی بە ژنێکی ترەوە هەبووە. ژنەکەشی گومانی ئەو پەیوەندییەی نەبووە، ئەوان ئەوەندە ساڵە بەیەکەوە ژیاون، ژنەکەی بۆنی ئەو پەیوەندییەی نەکردبوو.

## وەك مامۆستاکەی:

ئاڵان جوبیە لە ساڵی ١٩٩٥ سەرۆك وەزیران بووە، شوێنەواری شیراکی هەڵگرتبوو، بەهەمان دەستەواژەو دەربڕینەکانی ئەو نامەی

هەستیاری دەنووسی، بەڵام بۆ ناونیشان و کەسانی تر، یەکێك لەوانە ناوی ئایزابیل بوو، لە نامەیەکدا بۆی نووسیبوو:
بە پێنووسێك بەرەو باشتر، بەیەکتر گەیشتینەوە .
سەرۆك وەزیران لیونیل جوسپان وەك باوکی چەپ و هاورێی راستەقینەی چەندین پەیوەندی سۆزداری ناسرابوو. ژنێکی جوانی بەناوی ئالیزابیت هێناوە، پێش ١٦ ساڵ پەیوەندی بە ژنێکی شارەزا لە فەلسەفە، بەناوی (سیلفیا ئاگاسنسکی) پەیداکردبوو، ئەو پەیوەندییەی لەبەر چاوی کۆشکی سەرۆکایەتی زۆر لایەنی ژیانی گۆڕی. هەر لەسەرەتای دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٩٧، بەرێوەبەری دیوانەکەی (ئولیفییە شراماك) ئامۆژگاریکردووە، چاو بەهەڵسوکەوتەکانی دابنێیتەوە، سەرۆکیش بەقسەی کردووە. بەهیچ شێوەیەك پاش ئەو رۆژە سەربردەیەکی ناشیرین لە کۆشکی سەرۆکایەتی رووی نەداوە، تا لە سپتمبەری هەمان ساڵدا رۆژنامەی لیبراسیون لە دوا لاپەرەییدا وێنەیەکی وەزیری کاروباری ئەورووپی (بییر موسکۆفینی) بڵاوکردبۆوە، لەژێرەوە نوسیبووی، ئەو وەزیرە بێ ژنە. بۆ وڵامدانەوەی ئەو تومەتەو ئەو ناشیرینکردنەی وەزیری کاروباری ئەورووپی لە حکومەتەکەی جۆسپان برادەرێکی لە هەمان رۆژنامەدا نووسیبووی :
ئەو وەزیرە لە ژنان دوور نییە، زۆر دەستبازییان لەگەڵ دەکات، بەزمی شەوانەی خۆشەو باش رادەبوێریت، ئەو وڵامدانەوەیەو پێناسەیەش سەرۆکی تووڕەکردبوو. لە وڵامدا وەزیرەکەی هوشیارکردیتەوە، کەوا ئەو جۆرە پێناسەیەو پێداهەڵدانە لە شایستەی وەزیری کاروباری ئەورووپیدا نییە .
جارێکی تر جۆسپان لەو جۆرە هەڵسوکەوتانە تووڕەبوو، لە مایۆی ١٩٩٨ کە بە فرۆکە بە سەرۆکایەتی وەفدێك دەچوونە کالدۆنیای نوێ،

هەستی بەوەکردووە یەکێك لە وەزیرەکانی ژنە رۆژنامەنووسێکی بردووتە ناو گەرماوی فرۆکەکەو دەنگیان بەرزبویتەوە، هەموویان هەستیان بە کارێکی ناشیرین کرد، بۆیە فەرمانی بە یەکێك لە نزیکەکانی سەرۆکایەتی دا بەو وەزیرە بڵێت:

نامەوێ جارێکیتر ئەو فرۆکەیە ببێتە قەحپەخانە !

هەروەها فەرمانیدا ئەو ژنە رۆژنامەنووسەی لە رۆژنامەیەکی فەرەنسی نیشتیمانی کاری دەکرد، بۆ هاوشانی ئەو گەشتانە بۆ ماوەیەك بانگهێشت نەکەنەوە. کە رۆژانەی سەرەتای هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠٠٢ دا جۆسپان وتبووی :

هەروەها مەسەلەی هەڵبژاردن مەسەلەیەکی ویستن و شەداییە بۆ شتەکان، چونکە ئەوە جولەی ژیانە، ئەوەش بەوە گەشەو خۆش دەبێت کە دوولایەنە بێت. ئەو زۆری حەز دەکرد زۆر بەرووی ژنانی نازدارەوە دەرکەوێت، بەڵام پیاوێکی زانابوو.

## لە نێوان روکارو میتراندا .. ژنێك.

میتران ناونیشانی راوێژکاری پەیوەندیەکانی گشتی و مرۆڤایەتی لەسەر پسولەی ناسنامەی ژنێك بەناوی (ئەفلین کریست داساس) نووسیبوو، پاش ئەو دیارکردنە زۆری لەسەر گوترا، قسەی زۆرکرا، یەکێك لەو قسانە ئەو دێرە نووسینەبوو، (با ببینە خۆری هەموو کەسێک.

ئەو ژنە سەرۆکی کۆمەڵەی هۆش و ئایندەبوو، پەیوەندی زۆری بەکارمەندو پسپۆرانی فەلسەفەو ئاین هەبوو، زۆریش لەگەڵ سیاسەتمدارانیش نێوانی باش و خۆش بوو، یەکێک لەوانە فرانسوا میتران بوو، ئەو پەیوەندیەش دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠ کە (روجی

هانین) بەیەكتری ناساندبوون. سێ ساڵ بوو ئەو میترانی نەدیبوو، بەهۆی برادەرایەتی گەرمی لەگەڵ سكرتێری یەكەمی حزبی ئیشتراكی توانی دیدارێكی بۆ ساز بكات. بۆ ئەو دیدارە وتبووی، لەبەرئەوەی سێ ساڵە دیدارمان نەبووە، من سێ گەردیلەم بۆی داناوە، هەر دانەیەك لەو گەردیلانە هێمای ساڵێكی یەكترنەدیتن و دووری دەگەیێنێت. لەو دیدارەدا بە میترانی وتبوو، ئەگەر نازانی ئەو سێ ساڵە لەگەڵ كێ بووم، من بەزاری خۆم دەبێژم، من ئەو ماوە دوورە لەگەڵ (میشال روكار) بووم، حەزیش دەكەم ئەوەیان وەك كوڕی خۆت تەماشا بكەیت، چونكە لە هەڵبژاردنەكانا رووبەرووت نابێتەوەو لە رووتا ناوەستێت، بەڵام پێویستە تۆش پلەی سەرۆك وەزیرانی بۆ دابنێیت. پاش ئەو دیدارەو داوایەی ئەفلین ئاشكرای كردبوو، كەوا میتران بەڵێنی دابوو ئەو داوایەی دەراسەت بكات، بۆیەش كە لە ساڵی ١٩٨٨ لە هەڵبژاردنەكانی سەرۆك كۆماری دەرچوو بۆ بەیانیەكەی ناردی بە شوێنی رۆكارو كردیە سەرۆك وەزیران. رۆكار ئەو دیدارەی كە بەهۆی ئەو ژنەوە لەگەڵ میتران سازبوو، پشت راست و بەدرۆشی نەخستەوە، بەڵام وتبووی ئەو ژنە درۆزن نەبوو، ژنێكی زۆربلێ و هەڵەپاس نەبوو. بەرێوەبەری پێشووی دیوانی رۆكار، جۆن بول هۆشون تا دیدارو داواكەی ئەفلین بە سەرۆك میتران پشت راست بكاتەوە وتبووی، ئەوەیان راستە كەوا میتران و رۆكار ماوەیەكی زۆر بوو دیداریان نەبووە. ئەو ژنە نێوانەكەی خۆشكردبوو.

لەساڵی ١٩٩١ كە لە پۆستی سەرۆك وەزیران نەما ژیانی تایبەتی رۆكار گۆڕا، لە ژنی دووەمی میشال جیابۆوە، ئەو هەواڵەش لەلایەن رۆژنامەنووسی گۆڤاری لوبوان فیلیپ لابرۆوە ئاشكراكرا.

رۆكار زۆری بۆ ئەو رۆژنامەنووسە ئاشكراكردبوو، كەوا ئەو كێشەی گران و ترسناكی زۆری هەیە، ناتوانێت هاوكێشەكە راگرێت،

پێویستی بەگۆڕان هەیە، شوورەیی وکەمی نابێت ئەگەر ئەویش دۆستێکی ژنی هەبێت، دبلۆماتە فەرەنسییەکان دەبێ ژیانی ئارام و هێمنیان هەبێت، دیارە کەوا ئەوەشیان بەئاسانی بۆیان بەرقرار نابێت، ژیانی سۆزداریم ناخۆشی و شێواویی زۆری تێکەوتووەو ناوەمەوێت وا بەردەوام بێت. منیش لەگەڵ ئەو کەسانەم کە دەڵێن خۆشی و هەستپێکردنەکەی لە کردنی ئەوەی دەیەوێت یان ئەوانەی دوورن و دەستیان ناگاتێ وەردەگرێت، ئەو کەسانەش ژمارەیان کەمە.

بەرێوەبەرە کۆنەکەی دیوانی رۆکار دەگێرتەوە:

سەرۆك وەزیران کە سەرۆکی شارەوانی کونفلونس سانت بوو، هەموو ئێوارانی دووشەمموان بە بیانۆی کۆبونەوەی دەرەوەی ژنێکی بە ناوی رافیولیس دەبینی، کە بووە سەرۆك وەزیرانیش ژنێکی تری بەناوی (ئایلانا شیمال) دەبینی، ئەویش توێژەرێکی دەروونی ئیسرائیلی بوو، ئەو ژنەی بەهۆی نزیکی لە هاورێیی شمعون پێریس ناسیبوو. هەموولایەك هەستیان بەوە دەکرد کەوا زۆر لە هاتوچۆی نێوان رێگای پاریس و باخچەکەی باربیزون دەبینرا، لەوێ دیداری لەگەڵ عەمیلێکی ژنی کارای وەکالەتی هەواڵگری ئیسرائیلی مۆساد دەبوو.

جارێکیان بەرپرسی رۆژنامەی مینۆت داوای لێکردبوو، ئەگەر یارمەتی و کۆمەکیان نەکات، ئەوا ئەوان زۆر شتی تایبەتی و نهێنی ئەو دەزانن و بڵاویدەکەنەوە، بەڵام ئەو داواکەی جێبەجێ نەکردن، زۆر بێمنەت بوو. وەزیری یەکەمی پێشوو لە ئەبریلی ٢٠٠٢ پەیوەندی بە (سیلفی بیسلیسیی) پەیداکرد، سەرەتا کەم یەکتریان دەبینی، دیداری خۆشەویستیان ماوەماوە بووە، ئەوەش سێ ساڵی خایاندووە، لە دواییدا رایگەیاندووە ئەو بەو پەیوەندیەو خۆشەویستیە گەیشتبووە ئەنجامی خۆی، ئەو پاش چاوەروانی ٧٠ ساڵ لەو ژنە گەراوە، ژن و خۆشەویستی راستەقینەی خۆی دۆزیوەتەوە.

## پەرەسێلکەکانی ئادجار:

لە شێستەکانی سەدەی رابردوو (باتریك بوافر دارفور) رۆژنامەنووسێکی گەنج بوو، تازە لە زانکۆ دەرچوبوو، بەرپرسی رۆژنامەکەیان داوای لێکردبوو بچێتە ئەو کۆڕەی ئادجار فور دەیگێڕێت، راپۆرتێك لەسەر ئەو کۆرە ئامادەبکات. وەزیرە کۆنەکە بە درەنگەوە گەیشتبووە ئوتێلی هیلتۆن، هەموولایەك چاوەروانی کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەی وەزیریان دەکرد، کە گەیشتە سەر سەکۆکەی شەرەف سەری بۆ ئەوەی پێشەوە نەوی کردبوو، بەنەرمی و لەسەرخۆ وتی:

ببوورن دواکەوتم ماچی دۆستەکەم دوایخستم.

کە وەزیرەکە ئەو وشەیەی بەچرپە لە زار دەرچوو هەموو گوێیەکان بەگەورەیی لە بڵندگۆکە چرپەکەیان بیستبوو، بەسەرسامییەوە وشەکانیان قۆستەوە، بەئاسانی ئادجار بووە قوربانی دەنگە گەورەکەی بلندگۆکە. جاك مایهۆ پەخشکەری بەرنامەی گوێیەك لە گۆشەیەکدا دەگێرێتەوە:

ئەو ئادجاری بۆ بەرنامەکەی داوەتکردبوو، سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتیمانی سووربوو لەسەرئەوەی مومی هەفتا ساڵەی تەمەنی داگیرسێنێت، لەویێ بەناچاری دەفتەر تەلەفۆنەکانی خۆی لە پێش هەردوو ژن پێشوازیکەرەکەی ناو ئیستگەکە دانابوو.

ئادجار کەسایەتیەکی گەورەبوو، لە ژێر ئاڵای کۆماری پێنجەمدا لە ساڵی ١٩٥٠ کراوە بە وەزیری دارایی، پاش دوو ساڵ کە تەمەنی گەیشتە ٤٤ ساڵ بووە سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتیمانی (پەرلەمان)، پاشان بووە بەئەندامی ئەکادیمی فەرەنسی. نووسەرو ئەکادیمی فەرەنسی (جۆن ماری روارت) لەبیریەتی کە ئادجار لە کۆتایی

شێستەکان ئەو نهێنیەی لا ئاشکراکردبوو، کەوا ژنان زۆر داوەتەکانی ئەویان پەسند نەدەکرد، زۆر لە ژووانەکانیدا دەشکایەوە. بەڵام لەو رۆژەی کە بووە سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتیمانی ئەو داوایەی پەسند دەبوو. ئەو لە هۆڵێکی تایبەتی ئوتێلی لاسای پێشوازی تایبەتی بۆ دۆستەکانی تەرخانکردبوو، ئەوان لە دەرگایەکی پشتەوەی بۆی دەچوونە ژووانەکەی. لەسەر ئەو کارەش بەردەوام بووە.

## گلەیی دیگۆل:

لە ساڵی ١٩٦٦ ئادجار بووە وەزیری کشتوکاڵ، شەوێکیان دیگۆل لە سەردانی بەرازیل گەرابۆوە، داوای کۆبونەوەی ئەنجومەنی بەپەلەو لەناکاوی وەزیرانی کردبوو، هەرچەندی وەزیرەکان و راوێژکارەکان بەدوای وەزیری کشتوکاڵ گەڕان نەیاندۆزیەوە. لەبەرئەوەی ئەو تەنها وەزیربوو لەو کۆبونەوەیەدا بەشدار نەبوو، کە بیانۆی ئامادەنەبوونی نەبوو، گلەیی هاتبووە سەر، دیگۆلی نارەحەت کردبوو، بەڵام سکرتێری گشتی ئالیزی (ئایتیان بوران ) شوێنی مانەوەی ئادجاری بە سەرۆك راگەیاندبوو، ئەو دەیزانی ئەو لای یەکێك لە دۆستە ژنەکانیەتی، لەو ماوەیەدا زۆر سەردانی دەکرد. بۆ رۆژی دووەم لە دانیشتنی دووەمی کۆبونەوەکە دڵی خۆرپەی دەکردو دەیویست لەناو سینگی دەرپەڕێت، دیگۆل ئەگەرچی وای نەدەکرد، لە ئادجار چووە پێشەوەو چرپاندبوویە گوێچکەکانی و وتبووی :

دیارە بەرێز وەزیری کشتوکاڵ فێربویت شەوانە دەچیتە دەرەوە!.

لە ساڵی ١٩٧٢ سەرۆکی وەزیرانی نوێ (بیار میسمار) پۆستی وەزارەتی کۆمەڵایەتی داوە بە ئادجار ئەو دەمانە ئەو دۆستێکی رووسی هەبوو، بوونی ئەو ژنە رووسە لە ژیانی ئەو وەزیرە

پەیوەندی نێوانی وەزیرو دەزگاکانی هەواڵگری فەرەنسی تووڕە کردبوو، پاش ئەوەی سەرۆك وەزیران جورج بومبیدۆیان ئاگادارکردەوە داوای لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەو پەیوەندیە لێکردبوو. کە رۆژنامەنووس کلود ئامبرد، جارێکیان پرسیاری دوا پەیوەندی و ژنە رووسەکەی لە بومبیدۆ کردبوو، ئەو وڵامی دابۆوە، ئەو ژنە رووسە بەیەکجاری لە ژیانی ئادجار کۆتایی هاتووە.

لوسی ژنی ئادجار ژنێکی کراوەی رۆشنبیربوو، جارێکیان بومبیدۆ وتبووی ئەگەر بڵێین فوکارت ئێوارە کوڕێك دەگێڕێت، من بۆ ئەو قسەیە شانم هەڵدەتەکێنم، بەڵام بۆ لوسی وڵامدانەوەیەکی ترم هەیە. کە ئادجار دەچووە راوی ژنان، ژووری تایبەتی ئەنجومەنی گشتی بۆ تەرخان دەکرا، ئەوەی سەرپێچی کردبایە لە شوێنەکەی نەدەماو دەگوازرایەوە شوێنی تر. سیناتۆر جیم برانی هاورێی نزیکی ئادجار نەیدەویست باس لە ساتەکانی تووڕەبوونی ئەو بکات، ئەو زۆر وریابوو لە دۆزینەوەی کەسی شیاو بەسەر سووراندێك کەسەکەی دەپێکا.

جارێك سەبارەت بە راوەژن و دەستبازییەکانی بە جیمی وتبوو:

ئەو ژنانە هەموو شتیان دەستدەکەوێت، بەڵام ئەو لە کۆتاییدا هەنگوینەکە دەخوات.

## شێتی ژنان:

ئاداجار شەیدای ژنان بوو، هەر بواری هەبووایە لێیان دەچووە پێش، کە لوسی ژنیشی مرد، ئەوان وازیان نەهێنا، بەڵکو گێچەڵ و راوەراوەکەی زۆرتربوو، جارێك چووبوە مەغریب، لە باوەشی ژنێکدا جوانیەکەشی لەو رادەیە نەبوو، لە ئوتێلی پایتەختا گیرسابۆوە. کە بەرێوەبەری ئوتێلەکە ئەو رەوشەی نامۆیەی ئەوی بینیوو، ئاگاداری کردبۆوە، ئەویش لە وڵامدا وتبووی:

من له حالەتی پرسەدام.
كه ئادجار له سالانی ١٩٧٣ تا ١٩٧٨ سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتیمانی بوو، جارێكیان داواكاری قەزائی ئاگاداریكردبۆوه كەوا زنجیری پانتۆلەكەی كراوەتەوه، ئەو دەمەش خەڵكێكی زۆریش وەستابوون، ئەو وتبووی:
لەو ماڵەوه ئێمه دەبێ هەموو شتێ بكەین.
ئادجار لەژێر سێبەرو یاسای كۆماری پێنجەم، هەمان ئەو ئازادییەی پەیرەوكرد، كەوا له رۆژانی كۆماری چوارەم پارێزگارەكان پەیرەویان كردبوو، ئەو دەمانه پاش كۆتایی شەڕەكان بووه بۆیه سەركردەكه نیگەران بووەو لاوازی سۆزداریان پێوەبووه.
پارێزگارەكان وەك وەزیرێكی پێشوو وتبووی: ئەوان زۆر بەهێزتربوون.
سەرۆكی ئەنجومەن (رینی مایر) زیرەك و لێوەشاوەبوو له وەرگرتن و دزینی هۆشی ژنان، بەڵام بایەخی زۆری بەكۆتایی چیرۆكەكان دەدا، وەك موریس فۆر سكرتێری گشتی حزبی پارێزگارانی ئێشتراكی له سەرەتای ساڵی ١٩٣٥، پاشان سكرتێری دەوڵەوتیش بۆ كاروباری دەرەوه .
موریس فۆر هیچ پەیوەندی به ئادجار نەبوو، ژن له ژیانی تایبەتی هیچ كاریگەری نەبووه، ئەو زۆر پەرۆشی بەردەوامی پەیوەندی گەرمی به ژنەكەیەوه هەبووه. موریس فۆر وەك سەرۆكی كۆمەڵەی نیشتیمانی ئادوارد هیریو، لاواز نەبوو بەرامبەر بەژنان، بۆ رەگەزی مێینه وەك بوركان دەسوتا. دۆستەكانی ئەو بەجلی پەرستارییەوه دەهاته لای، تا رۆژێكیان بەرپرسی پۆلیسێك وای زانیبوو ئەو دكتۆرەو وتبووی، بەیانی باش جەنابی وەزیر، بەڵام ئەو زوو له رەوشەكه تێگەیشت و پلەو پایەكەی پاراست و نەیدۆراند.

# بەشی پێنجەم

**82% ژنان دەڵێن: بەڵێ بۆ پیاوانی سیاسەتمدار.**
**ژنان ئەو پیاوانەیان مەبەستە، کە باشتر لە ژیان تێدەگەن.**
**سیاسەتمداران لە هاووڵاتیان چاکترنین، بەڵام هەلی باشتریان بۆ رەخساوە.**
**کە ئیشارەتێکت بۆ هات، هوشیارو وریابە.**
**کە گەڕایتەوە ماڵەوە، گیرفانەکانت جوان بپشکنە .**

لە ژوورەکەی خۆیدا (میشال شاراس) وەزیری فەرەنسی پێشوو، جارێکیان بەدڵنیاییەوە وتبووی: کاری سیاسی و سەرقاڵبوونی پیاو بەسیاسەت کێشەو مەترسی زۆری دێتەپێش، دەسەڵات زۆر فریوی دەدات، بەو دەسەڵاتە لە پیستی خۆی دەردەچێت، زۆر گومان و دوودڵیم لەو مشەخۆرانە هەبوو، کە داوەتیان دەکردم، ئەوانەی هاموشۆیان دەکردم!.

ئەو خۆی بەمێردێکی بەوەفا بەرامبەر بەژنەکە دەزانی. سیاناتۆر (دو بوی دودوم) لە ئەزموونی خۆیدا سەبارەت بەو وتوویەتی:

شاراس له نێوان ساڵانی ١٩٨٨ تا ١٩٩٢ وەزیری میزانیەبووە، لەو ماوەیەدا ئەو سووربوو، هەموو فەرەنسییەك سەرمایەكەی ئاشكرابكات و باجی رەسمی بۆ بدەن، ئەو زۆر نهێنیەكانی دەزانی، بەڵام ئاشكرای نەدەكرد، بابەتە تایبەتیەكانی باس نەدەكرد، بێجگە لەوەی مەترسی بوایە لەسەر ئاسایشی كۆماری فەرەنسی، دەستی لە پارەی دەوڵەت نەدەدا، بەخۆرایی فەرمانی سەرفكردنی نەدەدا، بەوردی بەدوای باجی كەڵەكەبوووە دەچوو، ئەوەی قەرزار بوایە لێپێچینەوەی وردی بۆ دەكرد، ئەگەر ئەو كەسە پلەو پایەی هەرچی بوایە. زۆرجاریش لەگەڵ وەزارەتەكان دەكەوتە دانوستان و كێشە دارابیەكانی وەزارەتەكانی باش شرۆڤە دەكرد.

یەكێك لەوانە گۆرانبێژی ناودار واندا ریبیرو ی ناسراو بە (لیو)، ئەو ژنە هونەرمەندە لە هەشتاكانا ٥٠٠ هەزار فەرەنگ قەرزاری ساخكردنەوەی كێشەی باج بوو، وەزیرو راوێژكارەكانی بۆ چارەسەری ئەو كێشە داراییە بانگیان كردبوو، لەسەر ئەو مەسەلەیە گەفیشیان لێكردبوو.

بۆ چارەسەری ئەو كێشەیە بۆ جاری دووەم خودی وەزیری بینیەوە، رووداوی تەواوی ئەو كێشەیە لە كتێبەكەی بەناوی (بوب مودیل) بڵاوكردیتەوە، ئەگەرچی ناوی وەزیرەكەی نەهێناوە بەڵام نوسیوویەتی:

بۆ دیداری وەزیری میزانیە داوای دیدارمكرد، بەچەند دەقەیەك گەیشتمە سكرتێری وەزیر، ئەویش ئاگاداری كردمەوە كەوا دەتوانی سەعات هەشت و نیوی شەو جەنابی وەزیر ببینێت. بەڵام من سووربووم لەسەر گۆڕینی كاتەكە، وەزیرەكەش وتبووی ئەگەر ئەو كاتە دیاركراوە ئامادەنەبێت، ئەوە ژووانەكە تا سێ مانگی تر دوا دەكەوێت، ئەو كاتیش دیدارەكە سوودی نابێت .

که شەو داهات ئەو ژنە گۆرانیبێژە لە نووسینگەی وەزیر خۆی بینیەوە، وەزیرەکە وتبووی باسی کیشەکانی باج و قەرزەکانمان کرد، سەردانی شوقەکەی ئەومان کرد، لەویێ دەرمانی پاڵەپەستۆی خوێنی دامێ و شوێنەکەشمان بینی، منیش هیچ نیەتی خراپم بەرامبەر ئەو نەبوو. بەڵام ژنەکە نووسیویەتی:

ئەو منی رازی کرد بچینە شوقەکەم و منی بردە ژووری نووستنەکەم.! ویستی فێرم بکات تامی ماچی ژاپۆنی بکەم، نەیزانی من زووتر پێش چەند ساڵێک سرجی فانسبۆرگ فێری ئەو ماچانەی کردبووم و تامی ماچی ژاپۆنیم دەزانی.

بەڵام وەزیرەکە وڵامی داوەتەوە، کەوا ئەو ویستویەتی بۆ ئەو مەسەلەیە رابکێشێت، ئەگەر ئەو داوەتەکەی شەوی ئەوی قبوول کرابایە، ئەو شەوە دەبووە دەوڵەمەندترین شەو لە مێژووی فەرەنسادا، شاراس هەر ئەوەندەی وتووە، راستە ئەو لە چێشتخانەیەك داوەتی کردم و شەو منی گەیاندەوە ماڵەکەی خۆی، بەڵام ژنە هونەرمەندەکە وتبووی، ئەو چەند ئاسانکاری بۆ کردم بۆ دانی قەرزەکانم، وەزیریش وتبووی من هیچم بۆ نەکردووەو دەستمان بەسەر هەموو موڵکەکانی ئەو داگرت کە لە وڵاتی پرتوگال هەیبوو.

## تۆ کێیت ..؟

پلەو پۆستی شاراس ناسك بوو، چاوی زۆری لەسەربوو، هەموو کەسێك زۆر بەدوایدا دەچوون، رۆژێکیان هاورێیەکی لە حکومەت وەزیری دەرەوە (رولان دۆما) داوای لێکرد پێشوازی لە ژنە ئەکتەر سیلیڤا بوردن بکات، ئەو پێویستی بە کۆمەکی پارە هەبوو بۆ پرۆژەیەکی تایبەتی خۆی لە ئەوروپا، بەڵام وەزیری میزانیە داوای

دیدارەکە نەسەلماندبوو، بەڵام بەتەلەفۆنی دووەم جاری رازی بوو سیلیڤا ببینێتەوە، دیسان سوودی نەبوو یەك فەرهەنگی لەو وەرنەگرتبوو.

بەڵام ئەکتەرەکە کۆڵی نەداو پارەیەکی لە سەرچاوەیەکی تر وەرگرتبوو، لە سەرەتای نۆڤمبەری ۲۰۰۱ هەڵمەتێکی فراوانی دژ بەو بەرپاکردبوو.

سەرەتا لەسەر لاپەرەکانی رۆژنامەی ئەکسپرێس (لیو) نوسیبووی:

رۆژێکیان وەزیرەکە پێشوازی لێکردم من پانتۆڵێکی تەسك و چاکتێکی پیستی رەشم لەبەربوو، بۆم هەڵسایەوە سەر پێیان و چاویلکە رەشەکەی چاوی دانا، لە چواردەورەم سووراو وتی:

برادەرەکەت زۆر باسی تۆی بۆ کردووم، سەربردەی زۆرت هەیە، تۆ پیاوی چی ..؟؟!! تۆ سەرسامی بە من، من ئەوەندە ناشیرینم. ئەوەیان دڵتەنگی کردم، سەبارەت بەکەسایەتی خۆم من یەك شەو لەگەڵ یەك کەس نەماوەمەتەوە، نەچوومەتە لای ئەوانەی تام لە ناسینی خۆیان بە پسولەکەی ناسینیان شانازی دەکەن.

ئاڵان لومبار وەزیری پێشووی وەزارەتی میزانیە، ئەوەی دووپاتدەکردەوە کەوا زۆرجار دەسەڵاتی تاکەکەس، مرۆڤ دووچاری هەڵوێستی زەحمەت و ناخۆش دەکات. من سێ جار ئەو ژنانەی رەوشی باج و قەرزەکان خراپ بوو ویستوویانە بە نازو جوانی و شێوەی هەڵخەلەتاندنەوەکاریان بەرێبکەم، لەرووی یاساییەوە دوور دەکەوتنەوە. شارەزایان بۆچوونیان وایە کەوا ٨٢% ژنان بە وەزیرو سیاسەتمدارن دەڵێن بەڵێ. ژن هەیە بەپیاوان سەرسامن، ژنی واش هەیە دەسەڵاتی پیاو سەرنجی ئەوان راناکێشێت، ژنی واش هەیە زۆر حەز بەبوونی چەندین پەیوەندی دەکەن .

## بۆ بەراوردی:

ئاڵان کریستناکت یەکێك بوو لە راوێژکارانی لیونیل جۆسپان، رای وابووە پێویستە سیاسەتمداران کەسایەتی کاریزمی خۆیان راگرن و پارێزگاری لێبکەن. جۆن هۆشون بەرێوەبەری نووسینگەی میشال روکار لەسەر ئەو بابەتە وتوویەتی:

هیچ لە سەرکەوتنەکانم وەك ئەوەی شەڕی کەنداو نەبوون، ژن هەیە سەرسامە بەو پۆلیسانەی دەمانچەکانیان دەخەنە بن پێیانەوە، ئەدی کە باسی سارۆخەکان دەکەین .

فیلیپ دۆست بلازی وەزیری دەرەوەی فەرەنسی بە روونی وتوویەتی:

سیاسەت پیشەیەکی شەریفە، ژنانیش ئەو پیاوانەیان دەوێت کە مانای ژیان دەگۆڕن و بابەتی تازە دەهێنە بەرهەم، نەك ئەو پیاوانەی هەرکە هاتنەوە ماڵەوە پیڵاوی پەمۆ لەپێدەکەن .

هۆبرت فیدرینیش وتوویەتی:

دەسەڵات ئەو کەسە شێت دەکات، ئەوەی لەگەڵ پیاوانی سیاسەتا دەکەونە شەڕەوە، نەك ئەوەی تەنها سیاسەت دەکات.

جاك جۆرل نووسەری کتێبی(سیاسەت و سێکس) یش بۆچوونی وایە کەوا جیاوازی نێوان سیاسەتمداران و هاووڵاتیان نییە، تەنها یەك جیاوازی هەیە ئەویش ئەوەیە بوارو هەل بۆ سیاسەتمداران زۆرتربووە.

ئەوانی زۆر شارەزای هەناوی سیاسەتی فەرنسیین، دەبێژن (ڤان جۆن کاری لۆبان) ی سەرۆکی بەرەی میللی، شیاوترین کەسە بۆ شاهیدان لەسەر کارە شێتانەکانی سیاسەتی فەرەنسی، ئەگەرچی ئەو

پلەی وەزیری لە حکومەتی فەرەنسی نەبووە، بەڵام ناوبانگیەکەی ئەو بەشی ئەوەی دەکرد ژنان خۆیان لێ نزیك بکەنەوە .

## ئیشارەتی یەکەم:

لۆبان سەبارەت بەمەسەلەی پەیوەندی سیاسەتمداران بەژنانەوە وتوویەتی:

ئەگەر ژنێك ئیشارەتێکی بۆ کردی، ئازابەو مەگەرێوە، بەڵام وریابە، ئەو ژنانە زیرەکن لەوەی پارچەیەکی بچووکی جلی ژێرەوەیان لەناو گیرفانەکانت بئاخنن، بۆیە کە تەواو بویت و رۆیشتیتەوەماڵەوە، جوان گیرفانەکانت بپشکنە.

لە ژیانی رۆژانەی ئەو سیاسیانەدا چەندین پەیوەندی خۆشەویستی و سێکسی لەگەڵ ژنی شۆخ یان کیژانی ناسك دروست دەبێت، ئەوانەش بەجوانی لەو هەزارەها نامانەدا دەردەکەون کە رۆژانە بۆیان رەوانە دەکرێن.

## کریستین و رولان:

پاش کاری رۆژانەی سەختی رۆلان بە هاوشانی هاورێی بیار دۆگلاس بۆ نانی ئێوارە چوونە چێشتخانەی لیب لە ناوەراستی پاریس، بەرێکەوت کریستین دیفیرس جونکۆر لە دەرگاوە بە ژوورکەوت و کۆنە وەزیرەکەی بینیەوە، ئەوەی رۆژانێك دۆستی بووە. کریستین لەوە دوودڵ نەبوو بچێتە بەرگوێی رۆلان و بەنەرمی پێ بلێت:

رۆلان، هێشتا جوانیت .!

ئەگەرچی ئەو شوێنەش زۆر گشتی بوو، خەڵکێکی زۆریش

دانیشتبوون. ئەو لەسەر خوانێکی نزیك ئەویشەوە دانیشت و نانی خوارد.کە ویستی بڕوات دووبارە هەڵسایەوەو لە کۆنە دۆستە وەزیرەکەی نزیك بۆوە، دەستی کۆنە عاشقەکەی گرت و پارچە کاغەزێکی لەپێش دانا، لەو پارچە کاغەزە ژمارەی مۆبایلەکەی لەسەر نووسیبوو، بەو رامان و جولانەوەی هەستی بەردەوامی دووبارەکردەوە. دواجار لەناو هۆڵی دادگا بینیبووی، کە بەیەکەوە لە سەر کێشەی (ئالف) تۆمەتبارکرابوون، کە لێکۆڵینەوەکە تەواو ببوو بەنیشانەی دەست، ماچی بۆ رەوانکردبوو.

کریستین کە بیرەوەرییەکانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەدا، بەبیری هاتیتەوە وەك خۆی لە ساڵی ٢٠٠٥ دا ئاشکرای کردبوو، چاوەکانی مشت فرمێسك دەبوون، ئەوەشی وتبوو، من ئێستاش هەر ئەوم دەوێت و دەمەوێت هاوشانی بژیم، بەڵام کێشەی ئاڵۆزی زۆرمان لە نێواندا هەیە .

ئەو ژنە لەو پەیوەندیانەدا زۆر گیانبازبووە، لەساڵی ١٩٦٥، لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا پەیوەندی لەگەڵ جان جاك هەبووەو لەساڵی ١٩٦٨ کوڕێکی لێبووە. پاش حەوت ساڵی تەمەنی ژن و مێردایەتی لەیەك جیابوونەتەوە.

پاش بیست ساڵ لەو پەیوەندیە (جان جاك دو بیریتی) پەرلەمانتاربووەو پاشان لە نێوان ساڵانی ١٩٩٥ تا ١٩٩٧ لە حکومەتی ئاڵان جوبیە وەزیربووە، لەو ماوەیەدا کریستین پیاوێکی پسپۆری لە کاری پیشەسازی بەناوی گلۆد جۆنکور دۆزیوەتەوەو شووی پێکردووە، تا ساڵی ١٩٩٨ دەگاتەوە رۆلان دوما ئەو پیاوەی خەونی پێوە بینیبوو.

ئەو کاتە رۆلان دوما پارێزەربوو، زۆر لە فرانسوا میتران نزیك بووە، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی تایبەت بەیاسادانان سەرقاڵ بوو،

ئەو ركایەتی توندی جۆن جاك دو بیریتیی كۆنە مێردی كریستینی كردووە. كریستین و دایكی هاوكاری زۆری دۆمایان لەو هەڵمەتەكردووە، كە كرا بە وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی ئەو هەستی بەخۆشەویستی بێ سنووری بۆ كریستین دەربڕیبوو. سەرۆكی كۆمپانیای نیشیمانی ئالف، ئالفرید سیرفن ئەو پەیوەندیەی نێوانیانی بە هەلزانی و كریستینی لە ساڵی ١٩٨٩لە وەزیفەیەكی باش دامەزراندبوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ تا ١٩٩٢ سوودی زۆری لە شوقەیەی كە رووبەرەكەی ١٣٠ كم٢ دەبوو لە شەقامی رۆبیر ئایتیانی هەرێمی هەشتەم وەرگرتبوو.

## سەرەتاكانی رووخانەكە:

كریستین چەندین دەستكەوتی وەرگرت، ٦٤ ملیۆن فەرەنگی فەرەنسی وەرگرت تا كاریگەری لە وەزارەتی دەرەوە بكات بۆ كڕینی چەند فرقاتەی دەریایی لە تایوان، بەڵام رۆلان دۆمان ئەو داوایەی قبول نەكرد. كریستین هاورێیەتی دۆمانی دەكرد، هاورێی ئەو وەفدەی كردبوو بۆ وڵاتی چین و هۆنگ كۆنك، بە پلیتی كۆمپانیای ئالف دەچوونە چێشتخانە پلە بەرزەكان، بەڵام كە دۆما پرۆژەی هاوسەریەتی
لەگەڵدا رەتكردووە تووشی شۆك هات. بۆلاتی دایكی كریستین سەبارەت بەو پەیوەندییە وتوویەتی:

من زوو كیژەكەم لەو پیاوە ئاگاداركردەوە، من زۆر چاك ئەو پیاوە دەناسم، لە یادی ٧٠ ساڵەی لەدایكبوونم ئەو دیاری زێری پێشكەشكردبووم، من ئیشارەت بەو دیاریە دەدەم، بە وەرگرتنی ئەو دیاریە پرسیاری ئەوەم لێكرد تۆ ئەوەندە زۆر كیژەكەی منت خۆش

دەوێت ..؟ ئەو لە وڵامدا وتی:

من ئەوم زۆر خۆشدەوێت، بەڵام ئەو زۆر بەپەلەیە، با ئەو دوو سێ مانگەی داهاتوو چاوەروان بکات. من کاتی پێویستم دەوێت تا دوا بڕیاری خۆم دەدەم. لەو کاتانەدا بۆ رازیکردنی سیرفن کریستین لە شەقامی لیل شوقەیەکی نوێی وەرگرت، دۆما بۆ خواردنی نانی ئێواران دەهاتە لای، یان بۆ چوونی ئۆپراو بیستنی دەنگ و ئاوازی خۆشی وەك بلاسیدوو دومینگۆو جۆزی کاریراس و روبارتو ئاڵاتیا دەچووە لای .

کریسیتن تووڕەییەکەی لە رووی دۆما دەربری و بەئاشکرا پێیووتبوو: من چیتر چاوەروان ناکەم، من پیاوێکی ترم لە شەقامی لیل نزیك لە خۆمان بەناوی جیلیرت میارا دۆزیوەتەوە، کە ئەو پەیامەی پێراگەیاند بەیەکەوەبوون، تا لای مەسعدەکەشی بەرێیکردو پێیووتبوو:

ئەو هەواڵە دڵشادی کردم، پاش ئەو پەیوەندیە درێژە بۆ گەڕانەوەیەك دەگەرێتەوە.

## داوای غوفران دەکات:

بەراستی پاش ئەوەی لە کریستین دوورکەوتەوەو وازی لە وەزارەت هێناوە، لە سپتمبەری ١٩٩٣ داوای غوفرانی لە خۆشەویستەکەی کردووە، زۆرجار یەکتریان دەبینی، تا لە پایزی ١٩٩٧ کێشەی ئالف سەریهەڵدایەوە. دۆما داوای لە کریستین کردبوو ئەو نامەی درێژانەی بەتایبەتی ئەوانەی لەساڵی ١٩٩١ بۆی نووسیبوون بیانشارێتەوە. نامەکانیش ژمارەیان پێنج نامەی درێژی رۆمانسی و ٢٠ یادنامەی تایبەتی بوون کە بۆی رەوانەکردبوون. ئەوەش بەقسەی کریستین، بەڵام دۆما وتوویەتی، ئەو تەنها دوو نامەی

ئەڤینی کورتی بۆ ئەو نووسیوە، لەگەڵ ئەو دوو نامەیەش رەنگە چەند یادنامەشی لەلابێت، لەوانەش یادنامەی بە گوڵداریشی هەبووە. ئەو ئەوەی رەتکردەوە هەرگیز داوای فەوتاندنی نامەی نێوانیانی کردبێت، ئەوەی نێوانیان تەنها چەند وردە رستەن و بەزمانی بێگانەش نوسراون، چونکە ئەو شەیدای ئەو رستە بیانیانە بووە.

بەڵام کریستین بەرامبەر ئەو قسانە دۆما بێدەنگ نەبووە، زوو هاتیتە وڵام کەوا بێجگە لەو نامانە ئەو چەند شەریتی تۆماری دەنگیشی لەلابووە، کە لەوڵات

دووردەکەوتەوە ئەو نامە دەنگیانەی کە هەستی خۆشەویستیانی تێدایە تۆمارکردووە. ئەوەشی درکاندووە ئەو تۆمارێکی دەنگی هەڵگرتووە بە مۆسیقای تایبەتی لەسەر رەزامەندی هەردووکیان تۆماریان کردیتەوە، چەند جارێکیش بەیەکەوە گوێیان لێگرتیتەوە. ئەگەرچی ئەو لەگەڵ فابیانی هاورێی و بەرێوەبەری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان مێردی پێشووی گوێیان لەو تۆمارانە راگرتبوو، بەڵام ئەو ئەوانەی بەدرۆخستیتەوە، چونکە ئەو ناکەوێتە رێزی ئەو کارە کەمانەی ئەو جۆرە شتە تایبەتیانە تۆماربکات. ئەوانە لە کەسایەتی ئەو ناوەشێتەوە.

رۆژنامەگەری فەرەنسی بایەخی زۆری بەو چیرۆکانەی سەرۆکی دبلۆماسی فەرەنسی دابوو، هەروەها بایەخی زۆریشی بەو جوانانە داوە کە لە بۆنە تایبەتیەکانا دیداریان دەبوو. لە ئاهەنگێکی پێشوازی لە ئالیزی ئەو بە ژنی سەرۆکی شارەوانیەکی گەورە شەیدابوو، داوای ناسین و دیتنی کردبوو، بەڵام سەرۆك فرانسوا میتران هەستی بەو جولەکردبوو و دەستی راکێشاوەو دووری خستیتەوەو داوای لێبووردنی لە ژنەکە کردبوو.

دۆما وەك سەربازێك گوێرایەڵی گەورەکەی بووە، باشیش لەو

دەگەیشت. ئەو ئیشەی ئەو رۆژە کردی، لەو پیاوە دەنگ گڕو قژ بەگڵوازەو چاو تیژە نەدەوەشایەوە.

یلتسینی سەرۆك رووسی بەسەردانی رەسمی هاتبووە فەرەنسا، لەدیدارەکەدا پرسی بە مێوانە رووسەکەی کردبوو، حەز دەکەیت ژنەکەشم بێت، یان حەز دەکەیت دیدارەکە پیاوانەبێت و بەس، ئەگەرچی پرسیشی کرد، بەڵام ئەو بێ ژن هاتە کۆبونەوەکە.

ئان ماری لیلیی ژنی لە شاری بوردۆ لە ساڵی ١٩٦١ لەدایکببوو، تا کۆتایی هاوشانی مایەوە، لە کێشەو لێکۆڵینەوەکانی کێشەی ئالف وتبووی:

تاکە سەرچاوەی هەواڵەکانی من پیاوەکەم بووە، دەنگۆی ئەو کێشەیەی من و پیاوەکەم و کێشەکانی تر کە هاتووتە پێشمان دیارە هەمووی دروستکراوی هەڤاڵبەندی نێوان میدیاکان و دادگایە، بەوەش ویستوویانە فەمیلیەکەمان بڕووخێنن.

## ئامۆژگاری میتران:

میتران زۆر رێزی ئان ماری دەگرت، زۆریش ئامۆژگاری پیاوەکەی دەکرد تا چاوی لە ماڵ و منداڵەکانی بێت، ئەو زۆر ئاگاداری دەکردەوە دەست لە پەیوەندی ژنان هەڵگرێت، چونکە ئەوەیان لەکەداری دەکات و قسەی زۆری دەهێنێتەسەر. بەڵام ئەو بەردەوام دوو دۆستی ژنی هەر هەبووە، تا رۆژێکیان دوفیریس جۆنکۆر لە نهێنیەکانی گەیشت و بە ئاشکرا وتبووی:

دۆما رۆژانە لە یەك کتێب زۆرتر دەخوێنێتەوە، پەیوەندی بە چەندین ژنیشەوە هەیەو لە چەند شوێنێك شوقەو هەواری هەبووە، ئەو لە ژیانیدا دوو ژنی گرنگی هەبووە، بێجگە لە ژنەکەشی دۆستیشی

هەبووە. دۆستی دووەمی ژنێکی بێ مێردو مناڵ بوو، پارێزەربوو، ئاشکرای کردبوو ئەو لە ساڵی ١٩٦٨ ەوە یەکتریان ناسیووە. ئەو ژنە کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کێشەی ئالف و پەیوەندی کریستین لەگەڵ کردووە، ئەو ڕاستیەی بۆ پۆلیسی دارایی لە ساڵی ١٩٩٨ ئاشکراکردووە، سەبارەت بە ناوی دووەمیش لە پێش پۆلیسەکانا وتبووی من نەمزانیووە ئەوان پەیوەندییان هەبووە، پەیوەندی نێوان دۆماو کریستینم لە ڕۆژنامە فەرەنسیەکانەوە بیستووە. کە دۆما وەزیری کاروباری دەرەوەبووە، من هەرگیز لە سەفەرە ڕەسمییەکانی لەگەڵیدا نەدەچووم، هەروەها کە بووە بە سەرۆکی ئەنجومەنی دەستووریش من سەفەرم لەگەڵی نەکردبوو، ئەو لەکۆتایی هەفتەکان لە بوردو دەهاتە لام.

جارێك سەبارەت بە دایکی وتبووی، کە ڕوومەتی دایکم ماچ دەکەم، بۆنێکی خۆشم دەکرد، بۆنی ئەوم لەهەموو ئەو ژنانەی لەگەڵیان بووم نەکردبوو. کریستین سەبارەت بەو وتبووی ئەو پیاوە ڕێك و ڕۆشنبیربوو، بەڵام سۆزو هەستی نەبوو، زۆریش حەزی بە گۆڕینیش دەکرد.

بیرەوەرییەکانی دۆما ناوی ئەو هەموو ژنانەی تێدابوو ئەوانەی ئەو بەدرێژایی ژیانی ناسیبوویەتی. لەوانە ئەکتەری ناسراو سیلیفیا بوردن، ئەو خۆی وتبووی:

من پێش ٣٠ ساڵ دۆمام ناسیووە، لەو جۆرە سیاسەتمدارە خۆویستانە بوو کە ئامادەبوون هەرچی شت و کاری قەدەغەی ئەخلاقی و یاسایی و کۆمەڵایەتی هەیە بیکەن.

# بەشی شەشەم

**تەڵاقدەراوەکان و بەدرەوشتان**
**بۆیان نەبووە بێنە ناو ماڵەکەی دیگۆل.**
**پەیوەندییەکانی دیگۆل**
**لەبەر توندوتیژەییەکەی**
**بە ژنهێنان کۆتایی هاتووە.**

## لەسەردەمی ئیفۆن:

دیگۆل هیچ نرخی بۆ کۆشکی ئالیزیا دانەدەنا، ئەوەش لە رەوشت و هەڵسوکەوت و بەرنامەی هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەت و ناوەندی سیاسی سەرەتای کۆماری پێنجەم رەنگی دابۆوە. زۆر بیری لە گۆڕان چالاکیەکانی نزیکی خۆی دەکردەوە، لە تەنیشت ئەو پیاوەدا، کەسایەتیەکی بەهێز هەبوو، ئەویش دژی بۆگەنی و بەدرەوشتی بووە، ئیفۆن فوندروکسی ژنی هۆکاری سەرەکی ئەوبووە، بۆ یەکەمجار لە ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٢٠ ناسیبووی، ئەو دەمە دیگۆل ئەفسەرێکی گچکەی سوپای فەرەنسی بووە. پاش چەند هەفتەیەك لە دیدارەکە، کە دیگۆل ٤٠ سم لەو درێژتربووە داوای کردووەو بەرەسمیش لە

ئەپریلی ١٩٢٠ بەبووکی گواستراوەتەوە. دیگۆل ژنەکەی زۆر خۆشویستوە، ئەو سەرکەوتن و چالاکی و بەرهەمەکانی لە هاوشانی و پشتیوانی ئەوەوە دەزانی، ئەوەشی لە بیرەوەرییەکانیدا نوسیوەتەوە. دانی بەو چاکانەی ژنەکەی ناوە.

## خاتوونی یەکەم:

ئیڤۆن بەهەموو پێناسەکان مامۆستابووە، ژنێکی خەمخۆری هەڵسوکەوتی مێردەکەی و ئەوانەی چواردەورەکەشی بووە. لەبەرئەوەی خاتوونییەکەمی وڵاتی فەرەنسابووە، بۆیە بواری نەداوە ئەوانەی ژنەکانیان تەڵاقداوەو بەدرەوشتەکان بێنە ماڵەکەی. لە پاش مردنی لە ساڵی ١٩٧٩ دا لە بروسکەی پرسەنامەکەیدا جۆن مۆریاك کە لە وەکالەتی هەواڵەکانی فەرەنسی بلاویکردەوە، نووسیبووی:

خاتوون دیگۆل بەراستی ئاگاداری ژیانی تایبەتی هەموو کەسە نزیکەکانی دیگۆل بوو، وەك وەزیرەکان، بەرپرسە گەورەکان، سەرۆکی دائیرەکان و سەفیرەکان، هەمووانی دەناسی، دەیزانی لەوانە کێیان لە ژنەکەی جیابوویتەوە، چەندیان ژنەکانیان تەڵاقداوە.

ئەو رۆژنامەنووسە ئەوەی ئاشکراکردەوە، کەوا سەرۆکی دەوڵەت لە دانانی ئەندامەکانی نزیکی خۆی پرسی بەو کردووە، بۆچوونی ئەو جێگای بایەخ بووە، ئەو پەسندو رەزامەندی لەسەر رەوشت و باری کەسیەتی فەمیلیی دەکرد، کەسایەتی واش هەبوو بە بوونی تێبینیەك لەلایەن ئەوەوە لە پۆستەکەی دوورخراوەتەوە .

ئولیفیی گیشار یەکێك بووە لە وەزیرە نزیکەکانی دیگۆل، کە ئاشکرابووە پەیوەندی بە رۆژنامەنووس دیزی دو کالارد هەبووە، لە ساڵی ١٩٥٨ لەسەر پۆستەکەی لادراوە. کوستونتان منیلیکی

بەرپرسی پێشوو لە بەرژەوەندە تایبەتیەکان وتوویەتی، گیشار زۆر بە توندی بە بێژەری بەرنامەی (دیم دام دۆم) و ژنی ڕۆژنامەنووس هکتۆر کالارد، ئەوەی پێشەنگی دامەزرێنەری دەزگای (لۆ نوفیل ئوبسارفاتور) بوو وەنوسابوو.

## ڕێزپەڕی ئیفۆن:

ئیفۆن لەو سستەم و چاودێرییە ئاسنینەی خۆی وەزیری ناوخۆ ڕۆجی فری ڕێزپەڕکردبوو، ئەو چەندین سەعاتی جوان و خۆشی لەگەڵ ژنی ئولیفیی گیشار رادەبوارد. ئاندری مالرۆی وەزیری ڕۆشنبیریش لەو کەسانە ڕێزپەڕبوو، چونکە دوور لە مەراسیمی کەنیسەوە چەندین جار ژنی هێنابوو. خاتوو بیلی گێراویەتەوە، کەوا یەکێك لە سیاسەتمداران لەسەر داوای دیگۆل، بۆی نەبوو بێتە وەزارەتی دەرەوە، ئەو کەسە پیاوێکی رووخۆش بوو، بەڵام لە کارەکانیدا زۆر وردو چاپوك نەبوو، ئەگەرچی ئەو هۆمۆسێکسوالیش بوو، بەڵام بۆ رازیبکردنی پیاوی یەکەمی ئالیزی ژنی هێنابوو .

دیگۆلی گەنج، پاش شەڕی یەکەمی جیهانی چیرۆکێکی بەناوی زالینا نووسیبوو، ئەو چیرۆکە لەسەر پەیوەندی و خۆشەویستی نێوان سەربازێکی فەرەنسی و کیژێکی کالیدونیای نوێ بووە، لە ساڵی ١٩١٠ لە ڕۆژنامەکەی گەشتەکان بەناوی نهێنی سباهی بڵاویکردیتەوە، بەدەرچوونی لە سانت سیر پەیوەندی بە تیپی سواری ژمارە ٣٣ ی بیتانەوە کردووە.

فرانسیس موریاك لە کتێبەکەی لەسەر ژیاننامەی دیگۆل نووسیویەتی:

ژەنرال پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کیژێك هەبووە، دوایی بۆی دەرکەوتووە سەرۆکی تیپە سەربازیەکەشی ئەو کیژەی خۆشویستووە .
به قسەی بۆل ماری دۆلا گورس، دیگۆل ئەو کیژەی به هەموو ژنە جوانەکانی تر نەداوە.

## تەنها لەگەڵ فەرەنسادا:

لەبەرئەوەی لە زۆر هەڵسوکەوت و چالاکی و بەرنامەکانی ژیانیان لەگەڵ ئیفۆن فوندرۆکس لەیەك نزیکبوون، بۆیە پاش ئەوەی ئەو ژنەی هێناوە پەیوەندی بە هیچ ژنی ترەوە نەماوە، لە ڕۆژانی شەڕی دووەمی جیهانیدا لە سەردانێکی بۆ لەندەن، یەکێك لە یاریدەرەکانی لە دیگۆلی پرسیبوو، پەیوەندیت بە چە ژنی ترەوە هەیە، لە وڵامدا وتبووی:
من تەنها یەك پەیوەندیم هەیە، ئەویش بە وڵاتەکەم فەرەنسایە .
لەو سەردەمەدا ڕۆژنامەنووس فیلیب ئالکسندر نووسیبووی:
گومانم هەیە دیگۆل پەیوەندی بە ئەکتەر سیمۆن ڤالارەوە هەبووبێت.
زۆربوون ئەوانەی بەڕاستی لەدوای ئەوە دەگەڕان پەیوەندییەك لە ژیانی دیگۆل بە ژنێکی ترەوە بدۆزنەوە، تەنها ناوی ژنێکیان دەستنەکەوت.
شارل هنری کە کەسێکی زۆر نزیك بووە لە میتران، ئەو پڕۆپاگەندەی زۆری بۆ هەڵبەستابوو، ئەو سووربووە لەسەر ئەوەی ئەو وێنەیەی لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ خەڵك کێشراوە سەبارەت بە دیگۆل ڕاست نییە. خاتوو هنریش زۆر وتوویەتی، بە

قسەی پیاوەکەم لە ژیانی ژەنرال دیگۆلدا ژنی تر هەبووە. بە قسەی یەکێك لە پاسەوانەکانی کە خزمی بووە، ئەو ژنەی کە هاتووتە لای، ئەو پاسەوانە دەرگای پشتەوەی کۆشکی ئالیزیی بۆ کردیتەوە، بە قسەی خاتوو هنری ئەو ژنەش سیمۆن ڤالاربووە .

ئەو ئەکتەرە ژنە، هەرگیز دۆستی دیگۆل نەبووە، زۆرجار کەسە نزیکەکانی بەناوهێنانی ئەو تووڕەیان کردووە، یەکێك لە کەسە نزیکەکانی دیگۆل وتبووی:

کە دیگۆل زانی ئەو سەفیرەی خۆی لە ڕۆژانی شەڕی ساردا لە یەکێتی سۆڤیەتی داینابوو، پەیوەندی بە جاسووسێکی ژنی رووس هەبوو، زۆر تووڕەبووە، زوو لە شوێنەکەی لایبردووە .

بەبێ ئەوەی بیر لە قسەکە بکاتەوە بە تووڕەییەوە، بە سەفیرەکەی وتووە:

باشە ئەو شەوە بەیەکەوە رادەبوێرین؟

لەو دەمانەدا دیگۆل زۆر گالتەی بەو سیاسەتمدارانە کردووە کە زانیوویەتی دۆستیان هەیەو مێیازی دەکەن، یەکێك لە ڕاوێژکارانی وتبووی، کە سەرۆکی پێشووی کۆنگۆ نیازی سەردانی پاریسی هەبووە، زۆر لە هۆکارەکانی هاتنی ئەوەی کۆڵیوەتەوە. ئەگەرچی ڕاوێژکارەکە لەسەر هۆکاری هاتنی ئەو هیچی دەستنەکەوتووە، بەڵام ئەو سووربووە لەسەر هۆکاری هاتنی ئەو کەسە، ئەگەر لە گۆشەیەکی لاتەریکی پاریسیش بووبێت، سۆراخی زۆری سەرۆك بولوی کردووە.

## سیحری مۆرلان:

نووسەری فەرەنسی فیلیب سولر سیفەتی هاوبەشی سێ سەرۆك کۆماری فەرەنسی بە مێیازییان دەبەستێتەوە، ئەوانەش ژنانیان ئیغراکردووە، تا گەیشتوونەتە لوتکەکەی، ئەوانە لە منالّییەوە بە نازو ناسك بووینە، بەو رەوشتەشیان ویستویانە وا بەناز بمێنێنەوە، نووسەرەکە وادەزانی تا لەو سەرۆکانە بگەیت، واباشە لێیان دووربکەویتەوە، لە دوورەوە نیگا لە کردارو رۆژانەیان رامینێیت، ئینجا باش ئەو کەسانە دەناسیت .
ئەگەر لە سەرەتای ژیانە سۆزدارییەکەی فرانسوا میتران وردبیتەوە، ئەوە وەك رۆمیوی سەردەمەکەی دیارە، بەڵام (برینی) رۆژانەی ژیانی کاروانەکەی گۆڕی و ئەوەی دەیویست نەهاتەدی .
میتران لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی پاریس، گەرەکی لاتینی و جیهانی ئەدەبی دۆزیوەتەوە، لەوێیەوە شەیدای ناسین و گەڕان بووە، جۆرەها سەرچاوەی زانیاری دەستکەوتوە. سەرەتا بۆ دۆزینەوەو دارشتنی ژیانی ئەڤینی بە پەلە نەبووە، بەڵام کە کیژێك هاتووتە ناو رۆژانەی ژیانی، خۆی پێرانەگیراوە، ئەو کیژەی رێرەوی ژیانی گۆڕییوە، کاریگەری لەسەر دوارۆژو بەرنامەکەی دروستکردووە، دەروازەی ژنانی زۆری بۆ خراوەتە سەر پشت، کە دەسەڵاتەکەی ئیغرای کردوون.

## هەرەسی یەکەم:

لە رۆژی ٢٨ ی ینایری ١٩٣٨ یەکەم فەشلی خۆشەویستی بینیووە، ئەو رۆژەی کیژێکی تەمەن ١٥ ساڵی خۆشویستووە. ئەو

کیژە نازدارە، ناوی (ماری لویس تیراس) بووە، میتران زوو داوای دەستی کردووە، بەڵام کیژەکە داواکەی قبول نەکردووە، ئەو بوویتە یەکەم پاڵەوان کە میترانی ڕەفزکردووە.

## بۆ ئەڵمانیا:

لەسەرەتای ڕۆژانی شەڕی دووەمی جیهانیدا، میتران بەرەو ئەڵمانیا ڕۆیشتووە، لەوێیەوە نامەی بۆ ماری نووسیوە، بەو هیوایەی ئەو کیژە بەو نامە دوورانە بجولێت و هەستی ئەڤینی بۆ لێبدات، دیاربوو ڕەنجی ئەو شەوانەی نامە درێژەکانی تێدا دەنووسی بەفیرۆچووبوو. لە کۆتاییدا بۆی دەرکەوت خۆشەویستی یەك لایەنە چارەنووسی مردنە، نهێنی ئەو ئەڤینە بە شاراوەیی لە دڵی زامداری میتران مایەوە، کیژەکە بەناوی خواستراوی گەیشتە بێژەری تەلەڤزیۆنی و ناوەکەشی، کاترین لونجیس بووە .

میتران لە کۆتایی ڕۆژانی شەڕی دووەمی جیهاندا چوەتە ناو ریزەکانی بەرگری، لە پاریس بە ناوی مۆرلاندی نهێنی مایەوە، لەو شارەدا کەم گەڕاوە نەیویستووە ئەو باوەش ئەو باوەشیش بکات، زۆرترین کاتەکانی لە باخچە گشتیەکان بەسەربردووە. بەناچاری ڕوو لە لەندەن دەکات، پاشان دەچێتە جەزائیر، لەوێ پەرستارێکی بە ناوی (لۆکاتی) خۆشویستووە.

پاش ئەوەی گەڕاوەتەوە لەندەن و پاریس دۆستایەتیە کۆنەکانی زیندووکردیتەوە، لەگەڵ (ڕۆجی باتریس بیلات) برادەرایەتی کردووە، ئەو تازە کیژێکی خوێندکاری بەشی سینمای بەناوی (مادلین گۆز) ناسیبوو.

## سەرۆك ژن دەهێنێت:

ئەو ناسینە خۆشەویستی لێ دروستبوو، لە کۆتایی و لە رۆژی ۲۸ ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٤ لە کەنیسەی سانت سیفرین مارەی کردووە .

هەموو سیاسەتمدارە چەپرەوەکانی نزیك ئەو لە بەزمی ژنانەوە نزیك و هاورێ بوون، (جاکلین شابریدون) ی رۆژنامەنووس ئەوانەی باش ناسیوە، وتوویەتی:

ئەو دەستەیە خەمی سەرەکییان مێیازی بووە، لەوانە فرانسوا میتران و شارل هنرۆو کلۆد ئاستییرو رۆلان دۆما و جۆرج دایان، جارجاریش دۆستەکانیان دەگۆرییەوە.

رۆژێکیان جاکلینی رۆژنامەنووسی لۆفیگارۆو ژنی شارل هنرۆ لەگەڵ میتران لەناو ئوتومبێلەکەی ئەودا بوون، لە ناوەندی رێگادا میتران ئوتومبێلەکەی راگرتووەو ویستویەتی لە ژنەکە نزیك بێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ژنەکە ژنی برادەرێکی بووە، بۆیە ژنەکە بە هیچ شێوەیەك رازی نەبووە توخنی بکەوێت.

لە ساڵی ١٩٧١ میتران بویتە سەرۆکی حزبی ئیشتراکی، لە ئابی ساڵی ١٩٧٤ ژنە رۆژنامەنوسی (میشال کۆتا) لە کردنەوە بارەگای تازەی حزب لەوێی بووە، لە نهۆمێکی ئەو بینایەدا ژنێکی جوان چاوەروانی بووە، بەڵام میتران نەیدەزانی ئەویان کێیە، چونکە ژنێکی تریش لە نهۆمێکی تر چاوەروانی کردووە، ئەو لە هەموو کۆبوونەوەیەك دەست بە کیژێکەوە دەچووە دەرەوە، بەردەوام لیستی چاوەروانی ژنانی زۆربوون، سێ چوارێك چاوەروانیان کردووە، لەبەرئەوەی ئەوانی تر نۆرەیان بەرنەکەوتووە، بەهیوای ئەوەی تەلەفۆنێکان بۆ بکات، نائومێد گەراونەتەوە ماڵەکانیان. کە میتران بۆ سەر سەکۆکە سەرکەتووە زوو هەستی بە ژنانی جوانی هاورێیەکان

و مێوانەکانی کردووە، ئەو زوو دەیزانی کامیان دڵیان بۆ ئەو لێدەدەن.
لە هەفتاکاندا ژنە رۆژنامەنووسێك هاوشانی سەفەرێکی رەسمی ئەو بووە، لەو سەفەرەدا زانیویەتی میتران چەند مێبازبووە، هەر شەوە یەکێکی بردیتەوە ژوورە تایبەتیەکەی خۆی.

## لە بیست دۆست تێپەریکردبوو:

رۆژێك رۆژنامەنووسێك جورئەتی کردووەو پرسیاری لە سەرۆك کۆمارکردووە، ئەوە (دانیال) ، ئەوە (ئان) و زۆری تر.. گەورەم ژمارەیان لە بیست تێپەری ئەوەندە دۆستە ژنە بۆ ...؟؟ !
میتران بە شێوەیەکی چاوەروان نەکراو، وڵامی داوەتەوەو وتوویەتی:
کە لەسەر سەکۆی شەرەفا دادەنیشم، گەرماییم هەڵدەستێت، کە کۆتایی بە وتارەکەم دەهێنم، هەست دەکەم پێویستم بەوە هەیە لە باوەشی ژنێکا بتاوێمەوە!.
ئەو لە باوەشی ژناندا ماندوو نەدەبوو، ئەوەش دیارە کەسانی سیاسی تامی لێوەردەگرن و ئەوان دەزانن. رەنگە میتران دەرئەنجامەکەی وا بێت، هەموو جارێ وتوویەتی، ئەوە دواجارە، بەڵام چی بکەم کە خۆر ئاوادەبێت، رۆژێکی تری نوێ دێتەوە، لەو رۆژەشدا چیرۆك و دۆست و مەسەلەیەکی تری هاوشێوە پەیدا دەبێتەوە .
بەراستی ژیانی میتران رۆمان و چیرۆکێکی راستەقینەبووە، وەك چۆن بۆ هاورێیەکانی بەوەفابووە، ئاواش بۆ دۆستەکانی بەوەفابووە، باشترین کاری لەناو حزبی ئیشتراکی بۆ دۆستەکانی دۆزیوەتەوە .

پێشوازی گشتی، پێش پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ساڵی ١٩٧٤ ویستویەتی لیستی پەیوەندییەکانی لە ئان بیجۆ و ئەوانی تر ڕێکبخات، لەوانە ئەکتەرو رۆماننووس و ژنی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و پسپۆر لە ئابووری و ئەندامی لقی ١٤ ی حزبی ئیشتراکی و سکرتێری دەستەی کۆمەڵەی ئیشتراکی لە کۆمەڵەی نیشتیمانی و ژنی زۆری تری تێدایە، لەبەر زۆری ناکرێ سەرژمێرییان بکرێت. بەپێی راپۆرتی پۆلیس میتران سەبارەت بە ژنان زۆر هەستیاربووە، سەرژمێرکردنی دۆستەکانی لەبەر زۆریان ناکرێت، لەوانە پەیوەندی کورت و درێژی تێدایە. دیارە لەبەرئەوەی حکومەت بڕیاری ئەوەی هەبووە، کەوا جاسووسی لەسەر ژیانی بکرێت، بۆیە ئەو ژنانە بونەتە کێشەیەکی سیاسی، بەتایبەتی بۆ سەرکردەکانی ئۆپۆزسیون.

# بەشی حەوتەم

**ژنی دیستان سەری لە ژنی شیراکدا،**
**تا هێرش بکاتە سەر چواردەورەی  مێردەکەی.**
**شیراك لە سەربردە سۆزدارییەکانی**
**وێنەیەکی هاوشێوەی تەواوی باوکی بووە.**

## بێهوایی ژنەکە:

شیراك زۆر شەیدای بەزمی خۆشەویستی و راوەژن بووە، وەنەبی هەر ئەو وا بووبێت، زۆربەی زۆری سیاسەتمدارانی فەرەنسی وا بوون، هەمووولایەك بەو بەزمەی ئەویان دەزانی، بەڵام کەم کەس جورئەتی ئەوەی کردبوو ئەو پرسیارەی لێبکات، ئەوەی وێراوە پرسی پەیوەندی بە ژنانی لێ بکات توێژەری دەروونی (علی ماغودی) بوو. علی ماغودی کاری فلیمێکی بەڵگەنامەیی ٥٠ دەقەیی لەسەر شیراك سازدەکرد، کە لە هەشتاکان سەرۆکی شارەوانی پاریس بووە، توانی چەندین لایەنی شاراوەی ژیانی تایبەتی ئەو بدۆزێتەوە. لە وڵامی ئەو پرسیارەی علی لە سەر پەیوەندی بەژنان و بوونی ژمارەیەکی زۆری دۆست و راوە ژنەکانی ئەو وتبووی :

منیش وەك گەنجەكانی تەمەنم و سەردەمی خۆم حەزم بە یاری و سەماو شەوچەرە بووە، ئەو دەمانە وەك ئەو بیست ساڵەی رابردوو نەبوو، ئەو ئازادیە سكێسییە نەبوو. ئێمە پارێزگاربووین، لەچاو منداڵەكانی ئیمرۆمان جیاوازیمان زۆرە، من ناتوانم هەموو شتێك ئاشكرا بكەم، بەڵام من ئارەزووی ترم هەبووە، من بەكاری تر سەرقاڵ بووم، من زۆر دەچوومە سینماو هۆڵەكانی شانۆم بەسەردەكردەوە، لەگەڵ كوڕو كیژەكانی هاوڕێم دەردەچووین، لە تەمەنی ١٧ ساڵییەوە زۆر جدی بووین.

## تەواو هاوشێوەی باوكی بووە:

باوكی شیراك ناوی (ئابل) بووە، پیاوێكی قۆزبووە، لە بانكا كاریكردووە، پاشان بوویتە راوێژكاری دارایی بۆ یەكێك لە پیاوە گەورەكانی پیشەسازی فەرەنسی، (فرانز ئولیفییە جیسبرت)، نووسەری رۆژانەكەی سەرۆك شیراك نووسیویەتی:

شیراكی باوك لەبەر كاری زۆری رۆژانە زۆر لە ماڵەوە دووربووە، چەندین دۆستی هەبووە، زۆر عاشقەژن بووە، بەردەوام خەریكی خۆشەویستی و مێیازی بووە. شیراك زوو ئەو قسەیەی هێناوەتە جێ، كەوا كوڕ دەچێتەوە سەر باوكی خۆی. لەبەرئەوەی باوكی پیاوێكی شۆخ بووە، ژنان پێشبڕكێیان بووە بۆ رازیكردنی ئەوو وەرگرتنی بزە شیرینەكەی سەرلێوانی.

شیراك لە ساڵی ١٩٥١ چوویتە كۆلێژی زانستە سیاسییەكان، لەوێ سەرنجی كەسایەتی جوانی خوێندكاری هاوڕێی (ماری تیریز دو میتری) راكێشاوە، بەڵام ئەو زوو شووی بە هاوڕێیەكی تریان كردووە، هاوڕێیەكەیان ناوی (فرانسوا بونسی) بوو، كە شیراك بووە

بە سەرۆك وەزیران ئەویش لە پۆستی وەزیری كاروباری دەرەوە بووە. زۆرجار شیراك پێناسەی زیرەكی ئەوی دەكردو دەیووت:

فرانسوا لە هەموو شتەكان زیرەك و زۆرزانە، بەڵام بەقەد من ژنەكەی خۆی ناناسێت.

زۆر لە برادەرەكانی وەك (جیسبرت) و (میشال رۆكار) باسی زەوق و شەیدایی ئەویان بۆ ژن كردووە، ئەوان سەرسام بوون بەوەی ئەو چۆن لەو شتەدا وا خێراو زیرەكەو دۆستی زۆر دەگرێت. لە تەمەنی ١٩ساڵیدا بووە كە چەندین كیژ شەیدای بووینە یەك لەوانە (برنادیت شوردون) بوو. رۆژێك داوای لێدەكات بێتە ناو ئەو دەستەیەی ئەو كاری تێدا دەكات، بەڵام پێش وەرگرتنی لە دەستەكە، دەبێ لیستی ناوی ئەو كتێبانەم بۆ بنووسیتەوە كە ئەو هەڵبیژاردوون. خۆشەویستی ئەو بۆ برنادیت لەیەكەم نیگاوە نەبووە، كەسایەتی یەكتریان زۆر باش ناسیوە، تا بونەتە هاوسەر زۆر بەیەكەوە كاریان كردووە، لەناو هەموو ئەو قسە خۆشانەی برنادیت لە شیراكی بیستووە، یان لەو نامانەی بۆی ناردبوون، هەرگیز نهێنی خۆشەویستیە جوانیەكەی لا نەدركاندووە.

## سەرچڵ و فرەخەون:

شیراك كەسێكی سەرچڵ و گیانبازبووە، بۆیە لە هاوینی ساڵی ١٩٥٣ بۆ دۆزینەوەی جیهانێكی تر دەچێتە وڵایەتی كارۆلینای خواروو لە ئەمریكا، ئەو دەمە تەمەنی ٢١ ساڵان بووە، لەوێ كیژێكی ئەمریكی بەناوی (فلۆرنس هرلیهی) خۆشویستوە. ئەو كیژە لە وڵایەتی فرجینیاوە هاتبوو، جوانیەكەی ناوبانگی دەركردبوو، هەموو نازناوی (كیژە جوانەكەیان) لێنابوو. زوو یەكتریان خۆشویست،

بەیەکەوە بە ئوتۆمبێلە سەرکراوەکەی ئەو دەگەڕان، بڕیاری زەماوەندیان دا، بەڵام دایك و باوکی جاك بەو ژنهێنانەی کوڕەکەیان نیگەران بوون، وڵامیان بۆ نارد، چۆن دەبێ کوڕەکەیان کیژێك بهێنێت ئەوان نەیاندیبێت، بەتایبەتی باوکی زۆر تووڕە ببوو، تووڕەبوونەکەشی زۆرتر لەوەوە هاتبوو، کەوا دیارە کوڕەکەیان لەبەر کاری لاوەکی و خۆشەویستی ئاگای لە خوێندنەکەی نەماوە. بۆیە کوڕە گەنجە فەرەنسیەکە لەو ژنهێنانەی خۆی پەشیمان بویەتەوە لەساڵی ١٩٥٣ گەڕاوەتەوە فەرەنسا، لەویێ دووبارە گەڕاوەتەوە لای خۆشەویستی یەکەمی برنادیت، ئەو کات ئەو خوێندکاری زانستە سیاسیەکان بوو و یارمەتی شیراکی داوە.

شیراك خوێندنی توێژینەوەی سیاسی تەواوکردووە لە ئەزموونی وەرگرتن لە خوێندنگای نیشتیمانی بەڕێوەبردن وەرگیراوە، لە ساڵی ١٩٥٥ چویتە خوێندنگای ئەفسەرانی ئیحتیات. هەر ئەو ساڵە بە کەژاوەیەکی سادە برنادیتی دەستگیرانی گواستیتەوە. پەیمان بە ژنەکەی دەدا بەیەکجاری کاری سیاسەت بکات و لەو بوارەدا زۆرتر ئاوێتە بێت، ژنەکەشی بڕوای زۆری هەبوو کەوا پیاوەکەی لەو بوارەدا سەردەکەوێت بۆیە زوو پشتیوانی خۆی بۆ رادەگەیێنێت .

## لە جیهانی سیاسەتدا:

قسەی خۆی و ژنەکەی راست دەرچوو، لە کاری سیاسەتا ناوی دەرکەوت و چووە پێشەوە، لە ساڵی ١٩٦٢ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانا لە دەرگای بۆمبیدۆیدا، ٥ ساڵ پاش ژنهێنانەکەی لەسەر ناوچەی (کوریز) بووەتە پەرلەمانتار، پاشان بە ناونیشانی سکرتێری دەوڵەت لە حکومەتەکەی بومبیدۆ کاری وەرگرتووە. لە سەرکەوتنەکانی پلەی

دەسەڵات لەبەر چاوی ژنە ڕاوێژکار، (ماری فرانس قارۆ) گەورەبووە، لە بن باڵی خۆی داناوە. بەڵام کە لە پلەی دەسەڵاتا زۆر سەرکەوت و بووە بە سەرۆك وەزیران دەسەڵاتەکەی ئەویشی وەرگرتوە.

برنادیت لەگەڵ جاك شیراکا کێشەیان نەبووە، زۆر بەیەکەوە دڵشادو ئارام بوون، ئەو ملپێچەکەی ملیشی بۆ هەڵدەبژارد. بەڵام ئەو ئارامەیە لە ساڵی ١٩٧٨ تەقیەوە، کە شیراك لەناوچەی کوریز بە کارەساتی ئۆتومبێل کەوتبووە نەخۆشخانە. ڕاوێژکار (بیار جوی) بە پلان و دەستی ژنە ڕاوێژکار ماری فرانس قارۆ دەنگۆی ئەوەیان بۆ بڵاوکردەوە کەوا ژنەکەی لە نەخۆشخانە لە تەنیشتی نەبینراوە، دیارە ئەو ساتانە هەموو کەس پێویستیان بە وەفا و دڵسۆزی یەکتر هەیە، ئەوەش ئەوە دەگەێنێت نێوانیان تەواو نییە. مەسەلەکەش بۆ ئەوەبوو ئاڵۆزی نێوان ئەو ژن و مێردە قووڵترو ناخۆشتر بکەن. بەڵام پاش چەند ڕۆژێك سەرۆك وەزیران پەیامەکەی ناسراو بە (هاواری کۆشین) ی دژ بە جیسکار دیستان لە ژوورەکەی خۆی لە نەخۆشخانەوە ڕاگەیاند، لە گەرمەی هەڵبژاردنەکانی ئەورووپی برنادیتی ژنی لە یونیوی ١٩٩٧ کودەتاکەی خۆی بەرووی پیاوەکەی تەقاندەوەو ڕایگەیاند، کە تێدا وتبووی:

بەسە بۆ شیراك با لە نێوان من و ژنە ڕاوێژکارەکانییەکێکمان هەڵبژێرێت، من یان یەکێك لەوان، من لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ڕاناوەستم، گوێ نادەمە ئەو ئەنجامە چی دەبێت با ببێت.

تا مەسەلەکە بەچاکی ببڕێنێتەوە برنادیتی ژنی شیراك لە دیدارێکی ڕۆژنامەگەریدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووس کریستین کلارك لە گۆڤاری ژنان (ئی ئەل ئەل ئی) وتبووی :

من تا تۆڵەی خۆم لە ماری فرانس قارۆ بکەمەوە، ئەو ژنە زیرەك و جوانەی، کەسانی تر لە تووڕەبوون و تۆڵەکردنەوە دەرووتێنێتەوەو بۆ گۆشەی نادیاریش راپێچیان دەکات، دیارە ئەو من بە کەسێکی نەزان و بێ ئاگا دەزانی، نازانێت من لە هەموو شتەکان ئاگادارم.

## شەڕە ژنەکان:

ماری فرانس قارۆی راوێژکار بەنەرمی وڵامی ئەو قسانەی ژنەکەی شیراکی دایەوە، جیسکار دیستان و بونیاتوسکی تاوانبارکردبوو، کەوا ژنەکەی شیراکیان لەو هانداوە، تا هێرش بکاتە سەر هاورێیانی شیراك، بەتایبەتی هێرش بکاتە سەر من .

بەڵام برنادیت پێویستی بە رێنمایی و نیشانی کەس نەبوو، بۆ ئەنجامدانی ئەو دیدارە لەو رۆژگارەو گۆڕینی هەڵسوکەوتە رۆژانەکەی. ئەو نەیدەویست وەك (ماری ماتیلد) ی ژنی (فیلیکس) ی بەسەربێت، کەوا مێردەکەی لەبەر باوەشی زۆری دۆستەکانی، ژیانی هاوسەریەتی دۆڕاند. ئەوەندەی لە باوەشی (ماگ ستینهیل) ی دۆستی دەمایەوە، نیو ئەوەندە سەری بە ژنەکەی دانەدەگرت.

## میترانیش شەیدای زانینی قسەو قسەلۆك بووە:

(جاك دلۆرس) وەزیری ئابووری پێشووو سەرۆکی لیژنەی ئەولمپی دڵنیابووە، لەوەی سەرۆکەکان هەموویان حەزیان لە زانینی هەواڵی شاراوەو بەسەرهاتی کەسانی چواردەورەکەیانن، ئەوان لە پرۆپاگەندەکان سەرگران نەدەبوون، بەبێ گوێدان، هەواڵی دۆست و یارو نەیارەکانیان لا مەبەستبووە. رۆژانە لە گۆشەی تایبەتی کۆشکی

ئالیزییەوە میتران وردو درشتی هەواڵەکانی دەگەیشتێ، زۆر برادەری دووزمان و دووروو برادەری نهێینی پارێزەری هەبوو، ئەوانە چواردەورەییان دابوو، زۆرینەی بەسەرهاتەکانیان بەردەوام و هەموو کاتێ دەگەیاندێ، ئەویش بە قوولی و مەراقەوە گوێ بۆ شل دەکردن.
سیناتۆر (میشال شاراس) و راوێژکاری پێشووش لە سەرۆکایەتی کۆمار وتوویانە، سەرۆك زۆر شەیدای هەواڵی جیابوونەوەو دوورکەوتنەوەو گەڕانەوەی ژن و مێردی کەسە نزیکەکانی خۆی دەکرد. (هوبرت فیدرین) سکرتێری پێشووی ئالیزییش بەو شێوەیە لەو مەسەلەیە سەبارەت بە میتران وتوویەتی :
میتران کەسێکی ساردو پارێزراوبوو، پێی خۆش بوو هەموو هەواڵە تایبەتیەکانی کەسە نزیکەکانی خۆی بزانێت، تامی لەو چیرۆکانە وەردەگرت، بەڵام هانی نەدەدان. کیژەکەی جۆن کریستۆف ئەویش وەك باوکی بەشداری هەواڵی هەموو کەسێکی دەکردو لەگەڵیان رێبوار دەبوو.

## زیندەوەرانە:

میتران بەوردی تاقیبی ژیانی تایبەتی و سۆزداری کەسە نزیکەکانی دەکرد، بەتایبەتی سیاسەتمدارەکان، بەقسەی رۆژنامەنووسی ژن (میشال کۆتا)، میتران بە وردیش تاقیبی دۆستەکانی دەکرد، بەتایبەتی ئەو ژنانەی لەناو دڵی ئەو هێلانەیان کردبوو، ئەوەی سەیریش بوو تاقیبی رۆژانەو ژیانی سۆزداری (بیار تورلیی) ی شوفێرە تایبەتیەکەشی دەکرد. شوفێرەکەی دانی بەوە داناوە، کەوا میتران تاقیبی کردووە، ئەگەر لەگەڵ یەکێك بووایە لەناوو شێوەو ئاکاریشی دەپرسی. شوفێرەکەشی وتوویەتی :

که دۆستەکەی ناو کۆشکمی دۆزییەوە، بانگی کردم و پێی ووتم:
زۆرت نەماوە لەو کارە نەمینێیت .
نووسەری تەنزی فەرەنسی ناودار (جاك مالهۆ) جارێك هاورێی ئەو بووە لە سەفەرێکی رەسمی لە ناوەندی هەشتاکان بۆ دیکازفیل، وتبووی:
میتران لەناو فرۆکەدا پرسیاری تایبەتی لە هەمووان دەکرد، کێ دۆستی هەیە، کێ لە گەڵ کێ رادەبوێرێت ..؟؟ پرسیاری زۆر بێ مانای دەکرد، وەك ئایا ژنەکەی سەرۆك دائیرەکە دۆستایەتی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی گشتی بەردەوامە..؟؟

## ئای بۆ رۆژانی گەنجیەتی:

میتران وایدەزانی مرۆ بە گەشتو گەران رۆشنبیری زۆرتر دەبێت، بۆیە سەفەری زۆری دەکرد، بەجلی پاڵێوراوی ئیشتراکییەکان لە ساڵی ١٩٨٠ سەردانی وڵاتی مەکسیکی کردووە، ساڵێك پاش ئەو سەفەرە بە سەرۆك کۆماری فەرەنسا هەڵبژێردرا. لەو سەفەرەدا شوفێرەکەی تورلیی لەگەڵ ژنە وەرگێرە مەکسیکیەکان دانیشت و یەك پێکی خواردەوە، کە میتران ئەو دیمەنەی بینیبوو، دانیشتنە رەسمیەکەی جێهێشتبوو، هاتبووە سەر مێزی شوفێرەکەو پێی وتبوو :
دڵنیام تۆ چەندین گەشتی خۆشتر لە من دەکەیت!.
لە سەردانێکی تریدا میتران بۆ تۆکیو هەمان رووداو دووبارە دەکاتەوە، کە سەرۆك دیداری لەگەڵ (هیرۆ هیتۆ) ی ئیمپراتۆری ژاپۆن هەبوو، شوفێرەکە کیژێکی ناسکی فەرمانبەر لە سەفارەتی فەرەنسی لە تۆکیۆ دەناسی، سەرۆك بەرێوە دەرۆیشت، رۆیشتنەکەی

سەبر كردووەو گەیشتە تەنیشت شوفێرەكەی و سەبر پێیووتبوو:
من دڵنیام شەوێكی خۆش رادەبوێریت، ئەو شەوچەرەیەش لەكیس خۆت نادیت.
جۆن كریستۆف میتران، لەگەڵ باوكی چویتە سەردانی سەرۆكی ئایفۆری (فلیكس هۆفویت بوانیی) لە شوقەكەی خۆی لە پاریس، ئەو سەردانە ساڵی ١٩٩٣ پێش مردنی هەردووكیان بووە، كیژەكە گێراویەتەوە، باوكی دەستی هۆفویتی گرتووەو لەبەرامبەر ئاوێنەیەكی گەورەدا رایگرتووە و پێ ووتبوو:
ئای ئەو رۆژانەی قۆزو گەنج بووین، شتەكان چەند جیاوازبوون .
میتران لەگەڵ هاورێی (موریس فور) ی وەزیری پێشووو ئەوەی زۆری نەمابوو لە رۆژانی لیوای پێنجەمی كۆماری ببێتە سەرۆكی ئەنجومەن، حەزی بە گاڵتەو نوكتەی خۆش كردووە. گفتوگۆشی لەگەڵ روجی باتریس بلابی خاوەن كاركردووە.
پاسەوانە تایبەتیەكانی میتران رۆژانی چوارشەمموان پاش ئەنجومەنی وەزیران لە ئالیزی نانی نیوەرۆیان لە كۆشك دەخوارد، شاراس زۆر حەزی لەو شوێنە گچكە چوارگۆشە خۆشە دەكردو سەردانی دەكردن.
فدرین گێراویەتەوە، كەوا میتران حەزی بەقسە خۆشەكانی سیناتۆر (بوی دو دوم) كردووە، جارێكیش شاراس وتبووی: كاردینال جۆن دانییلۆ ئەندامی ئەكادیمیای فەرەنسی كە مردووە، لە باوەشی (میمی) ی سرڤیس لە تیاترۆخانەیەكی پاریس بووە، میتران بەو قسەیە توورە بووە، بەتوندی وڵامی داوەتەوە كە تۆ لەوێ نەبوویت، چۆن بەبێ زانیاری ئەو بوختانانە بۆ كەسانی تر هەڵدەبەستن، تۆ چۆن ئەوەت زانی . .!

میتران حەزی لە خوێندنەوەی ئەدەب کردووە، ژیانی کاردینال برنیسی لا خۆش بووە، بیرەوەرییەکانی کازانۆفای خۆشویستوە. بیار برجی هاورێی رۆژێك کتێبێکی بەدیاری پێشکەشکردووە بەناوی (ساتە بەتامەکانی پاشا) ی بیار بیتکورت، بەرگی کتێبەکە وینەی کۆئەندامی پیاوێکی تاج لەسەری، لەسەربووە. ئەگەرچی بیرەوەری و رۆژانەکەی میتران وەك دۆن جوان بوو، بەڵام ئەو حەزی کردووە شوێنەواری ئەو لەسەر نووسراوێك بمینێتەوە. ئەکتەر کاترین ئالریك لە ساڵی ١٩٨٨ داوای لە میتران کردووە، بە نووسینی لایەنی ژیانی بەشداری کتێبی (جاری یەکەم) بکات، کە تایبەتە لە رووداوی یەکەمین خۆشەویستی سەد کەسایەتی ناوداری فەرەنسی، ئەو داواکەی قبوول کردووە، بەڵام بە نووسین هیچی بۆ نەنووسیوە، ئەو بیرۆکەیە ئەوی هانداوە، بە دەستخەتی خۆی شەهادەتی خۆی بنووسێتەوە.

کتێبەکەی بۆ جاری یەکەم بەتیراژی ٢٥ هەزار دانە چاپکرا، یەکەم جارە سەرۆك کۆمار بیرەوەرییەکانی خۆی دەگێرێتەوە، تێدا نووسیویەتی:

لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا دیدارم لەگەڵ کیژێکی گەنج لە ئیستگەیەکی بەلژیکی لە دەریای باکوور بووە، پاشان بەبێ هەودا سۆراخم کردووەو نەمدۆزیوەتەوە. ئەگەرچی ئەو لە دەسەڵات و لە ژندا زۆری لە فەرەنسا دەستکەوتووە، سۆراخی خۆشەویستیەکی موستحیلیشی کردووە.

# بەشی هەشتەم

## جیسکار ١٧ ملیۆن پەیوەندی سۆزداری
## بە ژنانی فەرەنسییەوە هەبووە.

جیسکار شەیدایی بۆ ژن و ئارەزووی بێ سنووری لە پەیوەندی بە ژنانەوە نەدەشاردەوە. لە کتێبی بیرەوەرییەکەی بەناونیشانی (دەسەڵات و سیاسەت) دا، بەشێکی زۆری ئەو لایەنەی ئاشکراکردووە. لە دیدارێکی بە رۆژنامەنووساندا جیسکار لە پایزی ساڵی ١٩٨٠ دا ئەو نهێنیەی ئاشکراکردووە. ئەو پەیوەندییەکی پتەوی بە رەگەزی ناسکی مێینەوە هەبووە، تا لە کتێبەکەشیدا نوسیویەتی، ئەو لەو ٧ ساڵەی سەرۆك کۆماری فەرەنسابووە، پەیوەندی سۆزداری و خۆشەویستی بە ١٧ ملێون مێینەی فەرەنسییەوە هەبووە. رەنگە ئێوە بەو ژمارەیە سەرسام بن و بەراستی نەزانن، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بوو، جیسکار ژمارەکەی پشت ڕاستکردبوو، لاریشی لەو ژمارەیە نەبووە. ئەو خۆشی کە بیری لەو دۆستە زۆرانە کردیتەوە پێکەنینی هاتووە، بڕوای وابووە، زۆرو گەرمی خۆشەویستی هەرگیز خۆشەویستی ناکوژێت. هەرچەندە دۆستی زۆرو بەزمی لەگەڵ مێینەکان زۆربوو، ئەو بۆ یەکێکی ترو دۆستی تازەو ژووانی نوێی

بەپەلەو بەپەرۆش بووە. لە گەشتە تایبەتیەکانی ناوەوەی وڵات و دەرەوەدا، بە گەرمی ئەو دۆستانەی لە ئامێزکردووە، ئەوەندە زەوقی لە بزەو خۆشی دۆستێکی وەرگرتووە، وەك ئەوەی هەرگیز ئەوانی ترو دۆستانی دوێنیی هیچیان ئەو تام و سەرفرازییان پێ نەبەخشیبێت.

سەرۆك و دەسەڵاتدارنی فەرەنسا بەسەرهاتی سەیریان هەبووە، جارێك سەرۆکی چین (هوا جیوفونگی) سەرۆکی پاش سەرۆك (ماو) لە ساڵی ١٩٧٩ بەسەردان هاتبووە فەرەنسا، بۆ پێشوازی سەرۆکی مێوان بە فەرمانی سەرۆکی فەرەنسا وێنەیەکی سەرۆکی چینیان بە جلی کرێکاری کارگەی چنینی رونو، لەو کاتەی ئەو لەو کارگەیە کریکاربووەو ئەو قاتەی لەبەربووە لە دەروازەی هوتێلی قودفرویان هەڵواسیبوو. ئەوە بەسەرهاتەش جێگای سەرسوڕمان و رامان نەبوو، ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بووە، کە مێوانەکەیان لەناو هۆتێلەکە گێڕاوە، تا لە گەڵ دەستەی پێشوازی بیبەنە ژوورە تایبەتیەکەی خۆی، بە نەرمی دەرگاکەیان بۆ خستۆتە سەرپشت، هەموو بەیەکەوە ژن و پیاوێکی رووتی حاڵەتی جووتبوونیان بینیبوو، دیاربوو ئیدارەی هوتێلەکە بەهەڵە ژوورەکەی سەرۆکی چینیان دابووە ئەو ژن و پیاوە. سەرۆک ئەو ڕووداوەی تا ماوەیەکی درێژ دەگێڕایەوە .

جیسکار بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئەوروپی لە رۆژانی ١٢و ١٣ی یونیوی ساڵی ١٩٨٠ سەردانی شاری ڤینیسیای کردبوو، لەوێی بە هاوشانی سەرۆك وەزیرانی بریتانیا مارگرێت تاتشرو راوێژکاری ئەلمانی هیلمۆت شمیدت لە گۆڕەپانی قدیس مارك دەسورانەوە، پاڵەوان و کەسایەتی نووسەری شانۆکاری ئیتالی کارلۆ قولدونی بەبیردەهاتەوە، ئەو سەفەرەی هەستی بزووواندبوو.

## سەرۆك و وەزارەت:

لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا سەرۆکی دەوڵەت سۆزو مەیلی زۆری بۆ وەزیرە ژنەکەی پەروەردەی نیشتیمانی (ئالیس سییتی) نوواندبوو، وەك وەزیرو کەسایەتی تایبەت سەرنجی ڕاکێشابوو. ئەوەش کۆتایی مەسەلەکە نییە .

جیسکار لە ئەپریلی ساڵی ١٩٨١ دا یەك مانگ پێش هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە کۆبوونەوەیەکی میللی ئامادەبوو، لەو کۆبوونەوەیەدا وەزیرە ژنەکەی پەروەردە، لە تەنیشتی لەسەر سەکۆکە ڕاوەستابوو. جیسکار بەوە ڕاوەستانەو بەبوونی ئەو ژنە زۆر دڵشادببوو، نەك وەك پیاوێکی سیاسەتمدارو سەرۆك، یان وەك پیاوێکی فەرەنسی.

جیسکار ئەوەندە بەو ژنە سەرسام ببوو بۆیە لە وەسفی ئەودا نووسیبووی:

کە لە پێشم ڕاوەستابوو، لەناو پاڵتویەکەیدا جەستەی چاك دەبینرا، جولەی هەردوو ڕانە برونزییەکەی خەیالی سەیرو خۆشی بۆ پەیداکردبووم، بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ ئەو ژنە کاری سێکسیش وا بەجوولەو چالاکانە بکات، لەوەش گەرم و گوڕە.؟؟

ڕۆژنامەگەری دەولی زۆر باسی هەوسە سێکسیەکانی جیسکاریان کردووە، پەیوەندی ئەو بە ژنان ستوونی گرنگی ئەو بوارەبووە. لە یولیوی ١٩٧٥ ڕۆژنامەی پاریس ئایسی، ئەو بابەتەی لە ڕۆژنامەکانی ئەنگلۆسکسۆنی بە ناونیشانی (جیسکار بەس بیر لە ژنان دەکاتەوە) بڵاوکردیتەوە، لە وتارەکەیدا بڕگەیەکیان بە مانشێتی (ئەو کەسە هەموو فەرەنسیەکان شانازی پێوە دەکەن) زەقکردبوو.

گۆڤاری (تایم) ی هەفتانەی ئەمریکی وتارێکی لەسەر جیسکار بڵاوکردبۆوە، لەو وتارەدا نووسیبووی فەرەنسیەکان زۆر بیر لەوە دەکەنەوە جیسکار شەوانە لە کێ رادەبوێرێت. وەزیری یەکەمی پێشوو (کوف دومۆرفیل) بەو قسەیە زەوقی وەردەگرت کە دەیووت، جیسکار یەکەم سەرۆکی جیهانە میللەتەکەی نازانێت سەرۆکەیان شەوانە چۆن و لە کێ رادەبوێرێت .

ئەو رۆژەی وەزیری ناوخۆ میشال بونیاتۆفسکی بە مەسەلەکەی زانی بە میشال باسی بەرپرسی راگەیاندنی جیسکاری وتبوو، ئامۆژگاری سەرۆك بکەن ئەوەندە نهێنیەنەکانی نەدرکێنێنت، ئیشەکانی بەس لە ئوتێلی مارینیی بکات.

## رووداوەکەو دەنگدانەوەکەی:

رۆژنامە جیهانیەکانی مەسەلەی رابواردنەکانی سەرۆکی فەرەنسیان بە زۆری باسکردووە، بۆ هەواڵ و رووداوەکان چەندین کلك و گوێشیان بۆ دروستدەکرد. لە تایم وێنەی ئەمیرەیەکی ئیتالیان بڵاوکردەوە، گوایە ئەو یەکێکە لە دۆست و برادەرەکانی سەرۆکی فەرەنسی. ناشیونال ستاریش هەواڵی بوونی پەیوەندی سەرۆك لە رۆژانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانا بە وێنەگرێکی رۆژنامەوانی بڵاوکردبۆوە. هەفتەنامەی نیویۆرك لیستی ناوی دۆستەکانی سەرۆکی بڵاوکردبۆوە، لەوانە ئەکتەری شۆخ و هونەرمەندو مۆسیقاژەنی زۆری تێدابووە. لەوانە ئەکتەری فەرەنسی (مارلین دوبیر) و ئەکتەری کۆمیدی (کاتی رۆزیی) کە هەردووکیان بوونی ئەو پەیوەندیان رەتکردەوە. مارلین وتبووی:

من یەکجار لە هوتێلی جربەی تونسی بە رێکەوت سەرۆکم بینیووە .

سیلیڤای وەرگێری فلیمی نەمری هەفتاکان (ئایمانۆل) چەندجار دووپاتیکردیتەوە کەوا زۆر داوای لێکردووە لە گەڵ جیسکار مغامەرەیەك بکات، لەو کاتەی ئەو لایەنگیری میتران و بیری ئیشتراکی بووە، ئەو قسەیە چەند راست و هەڵبەستراو بوبێت، ئەو هەواڵە لە دوورو نزیکەوە، ئەو وێنەی لویسی چواردەمی هاوچەرخی فەرەنسی ئارایشت و سازکردووە.

## کۆتاییە ناخۆشەکە:

شەیدایی و خۆشەویستی و زۆری دۆستەکانی جیسکار بەناخۆشی کۆتایی هات. ئەو سەردەمەبوو کە پەیوەندی ئیستراتیژییەکانی وڵات و خۆشەویستیەکانی سەرۆك رووبەرووی تەنگژە بوونەوە. لە پایزی ١٩٧٩ فەرەنسا هەڵمەتی باراکودای لە ئەفریقیای ناوەراستەوە هەڵکرد، چەتروانە فەرەنسیەکان لە ئاسمانەوە نیشتنەوە سەر ئیمپراتۆریەتی جۆن بیدیل بوکاساو لەناویان برد، ئەو هەڵمەتە تەنها سەرکەوتن و هەواڵێك نەبوو، چەندین زیندەبەچاڵ و کۆمەڵکوژی دەرحەق بە کەسانی بێتاوان و منداڵ و ژنی دڕندەیی لێکەوتەوە. کە سەرۆك بوکاسا لە کێشەکەی ئەڵماس دەرچووو ئازادکرا، رۆژنامەی لوکانار ئۆنشینی بە زەقی هەواڵەیان تەقاندەوەو شەرمەزاری نواند. بەپێی هەواڵی رۆژنامەکە ئیمپراتۆری ئەفریقیای ناوەراست لەکاردەرکرا، چەندین پارچە ئەڵماسی گرانبەهای بەخەڵات بە سەرۆکی فەرەنسی پێشکەشکردووە، بۆیەش ئازادیان کردووە .

بێجگە لە سەرۆك ئامۆزاکان و راوێژکارەکانیشی چەند میسقالیشیان لەو دیارییە بەنرخە بەرکەوتووە. باڵوێزی پێشووی بوکاسا سیلفستر بونگی ئەوەشی ئاشکراکرد، کەوا پارێزگاری پێشوازی

گشتی، روجلی راپۆرتێکی پشت ئەستوور بە چەند سەرچاوەی ئەفریقی لەسەر ئەو کێشەیە بڵاوکردبۆوە.

## دۆستی ئیمپراتۆرەکە:

لە ٢٥ ی ینایری ١٩٨٠ بەهاوکاری هاورێیەکی لە سوپا، پۆلیسەکە کاری خۆی تەواوکردبوو، جیهازی پێشوازی گشتی رایگەیاند، کەوا سەرۆك جیسکار دیستان وتبووی لە ماوەی چەند مانگی داهاتوو پاش گەشتەکەی بۆ ئەفریقیای ناوەڕاست تووشی هێرشی تازە دەبێتەوە. بەڵام ئەمجارە لەبەر وەرگرتنی ئەلماس نەبووە، بەڵکو لەبەر شەوە رابواردنەکانیەتی، چونکە لە بۆکاسای پایتەختدا دریغی ناکەن لە ئاسانکردن و سازکردنی رابواردنی خۆش و بەتام بۆ مێوانە فەرەنسیەکانیان .

روجلی بەهەڵە نەچووبوو، هێرشەکە لە بۆکاساوە دەستی پێکردبوو، سەرۆکی لەکارکەوتوو لە تاراوگەکەی لە ئابیدجان، پێش ١٥ رۆژ لە نامەیەکی ٤ لاپەڕەییدا بۆ ژەنرال ئادیمای سەرۆکی تۆگۆی هاورێی نووسیبووی:

سەرۆك جیسکار دیستان لە مانگی مایۆی ساڵی ١٩٧٩ دا لە کیگالی داوای کردبوو کاترینی ژنمی بۆ رەوانەی فەرەنسا بکەم. کە ژنەکەم گەیشتبوو لای، ئەو دژی من هانی دابوو، بەڵێنی دیاری و پارەی پێدابوو، لەلای مابۆوەو ژنەکەم ببووە دۆستی ئەو. ئەگەرچی بەڵگەی زۆر وردیشم لەلا نییە، بەڵام نامەکەی جیسکار دیستان ماوە، لە نامەکەیدا بە دەستخەتی خۆی بابەتی سۆزداری بۆ ژنەکەم نووسیبوو، بەڵێن و سۆزی خۆشەویستی بەرامبەر ژنەکەمی تێدایە .

بۆکاسا هەستی بە شەرمەزاری و شوورەیی کردووە، بۆیە وتوویەتی:

ئەو زەرووف و زەمانەی ئێمە فرێداوەتەوە زەمەنی تاوانەوە، وا کەسی سەرکەوتوو ژنی دوژمنەکەی بۆ خۆی بە رەوا دەبینی .

بۆکاسا لەلای جۆن شۆزفیلی کارمەندی بەڵگەکان لە چەند دیداری تەلەڤزێونی کە لە ئابیدجانەوە تۆمارکراون، زۆر نهێنی ئاشکراکردبوو، لەبەرئەوەی قسەکانی ئیمپراتۆر شوورەیی بە کەسایەتی دیستان دەگەیاند، بۆیە لە کەناڵەکانی پەخش بڵاونەکرانەوە.

پارێزگار رۆجلی و یەکێك لە هاورێیە سەربازەکانی وتوویانە جۆرجی کوری بۆکاسا بە نیازە چەندین بەڵگەنامەی ترسناك لەسەر دیستان بفرۆشێت، ئەو دەمە جۆرج لە بەشێکی هوتێلی ناپلیۆن دابەزیبوو، من هاورێیە سەربازەکەی خۆمانمان وەك عمیلی مۆساد بەو ناساند، ئێمە جانتایەکمان پێبوو، گوایە جانتاکە پڕ پارەیەو بەڵگەنامەکانی پێدەکڕین، بەو فێڵە توانیمان نامەیەکی تایبەت بە ناونیشانی دکتۆرێك نزیك لە کۆشکی ئالیزی وەرگرینەوە، کە دکتۆرەکە ئامۆژگاری ژنە ئیمپراتۆرەکەی کردووە، کە چیتر ممارەسەی سێکسی نەکات، چونکە ئەو کارە تەندروستی دەخاتە مەترسیەوە، ئەو نامە بەس بوو تا بۆکاسا واز لە ژنەکەی بهێنێت و چیتر بیری لێنەکاتەوە.

ئەو قسانەی بۆکاسا لەبەرامبەر سەرۆکی فەرەنسی کردبووی دەنگی دایەوەو دەنگۆی زۆری پەیداکرد، بەڵام پیاوانی سەرۆکی فەرەنسی توانیان بە خەڵکی بسلمێنن ئەو پیاوە لە کارلادراوە نەخۆشەو غیرەی زۆری لە ژنەکەیەتی، بۆیە ئەو قسانە هەڵدەبەستێت، ئەوان قسەی تریان بڵاوکردەوە گوایە ئەو ژنە پەیوەندی بە ئامۆزایەکی دیستان هەبووە، ئەوەی سەیرە نازاندرێت ئایا دیستان هیچی لەو چیرۆکە نەدەزانی یان نەیدەویست هیچ ئاشکرا بکات.

جیسکار لە کتێبەکەی بەناوی دەسەڵات و ژیان نووسیویەتی:

بۆکاسا لەساڵی ١٩٧٥ تاجی ئیمپراتوریەتی لەسەرناوە. هەروەها وتوویەتی:
کەوا کاترین سەرنجی ئەوی راکێشاوە، ئەو خوێندکارەی بۆرسەی دور جوزیفین کە لە تەلەڤزێون دەرچوو و تاجی شاژنی لەسەردادەنرا زۆر نازدارو لێوەشاوەبوو، دیمەنەکەی زۆر جوان بوو .
هەروەها لە کتێبەکەیدا زۆر باسی راوو شکاری خۆی لە ئەفریقیای ناوەراست کردووە، ئەو وڵاتەی چەندین دیمەنی سەیرو سەرنجراکێشی تێدابووە.

## لە تۆری لەشفرۆشەکانا:

شکانی دیستان لە هەفتاکانەوە بووە، دوا پاڵەوانی ئەو شکانەی لەسەر دەستی کاترین فیرجینی بووە، ئەو ژنە خاوەن وەکالەتی لەشفرۆشی بووە، ژنانی لەشفرۆش و سۆزانی بۆ کەسایەتی ناوداری فەرەنسی دەنارد، زۆر لەو ژنانە لە ئاستی مۆدیلی جلوبەرگیش بوون.
ئەو وەکالەتە ئاستی جیهانی هەبووە، زۆر کەسایەتی ناوداری جیهان مامەلەیان لەگەڵ کردووە، لەوانە شای ئێران و سەرکردەی عەرەبی و سەرکردەی زۆری ئەفریقی و بازرگانی گەورەی چەکفرۆشان و چەند وەزیرو پەرلەمانتاری فەرەنسیش .
کاترین فیرجینی ئەو یادگارانەی بەوێنە بڵاوکردیتەوە، دوو وێنەی رەش و سپی هەبووە، لە وێنەیەکدا لە تەنیشت سەرۆکی فەرەنسی دانیشتووە، سەرۆك بە پێڵاوێکی سپی و شەپقەیەکەوە دانیشتووەوە، وێنەی دووەمیش بە هاوشانی سەرۆکی فەرەنسییە، لەگەڵ چەند برادەرێکەوە راوەستاوە لەناو دارستانێکی ساڤتنا لە تەنیشت ئوتۆمبێلێکی چوار هێزەوە وەستاوە.

هەردوو وێنە لە ئەفریقیا گیراوە، لەو سەردەمەدا جیسکار لە حکومەتی جۆرج بومبیدۆ وەزیری دارایی بووە. کاترین لەو سەفەریدا لەگەڵ چەند برادەرێکی لە کینیابووە، سەبارەت بەو گەشتە کاترین وتوویەتی:

ئەو وێنەیە پێش دوو ساڵ لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بووە، پەیوەندی من بە جیسکار بازرگانی نەبووە، ئەویش هاموشۆی ئێمەی نەکردووەو بایەخی بە ژنانی سۆزانی نەبووەو بە دوای ئەو ژنانەوە نەگەڕاوە. کە ئەو وێنانەشی بڵاوکردیتەوە بۆ ئەوە نەبوو جیسکار وەك سەرۆك کۆمار ئیستغلال بکات، هەرگیز ئەو وێنانەی نەفرۆشتۆتە حزبی ئیشتراکی، پاش گیرانەکەشی نەویستووە ئەو وێنانە بەکاربهێنێت، بەو وێنانەش نەویستووە یارمەتی و کۆمەك لە هیچ سیاسییەك وەرگرێت. ئەگەرچی پۆلیس زۆر لەناو بیرەوریيە تایبەتیەکانی گەڕاوە، بەڵام هیچیان نەدۆزیوەتەوە، ئەوەی دەستیان کەوتووە چەند ژمارەیەکی خەیالی و هەڵەن و ناوی ڕاستی تێدا نیە، ئەوەی ناوی ڕاستی تێدابووە پۆلیس نەیدۆزینەوە. بەڵام پۆلیس ئەخلاقی، لە گیرانییەکەمیدا لە دیسمبەری ١٩٧٧ دا دوو وێنەیان دەستکەوتووە، ئەوەش ماوەی گیرانەکەیان لە شەش مانگەوە بۆ دوو مانگ کورتکردەوە .

کە لە ینایری ساڵی ١٩٨٠ کاترین گیرا زۆر نەمایەوە، بە بۆچوونی هەفتەنامەی (لۆ کانار ئونشینی) دەستەیەك لە جیهازی دەوڵەت سۆزیان بۆی جولاوەو لەبەردەم یادگارەکانیان بۆ ئەو ژنە چەماونەتەوە. لە هەفتەنامەکەدا ناوی ڕاستی جیسکار نەهاتووە، بەڵام ناوی کەسایەتیەکی گەورەی حکومەتەکەی ئەو هاتووە، ئەوەش بۆ وەسیلەیەك بووە، تا تاو بۆ سەرۆکایەتی کۆمار بهێنێت، ئەوەش کێشەو مەسەلەیەکی ترە نەك مەسەلەکەی مای بۆکاسا، پاش پەیوەندی کوڕی

وەزیرێکی گرنگی حکومەتی جیسکار بە ژنێکی تۆڕەکەی ژنانی لەشفرۆشی کە کاترین سەرپەرشتی دەکرد .
رایۆرتەکە ئەوەشی درکاندووە، کەوا جێگری گشتی سکرتاریەت لە کۆشکی ئالیزی فرانسوا بولج بەو دۆسیە سەرقاڵ بوە. هەفتەنامەکە بەبێ ئەوەی ئاماژە بەهۆکارێك بدات نووسیبووی، بەرپرسی پۆلیسی قەزائی پاریس (جۆن دوکری) و وەکیلی کۆمار (بۆل لویس سادۆن) و وەکیل (کریستیان لو گینیهیك) ئاگایان لەو کێشەیە نەبووە، دیارە کەوا دەوڵەتیش هەموو سەرقاڵی رووداوی ژیانی تایبەتی خەڵکی سیاسیین لەو وڵاتەدا.
دیستان ئاشکرای کردووە لەبەرئەوەی دەسەڵات ژیانە، بۆیە ژنی خۆشویستوە.
زۆربوونی خۆشەویستی، خۆشەویستی هەرگیز ناکوژێت.
هەموو بەیانیەك پاریس دەپرسێت، ئەو شەو جیسکار لە کێ بەسەر دەبات.؟؟!!
ئەو تاکە سەرۆکە نازاندرێت شەوانە لە کێ دەمینێتەوە.
بۆکاسا دیستانی بەوە تاوانبارکردووە کەوا، ژنە ئیمپراتۆرەکەی دۆستی ئەو بووە.
سەرکردەو بازرگانەکانی چەك و عەرەبەکان بەیەکەوە هامووشۆی هاوبەشی یەکتریان کردووە.

# بەشی نۆیەم

## ئەگەر دەتەوێت کامەران بژیت لەبەرچاوان دووربکەرەوە.
## میتران کاتی خۆی نێوان ژنەکەی و دۆستەکەی دابەشکردبوو.

بیست ساڵ بوو کێشەی گوێراگرتن و دزینی ئاخاوتنی بەرپرسانی فەرەنسی لە تەلەفۆنەکانیان درێژەی هەبوو، تا لە نوڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٤ دادگای فەرەنسی کێشەکەی یەکلاکردەوە. فرانسوا میتران لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣ و ١٩٨٦ هوە شانەیەکی بۆ گرتن و بەدواچوونی تیرۆریستان و چەکفرۆشان بە گوێگرتن لە قسەکانیان دانابوو، لەوانەی چاودێری دەکران کەسایەتی جۆراوجۆربوون، لەوانە سەدان پارێزەرو رۆژنامەنووس و هەتا ئەکتەر (کارۆل بوکیش) ی تێدابوو. ئەو شانەیە هەموو لایەکی گرتبۆوە، کەسانی زۆری بەرکەوت لەوانە فرانسواز کاستروی ژنی رۆلان فابیۆسی سەرۆك وەزیران، ناوی ئەو کەسانەی ئەو شانەیە شتی لەسەر دۆزینەوە زۆربوون، تا ئەو دوا رۆژانە ئاشکرانەکران، لەوانەی شتیان لەسەر کرا ماڵ، حەوت یاریدەری سەرۆك بوون کە بە مەترسی لەسەر سەلامەتی هاوولاتیان تاوانبارکرابوون .

ئێستاش دەپرسرێت بۆ سەرۆك میتران سووربوو لەسەر ئەكتیڤكردنی ئەو لیژنەیە ..؟؟
دادوەرەكان گەیشتنە ئەو رایەی سەرۆك میتران ویستوویەتی نهێینی سەركەوتنەكانی بشارێتەوەو تەمەنیان درێژتر بكات، ئەوەش زۆرتر بە مازارینی كیژی و دایكیەوە بەندبوو، چونكە لە نۆڤمبەری ١٩٩٤ گۆڤاری باری ماتش وێنە ناودارەكەی مازارینی بڵاوكردبۆوە. فرنسییەكان پێش ٢٠ ساڵ ئەو كێشەیان زانیبوو، بەڵام لە راستی پەیوەندییەكەیان نەزانیبوو.

## تیرێك لە دڵەوە:

لە ١٠ی مایۆی ساڵی ١٩٧٤ ئەو شەوە چاوەروانی دیدارو رووبەرووبونەوەی تەلەفزیۆنی نێوان فرانسوا میتران و جیسكار دیستان بوون، هەردووكیان قۆناخە سەرەتاییەكانی هەڵبژاردنیەكانیان بڕیبوو. لە كۆتایی بەرنامەكە جیسكار باسی دەڤەری لۆفرنی كرد، بە بەرامبەرەكەی وتبوو، ئەی میتران تۆ لە ناوچەی كلارمۆفیرۆن ئەو ناوچەی زۆرینەی ئیشتراكیەن و زۆرترین كارگەی پیشەسازی لێیە، ئەو شارە من و تۆ دەناسێت ! ئەو نامەو پەیامە لەلای هاووڵاتیان روون و ئاشكرانەبوو، بەڵام وشەكان بوونە تیرو لە دڵی میتران چەقین، ئەو زوو لەو نامەیە گەیشت و زانی ئەو باسی پەیوەندی ئەو بە بنەماڵەی بیجۆی بۆ دەكات، ئاماژەكەشی روونە بەو پەیوەندەییە. جیسكار باشی دەزانی كەوا (ئان بیجۆ) دۆستی میتران بووە، رەنگە ئەوەشی زانیوە ئەو ژنە بەو ئاوس بووەو سكی پڕبووە. ئەو چەند وشەیەی جیسكار كاریگەری زۆری بینی لە رەوشی هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتی فەرەنسی.

## مازارین:

مازارین له ۱۸ی دیسمبەری ساڵی ۱۹۷٤ له بافینبیون لەدایکبووه، خەڵکێکی کەم ئەو مەسەلەیان زانیبوو، ئەوانەی ئەوشیان زانیبوو نهێنیەکەیان ئاشکرانەکردبوو، بەتایبەتی رۆژنامەنووس خاتوو (کاترین نای) نەیویست بەوردی بچێته ناو وردەکاری کێشەی مازارین، لەبەرئەوەی میتران زۆرجار وتوویەتی، منیش لەگەڵ ئەو قسەیەم که دەڵێن: ئەگەر ویستت بەختیاربیت، له چاوان دوورکەرەوه.

## کاترین وتوویەتی:

خەڵکێکی زۆر هیچ له بوونی مازارین له ژیانی میتران نازانن، باوکی ئەو کیژه زۆر لەسەر ئەو باسکردنی بابەته گەرم نەبوو، رۆژێکیان له ساڵی ۱۹۷۷ باوکیان له چێشتخانەیەکی پاریسا بینیبوو که لەگەڵ ژنێکی ڕەشتالەدا بووه، ساوایەکیان لەسەر مێزەکه دانابوو، به قەلەمێك وێنەی کێشکەی بۆ دەکێشا. سکرتێرەکانی سەرۆك و شوفێره تایبەتیەکەی بوونی مازارینی ساوایان له ژیانی میتران دەزانی، شوفێرەکه بەیانیان ئەو مناڵەی گەیاندیته داینگەو ئێوارانیش میترانی بردیتەوه ئەو شوقەی ئان بیجۆ له شەقامی جاکۆب له پاریس، تا بەیەکەوه بچنەوه هوتێله تایبەتیەکەی شەقامی بیڤر، لەوێ لەگەڵ دانیال بەیەکەوه دەژیان. زۆرجار که له پاریسەوه دەرۆیشتن له گوندی شاتوشینیون میتران شوفێرەکەی راگرتووه، له پەنایەکا تەلەفۆنێکی دەدۆزیەوەو قسەی لەگەڵ مازارین دەکرد.

## کێ سەرۆکی ئاشکراکرد..!؟

لە ١٠ی مانگی مایۆی ساڵی ١٩٨٠ ژیانی دووسەرەی سەرۆك بووە یەکێك لە نهێنینەیەکانی سەرۆکایەتی و دەوڵەت، بەتایبەتی کە چەپرەوەکان یادی سەرکەوتنی پێشەوایەکەیان کردووە، بۆیە میتران بیری لە یارمەتی و پشتیوانی کردوووە بەتایبەتی لە دامەزرێنەری دەستەی بەهاناهاتنی درکی نیشتیمانی رائید کریستیان بروتۆ .. درکی نیشتیمانی بەرەسمی دەستەیەکی بۆ پارێزگاری سەرۆك بەنهێنی دانابوو. هەروەها بروتۆ رایگەیاند بێجگە لە سەلامەتی و پاراستنی سەرۆك ئێمە بەرپرسی سەلامەتی مناڵێك و ژنێك دەکەین کەوا لەلای سەرۆکەکەم زۆر خۆشەویست و مەبەستن. سەرەتا بروتۆ زوو کیژە ساواکەو دایکی لە شوقەکەی خۆیان دوورخستەوە چونکە شوێنەکە بەرچاوو سەلامەت نەبوو، هەردووکیان گوازرانەوە باڵەخانەیەکی پاشکۆی کۆشکی ئالیزی، ئەو باڵەخانەیە تایبەت بوو بە نیشتەجێی چەند کەسایەتی سامی دەوڵەت و چالاکی نێوان ئەندامانی حزبی ئیشتراکی، تا خۆڵ بکرێتە چاوان، شوێنەکەی ئان بیجۆ شوقەکەی درایە راوێژکاری کۆشکی ئالیزی خاتوو لۆرنس سودیت .

میتران لەو هەوارە تازەوە لەگەڵ ئان و مازارین هەستی بەئارامی کردووە، هەموو بەیانیان دەهاتە لایان، ئێوارانی کۆتایی هەفتەش لە باڵەخانەیەکی رەسمی لە یفلین بەیەکەوە دەبوون. ئێوارەی پێنجەشەممەکەش لەگەڵ دانیال و هەردوو کورەکەی رادەبوارد، جاروباریش (رۆجی حنین) و (کریستین غۆز رینال) و هەندێ لە برادەرانی تریش دەهاتنە لایان. بەڵام ئەو بازنە تەسکە داخراوە وەك خۆی نەمایەوە تا هەفتەنامەی چەپخواز (مینوت) لە ساڵی ١٩٨١ دوابەدوای لێکۆڵینەوە لە کڕینی ئان بیجۆ کۆمپانیەکی موڵکی عقاری

وێنەی دۆستی میتران ئاشکراو بڵاوکرایەوە. پاش دوو ساڵ بەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو وێنەیە هەواڵی بوونی کیژێك بەناوی مازارین ئیشارەتی پێدرا. ئەگەرچی دەزگاکانی راگەیاندن ئەو مەسەلەیان بەئاسایی وەرگرتبوو، یان بایەخیان زۆر پێنەدابوو، نووسەر جۆن ئایدرن هالیی هەرەشەی لە سەرۆك کرد، ئەگەر سوود لە پشتیوان و کۆمەك بۆ پالێوراوی ئیشتراکی وەرنەگرێت، هەواڵی بوون و ناوی کیژێکی شاراوەی سەرۆك ئاشکرا دەکات، بۆیە (برۆشۆر) ێکی بەناونیشانی مارازین و باوکی بڵاوکردەوە.

## شەرەفی گوومبوو:

ئەو شانەیەی کۆشکی ئالیزی، جۆرەها شێوەیان بۆ نەهێشتنی ئەو کێشەیە بەکارهێنا، چەندین بەرنامەیان پەیرەوکرد، وەك سوتاندن و فەوتاندنی هەموو برۆشۆرەکان و کونکردنی تایەی ئۆتۆمبێلەکان و لەکارخستنیان و فیشەکی لاستیك بەکارهێنان و هەڕەشکردنی بە دەنگ، تا ئەنجامەکەی باش کەوتەوە.

جۆن ئایدرن هالیی لە ساڵی ١٩٨٤ بەرنامەکەی دووبارە نوژەنکردەوە، پاش مردنی میتران لە ساڵی ١٩٩٤ برۆشۆرەکەی بەناوی (شەرەفی میترانی گومبوو) بڵاوکردەوە. میتران لە دیسمبەری ١٩٨٦ بۆ یەکەمجار مۆزەخانەی ئورسای کردەوە، ئەو مۆزەخانەیە یەکێکە لەو شوێنەوارە گرنگانەی لەو سەردەمەدا کرایەوە، ئەو شوێنە ناوی سەرۆکی بەنەمری هێشتەوە، لەوێ سەرۆك دۆستی یەکێك لە پارێزەرانی ئەو مۆزەخانەی بەگەرمی کوشییوو، رۆژنامەنووسی ژن (ستیڤان دونیس) هەستی بەو دەستکوشینە گەرمە کردبوو، ئەو ژنەی دەستی کوشی دایکی کیژەکەی بوو، سەرۆکی پێشوو فالیری جیسکار

دیستان و سەرۆك جاك شیراکیش لەویێ بوون، ئەوان هەستیان بەهیچ نەکرد.
لە دەرەوەش مەسەلەکە ئاڵۆزبوو، ئان بیجۆ لە ئاهەنگە رەسمیەکان دەرنەدەکەوت، بەڵام لەناو (جانتاکانی سەرۆك) دا بوو، بەقسەی کیژەکەی دایکی حەزی بەدەستکەوت و خەڵات و رۆمانسیەت دەکرد .
کە میتران سەفەری وڵاتانی دەرەوەی دەکرد، مەرجی ئەوەی هەبوو ژمارەیەکی کەمی دیاریکراو بێنە پێشوازی، ئەوەشی بۆ ئەوەبوو تا هەموو وردەکاری سەفەرەکانی ئاشکرا نەبێت، تا زانیاری زۆر لەسەر ئەندامانی وەفدەکەو هاوشانەکانی نەزانرێت. یەکێك لە گەورە بەرپرسەکانی رۆژێك بۆ دوا بەندەکانی پرۆتۆکۆڵەکەی سەفەری سەرۆك بۆ ئیتالیا مەرجی نەبوونی پێشوازیکردنی دانابوو، بۆیە بەرپرسانی حکومەتی ئیتالیا بۆ ئەو پێشوازییە تەنها گەنجێکیان دەستنیشانکردبوو بۆ پێشوازی مێوانەکەیان .
کە سەرۆك لە ساڵی ١٩٩٢ بۆ کردنەوەی یاریەکانی ئۆلۆمپی بەرشلۆنە رۆیشت تا چەند رۆژێك زووتر کەسی لە ناوەرۆکی پرۆتۆکۆڵەکان ئاگادار نەکردبوو. ئەوانەی سەرپەرشتی سەردان و سەفەرەکەیان دەکرد پاشان بەتەنیا گەیشتن.

## کامیرا سەرۆك راو دەکات:

باسکال رۆستانی رۆژنامەنووس لە گۆڤاری باری ماتش چەند وێنەیەکی سەرۆك میترانی بڵاوکردەوە، ئەو وێنانە چەند لایەنی ژیانی تایبەتی سەرۆکی ئاشکراکرد، ئەو وێنەگرە ئارەزوومەندە یەکێکە لەوانەی بوارێکی ترسناکی سیاسی ئاشکراکرد، پاش ئەو دیمەنانە بووە یەکێك لە وێنە نایابەکانی بواری سیاسی و ناوبانگی زۆری دەرکرد،

پاش ئەوەی وێنەی فۆتۆگۆافی جۆن بیار رافارانی بەجلی مەلەوانی و وێنەی سیسیلیا سارکۆزی هاوشانی دۆستەکەی لە نیویۆرك بڵاوکردەوە. رۆستان بەشداری سەرکەوتنەکەی ساڵی ١٩٩٤ کردو پاشان وەکالەتی سفینکسی دامەزراندو بووە خاوەنی نیگاتیفی مێژوویی و نهێنیەکانی سەرۆك کۆماری فەرەنسی ئاشکرکرد. ئەو مەسەلەیەش پاش ئەوەی رۆژنامەنووسێك بە رۆستانی راگەیاند، کەوا سەرۆك میتران بەشێوەیەکی ناشەرعی لەگەڵ ئایدیت کریسۆن دەژیت، ئەوەی لە نێوان مایۆی ١٩٩١ تا ئەپریلی ١٩٩٢ بووە سەرۆك وەزیران. رۆستان ئاشکرایکردبوو کەوا ئایدیت لە باڵەخانەی ژمارە ١١ لە گەرەکی برالی لە هەرێمی حەوتەمی پاریس دەژیت، ئەو ناوچەیە ناوچەی نیشتەجی برژواکانەو لە کەناری چەپی رووباری سینەو پاشکۆیەکی نیشتەجێیە بۆ ئەنجومەنی بەرزی دادوەری .

وێنەگرەکە لەگەڵ برادەرەکەی کەمیینێکیان بۆی دانابوو، تا وێنەکەیان وەرگرتووە بە چوار چاودێر ناوچەکەیان پشکنیبوو، یەکێکان وبرونو مورونی هەواڵگرو ئەوەی چوارەمیشیان سەگەکەیان بووە. رۆستان وتبووی کە سەرقاڵی ئەو کارە بووین پۆلیس رایگرتبووین، لەو دەمەی سەرۆك میتران هاتبووو چووبوە باڵەخانەکە، ئێمە بە پۆلیسەکانمان وتبوو ئەوە سەرۆك بۆ چووە ئەو شوێنە .. بۆ هاتە ئەو ناوچەیە..؟؟

ئەوەی رۆستانی سەرسامکردبوو کەوا وێنەگرو رۆژنامەنووسێك لە رۆژنامەنەی لۆفیگارۆ پێیان وتبوو، کەوا ئەندامانی دەستەی راگەیاندنی بەرزی ئاستی کۆشکی ئالیزیا بە فاکس پێیان راگەیاندوون، کەوا دەستەی درکی نیشتیمانی بە ئێمەیان وتووە، لەو ناوچەی ماڵی سەرۆك کۆماری لێیە جمۆجۆلی نائاسایی هەیە، ئەوەش رێکەوتی دووەم بووە لە کارەکەیدا. ئەو زانیاریە بۆ رۆستان پێویست و

دروستبوو، كه دڵنیابێت ئەوان لەبەردەم ماڵی سەرۆك كۆمارن. ئەو دەستەیە بریاریاندا شوقەیەك لەدوا نهۆمی باڵەخانەكە بەكرێ بگرن كە دەكەوێتە بەرامبەر ئەو شوقەیەی میترانی تێدا دەژیت.

رۆستان وتوویەتی من میترانم دەبینی كە دەچووە ناو باڵەخانەكە، بەڵام زۆری و چڕی گەڵای دارەكان بواری نەدەدا وێنەیەكی بگرم، لەبەر ئەوەی وەرزەكە پایزبوو بۆیە پەنامان بردە بەر باخچەچیەكان. بە باخچەچیەكەم وت، من دەرهێنەری سینمائیم پێویستم بە قەدی داری رووتاوەیە بۆ دیكۆری كاری سینمائی، ئەویش ئامۆژگاری كردم بەشی خوارەوەی قەدەكان بە مادەی سۆلفاتی مس رەنگ بكەین. هەورەها وتبووی جێگای مەترسیشە، ئەگەر قەدەكان بە رەنگی شین رەنگرێژ بكەین.

هەردوو وێنەگرەكە ماوەیەك چاوەروان بوون میتران نەهاتە بینایەكە تا رۆژێكیان پاسكیلێك هاتە ناو بینایەكە، دیاریش بوو ئەو پاسكیلە خاوەنەكەی ئان بیجۆی دایكی مازارین بوو، ئەوەی لە نهۆمی خوارەوە دەژیا، فرانسوا دو گروسوفریش لە نهۆمەكەی دووەم دەژیا، ئان بیجۆش رۆژانە بۆ كاری خۆی دەچووە مۆزەخانەی ئاوراسای. ئەگەرچی ئەو ماوەیە هیچ وێنەی مازارینی و میترانی باوكی وەرنەگیرا، بەڵام بەوردی چاودێری هەموویان دەكرا، راوەكە سەركەوتووانە بەردەوام بوو .

بەرێكەوت هەردوو وێنەگر سباستیان فالیلاو بییر سو خەریكی وێنەگرتنی ئەكتەر ئەیزابیل ئادجیانی بوون، یەكێك لە هاوسێیەكانی بینایەكە كە كیژی بازرگانێك بوو زانیاری ئەوەیدا كەوا كیژی میتران لەو بنایەدا دەژیت، ئەوانیش وەكالەتی فینیكسیان ئاگاداركردەوە كەوا شوێنی نیشتەجێی كیژەكەی میترانیان دۆزیوەتەوە، رۆستان ناخۆشی كارەكەی گەراندبۆوە بۆ ئەوەی كەوا كۆڵانەكانی زۆر تەسكن و كاری

تێدا زەحمەت بوو. وێنەگر فالیلا لە ۲۱ی سێپتەمبەری ساڵی ۱۹۹٤ توانیان ڕاوی مازارین بکەن، بەڵام لە کۆتاییدا شوێنەوارەکەیان بزرکرد، چونکە بە بازنەیەکی ئەمنی پوخت گەمارۆدرابوو، سەرەڕای ئەوەش لە دەستیان ڕزگاری نەبوو و توانیان شوێنەکەی بزانن، لە چێشتخانەی دیفیلاك هاوشانی باوکی دۆزیانەوە، شوێنەکەش لە شەقامی زانکۆو شەقامی فابرتەوە دوورنەبوو. لەسەر باڵەخانەی هێلی ئاسمانی فەرەنسی و لە دووری ٥۰۰ مەترەوە توانیان وێنەی میتران دەست لەسەر شانی کیژەکەی وەربگرن. وێنەگرەکان توانیان ئەو وێنە دەگمەنە وەرگرن و کەسیش بەو پلان و بەرنامەی نەزانی لەوانە پاسەوانەکانی خودی سەرۆکیش، ئەوان وێنەی نایاب و دەگمەنی تەمەنیان وەرگرت. بەپەلەو بۆ بەشی وێنەگری گۆڤاری باری ماتش ڕایانکرد، چونکە دەیانزانی ئەو گۆڤارە دەتوانێت ئەو وێنەیە بڵاوبکاتەوە.

به بڵاوبوونەوەی ئەو وێنەیە کێشە نێوان کۆشکی ئالیزیاو دەستەی فیلیپاشی خاوەن گۆڤاری باری ماتش دروست بوو، کێشەکە بەهاوکاری و پەیوەندی دۆستانەی نێوان ڕۆژنامەنووس ستیفان دنیس و میتران ساردبۆوە، لەسەروبەندەی ئەو کێشەیە شوفێرەکەی سەرۆك میتران تۆرلینی ئاشکرایکرد، کەوا سەرۆك زۆر بە بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە وێنانە دڵگران و تووڕە نییە، بەڵام ئەگەر مازارین تاقیکردنەوەکانی تەواوکردبایەو کاری لەسەر ئاستی خوێندنی نەکردبایە ئەوە زۆر ئاسایی بوو. هەر سێ شەریکەکەی باری ماتش، دانیال فیلیپاشی و فرانك تینۆو برۆلان دۆما لە چێشتخانەیەکی نزیك کۆشکی ئالیزیا دانیشتبوون، ئەگەرچی ١٥ ڕۆژ بەسەر بڵاوبوونەوەی وێنەکانی مازارین ڕەتببوو، بەڵام خاوەن چێشتخانەکە دڵنیابوو ئەو دانیشتنەیان بۆ باسی کاریگەری بڵاوبوونەوەی وێنەکانیان کردووە.

کیژەکە ئەوەشی وتبوو کەوا باوکی ئاگاداری مەسەلەیەکی وا بووە بۆیە زووتر پێووتبوو بۆ بڵاوبوونەوەی وێنەی خۆی لە زۆر شوێنی گشتی و بازارەکان خۆت سازبکە، من چاوەڕوانی مەسەلەیەکی وا دەکەم .

باسکال رۆستان وایدەزانی ئەو وێنەو ئەو فیلمەی دەستکەوتی دارایی باشی دەبێت، بەڵام وا دەرنەچوو، ئەو پارەیەی کە لە پاداشتی ئەو وێنانە وەریگرت تەنها ٥٠٠ هەزار فرنگ بووە ئەوەش کەمترین داهات بووە بۆ ئەو، ئەو چاوەڕوانی زۆرتری دەکرد. بۆ ئەو پارەیەش دانووستانی زۆریان لەسەر نرخەکەی کردبوو لەگەڵ باری مارتش.

پاش ١٠ ساڵ رۆستان وێنەی سارکۆزی لەگەڵ دۆستە نوێیەکە گرتبوو، بەڵام ئەمجارە هەرزانفرۆشی نەکرد، لەبەرامبەریدا داوای ٨٠٠ هەزار یۆرۆی کردبوو، بەڵام ئەو پارەی نەکرد، چونکە سەردەمەکەی جیاوازبوو، ئەگەر وێنەکەی میتران لە کاتی خۆی پارەی کردووە لەبەر ئەوە بووە دوا رۆژانی سەرۆکایەتی بووە.

# بەشی دەیەم

## بەڕێزەکان دڵخۆشن بە نووستن لەگەڵ ژنەکانتان..؟؟

سەرۆکی وڵاتان و حکومەتەکانی کۆمەڵەی هەشتەم، ئەو وڵاتانەی گەشەدارترین وڵاتانی پیشەسازی جیهانن، لە مانگی یونیوی ساڵی ۲۰۰۰ لە کاناناسکریسی کەنەدی کۆبونەوە، ئەو شارە نەناسراوە دەکەوێتە خۆرئاوای ئەو وڵاتە، ئەو ناوچە لاچەپە دوورە پاش ئەو کۆبونەوە وەك شارێکی ناودارو بایەخدار هاتە ناسین. هوتێلەکانی بە ئەندامانی وەفدەکە ناسران، لەو شارەدا چەندین دیداری ئابووری گرنگ و چارەنووسسازی لێکرا، لەوێشەوە نامە ئاراستەی وڵاتی لاوازی سێیەم کران. پاش کۆبونەوە چڕوپڕەکان پاش سەعاتی ٧،٥ی ئێوارانە سەرۆك و پێشەواکانی جیهان خەریکی گفتوگۆی لابەلا و دوور لە مەسەلە گرنگەکان دەبوون. ئەوانەی ئاگادارو چاودێری ئەو دانیشتنە تایبەتیانەبوون ئەوەیان گێراوەتەوە، گوایە باسی یاری تۆپی پێ و گەشتە تایبەتیەکان و ژنان و دۆستە ناسکەکانیان کردبوو. لەو دانیشتنەدا زۆر لە پرۆتۆکۆڵ و رێکخستندا دووربوون، بەرەسمی قسەیان نەکردووە، نەرم و لەسەرخۆ بە نازەوە دەمەتەقیان دەکرد، لە سیاسەتی هەڵچوون و گەرم و گوڕییەوە دووربوون، لەناو ئەو قسە خۆشانەدا، جونیشیرۆ کیوزومی سەرۆك وەزیرانی ژاپۆنی بە

پرسیارێك ڕەوشەكەی خۆشترو بەجۆشتركردووە، ڕاستگۆیانەو بەسۆزەوە لە سەرۆكانی پرسیبوو، لە هەمووان پاڕاوەتەوەو وتبووی :
تكایە خۆش لەگەڵ ژنەكانتان بخەون، خۆش بنوون، چونكە من ژنەكەم شەوانە زۆر دەجوڵێتەوەو خەوم نییە، ئێوە بۆ خۆتان زۆر بنوون .
هەموویان لە جێگای خۆیانە بزەیان هاتبووێ و سەرۆكی ئەمریكی جۆرج بۆش هاتبووە قسەو وتبووی:
دەكرێ سیسەمی گەورەتر تاقی بكەیتەوە، بەوە شوێنەكەتان فراوانترو رەحەتتر دەبێت. لەو دانیشتن و بەزمانەدا سەرۆك شیراك ناتوانێ بێدەنگ بێت، زوو هاتووتە قسەو توانجی خۆی تێگرتووەو ئامۆژگاری سەرۆك وەزیرانی ژاپۆنی كردووە، كەوا دۆشەكی تایبەتی تاتامی ژاپۆنیەكان لەهەموو شتی تر باشترە. بەو قسەیەی ئەو ڕەوشەكەی خۆشتركردبوو، هەموو كەوتبوونەتە پێكەنین.

## خاڵی یەكەم:

سەرۆكی فەرەنسی حەزی بەتوانج و بەزمی خۆش لە خواردن و سێكس هەبوو، بیار موسكۆفینی كە وەزیری ڕاسپێدراوی كاروباری ئەوروپی بووە لە حكومەتەكەی لیونیل جۆسپان لە نێوان ساڵانی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٢ دەگێرێتەوە، لە سانتپترسبۆرگ كە بەرپرسانی فەرەنسی لەوانیش شیراك لە ئەكادیمیای شاری بیار لۆ گران ئامادەبوون و گوێیان لە شیعری شاعیرانی گەنجی ئەسكیمۆ ڕادەگرت، لەو دەمانەدا مۆسكۆفینی بینیبووی شیراك چاویلكەكەی ڕاستكردیتەوەو بەگوێی كیژۆلەیەكی بەرچاوی ئەسكیمۆی چرپاندووە، بێئەوەی هیچ شەرم بكات، وتوویەتی جوانیەكەی ئەو كیژە

پێویستی به ڕاستکردنی چاویلکەکەم هەیه، ئەوەنده دەهێنێت چاك تەماشای بکەم.

جاری دووەمیش له کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئەورووپی له ساڵی ١٩٩٨ شیراك بەشداری کۆڕێکی ڕۆژنامەگەری لەسەر شکۆلاته کردووه، لەوێ خۆی له وەزیری کاروباری ئەورووپی نزیك کردیتەوه، وتوویەتی بەڕاستی شکۆلاته ورەو جۆش بەرزدەکاتەوەو بۆ کاری سێکسیش بەسووده. زۆرتر خۆی له وەزیرەکه نزیك کردیتەوەو، وتوویەتی:

لەو تەمەنی من زۆرم پێویسته، بەڵام ئێوەی گەنج پێویستان به شکۆلاته نییه .

له دیداری لوتکەیی حەوت گەورەکانی جیهان پەسنی سەرۆك وەزیرانی کەنەدی کردووه، بۆ ئەوەی زانایەکیان بۆ چالاکی پەیوەندی سێکسی مادەیەکی دۆزیوەتەوه، ئەوەش سەرکەوتنێکی مەزنه، کەوا پیاوان بەهۆی ئەو مادەیه بتوانێ له کۆتایی هەفتەدا چوار کاری سێکسی پێ بکرێت .

شیراك له سەرەتای کاری سیاسیدا چەندین کاری ناپەسندی کردووه، له زۆریان پەشیمانی ڕاگەیاندووه، بۆ نموونه جارێك وتوویەتی:

من ژنی (کوریزی) م لا پەسنده، چونکه ئەو ژنانه بۆ خزمەتکردنی بەرامبەرەکەی بێدەنگن و خۆیان مات دەکەن. ئەو بۆچوونەی مازۆشی یه، زۆر گران لەسەری وەستا، بەتایبەتی له قۆناخەکانی دوایی ژیانی سیاسییدا.

یەکێك له کەسه نزیکەکانی ئەویش خاتوونێکی ڕۆژنامەنووسه، جارێك ئەو قسەیەی بەهەڵه له زار دەرچووه، گوایه جارێکیان له کۆبونەوەیەکی میللی که له سەرەتای شێستەکانا به زۆری دەکرا،

قسەیەکی بە یەکێك لە ژنە خەباتگێرەکانی نزیك خۆی گوتبوو ، ئەوەی پاشان لە حکومەتەکەی ئەو پۆستی وەزیری بەرکەوتبوو، ئەو ژنە لە ڕیزی پێشەوەی ئامادەبووانی کۆرەکە بووە، خۆی لەو نزیککردیتەوەو وتبووی:

بڕوا بکە تا ئیمرۆش من شەیدای تۆمە، ئەو قسەیەشم بەراستی یە، (زمانی دار) نییە. بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان بریتانیاو فەرەنسی لە ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ مارگریت تاتشر دیداریان بووە، ئەگەرچی ناوەرۆکی دیدارەکە زۆرتر بۆ خۆشکردنی ڕەوشی دبلۆماسی هەردوولا کرابوو، بەڵام دیدارەکە بۆ جوانکردنی وێنەی فەرەنسابووە لە دەرەوە، شیراك لەو دیدارەدا لە باسی ژن دوورنەدەکەوتەوە .

لە ئەپریلی ساڵی ٢٠٠١ دادوەری لێکۆڵینەوە بۆ پرسین و بەدواچوونەوەی کێشەی باڵەخانەکانی شاری پاریس، لەو کێشەیەدا ڕۆژنامەنووسێکی ژنی لۆفیگارۆیش بانگکردووە، لە کۆتایی داواکە بڕیاریانداوە بەرێوەبەری ڕۆژنامەکە خاتوو ئۆلیفیی جیسبارت سزا بدرێت، کە هەواڵەکە بە سەرۆك دەڵێن، ئەو زوو دەپرسێت، ئەو ژنە ڕۆژنامەنوسە جوانە یان ناء ..؟

شیراك حەزی بە گێرانەوەی کۆنە سەربردەو چیرۆکی تایبەتی دەکرد، ئەو گێراویەتەوە، کە لە ساڵی ١٩٧٢ وەزیرێکی نزیکی سەرۆك جۆرج بۆمبیدۆ بووە، زانیبووی کە سەرۆك عاشقی ژنی سەفیرێکی فەرەنسابووە، لە یەکێك لە وڵاتانی ئەوروپی. کە سەفیرەکە زانیوویەتی سەرۆك پەیوەندی بە ژنەکەی هەبووە، گلەیی کردووەو نیازی ئاشکراکردن و نارەزایی هەبووە، بەڵام سەرۆك تا ئەو ڕازی بکات و لەبەر چاوی دۆستەکەی وەعدی پێدەدات بیکاتە وەزیر لە حکومەتە نوێیەکەی و ناوی لە لیستی تازەیان بنوسێت، لەبەرامبەر

وەرگرتنی ئەو پۆستە باشە بێدەنگ بێت. بەڵام سەرۆك تووشی شۆك بوو کە ناوی ئەو سەفیرە لە لیستەکە دەرنەچوو، یاریدەرەکانی سەرۆك بەهەڵە لە ناوەکەی گەیشتبوون، ناوی برای سەفیرەکەیان لە جیاتی ئەو دانابوو، چونکە سەرۆك تەنها ناوی یەکەمی سەفیرەکەی بە یاریدەرەکانی دابوو، ئەوانیشی تووشی ئەو هەڵەیەکردبوو. زۆرجار لە بژاری سیاسی فەرەنسیدا سۆزو پێویستی سۆزداری پایەو پێگەی هەبووە، لەبەر رۆشنایی خۆشی و (هەوستی پاشا) کارو رێنمایی کراوە. بۆیە لە ساڵی ١٩٨٦ شیراك بۆ ژنێك گەراوە پۆستێکی وەزارەت لە حکومەتەکەی وەرگرێت، پاش سۆراخ و گەڕان لە چواردەورەی خۆی (میشال برزگیان)ی دۆزیوەتەوە، دیارە ئەو ژنەش تا رادەیەکی زۆریش جوان و لەبەرچاوان بووە، میشال دکتۆریش بووە بۆیە کراوە بە سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری تەندروستی، لەبەر ئەوەی خاوەنی چەندین رەوشتی شایستەو باڵابووە بۆیە لە حکومەتەدا جێگای خۆی کردیتەوە. پاش دوو ساڵ شیراك سەرۆکایەتی دۆڕاندووەو ئەوەش کاریگەری خراپی زۆری لەسەر کەسیەتی دروستکردووە، بەڵام ئەو پاش ئەو شکستە کۆڵی نەداوەو لە مارسی ساڵی ١٩٨٩ گەڕاوەتەوە گۆرەپانی سیاسی، لە رۆژانی پەرلەماندا کە (کۆبەندی بۆ کۆماری) لە شاری نیس بەسترا، لەوێ داوای لە جۆن فرانسوای یاریدەری کردووە بەهەموو شێوەیەك کۆشش بکات میشال برزگ بگەڕێتەوە.

تا ئەو ژنە ئامادە بکرێت، شیراك داوای لە سازکەرانی بەرنامەکەی رۆژەکانی پەرلەمانکردبوو چاو بە بەرنامەکانیاندا بگێرنەوە، بۆ سەرگرتنی ئەو داوایە بەئەنقەست سەعاتێك خۆی دواخستووە، پاش ئەو ماوەیە کە گەڕاوەتەوەو دەستی لەناو دەستی سکرتێرە ژنەکەی دەوڵەتی پێشوو بووە. کە فرانسۆاز بانافیو ئەو

دیمەنەو ئەو کارەی شیراکی بەو شێوەیە بینیووە زۆر تووڕەبووەو هۆڵەکەی جێهێشتووە.

پاش چەند مانگێك شیراك تێگەیشتووە ئەو ژنە درۆی لەگەڵ دەکات و فێلی لێکردووە، پاش ئەوەی چووە پاڵ چوار نوێخوازەکان، میشال نوارو فیلیب سیڤان و ئایتیان بانت و میشال بارنییە. هاوکات سەرۆکی (کۆبەند بۆ کۆماری) کاریگەری زۆر نواند تا چەند ژنێکی نزیك لە خۆی دستکەوت و پلەی شایستە وەرگرن، یەکێك لەوانە سکرتێرێکی وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەوەی بە قودرەتی قادرێك بووە سەرۆکی دیوان، هەروەها سکرتێری وەزارەتی ناوخۆش پلەی شایستەی بەرکەوت .

بە داواو پێشنیاری شیراك پلەیەکی بەرزی لە سەرۆکایەتی حکومەت وەرگرت. کە شیراك هاوشانی کلۆدیا کاردینال لە کۆشکی ئالیزیا دەرکەوت، چەندین پرۆپاگەندەی تر لەسەر شیراك بلاوبۆوە، لەوانەی کەوا سەرۆك دۆستایەتی لەگەڵ ئەکتەری کۆمیدی ئیتالی فلیمەکەی دیان کوریس (پیاوە خۆشەویستەکە) دا هەیە، بەڵام ئەو زوو هەواڵەکەی بە درۆ خستبۆوە.

## خاتوو کاردینالی:

لە مارسی ساڵی ١٩٩٨ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی گەرمەگەرمەی بوو، برنادیت شیراك بۆ بەشداری هەڵمەتەکە لە ناوچەی کوریز، چەند رۆژنامەنووسێك هاورێی بوون، کە ئاوڕی داوەتەوە تەماشای ئەو دەستە رۆژنامەنووسە زۆرەی کردووە، وتوویەتی : ئەوە هەموو رۆژنامەنووسە چی یە هاورێی منن، خۆ من نەبوومەتە کلۆدیا کاردینالی ..؟؟! ئەو چەند وشەیە زوو

ڕۆژنامەنووسی هەفتەنامەی ئەکسپرێس بەگەرمی وەریگرت. ئەو دەستکەوتە بۆ ڕۆژنامەنووسان مادەیەکی چەوربوو، بەڵام نەیانزانی ئەو بەگاڵتە ئەو ڕستەیەی بەکارهێناوەو لە زاری دەرچووە ..! یان پەلاربوو خاتونییەکەمی فەرەنسا لە مێردەکەی گرتووەو نیازی ناو هێنانی دۆستەکەی مێردی بووە.

برنادیت ژنێکی شەرمن بوو، بەڵام کە زانیوویەتی مێردەکەی بایەخی پێنادات و

لێدووردەکەوێتەوە، ئەو زوو و بێ پرسین و بەرنامە مێوانی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی دەبوو و بەشداری زۆر بواری گفتوگۆیی دەکرد. پێش دوو مانگ لە هەڵبژاردنەکانا بەتایبەتی لە مارسی ۲۰۰۲ دا برنادیت، بڕیاری دابوو باسی زۆر لایەنی جوان و تایبەتیەکانی مێردەکەی بکات، یەکێك لەو ڕۆژنامەنووسانەی ئەو کارەی بەرکەوتبوو، باتریك دو کارۆلی خاوەن بەرنامەی تەلەڤزیۆنی (ڕەگ و باڵەکان) بوو .

شیراك و ژنەکەی وەك دیستان و میتران ڕووەوبەڕووی خەڵك دەبوونەوەو دەچوونە ناو جەماوەرەکەیان، بەڵام هەرگیز وەك برنادیت لاپەڕەی ژینی تایبەتی ژن و مێردایەتیان هەڵنەدەماڵی. برنادیت دەیویست نهێنی سەرکەوتنی مێردەکەی بزانێت، بۆیە وتوویەتی :

شیراك سەرکەوتنێکی بێ ئەندازەی هەبوو، ئەو پیاوێکی جوان و شۆخ و سەرنجراکێشی ژنان بوو، بەڵام الحمدلله فەلسەفەیەك هەیە ئەویش فەلسەفەی تەمەن. واتە تەمەنی بەسەرچوو و کەلکی ئەو شتانەی نەماوە، چونکە تەمەن کاریگەری زۆری هەیە !......

ئەو ژنە زۆر چاوی لە مێردەکەی بوو، ئەگەرچی پیاوەکەی لە زۆر لایەن سەرکەوتنی بێ وێنەی بەدەستهێناوە، ئەویش ژنێکی مەنتقی بووەو دەیزانی چەندین ژنی شۆخ و نازدار لەبەر سپۆرتی و

جوانی پیاوەکەی و زانیاری زۆری و هاموشۆی سالۆنەکانی ئەدەبی شەیدای دەبوون و بەدوایدا وێل دەبوون. ئەگەرچی ئەو باسی زۆر لایەنی تایبەتی مێردەکەی دەکرد، بەڵام باسی پەیوەندی بە دۆستە رۆژنامەنووسە شۆخەکەی نەدەکرد، ئاگاداری هەموو شتێکیش بوو، کێشەیان زۆربووە تا گەیشتنە تەڵاقیش .

که شیراك عومدەی پاریس بوو، هاورێی ژنی زۆربووە، بەڵام ئەو ناوی نەدەهێنان، زۆرجار دەیووت، با هەر بڕوات و دووربکەوێتە لە گەڵیان بمینێتەوە هەر دێتەوە لای من. ئەوەی یەکەم خۆشەویست و نازداری جێیەهێڵێت شەیداو سەرگەردان دەبێت، ئەو رووداوەش لە مێژوو زۆرن، کە ناپلیۆن (جۆزیفین) ی جێشهێتووە سەرگەردان بووە. لە ساتە تووڕەبونەکانی و ئاشکرابوونی شتە ناشیرینەکانی لەبەر چاوی منالەکان و پەیوەندییە پیرۆزەکانی کۆمەڵایەتی و فەمیلیی لە شیراك دوورنەکەوتیتەوەو دەستی لێ بەرنەداوە، ویستویەتی پیرۆزی و گەورەیی ژیانی تایبەتی و فەمیلیی سەرۆکی فەرەنسی مێردی راگرێت. دیارە کەوا ئەو ژنەو مێردە لە نەوەی کۆنی فەرەنسین و نموونەی فەمیلیی پیرۆزی فەرەنیسین و بڕوایان بە جیابوونەوەو تەڵاق نییە، ئەوان وەك جۆسپان و رۆکارو فابیۆس و لۆبان و ئەوانی تر نین کە تەڵاقیان بەکارهێناوە.

# بەشی یازدەهەم

## ئەو ئێوارەیە پیاوەکەم لە کوێ یە ..؟

بەبۆچوونی دەستەیەکی باڵای دەسەڵاتی فەرەنسی بۆ بەردەوامی و مانەوە بەتوندی لە لوتکەی دەسەڵاتەوە، تا کودەتاو فشاری لابردن و لاوازییت لەسەر نەبێت، تا نەیارەکان لە بچووکترین و سادەترین بڕیاردا وەرتنەگێڕن، دەبێ چاك و باش لە ژنان هوشیارو وریا بیت. ژنان لە ناو دەسەڵاتی بەرزە دەسەڵاتەکانی کۆشکی ئالیزیی فەرەنسی بوونی زۆرو نزیك و کاریگەریان هەبووە، زۆر نزیك بووینە تا زۆر گەیشتوونەتە ناو جێگای نووستنیشیان. ئەو ژنان چڕنۆکیان لە پشتەوە لەو پیاوانەداوە، پشتیان لە سیاسەت و پرۆسەکانی هەڵبژاردنەکانا لە ئەرزداوە. یان بۆ سەرکەوتنی وەرگرتنی دەسەڵات چۆکیان شکاوەو کۆڵیانداوە.

## ئەوانەی نهێنیەکانیان پاراست:

ژیانی تایبەتی و رۆژانەی زۆر نهێنی سیاسەتمدارن، بازنەیەکی داخراوە، تا کەسانی پسپۆری زانای دەروونناسیش، ناتوانن بەئاسانی لە پەیوەندییە تایبەتی و رۆژانەی شاراوەیان سەردەربکەن، ئەوان

بەجۆرێك ئەو ڕەوشەیان دادەخەن، كەس بۆی نییە لەو كوڵانكەیەوە بێتە ژوورەوە، هەرچەند ڕۆژنامەنووسان كۆشش دەكەن و كار بۆ ئەو زانیارییانە دەكەن، بەڵام گەیشتن ئاسان نییە .

تا ئەوانیش دەستبەتاڵ نەبن و بەرهەمیان هەبێت و بتوانن سەرەداوێ بدۆزنەوە كەسی شایستەش بۆ ئەو مەبەستەش شوفێری سیاسییەكانە، ئەوان زۆر شتی نهێنی و شاراوە دەزانن و دەرك بە زۆر لایەنی تایبەتی سیاسییەكان و گەورەكانیان دەكەن. چونكە ئەو شوفێرانە یەك داو لەوان دوور ناكەونەوە، ئەوانیش ناتوانن دەستبەرداریان بن.

لەو فەرەنسایەدا پاش كاركردنی چەندین ساڵ لەگەڵ جاك شیراكا، جۆن كلۆد لۆموند كتێبێكی بەناوی (٢٥ ساڵ لەگەڵیدا) بڵاوكردەوە، لەو كتێبەدا چەند ڕووداوو بەسەرهاتی سەیرو سەرسوڕهێنەری تۆماركردووە. لە ساڵی ٢٠٠١ یش بیار تورلیی بەناوی

(نونتو) یان، (باوكم) باسی پەیوەندی خۆی بە فرانسوا میتران نووسیوەتەوە. ئەوەی ئەو دوو كتێبە بخوێنێتەوە ئەوەی بۆ دەردەكەوێت، ئەو دوو شوفێرە سەرۆكەكانیان گەیاندوتە زۆر شوێنی گەرم و سەرنجراكێش، زۆر لایەنی پەیوەستی تایبەتی و گشتییان ناسییوە .

لە ترسی هاتنە پێشەوەی چەندین بابەت و پێشهات و دروستبوونی قسەو قسەلۆكەوە

بەناچاری ڕۆژنامەی لۆمۆند ٢٥ لاپەڕەی لە دەستنووسەكە قرناندووە، دیارە ئەوان باشایان دەزانی بڵاوبوونەوەیان كێشەو ڕەنگدانەوەی سەختی دەبوو .

شوفێرەكەی میتران پیاوێكی ئاكار نامۆبوو، بە قژە درێژەكەی و گوارە شۆڕەكەی بەردەوامی گوێیەكانی دەناسرایەوە، بێجگە لەو

نیشانە تایبەتیانە هەردوو قۆلی بە کوترانی زۆرەوە دەبینرا. ئەو پیاوە پێش ئەوەی ببێتە شوفێری و ٢٥ ساڵ شوفێری بکات، ماوەیەك پاسەوانی تایبەتی بووە، ئەو زۆر باسی میترانی کردووە، بەکورتی نووسیویەتی:
ئەو پیاوە پیاوێکی قۆزبوو، زۆر حەزی بەوە دەکرد بەردەوام ژنی جوان دەورەی بدەن.

## ژنێك بۆ دوو پیاو:

تورلیی زۆرجار زۆر لە پێش باڵەخانەو ماڵی دۆستەکانی چاوەڕوانی میترانی کردووە، زۆریش دەیگەیاندە ماڵی دۆستەکانی، زۆریش دۆستەکانی لە پێش چاوی دۆستانی تری دووردەخستەوە. ڕۆژێك تورلیی شوفێری میتران لەگەڵ کیژێکی گەنجی ئەندامی حزبی ئیشتراکی کەوتنە داوی یەکتری و بڕیاری ژووانی پێدا، کە ئەدرێسی کیژەکەی وەرگرت زانی ئەو شوێنە لە شوێنی دۆستێکی سەرۆکەکەی نزیکەو چوونی بۆ ئەو شوێنە مەترسی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە نەچووە بۆ ژووانەکە، ئەوجارە ڕزگاری بوو، بەڵام جاری دووەم کەوتنە داوای یەکێکی ترەوە، دووبارە شوفێرەکە لەگەڵ فەرمانبەرێکی ناو حزب کەوتنە ژووان ئەویش داوای سەردانی کردووە، بە سۆزەوە شوفێرکە ڕۆیشت و لەگەڵ دۆستەکەی لەناو باوەشی یەکتر تاوانەوە، لەناکاو زەنگی تەلەفۆنەکەی لێدرا، ئەویش کە زانی کیژەکە ژووانی بە یەکێکی تر داوە ڕۆیشتووە، هێشتا زۆر دوور نەڕۆیشتبوو، بینی سەرۆکەکەی لە ناو تاکسیەك دابەزی و بۆ هەمان دەرگاو ئەدریس ڕۆیشت، بەو ڕووداوە بۆی ڕوون بۆوە هەردووکیان لەگەڵ یەك دۆستی ناو حزب ڕادەبوێرن.

## گەمەی ناو هوتێلەکان:

شوفێرەکەی شیراك جۆن کلۆد لۆمۆند لە بیرەوەرییەکانیدا زۆر لایەنی تری ژیانی سەرۆکەکەی ئاشکراکردووە، لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی، ئەو دەمانەی بارەگای کۆبەند بۆ کۆماری لە شاری لیل بوو، ئەو لەو بارەگایەو لە نهۆمی سەرەوەی زۆر لە ئەندامە مێینەکانی حزبی دەبینی. ئەو دەمانەی سەرۆکی شارەوانی پاریس ئارەزووی بینینی دۆستەکانی بوو چەندین کلیلی ژووری هوتێلەکانی وەردەگرت، ژوورەکانی بۆ خۆی تەرخان دەکرد، تا جارێکیان داوای لە منیش کرد ژوورەکەی بۆ چۆل بکەم، ژوورەکەم بەناچاری گۆڕی، لەبەرئەوەی ژوورەکەی منی دابوو بە یەکێك لە دۆستەکانی خۆی. زووش داوای کردو زۆریش بەپەلە بوو، چونکە هاتنی دۆستەکەی زۆر نزیك بوو .

شیراك شەوانە خەریکی ڕاوەژن بووە، لە شوێنی تایبەتی دیداری زۆری هەبووە، ئەو شوێنانەش کەم ئاشکرادەبوون، تا ئەو ڕۆژەی لە ڕۆژی ٣١ی ئەگوستی ١٩٩٧ کە ئەمیرە دیانا لە ژێر تونێلی هوتێلی (ئالما) بە کارەساتێك گیانی لەدەست دا، برنادیتی ژنی و کارمەندانی دبلۆماسی کۆشکی ئالیزی بۆ جێبەجێکردنی مەراسیمی ڕەسمی بەرێکردنی تەرمی دیانا بەشێوەیەکی ئاسایی و زانراو بکەن، زۆر بەدوای سەرۆك گەڕان و برنادیتی ژنیشی زۆر چاوەروان بوو، بەڵام ئەو هەر نەدۆزرایەوەو مەراسیمەکە بێ سەرۆك و ژنەکەی بە تەنیا کرابوو، لەو کاتەوە ئاشکرابوو، ئەو زۆر خۆی دەشارێتەوەو شوێنی شاراوەی هەیەو خەریکی کاری مێیازییە. دیارە ئەو کاتە شیراك لە باوەشی دۆستێکی بووەو تەنها شوفێرەکەی شوێنەکەی زانیوەو ئەویش ڕاستی بە برنادیتی ژنیشی نەگوتووە.

## ڕێزپەری فەرەنسی:

ئەنجومەنی نیشتیمانی فەرەنسی و ئەنجومەنی عمووم لە ساڵی ٢٠٠٥ بڕیاریان دا چەندین باڵەخانەیان بە کۆشکی فرسای ببەستنەوە، لەوانە بەشێکی کۆشکی لرۆا سۆلای و چەندین شوقەی تایبەت بە کەسانەی کاری تایبەتیان پێسپێردراوە. ئەو شوقانە لەسەر ڕووبەری سەد مەتردووجا دروستکراون، بەشی ئەنجومەنی نیشتیمانی بە بەشی ئەمیرەکان بەستراوەتەوە. بەشەکەی ئەنجومەنی عموومیش لە بەشەکەی وەزیرەکان بوو، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەو شوقانە بۆ چی بەکاردەهاتن..!؟

جوانی کۆشکی فرسای سەرنجی خەڵکی زۆری ڕادەکێشا، تا بێنە نزیك شوقەکانی تام و خۆشی جوانی ئەو کۆشکە ببینن. ئەندامێکی ئەنجومەنی عموومی گێڕاویەتەوە، کەوا خاتوونێکی هەڵبژێردراوی سەر ناوچەی باکووری هاوڕێی سووربوە لەسەر ئەوەی بچێتە ناو ئەو کۆشکە، لەوێ مێردەکەی ماچ بکات، واشیکردووە، کلیلەکانی وەرگرتووە و گەیشتووتە ناو کۆشکەکە. ئەو شوێنە بەڕاستی شوێنی سیحرو جوانی و سەفەرو خەیاڵ و جوانیەکەی دەتباتە ناو ئاسمانی دوور لە ڕق و غیرەو بۆگەنی، دیکۆرە خواییەکەی بەرەو خۆشەویستی و تاوانەوەت دەبات و هەموو ئاشووبەیەك ڕەش دەکاتەوە، بۆیە وەزیری ڕۆشنبیری لە نیوان ساڵانی ١٩٦٢ تا ١٩٦٦ ئەندریە مالرۆ بڕیاری چاککردنەوەی گشتی ئەو بەشەی بە ناوی تریانۆنی گەورەدا، کە چەند مەترێك لەکۆشکەکە دوورە. لەو ڕۆژەی ئەو بینایە کراوە بە شوێنی تایبەتی سەرۆکی دەوڵەت، دیگۆل لەوێ پێشوازی لە مێوانەکانی کردووە، ئەو کەمتر کۆشکی ئالیزیای بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێناوە، دەڵێن گوایە سەرۆکێکی تری فەرەنسا لەبەر

جوانی بینایەی تریانۆنی فرسای زۆرجار مێینە برادەرەکانی هێناوەتەوە ئەو شوێنە، بیانۆشی ئەوەبووە گوایە بینایەکە زۆر زۆر جوانە، لە جوانی و نازداری بێ وێنەیە.

## شاهی بەتوانا:

سەرکردەکانی فەرەنسی چاویان لەوەبووە ئەوانیش وەك پاشاکانی پێشوو، ژنان هاوشانیان بن و دەسەڵاتیان زۆر بێت، ئەو دۆستانەی بەیەکەوە رادەبوێرن، دەسەڵاتیان وەك دۆستی شاهەکانی کۆن بێت. بەقسەی یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی، ئەندامانی باڵای حزبی ئیشتراکی زۆر قسە بەناوبانگەکەی لویسی شازدەهەم دەڵێنەوە، کە ئەو زۆرجار وتوویەتی و بڕوای وابووە، کەوا میللەت دەبێ ئاگادارو زانا بێت کەوا پاشاکەیان بەتوانایەو دەسەڵاتی زۆرە.

بۆیە بەرپرسان ویستوویانە ئەوەیان بۆ میللەتەکەیان نیشان بدەن، کەوا ئەوان هەموو شتیان پێدەکرێت و دەسەڵاتیان فراوانەو دەستیان زۆر دەڕوات. لە سەدەی شازدەهەمیندا لە دیوەخان و دانیشتنەکانی پاشا هنری چوارەم ٤٤ دۆستی ژنی بەشداردەبوون و دادەنیشتن، لەو ژمارەیە زۆرەی دۆستەکانی بێگومان چواریان پێنجیان یارو عەشیقەی بوون، یەکێکیان کە ناوی گابریال بوو نوسیبووی:

من بۆ ئەوە دەسووتێم ئەو دوو چاوە جوانەی یەك ملێون جار ماچ بکەم.

یان بۆی نووسیوە:

من تۆم خۆش دەوێت و شەیدای تۆمە !.

بەڵام لویسی سیازدەم هیچ یارو عەشیقەی نەبووە، بەڵام لویسی چواردەم بە پێچەوانەی ئەو ژمارەیەکی زۆری دۆست و یاری

هەبووە، هەر لە ئاولمی تا ماری خوشکی و دۆلا فالیاریش، ژمارەکە زۆرە... سەبارەت بە لویسی پازدەم نووسەری کتێبی (دۆستەکانی پاشا) ی چاپکراو لە ساڵی ١٩٠٢ نووسیویەتی:

پاشا دۆست و یاری زۆری دەگۆڕی، لە مایلی گەورەی کیژی مارکیزەوە چووە سەر خوشکی دووەمی نیسل، پاشان چووەتە سەر خوشکی سێیەمی، پاش ئەویان جین بواسونی دۆزیوەتەوە، ئەو دۆستەی دەسەڵاتی زۆری وەرگرتووە، لە وەرگرتنی دەسەڵاتی پاشایەتی و دەسەڵاتی رەها لەلایەن دۆست و یاری گەورەی دەستەڵاداران و پاشاکانەوە، ئەو ژنە لە مێژوودا ژنێکی بێ وێنەبوو. لەو سەردەمەدا لویسی شازدەم لەبەر نەخۆشی نەیتوانی لە بووکەکەی ماری ئانتوانێت بەزاوا بێت، ئاوا بە کیژینی مایەوە، تا ئەوەی لە ساڵی ١٧٧٥ دەنگۆی ئەوە بلاوبۆوە کەوا ئەو ژنە، کۆنت ئاراتۆا پێی فێربووە، کار گەیشتە ئەوەی دایکی سویند بخوات کەوا ئەو قسانە درۆن و راست نین. لەبەرامبەر ئەو پێشهاتە شەرمەزارییانەدا شاژن ماری ئانتوانێت گلەیی زۆری کردووە، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەو کەمککردنەوەی سەداکە لە باڵەخانەی تریانۆن، خەریکی سازکردنی ئاهەنگی تایبەتی گچکە گچکەبوو، لەو ئاهەنگانەدا دۆست و نزیکەکانی لە دۆق و کۆنتیسانی بەشداردەبوون، لەو دەمانەی نیازی رەدووکەوتنی بوو بۆ دۆستەکەی لە سەردەمی رۆژانی شۆرشا لە ساڵی ١٧٩١ شەیدا کۆنت ئاکسیل فریسۆن بوو. شاژن لە کتێبەکەیدا نوسیبووی هیچم نەماوە هەر ئەوەندە بڵێم تۆم خۆش دەوێت، یەکێك لە رێزپەرییەکانی مەملەکەتی فەرەنساو شاهەکانی ئەوەبوو، شاژن لەو دەمانەدا خۆشەویستی و سێکس و شۆرشی ئاوێتەی یەکتری کردبوو، دەسەڵاتی سێکس و دەسەڵاتی وڵاتی بەیەکەوە گرێدابوو.

# بەشی دوازدەهەم

## یەکەم سەرۆك وەزیرانی ژنی فەرەنسی دۆستی سەرۆك كۆماربووە.

یەكەمین سەرۆك وەزیرانی ژن لە فەرەنسا پاش دامەزراندنی كۆماری فەرەنسا (ئایدیت كریسۆن) بووە. كە یەكەم ژن پۆستی سەرۆك وەزیرانی وەرگرت، پالێوراوی حزبی ئیشتراكی سیغولین رۆیال كۆششی زۆری كرد ئەویش ببێتە یەكەم ژنە سەرۆك كۆماری فەرنسی لە مێژوودا. كریسۆن لە نێوان مایۆی ١٩٩١ تا ئەپریلی ١٩٩٢ سەرۆك حكومەت بوو، بە بووچونی شارەزایان و ئاگاداری رەوشی كاری ئەو حكومەتەو بەرنامەكانی، هەست بە هیچ گۆڕان و دەستەكاری لە پشت پەردەكان و دۆلابەكانی سەرۆكایەتی نەكراو هیچی نەكرد، دیارە ئەو دبلۆماسییەكی ئەوەندە گەورەیە نەبوو، نە ژنێكی پیرۆزیش بووە، واتە مقدسیش نەبووەو تا هیچی لەدەست دەربچێت.

ئەو ژنە پەشیمان نەبوو لە وەرگرتنی ئەو پۆستە بەرزە، بەڵام پێش ماوەیەك لە نووسینگەی سەرۆكایەتی لە گەرەكی جۆرجی پێنجەمی پاریس، وتبووی ئەگەر زەمەن بۆ چەند ساڵێك بگەرێتەوە،

من پێ نانێمەوە کۆشکی سەرۆکایەتی. کریسۆن دووجار داواکەی میترانی بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە شکاندبوو، بەڵام بە داوای جاری سێیەمی قبوولی کردبوو، ئەو جارەش دەیتوانی ئەو دیارییە ژەهراوییە رەتکاتەوەو خۆی دووچاری ئەو تەنگەرێیە نەکات، سەری خۆی نەخاتە ژانەوە. لە وڵامی سوودی وەرگرتنی ئەو پۆستە وتبووی:

کەس لەو پۆستەی من سوودی نەبینبوو، نەدەبوایە لەو وڵاتەی توێژی سیاسییەکان و رۆژنامەنووسان بە شێوەیە تفاعل دەکەن من ئەو پۆستە وەرگرم.

کە ئەو ژنە ئەو پۆستەی وەرگرتبوو لە ناوەندی سیاسییدا توورەیی و نارەزایی زۆر سەریهەڵداوە، لە هەموولایەك توانج و قسەکراوون، دوور لەبەر چاوی کامیراو رۆژنامەنووسان زۆر وتراوە، بۆ نموونە زۆر لە سەفیرانی وڵاتانی دەرەوە بە میشال رۆکاری وەزیری یەکەمی پێشوویان وتبوو، کەی ئەوە پێویست و شیاو بوو ئێوە کۆنە دۆستێك لە شێوەی دۆستی شاهانە، ئەو ئەرکەی بدەنە دەست و کاروباری حکومەتی فەرەنسی بەکەوێتە بن دەستی .؟؟؟ بەئاشکراش فرانسوا دوبرتی نوێنەری هەڵبژێردراوی یەکێتی لە پێناوی دیموکراسی فەرەنسی، سەرۆك وەزیرانەکەی بە بومبادۆر شوبهاندبوو، ئەو ژنەی دۆستی لویسی شازدەم بوو. هەموو لایەك گەیشتنە ئەو راستیەی کەوا سەرۆك کۆمار پەیوەندی و دۆستایەتی بەو ژنەوە هەبووە، بۆیە ئەو پۆستەی پێداوە.

## دۆستی کێ ..؟

پاش ئەو قسانە دەرحەق ئادیت کریسۆن کرا، ئەو زوو هاتووتە وڵام، لە وڵامدانەوەی نەیارەکانی بێدەنگ نەبوو، لە یەکەم دیداری تەلەڤزیۆنیدا وتبووی:

ڕاستە من دۆست و خۆشەویستم، بەڵام دۆستی ئەو کەسانەم کە دەنگیان بە من داوە، من ژنم، ژنیش هیچ دەسەڵات و زانیاری لە پیاوان کەمتر نییە، من بە تێگەیشتن و هوشیاری خۆمەوە دەتوانم هەمو ئەرکەکانم سەرکەوتووانە ڕاپەڕێنم.

ئەو وڵامدانەوەیە هیمای بەهێزی ئەو ژنەی نیشاندا، ئەو وەك کەسێکی بەهێز بۆ یەکەمجار هاتە مەیدان و هەموو نەیارە سیاسییەکانی دەمکوت کردەوە. هەمووولایەك دەزانن فرانسوا میتران ئەو ژنەی بەچاوی جوانی و شۆخیش بینیبوو، لە مێژە ئەو ژنە دەناسێت، دۆستایەتی و یەکترناسینیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٦٥ ئەو ساڵەی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی بەرامبەر دیگۆل هاوکاری زۆری کردبوو. ئەو دەمانە ئایدیت پۆستەی ڕۆژانەی بەڕێدەکرد، ڕۆژێك هاوشانی میتران هاتە ناوکۆبونەوەی نووسینگەی فیدرالی چەپی دیموکراسی و ئیشتراکی، لەو دانیشتنەدا، ئەو یەکەم ژن بووە بەشداریکردووە، بۆیە هەموو روویان تێکردبوو .

میتران پێشنیاری بەشداری ژنانی لە دەسەڵات کردبوو، بۆیە کە ناوی ئەو ژنە هاتووە هەمووولایەك بە پێشنیارەکە ڕازی ببوون، ناویان لە رەوتی سیاسی ئەو ژنە نابوو ماندووی سیاسەت نا، چەپی ناشیوعی.

ئەو ژنە بەخەبات و کاری بەردەوامی گەیشتبووە لوتکەی سیاسی و دەسەڵات لە وڵاتا، زوو بەهەڵبژاردن ببووە سەرۆك شارەوانی و پاشان نوێنەرو ڕاوێژکاری گشتی و ٥ جاریش پۆستی وەزارەتی جۆراجۆری وەرگرتووە. گەیشتنی بەو دەسەڵاتانە لە دەزگاکانی چاودێری هەڵبژاردن، بەمنەت و پێشنیاری کەسی نەزانیبوو، چونکە لیستی ژنانی پێشنیارکراوو نزیك لە میتران درێژبوو، ناوی زۆری تێدابوو، ئەگەر بەراستی بە دەستی ئەوو دەسەڵاتی ئەو بوایە ئەو کێی

نیازبوایه ئەوی دادەنا، یەکێك لە نزیکەکانی میتران وتبووی، ئەو ژنە هەموو ژیانی خۆی لە پێناو حزبی ئیشتراکی سەرفکردووەو زۆر ماندووبوە، بۆیە ئەو ژنە بۆ ئەو پلەیە دانراوە. بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٥ چەندین کەسایەتی ناو حزبی ئیشتراکی، وەك میشال رۆکار ئەو ژنەیان دەستنیشانکردبوو، بۆ یەکەمجار خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی تەشریعی تەواوکردن لە شاتۆلیگۆلت خۆی کاندیدکردووە، بەڵام لە بەرامبەر بیار ئەلبان تەنها توانیبووی ٨٠ دەنگ وەرگرێت، پاش سەرکەوتنی بەرامبەرەکەی رازی نەبوو ببیبنێتەوە، ئەو رای وابوو ئەو هەرێمەی ژن تێدا خۆی کاندید بکات، دەبێ دەنگی لە ژنەکە زۆرتربێت و سەرکەوێت. ئەو ژنە نەگەیشتە پەرلەمان تا ساڵی ١٩٨١ پاش دوو ساڵ و پاش مردنی بەرامبەرەکەی بیار ئەلبان بە سەرۆکی شارەوانی شاتۆلیگۆلت هەڵبژێردرا.

که میتران بووە سەرۆك کۆمار ئەو یەکسەر پۆستی وەزارەتی کشتوکاڵی وەرگرت، رۆژێکیان لە دیداری سەندیکای جوتیاران بوو، لەوێ لافیتەیەکیان بۆی هەڵواسیبوو، تێدا نووسرابوو جەنابی وەزیر، خاتوو ئادیت هیوامان وایە لەسەر سیسەمەکەت باشتر ئیشی خۆت راپەڕێنە، ئەوەیان بۆ تۆ لە کاروباری وەزارەت باشترە. ئەویش کە لافیتەکەی خوێندەوە بەتووڕەیی ئەوانی بە بەراز ناوبردبوو. لەسەردەمی پۆستی وەزارەتی کشتوکاڵ جارێك جوتیاران لە مان ئای لوار هێرشیان کردبووە سەر ماڵەکەی و هاواریان کردبووە سەر مێردەکەی ئەو بێتە دەرەوە، ئەوان ناخوازن قسە لەگەڵ ژنێك بکەن، قسە لەگەڵ تۆ دەکەین .

که میشال رۆکار پۆستی وەزارەتەکەی گۆڕی و فەرمانی دا پۆستی وەزارەتی پیشەسازی وەرگرێت، سەرۆکی سەندیکای جوتیاران فرانسوا گیلۆم ئەو رووداوەی پشتراست کردو وتبووی

ڕاسته، ئەوە رووی دابوو. ئەو ڕۆژەی ئەمری سەرۆك وەزیرانی ئەو ژنە دەرچوو، ئاژاوایەكی بێ سنوور بەرپابوو، لەهەموو لایەك دەنگەدەنگەو نارەزایی بەرزبۆوە، دەزگاكانی ڕاگەیاندن بەیەك دەنگ كەوتنە توانج، تەلەڤزێنی (تی فی ١) بەرنامەیەكی یەكرۆژی بۆ تەرخانكردبوو، بەجلێكی پلینگی وەنەوەشەیی نیشانیان دابوو،
بێ شەرمانە وتووبیان ئەو ژنە دۆستی سەرۆك میترانە .

ئەو لە دیدارێكی هاوبەش میدیای ئەمریكی و ئینگلیزی لەساڵی ١٩٩١ رایگەیاندبوو، ئەو ڕۆژە میدیاكانی خۆمان هێرشی توندی نارەوای زالمانەیان كردە سەرم. جۆن ئامادۆی پێشكەشكەری بەرنامەكەی تەلەڤزیۆنەكەی تی ڤی ١ وتبووی، ئێمە هێرشمان نەكردیتە سەر كەسی خۆی وەك كریسۆن و وەك ژنێك، ئێمە هێرشمان كردبووە سەر پۆستەكەی وەك سەرۆكی حكومەت، ئەگەرچی بەرنامەكەی ئێمە هەزارەها فەرەنسی بینیان، بەڵام ئەوەی ئێمە كردوومان بەشێك كەم بوو لەچاو حزبەكەی خۆیان، حزبی ئیشتراكی ئەوان زۆر توندتربوون لە ئێمە، رەخنەو گلەیی ئەوان زۆرترو گەورەتربوو. لەسەر ئاستی هەموو بوارەكانی ڕاگەیاندنی وڵات هێرشی توندی ئاراستەكرا، بە نووسین و بە دەنگ و بە ڕەنگ، لە هەموویان توندتر ستوونەكانی ڕۆژنامەنووس كلۆد سارۆت بوو، لەسەر لاپەرەی ڕۆژنامەی لۆمۆند .

لە یادی ساڵڕۆژی ١٤ ی یولیو وێنەیەكی كاریكاتێریان لە لۆمۆند بڵاوكردەوە، تێدا ئەو لە تەنیشت میتران وەستاوەو لەژێرەوە نوسیبوویان میتران مامۆستایەو ئەویش كیژێكی بەردەستیەتی، ئەوەش هیمای مێینەیی ئەوەیان نیشاندابوو، پەنایان بۆ ئەو شێوەیە هێنابوو، ئەگەرچی باوی ئەو جۆرە قسانە لەو سەردەمەدا نەمابوو.

## ژنە نازدارەکانی سەردەمی جاران:

لەمێژە سیاسەتمدارانی فەرەنسی لەپێش ژنە ئەکتەرەکان لاوازو بێدەسەڵاتن، زۆر لە بەرپرسەکان دەستیان لە باوەشیان ئاڵاندووەو لە باوەشیان کردوون، ئەوە میتران سەرسام و شەیدای جۆلییت بینوشەو جیسکار دیستانیش شەیدای بیرجیت باردۆبوو.

پاڵەوانی فلیمی (خودا جوانەکانی درۆستکردووە) بیرجت باردۆ لە رۆژێکی ساڵی ١٩٨٠

بەپێ خۆی چووبوە کۆشکی ئالیزی، لەوێ داوای لە جیسکار دیستان کردووە یارمەتی بدات و سزای کریستینای هاوسێی لە دە ساڵ زیندانی کەم بکاتەوە یارمەتی بدات، بەڵام جیسکار خەیاڵی بۆ دوور رۆیشتبوو، پرسیاری ئەوەی لێکردبوو، ئەحواڵی دڵت چۆنە .. بەراستی بۆ چی هاتووی..!. ئەویش داوای کردبوو ئەگەر تۆزێك خۆشەویستی لەناو دڵتا هەیە یارمەتی هاوسێیەکەم بدە، ئەویش بۆی نوشتابووەوە بە خۆشی و بەسۆزەوە گەمەی بە چۆکی بیرجیت باردۆ کردبوو.

دەرهێنەری سینمائی جۆن بیار ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٨ فلیمێکی بەناوی (شەوێك لە ئەنجومەنی نیشتیمانی) دا دەرهێنابوو، وتبووی:

بۆ نواندنی ئەو فیلمە زۆر لە دبلۆماتە فەرەنسییەکان ئامادەییان نیشاندا چەندین ئەکتەری ژنم بۆ ئامادەبکەن و بەئاسانی بۆم بدۆزنەوە، تا کارم هاوشان بکەن، ئەوەش لەبەر ئەوەبوو ئەوان زۆریان دەناسن و پەیوەندی بەردەوام و خۆشیان لەگەڵ یەکتر هەیە. ئەوەش لە فەرەنسا باوبووەو پەیوەندی ئەو ژنە ئەکتەرە نازادرانە بە گەورە سیاسییەکانی فەرەنسا هەبووە. ئەو پەیوەندییە لە ژێر سایەی کۆماری پێنجەمی فەرەنسادا گەشەی کردووە، زۆر لە سیاسییەکان و پەرلەمانتارەکان

دەنك و دۆستی خۆیان لەو ئەكتەرانە لەسەر تەختەی شانۆ هەڵبژاردووە، یەكێك لەوانە وەزیری هونەرە جوانەكان و سەرۆكی ئەنجومەنەكە ١١ جار (ئاربستید برایاند)ی دیبوو، هەر لەسەر تەختەی شانۆشدا شەیدا ئەكتەری كۆمیدی (برس سارن) ی بووە .

لە سییەكانی سەدەی رابردووش وەزیری دەرەوە (ئایفۆن دلبۆس) شەیدای ئەكتەرێكی تری كۆمیدی فەرەنسی بووە، ئاندری تاردیو سەرۆكی ئەنجومەنی فەرەنسی ماری ماركتی ئەكتەری خۆشویستووە. لە نامەیەك سەرۆكەكە بۆ ئاندری ئەكتەری نووسیوە:

ئەگەر پارەی ئەو كارەت بەشت نەكات و مایەی خۆت دەست نەكەوتەوە، من قەرەبووت دەكەمەوە.

كە لە ساڵی ١٩٣١ لەیەك جیابوونەوە زوو نامەكەی بڵاوكردەوە. بەوەش نەوەستا نهێنی دە ساڵی تایبەتی بۆ مێژوونووس میشال دۆكر ئاشكراكردبوو. ئیمرۆش كەسانی بەهێزو بە هەیبەتی كۆماری پێنجەم لەژێر كاریگەری ژنانی نازدارن و لەبنەوە تەونی چەندین پلانیان بۆ دەهونێنەوە، دەسەڵاتەكانیان دەهەژێنن و بەئارەزوو و زەوقی خۆیان بەكاریاندەهێنن.

مێژوو ئەو هەڵە مێژوویە گەورەیەی ژەنرال بۆلونجی دەگێرێتەوە، كە لەسەر گۆڕی دۆستەكەی مارگرێت دو بونمان خۆی كوشتبوو، ئەوەی چەند مانگێگ پێش ئەو بە نەخۆشی كانسەر (شێرپەنجە) گیانی لەدەست دابوو. ئەو قسەیەی (جۆرج كلیمنسۆ) ش زۆر باوە كە وتوویەتی:

ژەنرال بۆلونجی وەك (كیژۆڵەیەكی سەرشێت) ژیاو مرد.

كۆمارییەكان لەو جۆرە كارانە دەرسیان وەرنەگرتوە، رۆژێكیان لە ساڵی ١٨٩١ پاسەوانێك بەسەر ئارستید برباندا دەچێت ئەو خەرێكی

ژنێکی بەمێردە، توورەدەبێت و بڕیاری شەش مانگ زیندانی و ٢٠٠ فرنگ غرامەی بۆ پاسەوانەکە دەبڕێتەوە، پاشان داداگای تێهەڵچوونەوە سزاکەی لەسەر رەشدەکاتەوە. ئامیل کۆمب دانەری سەرەتاییەکانی لائکی فەرەنسی حەزی لە کارملیت کردووە. جۆزیف بۆل بونکۆر وەزیری دەرەوەی فەرەنسی لە سەرەتای سییەکانی سەدەی رابردوو، زۆر شەیدا ژنانی ئەکتەرو گۆرانیبێژو جاسوس بووە، زۆر خەریکیان بووە، بەوەش زۆر نهێنی کەوتووتە لای ئەو جۆرە ژنە سۆزانیانە، بۆیە تا شەرەفی کۆمار بپارێزێت و شەرمەزاری لەسەر نەبێتە ماڵ، زۆر لە نامە تایبەتیەکانی خۆی بە پارە لێیان کڕیووەتەوە، یەکێك لەو نامانە لە جنێف بوو، ئەو نوێنەری فەرنسابووە لە دەزگا رەسمییەکان لەوێ نامەیەکی بۆ یەکێکان نوسیبوو، لەو نامەیەدا هاتووە :

ئاگاداری، کە من دوێنێ باسی کۆمەڵگای نەتەوەکانم کرد، دڵنیابە من هیچ هوشیار نەبووم و ئاگام لەخۆم نەبووە، من زۆرتر بایەخ بە تۆ دەدەم، نەك بە کۆمەڵگای نەتەوەکان.

# بەشی سێزدەهەم

## ڕۆڵی سۆزانییەکانی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانا. ژنانی لەشفرۆش چەند کاریگەرییان لە بڕیارەکانی دەوڵەتی فەرەنسیدا هەیە.

زۆرجار ژنی فەرەنسی ڕەوشی خۆی لە ناو ژیانی سیاسی فەرەنسی بە مەغدووری و زۆرلێکراوو گاڵتەپێکراو دەبینێتەوە. لەناو دەستووورە (شاراوەکەی) فەرەنسادا ئەوەی میللەتی فەرەنسی کاری پێدەکات لە مادەی یەکەمییدا نووسراوە، ژنان هەر بە کەڵکی سەرینی هاوڕێیە پیاوەکانیان دێن. ئەوەی بلزاك لە ڕۆمانی دەرکەوتن و برسیەتی ژنە لەشفرۆشەکاندا نوسیویەتی، تا ئیمرۆش بەکاردێت و واش باوە.

یەکێتی بۆ بزاڤەکانی میللی، ئەوەی بەترسناك و شەرمەزاری زانییوەو لە ناو ئەڵقەکانی ناوخۆی حزبەدا زۆر باسکراوە، بەڵام کەمتر لە میدیاکاندا ناوەرۆکی ئەو باسەیان دەرکاندووە، نارەزایی توندیشی ئاراستەکراوە، ئەویش داخوازی بووینە بۆ ئەوەی ئەو دیاردەیە بنبڕبکرێت، چیتر بوار نەدرێت زێدەڕۆیی دروست بێت، بەڵام ئەوەی جێگای باس و پرسینە نازانرێت بۆچی حزبەکەی سارکۆزی ئەوەی بەنیازە لە ئەپریلە خۆی بۆ سەرۆکایەتی کاندید

بكات، ئەو مسەلەیەی بەهەند وەرگرتووەو خەم لەو بابەتە دەخواو بەدوای چارەسەرییدا دەگەڕێت.؟

لە حزبی ڕاستڕەوی فەرەنسیش لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ۲۰۰٤ بە سەرۆکایەتی فرانسوا کوبی وەزیری مونتدبی بودجەو چارەسەری دەوڵەت، ناوی چەندین ژن هاتووە، بەڵام ئەو ژنانە هەموویان یان دۆستی ئێستاو بەردەوامی خۆیان بووە، یان کۆنە دۆست و عەشیقەکانیان بووە، ئەوەش ئەندامانی حزبی ناڕەزایی و تووڕەکردووە. لەو ژنانی ناویان هاتووە، یەکێکیان دۆستی کەسایەتیەکی ناودارە لە دەوڵەتی فەرەنسی، یەکێکیان دۆست و یاری نوێنەرێکی پاریسەو ناوی دۆستی وەزیرێکیشی تێدایە. دانانی دۆست و خۆشەویست و نازدارەکانی لە لیستی هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا، تەنها لە فەرەنسا باوو ناسراو نەبووە، ئەوەتا لە لیستی ناوەکانی کاندیدکراو بۆ پەرلەمانی ئەوروپی ئەو جۆرە ژنانەش لەسەر ئاستی ئەوروپا بڵاوو زۆرە. لە پێشەوەی ناوەکانی لیستی فەرەنسی ناوی دۆستی پاڵێوراوی سەرۆکایەتی فەرەنسی هاتووە .

لە ئەزموونی فەرەنسییدا زۆرجار وا هاتووە کەسێك ناوی خۆی لە لیستەکە کوژاندیتەوەو پاشەکشەی کردووە، بەرامبەر دانانی ناوی دۆستەکەی یان کیژێکی بۆ هەمان پۆستەکەی خۆی. لە لیستی سارکۆزی ناوی ژنێك هاتووە، تەنها لەبەرئەوەی کوڕێکی لە سەرۆکێکی پێشووی فەرەنسی بووە. بۆیە کە لیستی ناوی پاڵێوراوو کاندیدکراوەکانی ئاشکراوو بڵاودەبێتەوە چاودێران و ئاگاداران ئەوەیان لا سەیرو تازە نییە، لەو لیستانەدا ناوی چەندین دۆست و یارو عەشیقەی کەسانی دیاری ناو حکومەت هاتبێت. دانانی ئەوانەش لەسەر بنەمای ڕابردووی سیاسی و شارەزایی و ئەزمووون نییەو ڕەچاوی هیچ لەو مەرجانە ناکەن.

## بڕیارەکان بە ژنانی لەشفرۆش ناگۆڕێت:

میشاران شاراس یەکێکە لە کەس نزیکەکانی فرانسوا میتران، ئەو قسەی بەنارەواو نادروست زانیوە، کە دەڵێن بڕیارەکانی دەوڵەتی فەرەنسی کاریگەری ژنە لەشفرۆشەکانی پێوەیە. شاراس ئەوەی وتبووی ئەو ژنانەی پۆستی وەزارییان لەلایەن میترانیش بەرکەوتووە، پێشتر دۆست و خۆشەویستی ئەو بووینەو ئێستا پەیوەندییان نەماوە. ئەوانەی ئێستا لە حکومەتن هیچیان پەیوەندییان بە میترانەوە نەبووە. ئێمە لە مەملەکەتی دۆست و کەنیزەکانی پاشاکاندا نین، ئەوانەی لەسەردەمی پاشایەتی روویان داوە ئێستا باوی نەماوە، وەنەبێ لە پشت پەردەوە لە پەناو لاچەپەکانی حکومەت و سەرۆکایەتی فەرەنسی زۆر شتیش نەبێت و ڕوو نەدات .

جۆن بۆل هۆشۆن بەڕێوەبەری دیوانی سەرۆکایەتی وەزیرانی رۆکار وتبووی:

ژنە وەزیرێك تازە پۆستە وەزارییەکەی وەرگرتبوو، تەلەفۆنی بۆ رۆکار کردبوو، من پێش تۆو لە سەردەمی هەردوو سەرۆکەکەی پێش تۆ، فالیری جیسکار دیستان و میتران ئامادەبووم، لەنزیکەوە هاوشانیان بووم، ئەگەر تۆش ئەوەندە کراوەبیت و ئارەزووت هەیە، لەگەڵ تۆش ئامادەم .

لە شێستەکان ڕۆژێك میتران پێشوازی لە وەزیرێکی دیگۆلی کردبوو، وەزیرەکە ژنەکەی لەگەڵ بووە، پاش ماوەیەك هەمان وەزیری بینیەوە ئەمجارە ژنێکی تری لەگەڵ بووە، بۆیە سەرۆك وەزیران عاشقی ژنەکەی بوو، سۆراخی دەکردو خۆی لێ خۆشکردبوو. ئەو چیرۆکانە لە ژیانی میتران زۆرە، تەواو نابێت، لە دانانی ناوی لیستی پالێوراوانی هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٧٩ داوای لە

ڕاوێژکارەکەی خاتوو ماری فرانسوا گارۆ کردبوو، بۆ یەك لە ژنە هاورێیەکانی شوێنێکی پێشەوە دابین بکات، ئەو ژنانەی پشتی پەردەو ئەوانەی لە سێبەرن زۆرجار پلەو ژیانی پیاوانی سیاسی سەرەوژوور دەکەن .

لە شێستەکانا ئەنجومەنی نیشتیمانی فەرەنسی دانووستانێکی گەرمیان بۆ هەموارکردنی یاسای مەدەنی کردبوو. سەرۆکی دەستەی یاساکان دەرحەق بە منداڵانی بیژی و دایکە بێ پیاوەکان توندبوو. جۆن فرانسوای سکرتێری گشتی کۆبەند بۆ دیموکراسی لە بیریەتی چۆن راگری لیژنەی میزانیەو فرۆکەوانی بەردەوام خەریکی ژنانی هاورێ و دۆستەکانی بووە، بەردەوام نووسینگەکەی لەو ژنانە جمەی دەهات و پێشوازی گەرمی لێدەکردن. لەبەر ئەو کارو رابووراندنەی هیچی لەبن دەست نەماوەو لە لێژنەکەی ئەنجامی نەبوو، ئەوەی لەگەڵی دەبینرا، زوو دەیووت ئەوە کیژی خوشکمە.

## نەوەی کیلنتۆن:

گۆڤاری (ئاکتۆیال) لە ژمارەی مانگی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٩٢ دۆسیەیەکی بەناوی نەوەی کیلنتۆن کردبۆوە، پرسیاری ئاراستەی چەند دبلۆماتێك کربوو، دوو پرسیاری ئاراستەکردبوون، ئایا رۆژێك لە رۆژان خیانەتتان لە ژنەکانتان کردووە، ئایا ماوەی دیاریکراوی یاسایی سەربازییت تەواوکردووە ..؟؟ چەپرەوەکان و ئیشتراکییەکان لە پرسیاری یەکەمەکە ئیحراج دەبوون، سیناتۆر جۆن لۆك ملیونشو بیرۆکەی ئەو پرسیارەی بەبێ سوود وەسفکردبوو، وەزیری تەندروستیی پێشوو (کلۆد ئایفین) لە وڵامدا وتبووی: ئەگەرچی من پەیوەندی فرەلایەن و زۆرم بە ژنانەوە هەیە، بەڵام من یەك جاریش

خیانەتم لە ژنەکەم نەکردووە. سیانتۆر جاك رۆکا سیرا لە وڵامدا وتبووی:

من سوتاوی ژنانم .

جۆن رۆکا فرانسوا لەو قۆناخەی سەرۆکی پارێزگارە چەپڕەوەکان بووە، بۆ وڵامی ئەو پرسیارە زوو، وەك کیلنتۆن وڵامی دابووە، ئەو وتبووی :

من هەموو شێوەکانم لە گەڵ ژنەکەم بڕاندبووە، گفتوگۆو لەسەر رۆیشتن سوودی نەمابوو، پاش ئەو رۆژە هەرچی بڵێن سوودی نابێت .

ڕاسترەوەکان وەك چەپڕەوەکان وا بەروونی و بەئاشکرا وڵامیان نەداوەتەوە، ئەوان بۆ وڵامی ئەو پرسیارە بە دەستنوێژبوون، خۆیان دوورەپەرێز رادەگرتبوو .

ئاڵان کارینیون کە لە (گرونوبل) سەرۆکی شارەوانی بووە، شتێکی لێقەومابوو، بۆیە ئەو زۆر بەدڵنیایی و بێمنەت بوو لەوێ رۆژێك خیانەتی لە ژنەکەی کردبێت. برونۆ میگریت لە بەرەی میللی لە وڵامی ئەو پرسیارە خۆی دزیوەتەوە، چونکە ئەو رۆژە ئەو دووەم رۆژی زاوایەتی بووە .

لەوەوە دەردەکەوێت دۆست و یارو بەزمی رابواردنەکانی سیاسەتمدارانی ڕاسترەوەو توندڕەوەکان دەرکەوتن، ئاشکرابوونیان دوادەکەوت و کەمتر دەزانران. ژنەکەی جۆن بیاری کەسی دووەم لە بەرەی میللی کە لە ساڵی ١٩٨٨ کۆچی دواییکردووە، لە مارسی ٢٠٠٥ بۆ ژنەکەی ئاشکرابووە، کەوا ئەو پەیوەندی بە ماری کریستین ئارنوتوی، نوێنەری بەرەی میللی لە ئەنجومەنی ناوخۆی شاری ئایل دۆ فرانس هەبووە. بێوەژنەکەی بیار، ئەوەی بەوە تاوانیارکردبوو، کە ماری لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی بەناوی مێردەکەی و بوونی

پەیوەندی بەو پیاوە مردووە بازرگانی دەکات، درۆ دەکات مێردەکەی هیچ پەیوەندی بەو ژنەوە نەبووە، ئەو جۆرە قسانە شێوەیەکە لە شێوەکانی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردن، بەڵام ژنە عاشقەکە لەبەردەم ژووری تاوانباری ١٧ی دادگای پاریسی ئیمساڵ ئەوەی ئاشکراکردووە، کەوا ئەوان بەیەکەوە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ پەیوەندییان هەبووە، یەکتریان خۆشویستوە، لەبەردەم دادگاش کۆنتراکتی (فلات) شوقەکەی نیشانداوون، ئەو شوقەیەی بەیەکەوە تیدا رایانبواردووە، هەروەها شەهادەی برایە مردووەکەشی ئاشکراکردووە، کەوا جۆن بیار ستیرابوا لەبەر چاوی ماری ئامادەیە ئەو ژنەی ١٧ ساڵ بەیەکەوە بووینە تەڵاق بدات. دیارە کەوا رێستورانی سیاسەت بە بەهاراتەکانی زۆر پەیوەندی زۆری خەڵك ئاشكرا دەکات و مشتومڕی رۆژانی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی ئەوروپی زۆر نهێنی درکاند.

## مێردەکان لەژێر چاودێریدان:

بەپێی لێکۆڵینەوەیەك وەکالەتی (تی ئان ئاس) بۆ رۆژنامەی لۆفیگارۆ ئاشکرایکردووە، ١٧% دەنگدەرانی فەرەنسی کە دەنگ بۆ هەر سێ هەڵبژاردنەکانی فەرەنسا دەدەن، بایەخ بە مەسەلەی پەیوەندی سێکس و ژن و دۆستی ترو ئەو مەسەلانە نادەن، چونکە ئەو دیاردەیە لەچاو وڵاتانی تر کەمەو بەدەگمەن روودەدات، ئەگەر چاو لە سیاسەت و سیاسەتمدارانی وڵاتێکی وەك ئەمریکا بکەیت، چەندین نموونەی مێبازی و پڕدانی ژنان و شەرمەزای لەو شێوەیە بەیەخەی سیاسەتمدارانەوە لکاوە، وڵاتی فەرەنسا لەچاو ئەو وڵاتانە نموونەیەکی دەگمەنە. وەرگرتن و رازیبوونی رای گشتی بە مەسەلەی گەندەڵی و

لادان تا رادەیەك قبولە، بەڵام ژنەكانیان ئەوانەی پیاوەكان چاودەگێرن و دۆستیان هەیە، ئەگەر تۆخ بێت ئەوە بە جوانی باسی ناكەن .

مۆریس زافرنی رۆژنامەنووس لە (بلای بۆی) لە ئەكتۆبەری ١٩٨٤ لە جاك تۆبونی بەرپرسی یەكەم لە كۆبەند بۆ دیموكراسی، كە سەرۆكی هەرێمی ١٣ پاریس بوو،

لەسەر رۆژانەی ژیانی تایبەتی پرسیبووی، لە وڵامدا وتبووی:

من بەدەگمەن هەوایەك دەگۆرم، كەم كەم سپۆرت دەكەم، زۆریش هاوشانی ژن و منداڵەكانم دەمینێمەوەو كاتی زۆری خۆم بۆ ئەوان تەرخان دەكەم.

ئەگەرچی ئەو چارەگە سەعاتێك پێش ژنهێنانەكەی داوای ئەوەیان لێكردبوو، بەیانی وڵامێك لەسەر دەستەی ئیشتراكییەكان پربكاتەوە. وەزیری رۆشنبیری (جاك كۆبو)، ئەوەی ئاشكراكردووە كەوا هاوسەری ژن و مێردی سیاسەتمدار بەختیارنین، ئەوان كەمتر لەبەر سەرقاڵی و كاری سەختی رۆژانەیان دەپرژێنە سەر ماڵ و منداڵەكانیان. بەڵام ژنانی پیاوانی سیاسی ئەو رۆژانە بەرگەی ئەوەندە دووری و ئیهمال ناگرن، مێردەكەیان دەوێت زۆر لە دیاریانەوەبن. ئەو جۆرە ژنانە حەز ناكەن بەهیچ شێوەیەك لە مێردەكانیان دووربن، جا ئەو پیاوانە لە چە ئاستێكدا بن، قبول ناكەن تۆزقاڵێك خیانەتیان لێبكەن. ئەوانە لە هەموو گەران و سەردانی رەسمی و نارەسمی هاورێیان دەبن، ئاگاداری وردو درشتی كاری رۆژانەیان دەبن، چاوپۆشیان لێناكەن، چاو لە خشتەی كارو چالاكیەكانیان دەكەن. دەكرێ ئەو پەیوەندیان بە رستەیەك كورت بكەنەوە، ئەو جۆرە ژنانە وەك پۆلیسێك چاودێری چالاكیەكان و هەڵسوكەوتیان دەكەن.

میشال كوانتای سكرتێری دەوڵەتی پێشووی وەزارەتی دەرەوە، دەگێرێتەوە (ئایف بار) بە وردی چاودێری جولانەوەو رۆژانەی

(ریمۆن بار) ی سەرۆك وەزیرانی پێشووی مێردی کردووە، کە پاشای مەغریب حەسنی دووەم داوەتی کردبوون و لە جیاتی خۆی محمدی پێنجەمی کوری ئامادەبوو، ژنەکەی سەرۆك وەزیران زۆر تووڕەو نیگەران بوو، کە ژنە سەماکەرەکەی لە ئاهەنگەکەدا سەمای بۆ دەکردن و سکە رووتەکەی بۆ مێردەکەی چەپ و راست بۆ بادەدا، ئەو نیگەران و تووڕەببوو، بەڵام هێشتا وەك ژنانی ئەو نەوەیە تووڕەبونەکەیان سەخت و زۆر نەبووە، وەك چۆن پاش ساڵی ١٩٩٧ ئان سینکلار بەرنامەی بۆ دومینیك سترۆسکانی مێردی دانابوو، چۆن لە دانیشتنەکانا دادەنیشت و چەند لەوە دووربێت و جموجۆڵەکانی لە هەموو بۆنەکانا بە چە شێوەیەك بێت.

ژنی سێیەمی وەزیری ئابووری و دارایی بەدەگمەن بۆ دەرەوەی وڵات هاورێی سەفەرەکانی مێردەکەی دەبوو. کە جاك شیراك دووبارە لە ساڵی ٢٠٠٢ بە سەرۆکی فەرەنسی هەڵبژێردرایەوە، جۆن بیان رافاران بۆ پێکهێنانی حکومەت دەستنیشانکرا، نیکۆلا سارکۆزییش بووە سەرۆکی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی، ژنەکەی سارکۆزی لە تەنیشت نووسینگەکەی ئەو ژوورێکی بۆ خۆی تەرخانکردووە، بووە بە بەرپرسی دیوانی تایبەتی ئەو. (ماری کارۆلین فێری) ی ژنی (لۆك فێری) ی وەزیری پەروەردەی نیشتیمانییش لە تەنیشت نووسینگەی مێردە وەزیرەکەی دیوانێکی بۆ خۆی تەرخانکردبوو، ئەوەش لەلایەن نیکۆلا سارکۆزی هاورێ لە حکومەت ئامۆژگاری کرابوو. هاورێیەتی ژنەکەی وەزیری پەروەردە لە چوونی بۆ کاری وەزارەتەکەی و دانانی نووسینگەیەکی تایبەت بە خۆی زۆر لە هاورێی و کارمەندانی وەزیرەکەی هەراسان و تووڕەکردبوو، وەك سەردانەکەی بۆ لوتکەی رووبەرووبونەوەی جیهانگیریی ساڵی ٢٠٠٣ لە فەرەنسا، بۆیە لەداخا بەرێوەبەری دیوانی وەزارەت دەستی

له پۆستەکەی کێشاوەتەوەو وازی هێناوە، بەڵام ئەو سووربوو لەسەرئەوەی لە هەموو کۆبوونەوەو دیدارەکانی هاوشانی بێت، زووتریش بۆ خوێندنەوەی دوا چاپکراوە نوێیەکانی هاورێی دەبوو .

له حکومەتەکەی رافاران، لۆرا دارکۆس وەك راوێژکار بۆ مێردەکەی وەزیری هاوکاری دانا، ئەو شارەزاییی زۆری له سەردەستی فرانسوا بایرۆ که ئیشی لەتەك کردبوو پەیداکربوو، بەئاشکرا وتبووی:

من بەراستی بۆ یارمەتی ئەو هاتووم و بەشداری هیچ مەراسیمی رەسمی یان گەشتەکانی ناکەم، ئەوەش بۆ ئەوەیە تا مێردەکەم سەربەخۆیی تەواوی له رۆژانەی کارکردنی هەبێت .

له گەرمەی رۆژانەی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی بەتایبەتی هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠٠٢ ناوی ژنەکان و سەربەخۆیی مێردەکانیان و ئارامی و هێمنی ژیانی رۆژانەی هاوسەریەتی سیاسەتمداری دەوری هەبووە، ئەو جۆرە پیاوانە شانسی سەرکەوتن و لابردنی کێشەکانیان زۆرتربوو. رۆژێك دۆستی وەزیرێك وتبووی، ئەو پیاوە دبلۆماتانەی ژنان بەکاردەهێنن بەتایبەتی ئەوانەی له کەرتی راگەیاندن کاردەکەن و خۆیان لێیان نزیك دەکەنەوەو بایەخیش بەو جۆرە ژنانە دەدەن. لەو جیهانە جەنجاڵەی ئیمرۆدا ژنی دبلۆماتان زۆر بەدوای مێردەکانیانەوەن و بۆ ماڵەوە دەیانهێنەوە، چاوەروانی ئەوە ناکەن ئەوان کەی و چۆن و به ئارەزووی خۆیان سەربکەنەوە ماڵەکانیان، بەتایبەتی ئەوانەی نووستن و رابواردنی سەرینی گەرمی دۆستەکانیان له نوستنی لای ژنەکانیان پێ خۆشتربووە.

# بەشی چواردەهەم

دیارە کەوا وڵاتی هنری چوارەم و میتران لە رووی ئەخلاقیەوە لە تۆقی سەرەوە تا بنی پێیانی بە گەندەڵی ناسراوبووە. ئەوان بە ئارەزوو ویست و حەزی خۆیان ژیابوون و رەچاوی تۆزقاڵێك زەوق و رەوشتیان نەکردووەو شەرمیان لە کورسیەکانیان نەکردووە. فەرەنسا وەك بریتانیا نییە، کە لە بەر دژایەتی بەرژەوەندییەکان لە ساڵی ١٩٨٩ بیتر ماندلسن وەزیری پیشەسازی دەستی لەکارکێشاوەتەوە. ئەو وەزیرە بە هۆموسێکسیولی تاوانیارکراوو رۆژنامە میللیەکانی وەك (ستار) و (سان) وێنەیان لەگەڵ کورە برادەرە برازیلیەکەیان بڵاوکردەوە، پاش ئەو رووداوە بیتر ماندلسنی وەزیری پێشەسازی، کە ئێستا وەزیری مفەوەزی بازرگانی ئەوروپی یە، لەجاران زۆر زۆرتر ئاگاداری خۆیەتی و بواری ئەوە نادات رۆژنامەگەری زۆر بچێتە ناو مەسەلە تایبەتیەکانی ژیانی.

زۆریش کە باس لەو نەخۆشییە سێکسییەی ئەو دەکرێت، ئەو زوو ئەوەی بە بیردێتەوە ئەو پیاوێکی فەرەنسییە. لەو وڵاتەدا رێزپەری زۆرجار دەبێتە یاساو کاری پێکراوە، کە کۆمەڵەی (هۆمۆسێکسوالەکان) دژی بەربەستکردن و بوارگرتنیان لەلایەن حکومەتەوە، هەڕەشەی ئاشکراکردنی ناوی چەند بەرپرسی دیارو گەورەی حکومەتیان کردووە، ئەگەر پەیمانی مەدەنی هاوکاری

رابگەیێنێت، ئەوان ناوی چەندیان دەزانی، وەك ئەوان ئەو كارە دەكەن، كە رای گشتی ئەوەیان زانی هەڕەشەی رژانە سەرشەقامەكانی پاریسیان كردو رازی نەبوون دان بەو پەیمانە بنێن و بۆ ئەو جۆرە كەسانە گوێرایەڵ بن .

پەرلەمانتار ئاڵان مادلین لە كۆتایی وتارەكەی لەبەردەم ئەندامانی دەستەی دیموكراسیەتی رزگاریخواز لە ئەنجومەنی نیشتیمانی ئاماژەی بە هەڵمەتی توندی هۆمۆسێكسوال بۆ سەر ئەندامێكی پەرلەمان كردبوو، بە پەنچەش ئیشارەتی بۆ كردبوو، ئەویش پەرلەمانتار سیدیری بوو. بەو ئیشارەتەو ناوهێنانە، سیدیری رەنگی گۆڕابوو، بەراستی ئەو پیاوێكی هۆمۆسێكسوال بوو، بەڵام ئەو دژی ئەوەبوو ناوی بێت و لاپەڕەی نهێنی و تایبەتی هەڵبدرێتەوە، چونكە ئەوەی لە سەرشەقامەكانا هەرەشەیان لێكردبوو، مەبەستیان ئەو نەبووە، كەسیش باسی ئەوی نەكردووە، بۆیە مادلین زوو داوای لێبووردنی خواست و ناوی یەكێكی تری هێناوە، ئەویش كلۆد گواسگان بوو، دەركەوت ئەو ناوەشی بە هەڵە دركاندووە، دیاركەوتووە ئەو تاكە پەرلەمانتارە ناوی ڕاستەقینەی ئەو پەرلەمانتارەی نەدەزانی كە بەراستی مەبەستی بووەو ناوی هاتووە، ئەوەش بەنهێنی مایەوە تا ساڵی ٢٠٠٣ كە گای بیرنبۆم كتێبێكی لەسەر ژیانی تایبەتی ناودارەكان دەركردبوو، لەو كتێبەدا دەركەوت پەرلەمانتارە مەبەستەكەی هاواری جەماوەری سەرشەقام (رونو دوندویو دوفابرس)ە و كەسی تریان مەبەست نەبووە.

كە رونو لە پایزی ٢٠٠٤ كرا بە وەزیری رۆشنبیری، لە هەفتەنامەی رۆشنبیری (لی ئانرۆكس) ی رۆژنامەنووسێك مەسەلەكەی نوێكردووەو پەردەی شاراوەی لەسەر لاداوە، پاش ئەو هەفتەنامەیە گۆڤاری(ماربان) یش هەمان مەسەلەی وەرووژاندەوە،

هەردووكیان سووربوون لەسەر ئەوەی جەنابی وەزیر باسی لاپەرە تایبەتیەكانی ژیانی خۆی بكات. ئەو مەسەلەیە هەروا بەبێدەنگی نەماوە، لە یادی ژمارەی سەدی گۆڤاری هۆمۆسێكسوال لە ژن و پیاوەكان (تیتو) وێنەی چەند سیاسەتمداری هۆمۆسێكسوالی بڵاوكردەوە. لەوانەی ناوو وێنەیان بڵاوكرایەوە، وەزیری بریتانی بیتر مانلسۆن و سەرۆكی شارەوانی برلین كلۆس ووربت و عمدەی پاریس برتراند دۆلانوی و سكرتێری نیشتیمانی پێشووی بۆ بزاڤی میللی جۆن لۆك رۆمیرۆ و پەرلەمانتاری ئیشتراكی لە پاریس و هەروەها رۆنو دوندیو دوفابرسیش ناویان هاتبوو، گلەیی ئەوەشیان هەبوو كەوا بەردەوام پەیوەندی بەوانەوە ناكات.

بەڵام سیاسییەكان كۆك بوون، لەسەرئەوەی حەق وایە باسی مەسەلە تایبەتیەكانی سێكسی تاكە كەس نەكرێت، ئەگەرچی فیدراسیۆنی پەرلەمانی لە پێناو بزاڤی میللی ئەوەی ئاشكرا كردبوو، كەوا لە كۆی ٣٦٠ پەرلەمانتار ٤٠ یان هۆمۆسێكسوالین، ئەوانەی دەنگیان پێداون كەسی بە ژن و منالْن و فەمیلیداران و زارۆكیان هەیە، دیارە ئەو كاتە زانیارییان لەسەریان نەبووە، بۆیە لە هەڵبژاردنەكانا دەنگیان پێداوون.

ئەو مەسەلەیە بەشاراوەیی نەمایەوە، یەكەم پیاوی سیاسی لە فەرەنسا لە ساڵی ١٩٩٧ ئاشكرایكرد، كەوا پیاوێكی هۆمۆسێكسوالە، پاش ئەو رووداوەو ئەو بەرواره ئەو مەسەلەیە وا نەما، بەڵام ئەوەیان (بانزری لابارار) ناگرێتەوە، كە لە پایزی ئەو ساڵە مردبوو. لابارار ئەو بابەتەی لە كتێبەكەی بەناوی (بارۆنی سوور) باسكردووە، هەموو رۆژانەی ژیانی خۆی لە سەرەتای هاتنە ناو ئیشتراكییەكان و بوونی بە سەرۆكی شارەوانی (دوبو)، هەروەها سەبارەت بە (دولانوی) كە سەرۆكی شارەوانی پاریس بووە، لە ساڵی ١٩٩٨ لە بەرنامەی ناوچە

قەدەغەکراوەکەی کەنالی شەشی تەلەڤزیۆنی فەرەنسی لە پێش بینەران دانی بە هۆمۆسێکسوالەی خۆی دانابوو و ئاشکرای کردبوو. ئەو دانپێدانەیەی دولانوی هاوشانی و پشتیوانی هەموو هۆمۆسێکسوالەکان بوو، لە گۆڤارە تایبەتیەکەیان (تیتو)

نوسیبووی: من لە پێش شاشەی تەلەڤزێۆن و بۆ ئەو مەسەلەیەو ئاشکراکردنی هۆمۆسێکسوالیەتی خۆم بەرووی بینەرانەوە، سێ دەقەی یەکەمیش هەر دوودڵ بووم .

ڕاگەیاندنەکەی بۆ هەموولایەك سەیرو چاوەڕواننەکراوبوو، بۆیە نیکۆڵا سارکۆزی لە کتێبەکەی ساڵی ٢٠٠١ بەناوی (سەربەست) نووسیویەتی:

ئەوە چە جۆرە زیندەوەرێك بەو پیاوەی وەداوە، تا وا بەئاشکرا دان بە شتە دابنێت و ئەو ڕاستیە ئاشکرا بکات. دووبارە سارکۆزی سەرسامی خۆی ڕایگەیاندبوو، بەوەی دۆلانوی چە سوودی بینیووە لە بڵاوکردنەوەو ئاشکراکردنی ئەو مەسەلە تایبەتیانە، وەك ئەوەی من ئێستا پەیوەندە سێکسیەکانی خۆم ئاشکرابکەم، ئەوانە چە سوودی بۆ ڕای گشتی دەبێت ..؟؟؟ پاش ئەوەی سارکۆزی وەزیری ناوخۆی فەرەنسا نیگەرانی بەو بڵاوکردنەوەی ئەو ڕایگەیاندبوو، پاش سێ ساڵ لە کتێبی (ژیان شێتیە) وڵامی داوەتەوە، کە هیچ ژنێك نەهاتووتە ناو ژیانی من، بۆیە منیش دەپرسم، ئایا وەزیری ناوخۆ دەتوانی ژمارەی ئەو ژنانەی لە ژیانی ئەو بوونیان هەبوو بۆمان بژمێریت.

## وڵاتی گوێ لەیەکتر ڕاگرتن:

باتریك بوافر دارفۆر پێشکەشکەری هەواڵە سەرەکیەکانی شاشەی (تی ڤی ١) دووپاتیکردەوە، کەوا وەزیری ناوخۆی ئەوکات میشال

باسکوا وتبووی، من لە دەزگای هەواڵگری زۆر زانیاری تایبەتی خۆم وەرگرتیتەوە. ئەگەر ئەو وەزیرە کابرایەکی قۆشمەو بەزم خۆش بوو، بەڵام ئەو قسەیەی بۆ خۆشی نەکردووە، ئەوەیان لە دەوڵەتی فەرەنسی دەوەشێتەوە، دەزگاکانی هەواڵگری زۆر بایەخی بە زانیاری تایبەتی ناو کۆشکی سەرۆکایەتی حکومەت و گۆرەپانی (بۆفۆ) دەدا، کە وەزارەتی ناوخۆ لەو گۆرەپانەیە، ئەوان بەوردی، وردەکاری ژیانی تایبەتی هەمو کەسێکیان مەبەست بووە، بەتایبەتی ئەگەر سووکە گومانیشی لەسەر هەبووبێت .

وەزیری ناوخۆ ئەو قسەیەی هەر لەلای ئەو پێشکەشکەرە تەلەڤزیۆنە نەکردبوو و بەس، بەڵکو لای میشال کوتاو جیرار کاربرۆ هەردوو بەرێوەبەری هەواڵەکانیش باسی کردبوو. لە راپۆرتەکەی پۆلیسا ئەوە هاتبوو گوایە باتریك بوافر دارفۆر لەگەڵ ئەمیرە دیانا پەیوەندی سۆزداریان هەبوە، بەڵام کارمەندەکەی بەرنامەی هەواڵەکانی تەلەڤزیۆنەکە وتبووی وەزیرکە لەگەڵ ئەمیرە دیانا پیاسەیەکی ئاساییان لە شەقامەکانی پاریس کردووە، ئەوەش کارێکی ئاسایی یە، ئەوەندەی نەهێناوە سەرۆك میتران بەو کارە بزانێت .

باتریك کە زانی هەواڵگری هەیەو گوێ لە ئاخاوتنی خەڵك دەگرێت، ئاگاداری سەرۆك میترانی کردیتەوە، بەڵام سەرۆك هەواڵەکەی پشتراست کردووەو وتبووی، ئەو شانەیە سۆراخی ژیانی تایبەتی ئێمەش دەکات. باتریك گلەیی لەو تۆرە بەردەوام بووە، کە ئەوان سۆراخی دەکەن و لە رۆژنامەکاندا وێنەی ئەوو ژنە رۆژنامەنووس و رۆماننووس کلار شازالیان بڵاوکردیتەوە، گوایە بەچووتە بۆ بەرژەوەندی چەند سیاسەتمدارێکی فەرەنسی کاردەکەن .

وەزیری ناوخۆی فەرەنسی شارل باسکۆا خۆی لە باسکردنی مەسەلە سێکسیە تایبەتیەکانی دوور رادەگرت و هیچی نەدەرکاند، کە

له وەزارەت نەما، وەکالەتی لێکۆڵینەوەی نهێنی لەگەڵ جیانی ژنی کەوتنە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون، ئەوەش لەسەر داواکاری چەند کەسێکەوە بوو، بەڵام کە وەزیرە کۆنەکە بووە سیناتۆر، لە ئەنجومەنی عموم لەو جۆرە کارانە دوورکەوتیتەوە. وەزیری ناوخۆ دوو ڕووداوی لە کە باڵەخانەی وەزارەت لە گۆرەپانی بۆفۆ ڕوویانداوە گێراوەتەوە، هەردوو ڕووداوەکە پاڵەوانەکەی لەسەر ژنێکی ناوداری بەهەیبەتی سیاسی کاریگەر لەسەر سیاسەتی زیندووی فەرەنسا بووە.

ڕۆژێکیان پیاوەکەی دێتە لای وەزیری ناوخۆو داوای ئەوە دەکات، لە نەمان و دزینی جلی ناوەوەی ژنەکەی لەماڵەکەیان بکۆڵێتەوە، ئەو هەواڵەش بۆ کەسانی سیاسی و ڕەوشی فەرەنسا زۆر گران دەکەوێتەوە، بەڵام وەزیرەکە لەسەرخۆو بێ ئەوەی هەواڵەکە لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن و چاوی میدیا بقۆزرێتەوە، لێکۆڵینەوەی بۆ دەکات و بۆی دەردەکەوێت، کەوا پیاوێکی نەخۆشی شێت، جلی تایبەتیەکانی ئەو ژنە دبلۆماتەی دزییوە، بە دەرکەوتنی ئەو ڕاستیە زوو چواردەورەکەی لە ئاشووبەیەك ڕزگارکرد .

ڕووداوی دووەمیش کە وەزیری ناوخۆی ئاشکرایکردووە، جارێکیان هەواڵی ئەوەی بۆ هاتووە، کەوا وەزیرێکی ناوداری حکومەت بەردەوام جلی ناوەوەی دۆستە مێینەکانی کۆدەکاتەوە .

شارل باسکوا هەموو شتەکانی ئاشکرا نەکردووە، ئێوارەیەکیان پۆلیسەکانی ئاگاداریان کردیتەوە کەوا وەزیرێکی ئیشتراکیەکان بەرووتی و دوور لە دابونەریتی شیاو لەگەڵ پیاوێکی گۆرانیبێژ گیراوە، گیراویش بەو حالەتە تاوانیاردەکرێت و سزاش وەردەگرێت، بەڵام مەسەلەکە تەنها بەوەندە کۆتایی هاتبوو، کەوا دیوانی وەزیری ناوخۆ ئاگاداری وەزیری ڕۆشنبیری فرانسوا لیوتار وەك بەرپرسی یەکەمی ئەو گۆرانبێژە پیاوە کردەوە.

## بەسەردادانێکی شەوانە:

جۆن مونتالدۆی ڕۆژنامەنووس و توێژەرو نووسەری کتێبی (میتران و چل دزەکە) گێراویەتەوە، وەزیرێك گۆریەی ژنانەی لە پێدابووە، هەموو بینیوویانە، ئەویش داوای کردووە ڕۆژنامەنووسەکان چارەی بکەن، ئەگەرچی هیچیان بۆ نەکردووە، بەڵام مەسەلەکەیان گەورەنەکردوە و تا ئەو سەعاتەش نەزانرا، بۆچی ئەو گۆرییەی لە پێدابووە. هەر ئەو وەزیرە لەگەڵ کوڕێکی تەمەن ١٥ساڵانە لە گەراجێکی خوارەوەی باڵەخانەیەك لە ناوەڕاستی شاری بوبورگ گیرابوو، ئەوجارەش ئەو دۆسیەیە ئاشکرانەکراو پەردەی لەسەردادرا، ئەوەیان زۆر گران لەسەری دەکەوتەوە چونکە لەقەی کوڕی تەمەن گچکە سزای توندە.

ئەو دەمانەی ئەو وەزیری ناوخۆ بووە، ژنێکی سۆزانی لەلایەن پۆلیسی پاریسەوە گیراوە، ئەو ژنە جەنتای دبلۆماسییەکی ژاپۆنی پێبووە. ئەو دبلۆماتە ئەندامی وەفدێکی ژاپۆنی بووە بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی دژەتیرۆر، کە ئەو دەمانە لە پاریس ئەو کۆنگرەیە گیرابوو. وەزیری ناوخۆ بە پەیوەندی و دیداری پۆلیس و دادی ژاپۆنی مەسەلەکەیان چارەسەرکردو ئاگاداری سەفارەتی ژاپۆنیان کردەوە، کەوا لەنزیکترین کاتدا نامەیەکی گرنگیان بۆ ڕەوانە دەکاتەوە، بەڵام ناوی پیاوە دبلۆماتە خاوەن جانتاکەی ئەوانی نەبردبوو، ئەگەرچی ئەو بە نامەیەك جانتاکەی ڕەوانەی سەفارەت کردبۆوە، پێش ئەو ناردنەوەیەش داوای لە دەستەی میوانی ژاپۆنی کردبوو شوێنی تایبەتی مێوانداریان چۆڵ بکەن و دووربکەونەوە.

یەکێك لە گەورە پۆلیسەکانی پاریس، زۆرجار باسی ئەوەی کردەوە، ئەوان چەندین جار پیاوانی دبلۆمانی گەورەیان بەسەر ژنانی

سۆزانیەوە گرتەوەو راپێچی بنکەکانی پۆلیسیان کردوون. زۆریش بە رەقی قسەمان لەگەڵ کردوون، ئەگەر سەرپێچی بکەن و زێدەڕۆیی بکەن، وەك کەسانی ئاسایی تر بەرەو وەکیلی کۆماریتان دەکەینەوە.
گیران و پرسینەوە لە کەسانی ناودار زۆربووە، لە مایۆی ٢٠٠٤ رۆژنامەی لیکسبرسی فەرەنسی بڵاویکردەوە کەوا پۆلیس بێژەرێکی یەکێك لە کەنالەکانی گشتی لەگەڵ ژنێکی سۆزانییەوە گرتووە، لە رۆژنامەکەدا نوسرابوو بێژەرەکە مستەکۆڵەیەکی لە دەموچاوی پۆلیسەکە داوە، لە ستونێکی رۆژنامەکەی نووسیبووی، دەستی پۆلیسەکە نیشانەی سەرۆك جاك شیراك و پشتیوانی وەزیری ناوخۆ نیکۆلا سارکۆزیی هاوکات ئەویش پاڵێوراوی سەرۆکایەتی فەرەنسیە.
ئەو نووسینەوە ئەوە دەگەیێنێت کەوا هەڵمەتی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٧ پێش ماوەی دیاریکراوی دەستی پێکردووە.

## ماڵە چاك پارێزراوەکان:

ئەو رووداوە لە ساڵی ١٩٩٠ روویدا کە کۆبوونەوەی لوتکەیی فەرەنسی و کیشوەرە رەشەکە دەبەسترا، سەرۆك میتران لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆك سیاسەتی فەرەنسی بە وردی شرۆڤەکرد. لەو جۆرە دانیشتنانەدا پێشوەخت ئاسانکاری و وتووێژو دیداری ئامادە سازکردن دەبێت، فەرمانبەرێك لیستی ناوی ئامادەبووانی بەدەستەبووە، ئەوانەی ویستویانە شەوانەی پاش کارەکانیان هاورێی مێینەیان لەگەڵ بێت. حکومەتی فەرەنسی بۆ تێگەیشتن و بایەخدان بە پەیوەندی پتەوی نێوان فەرنسا و کیشوەری ئەفریقیا ئاسانکاری و پێشوازی و رێزی زۆر بۆ دۆستە ئەفریقیەکانیان دەنوێنن .
لە راستیشدا ئەوەیان زیرەکی و باشی ماتا هاری دەگەیاند لە کاری

دەست پەیداکردن و زانیاری وەرگرتن، ئەویش ویستی ئەوەی لەسەردەمی سەرۆکی پێشوو (جیسکار دیستان) بۆ ئیمپراتۆری ئەفریقیای ناوەراست لە ناوەندی هەشتاکان بۆیان کرد بیکات، بۆ ئەو مێوانە ئەفریقیانە جۆرەها ژنی سۆزانی نازدارو تایبەتی و بەژن زراڤ و رەنگ سپی و ئەسمەریان بۆ هێنابوونە کۆشکی هاردریکۆرت .

یەکێك لە ئەندامانی جیهانی هەواڵگری ئەوەی ئاشکراکردووە، کەوا ئەوان بەو رێگایە تەقلیدیەی ژن و خواردنەوەو مەستی و رابورادن نەیانتوانیبوو هیچ بەڵگەنامەیەکی گرنگی لای بۆکاسای ئیمپراتۆری ئەفریقیای ناوەراست بدزن و دەستیان بکەوێت. چونکە ئەو بەڵگەنامەکانی بە خەناوکەیەك لە ملی بەستابۆوەو نەدەکرا بترازرێن. فەرمانبەرانی پرۆتۆکۆڵی فەرەنسی ژنە سۆزانیەکانی باش دەناسی و شارەزایی زۆریان لێیان هەبووە، ژمارەی تەلەفۆنەکانیان و ئەدرێسی تەواوی ماڵە بەرێزەکانیان باش و ورد دەناسین، ئەوان ئامادەییان هەبوو بۆ گەورە فەرەنسیەکان و مێوانە تایبەتیە بێگانەکانیان باش و جوان و نازدارەکانیان بۆ هەڵبژێرن، لە ژنەکان سەرپشکیان بکەن.

فەرمانبەرێکی پێشوو لە وەزارەتی دابینکردنی تایبەت بە پەیوەندی بە خۆرهەڵاتی ناوەراست ئاشکرایکردووە، کە بەرێوەبەری کاروباری ئابووری سەندووقێکی نهێنی لەلابووە، بەو سەندووقە ژنانیان بۆ بەرپرس و دەوڵەمەندانی عەرەبی ئامادەکردووە، ئەو شێوەیەش لە هەموو جیهان پەیرەوکراوە. بەڵام پرسیارەکەش ئەوەبووە ئەوان ئەو هەموو کیژو ژنانیان لە کوێیەوە بۆ دەهێنن ..؟؟؟ لە ناوەندی دووەمی سەدەی بیستەم دوو ناوی ناودار هەبووە لەو بوارەدا شارەزاو زانابووینە، ئەوانیش خاتوو کلۆدو خاتوو بیلی بوون، بۆ پاراستنی ئەو

نهێینەو رووپۆشی لەو بابەتانە ئەوان بە خاتوونی بەرێز ناویان هاتووەو ناوی فرناند قرودت و ماری ئالین رۆبلۆیان لێنراوە. ئەو دوو ژنە خاوەن گەورەترین و ناودارترین تۆری بەکارهێنان و هێنانی ژنانی سۆزدار بووینە لە جیهاندا.

خاتوو کلۆد لەلای هەواڵگری فەرەنسی بەوە ناسراوبووە، کەوا ئەو توانیویەتی مێینەی وا پەیدابکات شارەزابن لە وەرگرتن و دزینی نهێنی تایبەتی بەرگری، ناوی نهێنیشی فیولیت بووە. ئەو لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی:

بە تەلەفۆن توانیویەتی ژنی سۆزانی بۆ سەرۆکی ئەمریکی کیندیش پەیدا بکات.

خاتوو بیلیش لە نێوان ساڵانی ۱۹٤۳ تا ۱۹۷۸ تۆڕێکی لەو کارمەندانە هەبووە، ماڵەکەشی ناونابوو (ئەستێرەی کلیبر) لەو ماڵەدا پێشوازی و خزمەتی گەورە بەرپرسانی سیاسی فەرەنسی کردووە. ئەو ژنە لە تەمەنی گەنجیدا دۆستی ئاندری تاردیۆی پیاوە دەسەڵاتدارەکەی کۆماری سێیەمی فەرەنسی بووە، پاشان کەوتووتە سەر پیشەی پەیداکردنی خۆشی و رابواردن و ژنی نازدار بۆ سەرکردەکانی کۆماری چوارەم و پێنجەمی فەرەنسی.

بیلی لە کتێبی (دۆستەکەی ماڵەوە) دا نووسیویەتی :

ئەو توانیویەتی ناوی ئەو سیاسەتمدارە ناودارانە بداتە دەزگای هەواڵگری ئەوانەی بە نیازی ژنان و رابواردن روو لە ماڵە تایبەتیەکەی ئەو دەکەن. تا ئەوانیش ماندوو نەبن، ئەلبومی وێنەی پەرلەمانتارەکانی بەوێنەوە پێداون، ئەوەش کاری ناسینی زۆر ئاسان دەکردن. بە قسەی بیلی دەزگاکانی پۆلیس یارمەتی ئەویان زۆر داوەو کەسانی پلەبەرزو مێوانی لەسەر ئاستی هەمەجۆری چاکیان بە ماڵەکەی ئاشنا بکەن، ئەو نوسیویەتی، رۆژێك وەزیرێك تەلەفۆنی بۆ

کردووە، بۆ دوو شەو حیجزێکی تایبەتی دەوێت مێوانێکی لەگەڵە، مێوانەکە سەرۆکی وڵاتێکەو ژنی تایبەتی دەوێت، ئەویش لەسەر کەتەڵۆك و بە زەوقی خۆی داخوازی دەکات. ئەو ژنە پێناوە ماوەی چارەگە سەدەیەك ناوێکی دیارو رووێکی ناسرابووە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراستیش، ئاسانکاری زۆری کردووە لە ناردنی شۆخانی ژنی سۆزانی فەرەنسی بۆ دەرەوەش،ساڵانە بەتایبەتی لە جەژنی سەر ساڵان جەژنانەی جوانی بەدەست گەیشتووەو دیاریشی زۆر بۆ هاتووە.

# بەشی پازدەهەم

**موخابەرات گەمەیان بە ئاگرکردووە.**
**لەسەر سەرینی نوستنیش پیاوانی موخابەرات سۆراخیان کردوون .**
**بەتەلەفۆن ژنێکی سۆزانی ورەی رژێمی بەغدای لە ئەفسەرێکەوە زانیوە.**

دەزگای موخابەراتی فەرەنسی چاودێری ماڵی ژنە لەشفرۆشەکانی نەکردووە تا ئەدرێس و شوێنیان لێرەولەوێ بزانێت و بەس، سۆزانییەکانیان بەکارهێناوە بۆ پەیوەندی سیاسەتی دەرەوەشیان، ئەو ژنانە سوودیان لەدوای ئامێری تازەی تەکنەلۆژی بینیووە، بەبێ ئەوەی کەسیان گومانیان لێ بکەن یان هەست بەو چاودێریانە بکەن کارو راپۆرتیان بووە .

ڕووداوێك دەگێرینەوە لە کۆتایی هەشتاکاندا، پێش ئەوەی شەڕە خوێناوەکەی عیراق ـ ئێران کۆتایی بێت، ئەو شەڕەی زیانی گیانی ماڵی زۆری بەهەردوو وڵات و ناوچەکەدا، لەو ڕۆژانەدا دەزگای هەواڵگری فەرەنسی بە چاودێری سەفارەتەکانی هەردوو وڵات زانیاری وەرگرتووە، ئەفسەرێکی ئەندامی نووسینگەی سەربازی سەفارەتی عیراقی لە فەرەنسا پەیوەندی بە ژنێکی سۆزانی

لەشفرۆشەوە هەبووە، لەو ژنەوە زانیاری هاتووە. پسپۆرانی ئەو دەزگایە بەهۆی گوێ راگرتنیان لە تەلەفۆنەکانی ئەفسەرە عیراقیەکانی لەگەڵ ئەو ژنانە بووینە، بۆیان روون بویتەوە کەوا کەسایەتی ئەفسەری سوپای ئەو وڵاتە چەند لاوازە،

بەهۆی ئەو ژنانەوە زۆر نهێنی دەدەرکێنن. کە ئەفسەرەکان دەگیران و زانیارییان لەسەر وەردەگیرا چارەیان نەدەماو هاوکاریان بۆ ئەو دەزگاکە رادەگەیاند. ئەفسەری واش هەبووە خیانەتی نەکردووەو لەو وێنانە نەترساوە کە لەگەڵ ئەو ژنانە گیرابوون و پەیوەندی بە دۆستەکانیان دەسەلماند. ئەو ئەفسەرانە پاش ئەوەی گەڕاوەنەتەوە وڵاتەکەیان هەموو ڕاستیەکانیان بە حکومەتەکەیان وتووە، ئەوانیش داوی پەیوەندی ئەو تۆرەیان پساندووە، ئەوەی زەرەمەندبووە هەواڵگری فەرەنسی بوو، بەو هیوایەی بەهۆی ئەوانەوە زۆر سەرەداوی دەستکەوێت و ئاگاداری هەموو نهێنیەیەکانی ئەو شەڕە بێت .

سی ساڵ ئەو ژنە لەشفرۆشان پەیوەندی بەردەوامیان بە دەزگای هەواڵگری فەرەنسییەوە هەبووە، ڕاوێژکاری پێشووی وەزارەتی بەرگری فەرەنسی فیلیب باری ئاشکرایکردووە چاوی ئەو دەزگایە ئەوەندە تیژو وردبین بووە، هەموو شتە وردو گەورەو شاراوەکانی بینیووە، ئەوان چاویان تا کەمەری پشتەوە دیوە، دیارە پیاوانی سیاسەتیش ئەوەندەیان مەبەست بووە واتە تا کەمەر.

ئەو بەرپرسە فەرەنسییە بەدڵنیاییەوە وتوویەتی:

ئێمە زۆر کەسانی بێگانەمان بەهۆی ژنانەوە ڕاوکردووە. لەگەرمەی دانوستانەکانی ناوچەی بەلقان، بۆ نزیککرنەوەی ڕاو کارنامەی نێوان ئەفسەرانی میلۆزوفیتش و ئەفسەرانی سەر بە هاووڵاتیان ئەلبانی کۆسۆفۆ، بە ئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی

ئەمریکی خاتوو مادلین ئولبرایت، فەرنسا دەوری نێوانی دەبینی، لەو دیدارەدا یەکێك لە ئەفسەرانی سوپای رزگاریخوازی کۆسۆڤۆ بە خاتوونێکی یاریدەری بەرپرسێکی کاروباری وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا حەیران بووە، زوو کارمەندانی هەواڵگری هانیانداوە ئەو ژنە خۆی بکاتە قوربانی کۆمارەکەمان. ئەو ژنە توانی باشترین زانیاریمان لەناو سوپای رزگاریخوازی کۆسۆڤۆ بۆ بهێنێت، ئەنجامەکەی ئەو لە زۆر لە سەرچاوەکانی تری هەواڵگری باشترو بە بەرهەمتربوو.

هەر ئەو بەرپرسە ئەوەشی ئاشکراکردووە، جارێکیان کورێکی سەدام حوسین بە ئەندامێکی مێینەی وەفدێکمان کە بە کاری رەسمی لە بەغدا بوون، حەیران ببوو، هەرچەندی دارو دەستەکەی کوری سەدام بەدوای کیژەکەوە گەڕاوون و نیازی کورەکەیان پێ راگەیاندبوو، ئەو رازی نەبووە و بەغدای جێهێشتبوو. دەزگای هەواڵگری زۆر کۆششی کردووە بەهۆی ئەو ژنانەوە، بەتایبەتی ئەوان کارامەو خاوەن ئەزموونیش بوون بچنە ناو دەزگاکانی عیراقی و بۆ بەرژەوەندی حکومەتی فەرەنسی کاربکەن.

## دۆستی وەزیرەکە جاسووس دەرچوو:

ئەو رووداوە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٨ و ١٩٩١ بووە، ئەو سەردەمە میشال رۆکار سەرۆکی حکومەتی فەرەنسی بوو. رۆژانەو سەعات هەشتی بەیانی دەبووایە ئەفسەرێکی تایبەتی سەر بە دەزگای هەواڵگری تەواو ئەو قسانەی ناو تەلەفۆنە تۆمارکراوەکانی پێشکەش بکات، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە بابەتی قەڵاچۆکردنی هەواڵگری و تیرۆرو دەستە خراپەکاریەکانی تر هەبوو. رۆژێکیان ئەو ئەفسەرە تایبەتیە کە راپۆرتەکەی ئەو رۆژەی پێکشەشی (جۆن

بۆل هوشۆن) ی بەڕێوەبەری دیوانی سەرۆك وەزیران دەکرد، هەستی بە شەرمەزارییەکی زۆری دەکرد، چونکە راپۆرتەکەی ئەو رۆژەی تایبەت بوو بە وەزیرێکی حکومەتەکەیان. وەزیرەکە بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ ژنێك دەکرد، ئەوەی وا دەزانرا بەرپرسی دەستەی هەواڵگری فیتنام بێت لە پاریس، ئەو دەمەش سەفارەتی فیتنام لە پاریس رەوشی ناسك و مەترسیداربوو، چونکە سستەمەکەیان شیوعی بوو و ترس و چاودێری دەویست. کە راپۆرتەکە خوێندرایەوەو تێگەیشتن، ئەو پەیوەندییە مەترسیدارە، بۆیە زوو بەدوای وەزیرەکەیان ناردو داوایان لێکردبوو بەزووترین کات پەیوەندی بەو ژنە بپچڕێنێت، ئەویش فەرمانەکەی بە سینگێکی فراوانەوە وەرگرتبوو.

یەکێك لە راوێژکارانی سەرۆك وەزیران ئاڵان جوبی وتبووی:

هەواڵگری فەرەنسی لە ساڵی ١٩٩٥ زۆر کۆششی کرد تا ئەو ژنە فیتنامیە بخاتە تۆڕەکەی، بەڵام پاش هەولی زۆر کۆڵی داو هیچی دەستنەکەوت.

بەرپرسێکی موخابەراتی فەرەنسی داوای لە وەزیرێك کردبوو ئاگاداری ژێرەوەی شەرشەفەکانی ژووری نوستنی بیت، ئەو دەرسەشی لەو رۆژەوە وەرگرت کە بە کارێکی رەسمی لە دیوانی جۆرج بومبیدۆ راسپێردابوو، لەو ئەرکەدا کەوتە بەر قوربانی کارێکی هەواڵگری سۆڤیەتی لە مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٦٥ تووشی بوو.

کارمەندێکی دیوانی بومبیدۆ بە کارێکی رەسمی بە فرۆکەیەکی هێلی ئایرفرانس سەفەری دەکرد، لەسەر فرۆکەکە خاتوونێکی کارکەری ئەو هێلە بەناوی (ئەلیفتینا)، بۆ بەرژەوەندی موخابەراتی سۆڤیەتی (کی جی بی) ویستبووی ئەو پیاوە بەکاربهێنێت، بۆیە زوو ئیستخباراتی فەرەنسی گومان و چاودێری خستبووە سەر

تەلەفۆنەکەی. ئەو پیاوە دڵی بەو ئیشە خۆش نەبوو، بەڵام قسەشی نەکردبوو، پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٤ پۆستی وەزارەتی ناوخۆی وەرگرتبوو، دەقی راپۆرتەکەی وەرگرتبووو لە هەفتەنامەی لونوفیل ئوبزرفاتور بڵاویکردبۆوە، ئەوەش تاکە رێگابوو تا کێشەیەك بکوژێنێتەوە، مەسەلەکەش تایبەت بوو بۆ شیراکیش دانرابۆوە، چونکە ئەو زۆری یاری بەو گەمە سیاسیانەوە دەکرد .

یەکێك لە بەرێوەبەرانی دەزگای هەواڵگری فەرەنسی بەبیری هێنابنەوە، کەوا جارێکیان وەزیری ناوخۆی ئەو دەمە (گاستۆن دیفیرین) فەرمانی پێدابوو، زۆر لەگەڵ وەزیری بەرگری (شارل هنری) نەکەونە ناو باسکردنی هەموو شتێك، چونکە ئەو زۆر نهێنیەکانی دەداتە ژنەکەی، ئەوەش زۆر لە سەرکردەو گەورەکانی سەربازی و هەواڵگری نیگەران کردووە، بەتایبەتی پاش ئەوەی زانرا ئەو وەزیرە پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ ژنێکی سەماکەری تیاترۆیەکی پاریسا هەیە، پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر دەرکەوت ئەو وەزیرە پەیوەندی بە دەزگای هەواڵگری دەرەکییەوە نییە.

لە سەرەتای نۆهەدەکان وەزیری دەرەوەی فەرەنسی (رۆلان دۆما) ئاشکرابوو پەیوەندی بە (ناهد عجە) ی کۆنە ژنی (ئەکرم عجە) ی بازرگانی گەورەی چەکی خۆرهەڵاتی ناوەراستەوە هەبووە، ئەو مەسەلەیەو لێکۆڵینەوەکان ماوەیەکی زۆر هەواڵگری فەرەنسی سەرقاڵ و ماندووکردبوو. دیارە دۆمای وەزیر زۆر عاشقی ئەو ژنە بووە، ئەو ژنەش کیژی (ژەنرال مستەفا تەلاس) ی وەزیری پێشووی سوریابوو. زوو دەزگای هەواڵگری فەرەنسی و ئیسرائیلیش بەو پەیوەندیان زانیبوو، بۆیە بەناچاری بەرێوەبەری هەواڵگری سەربازی (جاك فورنی)، ئاگادارو هوشیاری وەزیری دەرەوەی کردووە، ئەو مەسەلەیەش لەلایەن خودی وەزیرەکە لە دیدارێکی لەگەڵ لۆنوفیل

ئوبزرفاتوردا ئەوەی پشتراستکردەوە، کەوا ئەو لەلایەن هەواڵگرییەوە چاودێریکراوە، ئەویش زووتر ئەوەی زانیبوو کەوا ئەو دەزگایە ئاگاداری هەموو هەڵسوکەوت و چالاکیەکانیەتی .

دەزگاکەی ناهد عجە لە ساڵی ١٩٩٣ بۆ پاڵپشتی دۆما دژ بە جاك بیریتی لە هەڵبژاردنی یاسادانانا، بە پارەی ٢،٨ ملێون فرنگ ئامێری سکانری بۆ بەرژەوەندی نەخۆشخانەی گشتی ناوچەی دوردونی کڕیبوو. بەڵام وەزیرەکە لەو پاڵپشتی یە بێدەنگ نەبوو، هێرشێکی توندی کردە سەر دۆنا کەوا بە پارەو یارمەتی سوری و بە بیانۆی کڕینی ئامێری سکانر بۆ نەخۆشخانەیەك پەنای بردووە. پاش پێنج ساڵ ئەو ژنە سورییە لە کێشەی (ئالف) و پەیوەندی بە دۆما بانگکرابوو، دیارە مێژوو ئەوەی سەلماندووە هیچ شتێ لە تۆڵە وەرگرتنەوەی ژنان کوشندەتر نییە.

# بەشی شازدەهەم

## کۆمارەکە لە باوەشی قەحپان دایە.
## میتران هوشیاری دەداتە (بار) کە هیچ مەسەلەی پەیوەست بە ژنانی بۆ هەڵنەبەستێت.

لە ساڵی ١٩٨٨ فرانسوا میتران لەلایەك و جاك شیراك و ریمۆن بار لە لایەکی ترەوە، خۆیان بۆ سەرۆکایەتی هەڵبژارد، شەقامی فەرەنسی زوو (ریمۆن بار) ی ناسی و بەچەندین بڵاوکراوە کارە شاراوەکانی ئەویان درکاند، ئەویش نەیتوانی بەروویاندا راوەستێت، زوو رووخاوو هەڵبژاردنەکەی دۆراندی، دەکرێ پرسیار بکرێت رووداوەکە چەند راست بووە .؟ ئەوانەی ئاگاداری ئەو دۆسیەیە بوون، کەسایەتی سیاسی و ناوداری گۆرەپانەکەبوون، یەکێك لەوانە راوێژکاری پێشووی سەرۆك وەزیران (ریمۆن بار) بوو. ناوەرۆکی دۆسیەکەش ئەوەبوو، ئەو لەگەڵ سێ کەسی تر، ئەوانی تر ناوەکانیان ئاشکرانەکراوە، ئەندامی لیژنەیەك بووینە بارەگاکەی لە وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکابووە. لە دۆسیەکەدا ئەوەش هاتووە کەوا بەقسەی پارێزگارێکی پێشووی هەواڵگری فەرەنسی، بار بەدەستی ژنەکەی پەیوەندی بە مۆسکۆوە هەبووە. پیاوانی هەواڵگری پێش هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتی ساڵی ١٩٨٨ زۆریان کار لەسەر

دۆسیەی ژنەکەی کردووە، (ئایف بار) ی ژنی ریمۆن لەبەرئەوەی بە ڕەگەز هەنگاری بووە، پەیوەندیشی بە کەسانی زۆر لە وڵاتی دایکی هەبووە، بۆیەش هەواڵگرەکان سووربوون لەسەرئەوەی ئەو ژنە جاسوس بووەو گومانیشیان نییە، هەرهیچ نەبێ بۆ بەرژەوەندی بۆدابێست کاری کردووە، واتە جاسوسی مۆسکۆبووە.

## تاوانبارکردن و پرۆپاگەندەکان:

لەگەرمەی هەڵبژاردنەکانا زۆر پرۆپاگەندە لەسەر ژنی سەرۆك وەزیران بڵاوکرایەوە، لە کۆشکی ئالیزی رائید (کریستیان بروتو)ی بەرپرسی ئەو شانەیەبوو کە سەرۆك میتران بۆ گوێراگرتن و چاودێری سەرۆك وەزیرانی دایتابوو، راپۆرتێکی ئامادەکردبوو، لەو راپۆرتەی کە بڵاوکرایەوە جاسوسی ئەو ژنەی سەلماندووە. میتران رێزی زۆری بۆ ریمۆن بار هەبوو، دەستی دابووە تەلەفۆنەکەی و تەلەفۆنی بۆ کردبوو، لەو دیدارە تەلەفۆنییەدا، هوشیاری کردبوو، ئەو هیچ مەسەلەی شەرمەزارکردنی سەبارەت بە ژنانی بۆ هەڵنەبەستێت. بار ئەو هێرشەی بەناوی جاسوسی ژنەکەیەوە بۆی هەڵبەسترا، هەمووی بە پرۆپاگەندەی هەڵبژاردن ناوبردبوو، بەوەش توانیان ناوی لەکەداربکەن و مستێکی بەزەبریان لێوەشاند، بەڵام ئەوو ژنەکەی ئامادە نەبوون لە رێزو پایەی ئەوانەوە کاربکەن، چونکە ڕەوشتی ئەوان لەو کارە سووکانە ناوەشێتەوە. پاش هەڵبژاردنەوەکەی میتران ئاشکرابوو ئەو ژنە لە تەلەفۆنکردنی بۆ سەفیری هەنگاری لە پاریس بەردەوام بووە، زۆریش چاودێریدەکرا، بۆ کارمەندانی هەواڵگریش روون بووە، کەوا بابەتەکانیان کۆمەڵایەتی و تایبەتی بووینە.

ئەوەی جێگای باسە، ئەرشێفی هەواڵگری فەرەنسی بابەت و زانیاری زۆری تێدایە، لەوانە زۆریان سوودیان هەیە، زۆریش بابەتی بێ سوودو کرچن، لەژێر حکومی کۆماری پێنجەم هەواڵگری بایەخی بە کێشەکانی فەمیلیداریش داوە، بابزانین ئەوانە گاڵتەپێکردنە، یان بە راستی روویان داوە، بابزانین:

لە ساڵی ١٩٧٧ هەواڵگری فەرەنسی راسپێردرابوو ژنە هەڵاتووەکەی وەزیری دەوڵەت (فلیکس هۆفوبییت بوانی) ی، ئەوەی پاشان بووە سەرۆکی (کۆت دیفوار) بدۆزێتەوە، ژنەکەیان لە سەیرانگەی (ریفیرا) ی ئیتالی بۆ دۆزییەوە، مێردەکەی بە فرۆکەیەکی تایبەتی بۆ شوێنەکە فرییوو، تا رازی بکات بیهێنێتەوە ماڵەکەی خۆی.

(بۆل رۆ) سەرۆکی بەشی دووی هەواڵگری پاریس راسپێردرابوو، لێکۆڵینەوە لە (بونیاتۆسکی) نوێنەری کۆماری ئازادو سکرتێری گشتی فیدرالی ئازادەکان بکات، پاش ئەوەی پۆلیس بەبوونی پەیوەندی بە ژنێك لە دەڤەرەکە تاوانباری کردبوو، بەڵام هیچیان لەسەری نەدۆزییۆوە.

## دزینی رۆژنامەنووسێك:

هەر لەو ساڵانەدا لقی هەمان هەواڵگری جانتای تایبەتی رۆژنامەنووسێکی ناوداریان دزیبوو، لە جانتاکەیدا وێنەی دۆستێکیان گێرابۆوە، وێنەکەش وێنەی ژنە دۆستەکەی بووە، ئەوانیش وێنەکەیان بۆ ژنەکەی ناردبوو، ئەوەش هەر بۆ ئەوەندەبوو تا رۆژنامەنووسەکە هەراسان بکەن. پەیوەندی و ئازادی نێوان ژن و پیاو هەر لە ساڵی ١٩٦٨ ەوە ئازادکراوە، بەڵام پۆلیس بۆ بێزارکردنی خەڵك بەتایبەتی سیاسەتمداران زۆر بۆ دۆزینەوەو زانینی مەسەلە تایبەتیە نهێنیەکان کاردەکەن .

(گیل کایهلین) وەك پشكێنەرێكی گەنجی هەواڵگری فەرەنسی لە ساڵی ١٩٧٧ بۆ بەدواچوونی مەسەلەیەكی هەستیار راسپێردرابوو، دوو كیژی گەنجی فەرەنسی لە بیابانی وڵاتی یەمەن كوژرابوون، یەكێكیان ناوی (فیرونیك تروی) بووە، لەدوای لێكۆڵینەوە دەركەوتووە ژنەمۆدیلەكەی جلوبەرگی ناسراوی پاریسی تەمەن ٢٦ ساڵان بووە، ئەوەی كاری لەشفرۆشیشی كردووە، كە لەگەڵ دبلۆماتە یەمەنیەكان لە فرۆكەخانەوە بینراوەو ئەوان بەرێیان كردووە، ئەوەشیان بۆ روون بویتەوە كەوا فیرونیك لە بەرژەوەندی هەواڵگری فەرەنسی كاریكردووە، ئەویان لە كەسە نزیكەكانی سەرۆكی یەمەنی باكوور بۆ كاری زانیاری وەرگرتن چاندبوو. پاش ئەوەندە ساڵە كایهلین ئاشكرا دەكات، كەوا سەرۆكی یەمەنی باكووری ئەو دەمە (ئیبراهیم الحمدی) لە كودەتایەكی سەربازی كوژرا، ئەو دوو ژنە سۆزانیەیەش هەمان كات بەدەستی نەیارەكانی ئەو سەرۆكە كوژرابوون .
لە ساڵی ١٩٧٩ هەمان پشكێنەر داوای لێكرابوو لە كێشەی كوشتنێك پەیوەست بەبوونی پەیوەندی خۆشەویستی گومانلێكرا بكۆڵێتەوە، ئەو كارەش بۆ بەرژەوەندی هەواڵگری فەرەنسی بووە، لەبەرئەوەی قوربانیەكەی رۆبرت لویونگ بووە، بۆیە زۆر بە بایەخەوە لە كێشەكە كۆڵدرایەوە. رۆبرت ئەندازیاری دیكۆربووە، بۆ رازاندنەوەی كۆشكی سەرۆكی گابۆن رەوانەی ئەو وڵاتە كرابوو، لەوێ حەزی لە ژنی سەرۆك بونگۆ كردووە، كە دۆستایەتی ئەو ئەندازیارەو ژنی سەرۆك زانراوە، لە شوێنی نیشتەجێیەكەی لە ناوچەی فیلنۆف سور لۆ لە فەرەنسا لەناو بینایەكەی بەكوژراوی تەرمەكەی دۆزرابۆوە، دەركەوت بە فیشەک كوژراوە. رۆجی ماریۆن پارێزگاری پۆلیسی بەرپرسی لێكۆڵینەوەی قەزائی لە تاوانەكە وتبووی :

ژنی ئەندازیارە کوژراوەکە وتوویەتی، ئەو بەڵگەی تەواوی بە هەواڵگری نیشانداوە، کەوا پیاوەکەی پەیوەندی دۆستانەو خۆشەویستی لەگەڵ ژنی سەرۆك کۆماری گابۆن هەبووە. پۆلیس لە راپۆرتەکەی ئەوەشی سەلماندووە، کەوا رۆبرت لویونگ پاش ئەوەی خۆشەویستیەکەی لەگەڵ ئەو ژنە ئاشکرابووە، دوورخراوەتەوەو چاودێریشی لەسەر دانراوە، بەڵام ئەو لەسەر خاکی فەرەنساوە کۆششی هەبووە تا دەستی بگاتەوە دۆستەکەی لە گابۆن.

چە رووی دا ..؟

پاشان چی رووی دا..؟

دەمباندوی یەکێك بوو لە پاسەوانانی تایبەتی سەرۆکی گابۆن وتوویەتی:

ئەو عاشقە گیانی خۆی لەسەر ئەوەدانا، تا دەستی بگاتەوە ژنی سەرۆکەکەمان، بەڵام لێکۆڵینەوەکە بە ناتەواوی داخرا.

نابێ بیر لەوە بکرێتەوە لێکۆڵینەوەکانی هەواڵگری سەبارەت بە دڵ، هەموو راست و دروستن. لە شێستەکان و حەفتاکاندا، بەرپرسەکان وەزیفەکانی خۆیان بۆ پێداچوونەوەی بەرنامەو خشتەی رۆژانەی ژنەکانیان ئیستغلال دەکرد، لەوانە کەسی وا هەبوو وایدەزانی لە پاشەملەدا ژنەکانیان دەچنە هوتێلەکان، شارەزایی ئەو کەسانەش بێگومان سوودو یارمەتی بە کەسانی نزیکی خۆیان دەگەیاند. هەواڵگری بەردەوام کارگەی کارای پشکنین و کاربووە لە هەموو شوێنێکدا، یەکێك لە بەرپرسانی ئەو دەزگایە گێراویەتەوە، جارێکیان یەکێك لە پیاوانی سەندیکایەك وێنەی ئەومان لە باوەشی ژنێکی لەشفرۆش لە تیاترۆخانەیەکی پاریس گرتبوو، بۆ لێکۆڵینەوە بانگمان کرد، لەبەرئەوەی لە دوارۆژی ئەو دەترساین و دەمانزانی رۆژێ دێ ئەوە دەبێتە دەرسێك و بۆ ئەو سوودی دەبێت، واش بوو

ئەو پیاوە پاش ماوەیەك بووە كەسی دووەمی ناو حزبی ئیشتراكی فەرەنسی .

یەكێكی تر لە بەرپرسانی ئەو دەزگایە وتبووی، لە ناوەراستی سالانی حكومی سەرۆك میتراندا سەرۆكی پۆلیسی پاریس ئاگاداری وەزیری میزانیە (میشال شاراس) ی كردبوو، كەوا لە ئەنجانی پشكنینی چەند شوقەیەك دەركەوتووە راوێژكارێكی پیاوو یەكێكی ژن دۆسیەكیان لە پۆلیس لەسەر كراوەتەوە. پاش ئەو راپۆرت و ئاگاداركردنەوەی وەزیرەكە بانگی راوێژكارە پیاوەكەی كردبوو نابی بچێتەوە باوەشی راوێژكارە ژنەكە، لەوە شەوەوە ئەوە دووبارە نەبێتەوە، ئەگەر وەزیرەكە بە قسەی پۆلیسی نەكردبایە وەزارەتەكەی لە ئاكامی ئەو شەرمەزارییەدا دەهەژا.

## مونتاژێكی پۆلیسی:

لە سەر ئاستی بەرزی سیاسی وڵاتی فەرەنسا چەندین شەرمەزاری و كاری بێ ئابرووی روویداوە، پاش ئەوەی دەزگاكانی راگەیاندنی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی نهێینی و رووداوەكانیان بڵاوكردیتەوە، راستەوخۆ كاریگەری لەسەر سەرۆكایەتی وەزیران و سەرۆكایەتی هەبووە.

دومینیك ئولمییالی راوێژكاری سەرۆك وەزیران جۆن بیان رافاران لە ٢٠ ی ئەپریلی ٢٠٠٤، ئاشكرابوو پەیوەندی زۆری بە سوزانی و ژنانی لەشفرۆش هەبووە، زۆریش خەریكی كاری سێكس بووە، ئەوەش نیشانەیەكی دیاری ئاڵۆزی ژیانی سیاسی فەرەنسابووە.

## قەحپەیەکی ڕۆمانی:

پۆلیسی فەرەنسی لە کاتژمێری سێ و پەنجا دەقەی بەیانی ئوتومبێلێکی ڕاگرتبوو، شوفێرەکە ڕۆژنامەنووسی تەلەفزیۆنی ناسراوو خاوەن چەندین بەرنامەی سەرکەوتوو (دۆمینیك ئولمبیال) و ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیرانی فەرەنسی بوو، لەناو ئوتومبێلەکەی ژنە سۆزانییەکی ڕۆمانی تێدابوو. ڕۆژنامەنووسەکە پێناسە ڕەنگینەکەی بە ئاڵای شین و کەسك و سپییە فەرەنسیەکەی بۆ دەرهێنابوو، بەڵام پۆلیسەکە ئەو زانیارییانەی تۆمارکرد کە وڵامی پرسیارەکانی ئەو بوون، گوێ بەوە نەدا، کەوا ئەو کێیەو بۆ کێ کار دەکات، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیاربوو ئەو کیژە چۆن گەیشتبووە ئوتومبێلەکەی ڕافانی ڕاوێژکار، ئەوەی دومینیك و پۆلیسەکەی گێرابوویانەوە زۆر لەیەك دووربوون. ڕاوێژکارەکەی سەرۆك وەزیران وتبووی پاش ئەوەی لە کۆشکی سەرۆکایەتی وەزیران هاتمە دەرەوە دۆسیەیەکی زۆر گرنگم بەبیرهاتەوە، بۆیە بۆ هێنانی ئەو دۆسیەیە دەبووایە بگەڕێمەوە، چونکە لە کۆبوونەوەی بەیانی سەعات هەشت و چارەگ ئەو دۆسیەیەمان زۆر پێویست و گرنگ بوو. لە گەڕانەوەمدا لەپێش ترافیك لایتەکە کە سوورەکە داگیرساو من ڕاوەستام، ئەو ژنە سۆزانیە بەڕاکردن لە دەست ژنێکی سۆزانی تر دیارە بوو شەڕیان بووە، هاتە ناو ئوتۆمبێلەکەم. بەڵام پۆلیسەکان دەڵێن ئەو خۆی بۆ ئەو ژنە وەستاوەو سواری کردووە تا بیگەیێنێتە شوێنی مەبەست.

دومینیك وایزانی ئەو ڕووداوە بەئاسانی تەواوبوو، هیچی لەسەرنەما، بەڵام هەڵەبوو، ئەو ڕووداوە سەرجەم ژیانی گۆڕی، بەرێکەوت ئەو بەیانیەکەی لەگەڵ بەرێوەبەری دیوانی وەزیری ناوخۆ

(بیار مونجا) له کۆشکی لوکسمبۆرگ موعدی نانخواردنیان هەبوو. بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی ناوخۆ تا سەعات چواری عەسەرەکە نەیزانیبوو دومینیك دوێنی چی بەسەرهاتووە، لەسەر مێزەکە باسی ئەو مەسەلە نەکرا، نە ئەو دوو کەسەو نە کەسی سێیەم ئەویش سیناتۆری ئیشتراکی میشال شاراس بوو.

له دەوروبەری سەعات سێ و چواردا وەکیلی کۆماری (ئایف بۆت)، ئاگاداری راوێژکاری یاسایی (دیزان) ی کردیتەوە، کەوا ئەو کیژەی دوێنی گیراوە، تەمەنی ژێر هەژدەیە، بۆیە رەنگە دومینیك ئۆلمبیال یەکێك بێت لەوانەی ئەو کیژەی دەستکاری کردبێت. ئێستاش وا لەبەردەم پارێزگاری پۆلیسی دائیرەی نۆزدەهەمی پاریسە، واتە لە بارەگای یەکەی پشتیوانی و لێکۆڵینەوەی هەرێمایەتیە.

## به فەرمانی دادگا:

بەپێی بڕیاری دادگا تا دۆسیەکە دەکەوێتە پێش دادوەران، پۆلیس دۆسیەکەی پاراست. ئەو هەواڵە وەك بروسکە ئاسا بڵاوبۆوە، ئەگەرچی رۆژنامەی لۆمۆند بایەخی بە کاروبارو کێشەی و کۆمەڵایەتی فەرەنسی و بێگانەش نەدەدا، بەڵام بۆ ئەو مەسەلەیەی بایەخی زۆرو خێرای پێدا، هەواڵەکەی لە لاپەرەکانی پێشەوەی دا بڵاوکردەوە. ئۆلمبیال پاش ڕووداوە شەرمەزارییەکە دەستی لەکارکێشایەوە، بۆ پاراستنی ناوو رووی رافارانیش له مانگی یونیودا به ١٥٠٠ یۆرۆ سزادرا، بەڵام حکومەکە لە حەوتی فبرایری ٢٠٠٥ سزاکەی بۆ ٢٥٠٠ یۆرۆ بەرزکرایەوە، به تێهەڵچوونەوەشی له مانگی مارسی ٢٠٠٦ بڕیارەکەی دادگا پەسندکرا. لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٤ دا ئۆلمبیال دەستی بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی کرد، زۆر

لایەنی ئاگاداری لە توێژی سیاسی فەرەنسی تۆمارکرد، بێگومان باسی ئەوە کێشەیەشی کردبوو، کە رۆژنامەکان ئاشکرایانکردو دووچاری دادگاش هاتەوە، بەڵام هەواڵگری گشتی دەیزانی بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە شەرمەزاری بۆ کەسی وەزیری ناوخۆو چەند ئەندامێکی دیوانی تێدایە .. ئەدی چارە .. چی بکرێت باشە .؟

ئولمیبال بریاریدا بەشێکی کتێبەکەی بەناوی (شێواندنی هەواڵگری گشتی) بۆ زیادکرد، ئەوەش پاش ئەوە هات کە راپۆرتێکی دەستخەتی گەیشتە دەست، گوایە ئەو بەهاوبەشی (گای برنبوم) و (بیار لۆیس رۆزیناس) بەنیازن بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە دەزگایەکی بڵاوکردنەوە دامەزرێنن، ئەو زانیارییەش تەواوی درۆن و راستییان پێوە نییە، ئەوەش بۆ راوێژکارەکە بوارێکی باش بوو ئەو شەرمەزارییەی بە هەموو ژیانیەوە پێوەی وەنووسابوو رەش بێتەوە. بەڵام دومینیك دوفیلبانی وەزیی ناوخۆ تەلەفۆنی بۆ سەرۆك وەزیران کرد، بە بڵاوبوونەوەی ئەو بەشەی ئەو کتێبە بە شەرمەزاریەکی گەورە بۆ سەرۆکایەتی وەزیران تۆمار دەبێت، بە ئاگادارکردنەوەی سەرۆك وەزیران بۆ بەرپرسی پەخشی کتێبەکە ماوەیەك دواخرا، پاشان دیداری راوێژکارەکە بە وەزیری ناوخۆ بەشی مەبەست لە کتێبەکە لادرا.

## پلانگێران یان شەرمەزاری:

پاش چەند رۆژێك رافاران، بە ئامادەبوونی وەزیری ناوخۆو کۆنە راوێژکارەکەی ٥٠ دەقە بەیەکەوە دانیشتن، لەو دانیشتنەدا دۆمینیك ئولمیبال باسی رووداوەکەی کردەوە، ئەوەی تووشی شەرمەزاری و نارەحەتی کردبوو، لەو رۆژەوە زۆری نەمابوو فەمیلیەکەشی

بشێوێندرێت، مەسەلەکەی بەدارێژراوو پلانگێریی ناوبرد. ئەو ئەگەر بەراستی نیازی ژنێکی سۆزانی بوایە بیست هەزار رێگا هەبوو تا بەنهێنی و بەئاسانی بیبینێت، زۆری لا سەیر بووە ئەو رۆژە بەیەکەوە لەگەڵ بەرێوەبەری دیوانی وەزارەتی ناوخۆ نانیان خواردووە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك باسی مەسەلەکەی بۆ نەکردووە، لەو دانیشتنەدا دوفیلبان بەرگری لە بەرێوەبەری دیوانەکەی کرد، چونکە ئەو داوایە لە وەزارەتی دادەوە کراوە، لەلایەن وەکیلی کۆماری (ئایف بۆتی) زۆر نزیك لە سارکۆزیەوە بووە .

بۆ زانین لە پەیوەندی سارکۆزی بەو رووداوە، تێگەیشتنە لەوەی، ئەو ویستویەتی بەهۆی راوێژکارەکەی، رافاران لەو گۆمە بۆگەنە بخنکێنێت، بەڵام تا ئیستا لەو رووداوە تەنها یەك کەس دیارە، ئەویش ئولمییالی راوێژکارە. ئەگەرچی ئولمییال بەشە تایبەتیەکەی کتێبەکەی لەبەر گوشاری زۆری هەمەلایەنە لابرد، بەڵام لە باسکردنی گەندەلی و شێواندن و کارە نهێنیەکانی دەسەڵات نەوەستاوە، زۆری نووسیوە وەك:

من زۆر دڵنیابووم کەوا دومینیك دوفیلبان لەو شانۆگەرییەی بۆ من دارێژرا دەستی هەبووە، بۆیەش ئەو وەك وەزیرەکانی تر لەو ماوەیەدا پەیوەندی پێوە نەدەکردم، من هیچ بەڵگەیەکم بەدەستەوە نییە کەوا ئەو رووداوە ناخۆشەی بەسەرمدا هات، ئەو پلانی بۆ دارشتبێت، بەڵام گومانم زۆرە بەدەستی ئەو بووە، چونکە رۆژانە لە پاریسا ئەو جۆرە چیرۆك و رووداوانە زۆر روو دەدەن.

وەزیرێکی پێشووی ناوخۆ بۆ ئولمییالی نووسیبوو، ئەو جۆرە ئیش و رووداوانە بە تەلەفۆن نێوان رافاران و سارکۆزی چارەسەردەکرا، بەڵام وا تۆ کەوتیتە تەڵەکەوە، لەبەرئەوەی تۆ لە کۆشکی سەرۆکایەتی وەزیران کارت کردووە، دەبوایە زۆر هوشیاری ئەو جۆرە پلانانە

بیت، زووتر وەکالەتی هەواڵەکانی فەرەنسی بروسکەیەکی بڵاوکردبۆوە، تێدا هاتووە کەوا ژنە سۆزانیەکان گوشاریان زۆر خستۆتە سەر سیاسییەکان، کۆمەڵەکەیان هەڕەشەی ئەوەی کردبوو ناوی ئەو کەسە سیاسییانە ئاشکرا بکات ئەوانەی هاوموشۆیان دەکەین، ئەگەر پرۆژەکەی سارکۆزی بەنیازە بۆ قەڵاچۆکردنی ژنانی سۆزانی پێشکەشی بکات، هەڵنەوەشێنێتەوە، لە پرۆژەکەدا هاتووە ئەوەی کارێك بکات ریسوایی و تێچوونی شەرەفی بەدواوە بێت، شەش مانگ گیران و سزای ٣٧٥٠ یۆرۆی دەدرێت .

زۆری نەخایاند وەکالەتی هەواڵەکانی فەرەنسی هەواڵی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی تری بەناوی (فەرەنسای قەحپە) بڵاوکردەوە، ئەوانیش گوشاریان زۆربوو لەسەر سارکۆزی بۆ لابردنی چەند بڕگەیەکی پرۆژەی یاساکە. سەرۆکی فەرەنسی دانی بەوەناوە کە لە ماوەی خزمەتی نیشتیمانی لە جەزائیر، یەکێکی لەوانە ناسیووە. کۆمەڵەکە وتبووی، رەوشی سەرۆکی کۆماریش پاوان نەکراوە لەو مەسەلەیەدا، ئەوان دەتوانن ناوی زۆری سیاسەتمداران و پەرلەمانتاران و سیناتۆران و دادوەرو پیاوانی پۆلیسی زۆر بڵاوبکەنەوە، بۆ کاری پێوستی خۆیان مێوانی کیژو کوڕەکانمان دەبن.

## لە ئەنجامی گوشارەکە:

لە ئەنجامی گوشارە توندەکەی پارێزەرەکەیان فرنسیس کابالیرۆ، ئەندامانی کۆمەڵەکە توانیان کریستیان ئاستوری نزیك لە نیکۆلای سارکۆزی ببینن. لەوێی سەربەستانە داکۆکیان لە مافی رەوای خۆیان وەك هاووڵاتیەك کردووە، جەختیان لەسەر ئەوەش کردووە ناکرێ پشتگوێ بخرێن. پاش ئەو دانووستان و کۆششی زۆری سۆزانیەکان پرۆژەی یاسای راوکردنی ژنە سۆزانیەکان، بە سووککردنی ماوەی

زیندانی کەسی تاوانبارکراوی سۆزانی لە شەش مانگەوە بکرێتە دوو مانگ.

## یەکێك لەو ژنانە دەگێڕێتەوە:

پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پێناوی کۆمارییدا وتبووی، لەبەر بوونی گوشارو توندییەکی زۆر لەناو فراکسیۆنەکەمان دەنگم بۆ یاساکەدا، دیارە کەوا لەناو پەرلەمانا دەستەی دژی کاری سێکسی بەهێزە، بەڵام هەر ئەوانە لە دەرەوەی بازنەی سیاسەت لە ڕەوشەکە بە باشی تێدەگەن .

پەرلەمانی فەرەنسی ڕێی بۆ ئەوە خۆشکرد، تا پەرلەمانی ئەوروپیش لەو دیاردەیە بکۆڵێتەوە، لە دانیشتنی پەرلەمانی ئەوروپییدا، دوو پەرلەمانتاری ئەلمانی باسی پێشهاتی زۆری ژنانی سۆزانی و ئەو دیاردەیان کردبوو، ئەوان وتیان، لە ماوەی بەستنی ئەو خولەدا لە شاری ستراسبۆرگی فەرەنسیدا، دیدارمان لەگەڵ زۆر کیژان بووەو باسی ئەو ڕەوشەیان کردووە. ئەو کیژانە وتوویانە لە ڕۆژانی بەستنی پەرلەمانا لە شارەکەمان بازارمان گەرم دەبێت، بۆ پڕکردنەوەی ویستی بەردەوامی ئەوان، لەو وەرزانەدا کارمان زۆرترە. بۆیەش سەرۆکی پەرلەمانەکە خاتوو (نیکۆڵ فۆنتان) بەناچاری بۆ چارەسەری ئەو دیاردەیە، داوای لە شارەوانی شاری ستراسبۆرگ کردووە، چونکە ئەو ژنە سەرۆکی کۆمەڵەیەکی داکۆکیکەر بووە لە نەهێشتنی توندوتیژی سەر ژنان. لەناو گەرمەی ئەو مشتومڕەدا پەرلەمانتارێکی تر بەشداری دانوستانەکەی کردووەو وتوویەتی، ئەو ڕەوشە لە برۆکسلی بەلژیکاش هەیە. وایە کە کیژان ویستوویانە سواری ئەسپی خێرابن تا زووتر بتوانن پلانەکانیان جێبەجێ بکەن، ئەوەش بێگومان زیانی کوشندەو ڕووخێنەری لێدەکەوێتەوە.

# بەشی حەڤدەهەم

## وڵاتی سیاسەت و لادانی ڕێپێدراو:
## ژنی لۆبان دۆستێکی دۆزیوەتەوەو سێ جاریش تەڵاقی داواکردووە.

**سازش و بڵاوکراوەکان:**

دەستەیەك لە ڕاستڕەوەکانی فەرەنسی لە ساڵی ١٩٦٥ داوایان لە وەزیری دارایی پێشوو (ئەنتوان بینا)ی کردبوو، بەرامبەر دیگۆل خۆی هەڵبژێرێت، بەڵام ئەو لەبەر چەند هۆیەك کە پاش ماوەیەکی زۆر زانرا ئەوەی قبوول نەکردبوو، نووسەری بیرەوەرییەکانی (سیلفی گیلۆم) پەردەی لەسەر ئەو نهێنیە داماڵیووە. کەسە نزیکەکانی ئەو وەزیرە بەو نووسەرەیان ڕاگەیاندبوو، دیگۆلییەکان هەڕەشەی ئەوەیان کردبوو ئەگەر ئەو خۆی بەرامبەر دیگۆل هەڵبژێرێت، ئەوانیش دۆسیەی زۆر گرنگی ئەو ئاشکرادەکەن، بەو دۆسیەیە روون دەبێتەوە ئەو دەستی لە (بالیە پەمبەییەکان) هەبووە، ئەو ناوەش دادوەرەکە ناوی لە تیپی بالیەی سۆزانیەکانی نابوو. لە ڕاستیدا وەزیرەکە دۆستایەتی لەگەڵ چەند ژنێك و کیژی تەمەن گچکەش هەبووە.

وەزیری دارایی ئەنتوان بینای سەدو سێ ساڵ ژیاوە، تەمەنی لە

چاكسازی ئابووری وڵات و له ژنان سەرفكردووه، یەكێك له یاریدەرانی ئاشكرای كردبوو، لەبەر كارێكی لاوەكی وەزیری دارایی له ئیمزاكردنی كۆنتراكتێك له نەمسا دواكەوت. ئەو چاوی له كیژه سێرڤیسەكانیش بڕیووه، كه بۆ داگیرساندنی جگەرەكەی دەهاتنه بەردەمی، زۆریش بینرابوو له نووسینگەكەی بەدەستی گەمەی لەگەڵ سكرتێره مێینەكانی كردووه. هەڵبژاردنەكەی سەرۆكایەتی ساڵی ١٩٧٤ بوارێكی باش بوو بۆ راكێشانی چەقۆكان، بەڵام به شێوازێكی تر، ئەویش چەند پاڵێوراوی وەك فرانسوا میتران و جیسكار دیستان و شابان دلمای گرتیتەوه، ئەوانه به وتارەكانی لۆ كانار ئونشینی هێرشەكەیان دژواركردبوو.

## بەرگری له قەڵاتەكە:

یەكێك لەوانەی هەڵمەتی هێرشی توند كردبوو، میتران بوو، لەو هێرشەدا وتبووی:

ئەو سێ كەسی خۆیان پاڵاوتووه، لەوانه تەنها یەكێكیان شەوانه دەچێتەوه لای ژنەكەو له ماڵەكەی دەمینێتەوه، ئەویش شابانه .

ئەویش به سێ ژنییەكەی زۆرتر سەركۆنه دەكرا، چونكه دیاره كەوا جیسكار دیستان و میتران یەك جار ژنیان هێناوەو ژنەكانیان بەدیارینەوه ماون، ئەوەش ئاگری هێرشەكەی لەلایەن بڵاوكراوەكان بۆ سەر شابان گەرم و خۆشكردبوو.

هەڵبژاردنەكان به شكستی شابان زوو تەواوبوو، ئەو له قۆناخی یەكەمەوه كشایەوه، چونكه رێژەی دەنگەكانی تەنها ١٥ % بوو، بەڵام هەر نەزانرا، كێ له پشتەوەی ئەو نسكۆیەی ئەو بووه.

پرسیاریش دەکرێ ئایا ئەو بڵاوکراوانە چییان لەسەر شابان نووسیبوو..؟؟

لەسەر لاپەڕەی بڵاوکراوەکان نوسرابوو، ئەو پیاوە ژنی یەکەمی بەناوی (ئودیل) تەڵاقداوە، ژنی دووەمیشی بەناوی (ماری ئەنتوانیت) بە ڕووداوی ئوتۆمبێل مردووە، ئەوانە وایانکردووە ئەو بە پیاوێکی مێیاز ناو دەربکات، ئەویش کاروانی ژیانی سەروبنکردو هەموو بەرنامەکانی دۆڕاند، سەبارەت بە کەسایەتی خۆی وتبووی:

من پیاوێکی بێوەی بوویمەو ئازاری کەسم نەداوە، بەڵام ژنەکانم بەدەست من ئازارو ئەشکەنجەیان دییوە.

ئەوانەی لە شابانەوە نزیك بوون، بە سیاسییەکی سادە ناویان بردووە. ئەگەر بگەڕێینەوە سالانی بیستەکانی ژیانی، لە ساڵی ١٩٣٥ سەرەتای کاری ڕۆژنامەگەری بووە، ئەگەرچی لە تیاترۆخانەکانی شەو دووردەکەوتەوە، بەڵام هەوەستی مێیازی زۆری هەبوە، ئەو

بەراستی دونجوانیەکی پلە یەکی تەواوبووە، ئاگادارانی ژیانی ئەو وتوویانە:

ئەو زوو سەماکەرێکی خۆشویستووە، بە ماوەیەکی کورتیش بوویتە هاوسەری.

لە ساڵی ١٩٤٣ەوە شابان هەستی کرد پێویستی بە ژنێك و پێکەوەنانی فەمیلی هەیە، سکرتێرەکەی خۆی هێناوە، لەو ژنەی دوو کیژی بووە، پاشان تەڵاقی داوە، دیارە ئەو ماوەیە دۆستێکی بەناوی ماری ئەنتوانێت هەبووە، پاش جیابوونەوەی لە ژنەکەی ئەوی هێناوە. کە لە ساڵی ١٩٤٦ بوویتە پەرلەمانتارو دواییش سەرۆك شارەوانی شاری بوردۆ هێرشی زۆری کراوەتەوە سەر، بەتایبەتی بەدەستی کۆنە سەرۆك شارەوانیەکە، بڵاوکراوەکە دانەی زۆری لێ دابەشکراوە، لەو بڵاوکراوانەدا نووسیبوویان:

شابان لە ناو شەمەندەفەری نێوان بوردۆو پاریس، لەگەڵ کوڕێك لەناو فارگۆنی تایبەتی تەنیایی شەمەندەفەرا بینراوە .

ئەو ڕووداوو ئەو قسانە گەیشتوونەتەوە دیگۆل، جان لۆبانی سەرۆکی بەرەی میللی و نوێنەر لە پەرلەمانا، بینیبووی لە ناو پەرلەمانا شابان هاواری کردووە، بەرێزان چی ماوە چی ماوە پاش ئەوە چیترا.......

## لە سەرۆکایەتی وەزیراندا:

شابان لە ساڵی ١٩٦٩ کراوە بە سەرۆك وەزیران، ئەو لە پاریس و ژنەکەی لە بوردۆ مایەوە، بەڵام شابان لە دووری خەڵکەوەو بەنهێنی لەگەڵ (میشیلین) ی دۆستی دەژیا. کەم دەبینرا، تا ڕۆژێکیان زانرا ژنەکەی ماری ئەنتوانێت لە پاریس بە کارەساتی ئوتومبێل مرد. لە کاتی ئەوەی شابان خەریکی ناشتنی تەرمی ژنەکەی بوو، پۆلیس بۆ زانینی هۆکاری ڕووداوەکە لێکۆڵینەوەی کردبوو. شوفێرەکەو پەرستیارەکەی هاورێی، دوو جۆرە سەربردەیان بۆ ڕووداوەکە گێرابۆوە، ئەوەش بواری خۆشکرد نەیارەکانی شابان پرۆپاگەندەو قسەی لەسەر هەڵبەستن.

شابان پاش مردنی ژنەکەی ڕانەوەستا تا مەراسیمەکانی تەواوبێت، پاش سێزدە مانگ میشیلین شافلی دۆستی هێناوە، ئەو ژنهێنانی سەرسوڕمان و گومانی پەیداکردووە،

بەتایبەتی نەیارەکانی زوو بڵاوکراوەیان لە شەقامەکانی پاریسا بڵاوکردەوە، لەو بڵاوکراوانەدا نووسیبوویان (شابانی بکوژ)، بەئاشکرا بە کوشتنی ژنەکەی تاوانباریانکردبوو، بۆیە ژنەکەی فەوتاند، تا زووتر دۆستەکەی بەئاشکرا بهێنێت. بەڵام لە ڕاستیدا سیاسەت هونەری گونجان و ڕێپێدانە.

## ئاشكراكردنی دەستوور:

لە فەرەنسا باشترین بواری دەركەوتنی شتەكان، كۆتاییە. لەو وڵاتەدا ئەوانەی شارەزای گۆشە شاراوەكانان، دەڵێن ئەو وڵاتە وڵاتی سیاسەت و لادانی رێپێدراوە، ئەو چیرۆكەش قوربانیەكەی (جۆن ماری لۆبان) ە، كە پێش چەند ساڵێك رووبەرووی بوویتەوە.

ماری لۆبان لە ئوگستی ساڵی ١٩٨٧ پێش هەڵمەتی هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتیەكانی ساڵی ١٩٨٨ گەشتێكی بۆ كەنارەكانی دەریاكردبوو، لەوێ رۆژنامەنووسێكی ژن تووشی هاتووە، خۆی وەك ژنە كەنەدییەكی كیبیك و پەیامنێری تایبەتی رۆژنامەیەك لە مونتریال ناساندبوو. لۆبان وتوویەتی، ئەگەرچی ئەو ناسنامەیەكی كەنەدیشی نیشاندام، بەڵام رەگەزنامەی كەنەدی نەبوو، لە كەنارەكە هاوشانم بوو، بەبیانۆی ئەوەی وێنەگرەكەی نەهاتووەو تەنها ماوەتەوە من گەیاندمەوە، ئێوارەكەی بۆ نانخواردنیش داوەتم كرد.

چەند رۆژ بەسەر گەشتەكەی لۆبان و سەردانە رۆژنامەنووسە بەناو كەنەدییەكە بەسەرچوو، لە گۆڤاری (گلۆب) ریپۆرتاژێك بڵاوكرایەوە، لەو ریپۆرتاژەدا چیرۆك و بەسەرهات و نهێنی زۆری لۆبانی تێدابوو. كە نووسینەكەی بینیبوو، وتبووی، من ئەو جۆرە باس و هەواڵانەم بەهیچ شێوەیەك لەو ماوە كورتەدا لەگەڵ ژنە رۆژنامەنووسەدا نەكردبوو .

دیاربوو گۆڤارەكە لایەنگیری بۆ میتران هەبووە، بۆیە دریغی نەكردبوو لە ئاراستەكردنی تیروتوانج بەرووی جان ماری لۆبان، ئەویش لە وڵامدا وتبووی:

وەك ژنە رۆژنامەنووسەكە نووسیویەتی، من لەو نزیك نەبوومەتەوە وەك خۆی بانگهێشەی بۆ دەكات، ئەوەیان ئاسان بوو،

ئەو وێنەیەی من کە لە ژوورەکەدا بڵاوکراوەتەوە، ئەوەیان مەسەلەیەکی تایبەتی خۆمەو بۆیان نییە، دزەی لایەنی تایبەتیەکانی من بکەن .

سێ ساڵ پێش ئەو رووداوە، ژنەکەی جان ماری لۆبان دووچاری هەمان رووداو هاتووە، بۆیەش (بییرات لۆبان)ی ژنی، بەناچاری ماڵی مێردەکەی جێهێشتووەو رۆیشتوە، پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٨ بەیەکەوەبوون، بە رووداوێکی دەستکردی لەو جۆرە نێوانیان تێکچووە. بییرات پاش ١٤ ساڵ بەیەکەوە ژیانی هاوسەرییان بردۆتە سەر، لە ساڵی ١٩٧٢ داوای جیابوونەوەی کردبوو، جاری دووەمیش پێش هەڵبژاردنەکانی سەرۆرکایەتی داوای جیابوونەوەی کردووە، جاری سێیەمیش لە مارسی ١٩٨٤ و لە گەرمەی هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانا داوای تەلاقی کردیتەوە.

بییراتی ژنی بەهەموو شێوەیەك دژایەتی مێردەکەی کردووە، ویستویەتی ناوبەدی بکات، لەناو شاری پاریسا دەنگێکی گەورەی بۆ هەڵبەستاوە، لە رۆژنامەکانا بەنووسین و پرۆپاگەندە شەری کردووە، ئەوانەش هەموو لە تۆڵەی ئەوەی گوایە جۆن ماری لۆبان جنێوی پێداوەو بە مەست و دز ناوی بردووە. لە جنێوەکانی بەردەوام بووە لە گۆڤارێکدا نووسیبوی :

ئەو پیاوە بەردەوام لە هەڵبژاردنەکانی راکەراکەی کردووە، بۆ سەرۆکایەتی و بۆ شارەوانیەکان و بۆ یاسادانان خۆی کاندید دەکات، ئەو پیاوە راسترەو نییە، ئەو پیاوە کەس بەرگەی ناگرێت، ئەو پیاوە بە هزر مارکسی یە، من بۆیە رقم لێیەتی چونکە ژنی خۆش ناوێت، رێزی کیژو کیژە براکانی و ئامۆزاکانی لە ژنەکەی زۆرتر دەگرێت، هەر من نیم ئەو قسەیە دەکەم، ئەوە توێژەری دەروونی علی ماگودیش هەمان بۆچوونی هەیە.

گۆڤاری بلای بوی، له ئەپریلی ساڵی ۱۹۸۷ له  بارەی ڕەوشی پارەو گوزەرانی ژنەکەی له جان ماری لۆبانی پیرسیبوو، ئەویش ئاسایی وەڵامی دابوونەوە، وەك هەموو کەسێکی تر دەتوانی وەك چۆن سەربەخۆیی و تەنیایی هەڵبژاردووە، بەمجۆرەش دەتوانی ڕەوشی تایبەتی خۆی بەڕێ بکات، دوو بواری بۆ خۆژیاندن له پێشە، یان دۆستەکەی یارمەتی بدات، یان بەناچاری کاربکات و ڕۆژانەی خۆی ئاسایی پەیدا بکات. بۆ وەڵام دانەوەی مێردەکەی بیبرات وێنەی رووتی خۆی فرۆشتبووە هەمان گۆڤارو له ژمارەی مانگی یولیوی هەمان ساڵدا، بەرووبەری شەش لاپەڕەی گۆڤارەکە وێنەگرانی تایبەت وێنەی هەموو ئەندامی جەستەی ئەو ژنەیان بەرووتی گرتبوو، بە بڵاوبوونەوەی وێنەکان تیراژی فرۆشتنی گۆڤارەکە گەیشتووتە ۸۰۰ هەزار تا یەك ملێون دانە. کە وێنە رووتەکانی کۆنە ژنی لۆبان بڵاوبووەوە هەزارەها دانەی گۆڤارەکەش فرۆشرا، ئەو هیچی نەوتبوو، تا ئێوارەیەکی ساڵی ۲۰۰۵ وتبووی، ئەو ژنەی من ئەو وێنانەی بڵاوکردەوە تا له رووی سیاسییەوە شکست و هەرەسم پێ بهێنێت، ئەوەش بەراستی شۆك و سەرسامی بوون بۆ من، ڕەنگە ئەوەش رووبدات، چونکە تەڵاق زۆرجار وای له ژنان کردووە، بەرگە نەگرن و کاری شەرمەزاریش بکەن.

له ۱۷ی یونیوی ساڵی ۱۹۸۷ دا لۆکانار ئونشینی هەر لەسەر لۆبانەوە، وێنەی بڵاوکردەوە، یەکەمیان وێنەی بیبراتی ژنەیەتی فلچەیەکی بە دەستەوەیەو پاشەوەی خۆی پاك دەکاتەوە، وێنەی دووەمیش وێنەی خۆیەتی بە جلوبەرگی ژێرەوەی له دوورگەی سنۆبەری کالیدونیای نوێ پیاسە دەکات، وێنەی گیراوە .

بە بڵاوبوونەوەی ئەو وێنانەو بە تاوانی ناوبەدکردن و ناشیرینی جان ماری لۆبان شکایەتی لەو گۆڤارەکردبوو، هەرچەندی گۆڤارەکە

ویستی بەرگری لەخۆی بکات، ئەو سوورتربوو لەسەر داواکەی چونکە ئەو وێنانەی بۆ بەرژەوەندی سیاسی بەکارهاتوون، بۆیە دادگا ١٠٠ هەزار فرنگی فەرەنسی سزای بۆ بڕینەوە. لۆبان ئێستا ئەوەیان بەگاڵتەو بۆ خۆشی دەگێڕێتەوە، ئەو دەڵێ ئەو پارەیە سوودی هەبوو، بەو پارەیە سەفەری کبولکۆم کرد.

لۆبان خۆی وەك مێردێکی بەوەفاو چاکەخواز بینیووە، دەتوانێت شادی و سەرفرازی بۆ بەرامبەرەکەی دابین بکات. ئێستا باوکی سێ کیژە، ئەو ڕۆژە تاڵ و بەسەرهاتە ناخۆشەکانی پیبرات بەسەری دەهێنا لەبیری نەماوە. لە ساڵی ٢٠٠١ خۆی لە باوەشی ژنێکی تازە دۆزیوەتەوە، ئەگەرچی ناوەکەی هەمان ناوە، بەڵام ئەو ئارەزوویەتی ژنەکەی بە ناوی جینی یان جانی بانگی بکات.

## بۆگەنییەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان:

هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی فەرەنسی ساڵی ١٩٩٥ بە بۆگەنترین و ناشیرینترین هەڵمەتی هەڵبژاردن لە مێژووی سیاسی فەرەنسی دەژمێردرێت. لەو هەڵمەتەدا (ئادوارد بالادور) و جاك شیراکی تێدا پێکا. لەو ڕۆژانەدا شەڕەکان دژوارو توندبوون، زۆر مەسەلەی پارە بەرووی سەرۆکی شارەوانی پاریس کرانەوە، بەڵام ئەوانەی بەرووی سەرۆك وەزیران کرانەوە توندو ترسناکتربوون. یەکێك لەو پرۆپاگاندانەی بەرووی سەرۆك وەزیرانەوە بڵاوبوونەوە، گوایە سەرۆك وەزیران و بەڕێوەبەری دیوانەکەی (نیکۆلا بازیر) پەیوەندیەکی بەگومانیان لە نێوانیدا هەبووە، دیارە پەیوەندییەکەش لەسەر کاری پیشەیی و بەڕێوەبردن نەبوون، گوایە پەیوەندییەکە سێکسی بووە، ئەو دوو پیاوە هۆمۆسێکسوالی بووینە. ئەو هەواڵە

دەنگۆی زۆری هەبوو، کۆمەڵانی خەڵك و توێژە سیاسییەکەی ناو وڵاتیش بایەخی بەراستی و ناراستی ئەو هەواڵەدا، بۆ سەلماندنی ئەو قسانە ناوی چەند بەرێوەبەری گەنجیان ژمارد لە ماوەی جیاوازدا لەگەڵ سەرۆك وەزیران کاریان کردووە، بۆ سەلماندنی پتەویی هاورێیەتیەکە، گوایە سەرۆك وەزیران دیاری تایبەتی بە یەکێکیان پێشکەشەکردووە.

## نووسەر دنیس تلیناك وتوویەتی:

سەرپەرشتکارانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی شیراك زۆر باسی لادانی سێکسی بالادۆریان کردووە، ئەوان دەیانووت، بۆ ناسینی کەسی لادەری سێکسی پێویست بەوە ناکات هەموو کەسێك دەرچووی خوێندنگای فروید بێت بۆ شرۆڤەی دەروونی، دیارە ئەوەش بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە بووە کە بالادۆر هۆمۆسێکسوالی بووە، پرۆپاگەندەکانیش راستن .

ئەو دەمانە تەلەفۆنەکانی بالادۆر لەلایەن هەواڵگری گشتییەوە گوێی لێرادەگیرا، هەموو وردەکاری قسەکانی رەوانە نووسینگەی وەزیری ناوخۆ شارل باسکا دەکرا، یاریدەرەکانی وەزیری یەکەم زۆر بەرووی ئەو پرۆپاگەندانەی بۆ سەر کەسە نزیکەکانی شیراك کراون دەوەستان، هەروەها وڵامی ئەوانەشی داوەتەوە کە دژ بە بالادۆرو سەرۆکایەتی وەزیران و کۆشکی ئالیزی تیروتوانجیان هەبووە. بەقسەی سەرنووسەری لۆکانار ئونشینی، نیکۆلا بازیر لە بەرامبەر ئەو پرۆپاگەندەدا بەمەعقولی نەدەزانی لەو پلەو پایەیەدا وڵامی ئەو هەواڵانە بداتەوەو بۆ بەیانی بەدرۆخستنەوەیان بۆ بڵاوبکاتەوە .

هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بە ئاقارێکی نارەواو توند دەرۆیشت، پاش

بالادۆر ئەمجارە شیراکی گرتەوە، بۆیە بەناچاری بۆ مەسەلەی باڵەخانەکانی پاریس، دادوەر (ئیریك هالقن ) بەرووی سەرۆك شیراك لێکۆڵینەوەی داواکرد. بەڵام مەسەلەیەکی تر هاتە پێشەوە ئەوەی یەکەمی رەشکردەوە، ئەویش بوونی پەیوەندی دادوەرکە بە رۆژنامەنووسێکی ژنی رۆژنامەی لۆفیگارۆبوو، دادوەرەکەش رایگەیاند ئەو تاوانبارکردنەو دروستکردنی ئەو پەیوەندیە وەهیمەیەش بۆ ئەوەبوو، تا کێشەی یەکەم لەبیربچێتەوەو لە مەسداقیەتی کەسایەتی دادپەروەری من کەم بکەنەوە، ویستیان ئەو مەسەلەیە لە رووی رۆژنامەکان بە زیندوویی و بەبایەخەوە باسبکرێت، بەڵام دیارە کەوا رۆژنامە فەرەنسییەکان روویان بۆ خۆش نەکردن. ئەگەرچی ئەو مەسەلەیە کەمێك دادوەرەکەی شێواند بەڵام لە کۆتایی سەرکەوت بەسەر پرۆپاگەندەکانا.

# بەشی هەژدەهەم

## بۆ دژایەتی نەیارەکانیان فایلە ڕەشەکان باش ئامادەدەکران.
## بۆچی شیراك ٥٤ جار سەردانی ژاپۆنی کردووە..

### جوسپان پیاوێکی داواکراوە:

لە ساڵی ٢٠٠٥ لیونیل جۆسپان و سیلیڤان ئاگاسنسکی ژنی بۆ پشوودانی ساڵانەی خۆیان، لە دوورگە (دوری) بون. لەبەر بوونی پروپاگەندەی پەیوەندی بوونی جۆسپان بە ناوی ئەکتەرێکی ژنەوە، پەیوەندییان خۆش و ساز نەبوون. لەو کێشەیە دوو ئەکتەر ناویان هاتبوو، گوایە جۆسپان دۆستایەتی لەگەڵیان هەبووە، یەکەمیان، ئایزابیل هۆبرت و دووەمیشیان ناتالی بای بووە. ئەو پرۆپاگەندانە زۆری نەخایاند وەك ڕاستیەك لە هەموو لایەکەوە باسکران، ڕۆژنامەکان، سالۆنەکانی سیاسەتمداران، هەموو لایەك بەبوونی پەیوەندی و دۆستایەتی ئەویان زانی، بەڵام پرسیارەکەش ئەوەیە، ئەو هەموو رووبەرە فراوانەی باسکردن و ناوهێنانەکە لە بەرژەوەندی کێ بوە.؟

بەپێی قسەی یەکێك لە نزیکەکانی سەرۆك وەزیرانی پێشوو، یەکێك لە سەرچاوەی پرۆپاگەندەکان، هەوادارنی نەیارەکەی فاییوس لە پشتەوەی ئەو هەموو پرۆپاگەنددنانەوە بووە، چونکە لوینل جۆسپان

یەکێکە لەو کەسانەی لە گۆڕەپانی سیاسی، کە تاقەتی ژیانی هاوسەری نییە .

لەگەرمەی ئەو ئاژاوانەی سەر جۆسپان، ئەوو ژنەکەی لە ماڵەوە زۆرتر خەریکی بیرکردنەوەبوون، لە سەرچاوەو هۆکارو کاریگەری ئەو هەڵمەتی سەریان دەکۆڵییەوە، هەردوولا بەو هێرشە نارەحەت ببوون، بەتایبەتی سیلیڤانی هاوسەری، هەر لە ڕۆژانەی هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٠٢، لە ماڵەوە دەرنەچووەو خەریکی نووسینی کتێبێك بووە بەناوی (جیهان چۆن دەبینم) کە لە ئوکتۆبەری ٢٠٠٥ بڵاوکرایەوە .

تا برینەکانی سارێژ بکەنەوە، برادەرێکی جۆسپان لە مایۆی ٢٠٠٦ دا بۆ ڤیستڤالی کانی سینەمائی بۆ نانخواردنێکی ئێوارە لە گەڵ ژنەکەی داوەتی کردبوون، لەو ئاهەنگەدا مێوانی شەرەف، ناتالی بایی ئەکتەریش ئامادەبوو، دیارە ئەو بەرنامەیەش بۆ ئەوەبووە هەرسێ بەیەکەوە بەیەکجاری خالەکان لە سەر پیتەکان دابنێن. دیاریشە سەرەتای هەڵمەتەکەش بۆ ئەوەبوو شیرازەی فەمیلیی سەرۆك وەزیرانی پێشوو بڕمێنن.

کێشەی نێوان جۆسپان و نەیارەکانی تەنها پرۆپاگەندە نەبووە، کە شیراك لە نۆڤمبەری ساڵی ٢٠٠٢ وەك سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا، پارێزگاری هەواڵگری گشتی نامەیەکی بۆ وەزیری ناوخۆ نیکۆلا سارکۆزی ناردووە، داواکاربووە هەموو پلان و بەرنامەیەك پەیرەو بکەن تا کاندیدی ئیشتراکیەکان جۆسپان بەباشی لەناو زەڵکاوەکە بخنکێت.

پارێزگاری پۆلیس چەندین دۆسیەی لێکۆڵینەوەی هاوشانی ئەوانەی بەرپرسەکانیان داوایان کردبوو، زیندوو کردەوە، وەك دۆسیەی دەربازبوونی (ئیڤان کۆڵونا) ی تاوانبار، بە کوشتنی (کلۆد ئیگیناك) ی

بەرپرسی دائیرەکانی پاریس. دۆسیەیەکی تری کەوا لاپەرەکانی کرانەوە خۆکوشتنی (پییر پیرگوفی) بوو. ئەو دۆسیانەش لەبەرئەوە کرانەوە چونکە بەرپرسەکانی سەرەوەیان داوایانکردبوون، هەموویان تایبەت بوون بە ژیانی تایبەتی کەسایەتیە سیاسیەکانی وڵات، دیارە ئەوەش مەعقول نییە... بۆ نموونە ئەو پارێزگارە وتوویەتی، بەرپرسەکانی سەرەوەم داوای ئەوەیان کردووە، ئێمە لێکۆڵینەوە بکەین لەسەر گەورە فەرمانبەرانی ناو دیوانی جۆسپان، بزانین ئەوانە چەندیان هۆمۆسێکسوالین، منیش ئەوەم نەکردووە، ئەوەش هەمووی بۆ ئەوەیە تا ئەو راپۆرت و لێکۆڵینەوانە بۆ دژایەتی نەیارە سیاسیەکانیان لە کاتی گونجاوو پێویستا بەکاریان بهێنن.

ئیڤان برتراندی بەرێوەبەری هەواڵگری گشتی لە ئەپریلی ٢٠٠٣ دا لە دیمانەیەکدا بۆ رۆژنامەی ئەکسپرێسی فەرەنسی بەدڵنیاییەوە وتبووی:

ئەگەر داواشم لێکرابێت، لێکۆڵینەوەی تایبەتیم لەسەر ژیانی تایبەتی بەرپرسانی سیاسی نەکردووەو بەپێویستم نەزانیووە، بێجگە لەو کێشە ترسناکانەی بوونی رەوشتی هۆمۆسێکسوالی لە نێوان سیاسیەکانا، ئەگەر رەنگدانەوەی زۆر خراپی سیاسی هەبووبێت، ئەوانەمان کردووە، ئەگەرنا دۆسیەی تایبەتیمان بۆ کەس نەکردیتەوە بۆ مەبەستی تانەو پرۆپاگەندەی تایبەتی.

بەرێوەبەری هەواڵگری گشتی فەرەنسی ئەوەی بەدرۆخستۆتەوە، کە ئەو جارێك داوای لە پارێزگار کردبێت، زەمانەتی پرۆپاگەندە ئەو کتێبە بکەن کە لە کاروانی سیاسی نهێنی جۆسپان و رابردووە تروتسکییەکەی دەدوێت، تا بەرێوەچوونەکەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی سەرۆك وەزیران شێلوو بکات. ئەگەر ئەو هەڵمەتانەی دژ بە کەسایەتی و سیاسەتی جۆسپان سەری نەگرتبایە،

ئەوە بۆ هەمان مەبەست و بۆ ریسواکردنی کەسایەتی ئەو دژایەتی کەسە نزیکەکانی ئەویان کردووە، لە چواردەورەی ئەو دوورنەکەوتوونەتەوە، باشترین نموونەش دانیال فیلان بووە، پاشان وەزیری ناوخۆ، ئەوەی ماوەی دوو ساڵ وەزیربووە.

## وەزیری ناوخۆ:

دانیال فیلان پێش ئەوەی وەزیری ناوخۆ بێت، پەرلەمانتارو سەرۆك شارەوانی هەژدەم بووە، ئەو پیاوە کە خۆی کاندیدکردووە، لەگەرمەی رۆژانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنا لەناکاوو لە بەیانێکی چاوەروان نەکراودا، کۆمەڵەی ژنانی چەوساوە داواکارن دەنگ بەو پیاوە نەدەن، چونکە ئەو پیاوە رێزی ژنان ناگرێت و بڕوای بە یەك راستی هەیە، ئەویش بایەخدان و خۆشەویستیە بۆ کحول و لێدانی ژنان. ژنانی چەوساوە ئاماژەیەیان بە بەڵگەنامەیەکی پۆلیسی هەرێمی هەژدەم داوە، کە لە ٧ ی ینایری ١٩٩٦ەوە دەرچووە، لەو بەڵگەنامەیەدا ژنەکەی دانیال فیلان داواکارە ماڵی مێردەکەی جێبهێڵێت، چونکە ئەو چیتر بەرگەی لێدانە زۆرو توندەکانی و ئازارە دەروونیەکانی بەردەوامی ئەو ناگرێت. ئەو نامەیە بە پۆستەی راستەوخۆ رەوانەی ئەو ژنانەی هەرێمەکەی کراوون، کە ناونووسی هەڵبژاردنیان لە لیستی هەڵبژاردنەکانی هەرێمەکە دایە.

ئیمرۆش دانیال وا باسی ئەو رۆژانە دەگێرێتەوە، کە چۆن لە گەرمەی هەڵمەتەکەی هەڵبژاردنی یاسادانانی ساڵی ١٩٩٧ تووشی چەندین کێشە دەهات، چۆن ژنەکەی ماڵی جێهێشتووە. بە بڵاوبوونەوەی ئەو نامانەو گەیشتنیان بە ژنانی هەرێمەکە، فیلانی سەربەستکردووە تا شکایەت بکات، چونکە ئەو لیستانە تایبەتین و

ناگەنە هەموو کەس و لایەنێك، چۆن کەتووتە دەست ئەو کۆمەڵەیە، لیستی هەڵبژاردنی هەرێمی هەژدەم و نۆزدەهەم تەنها ئەوو کاندیدی راسترەوەکان کڕیویانە، دیارە ئەو سەرچاوانەش بەدوای ئەو مەسەلەیەوە نین. پاش ئەو پێشهاتە دانیال فیلان پەیوەندی بە باتریك ستیفاتینی کەسی نزیکی ئاڵان جوبیەی سەرۆك وەزیرانی پێشوو پچراندووە .

ئەوەی دانیال نەیزاییوو ئەو رۆژەی ئەو بەڵگەنامەیە بڵاکرابۆوە، چۆن لەلایەن پۆلیسەوە گەیشتبووە سەرۆکایەتی وەزیران. لە کۆڕێکدا دانیال رایگەیاندبوو، ئەو لەگەڵ ژنا لە رەوشێکی تایبەتیە توندبووە، پاش ئەوەش جۆسپان دوودڵ نەبوو کە پۆستی وەزیری پەیوەندی بە پەرلەمانی پێدابوو. کە لە ساڵی ٢٠٠٠ دانیال کرا بە وەزیری ناوخۆو وەك پۆلیس یەکەمی فەرەنسا دەست بەکاربوو، دووبارە دۆسیەکە زیندووکرایەوە، ئەویش دووبارە وتبووی ئەوەیان بۆ ئەوەیە لە کەسایەتی سیاسی و بەرنامەی جۆسپان بدەن. نیکۆلا سارکۆزی پاش شەش ساڵ بەسەر رووداوەکە لێو بەخەندەوە رۆژێك وتبووی،

ئەو دۆسیەیە رەش و ترسناکانە بەجوانی و بەرێکی لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ رێکخراوەن ئەو دەمانەی کارمان پێیان بووبێت بەکاریان دەهێنین.

## کێشەی مازاران لە ژاپۆن:

جاك شیراك لە ٢٦ ی مارسی ساڵی ٢٠٠٥ بەسەردان گەیشتووتە (ئوساکا) ی ژاپۆنی، بەو سەردانەی شیراك بۆ ژاپۆن ژمارەی سەردانەکانی گەیشتووتە ٥٤ سەردان. شیراك زۆر شەیدا کەلتووری ژاپۆنی بووە، دەگێرنەوە کەوا سکۆبێکی گەورەی لە نووسینگەکەی

خۆی لە کۆشکی ئالیزی مشت لە کاسێتی ڤیدیۆیی لە زۆرانبازی سومۆی ژاپۆنی هەبووە، زۆرجاریش چەند دیمەنێکی پێشکەش بە بەرنامەی ئورو سپۆرتی کەناڵی تەلەڤزیۆن کردووە، بۆیە زۆر پرسیاری ئەوە کراوە بۆچی سەرۆك شیراك ئەوەندە بایەخ بە کەلتووری ژاپۆن دەدات، بۆچی ئەوەندە زۆریش سەردانی وڵاتی ژاپۆن دەکات .

بێجگە لە سەردان و ئەرشیفەکانی ڤیدیۆی لەسەر ژاپۆن، هاوشانی وەزیرەکانی نزیك لە خۆی پاڵپشتی هاوکاری دوولایەنی نێوان فەرەنسا ـ ژاپۆنی کردووە، بەتایبەتی بۆ هاوبەشی پیشەسازی فەرەنسی ـ ژاپۆنی، لە کردنەوەی بەشی فەرەنسی لە پێشانگای نێونەتەوەیی ئایشی ٢٠٠٥ لە ناقویا بەشداربووە. لە سەردانێکی بۆ ژاپۆن وەفدە یاورەکەی و ژنەکەی برنادیت و وەزیری ناوخۆ سارکۆزی ناچارکردبوو لە زۆرانبازی سومۆدا دانیشن، هەموویان بێزاری خۆیان لەو دانیشتنە دەربرییوو، بەڵام سوودی نەبوو، تا وەزیری ناوخۆی لە بێزاریی خۆییەوە وتبووی:

بەراستی ئەو سپۆرتە کەسانی رۆشنبیر هەرگیز تەماشای ناکەن .

بەبێ زانینی رۆژنامەنووسان، جارێك بۆ کارێکی تایبەتی شیراك سەردانی ئوساکای ژاپۆنی کردبوو، وتیان برنادیتی ژنی رۆژی پێشتر رۆیشتبوو، لە ئوفیسێکی تایبەتی ناو سەنتەری شارا دابەزیبوو، شەو گەیشتبووە مێردەکەی، شیراکیش شەوەکەی لە هوتێلێکی نزیك لە فرۆکەخانە دابەزیبوو. مانەوەیان بەتەنهاو لە دوو شوێنی جیاواز ژاپۆنیەکانی بۆ دابینکردنی ئارامی و سەلامەتی ماندوو کردبوو. پاسەوانانی چاودێری پاراستنی شیراك هوتێلەکەیان باش کۆنترۆل کردبوو، هەموولایەك سەرقاڵی ئەو مانەوەیان بوون، تا یەکێك لە

دبلۆماسەکان بەهێمنی چرپاندبوویە گوێ یەکێك لە ئەندامانی وەفدە فەرەنسییەکەو وتبووی:
باشە لەو کاتەدا شیراك دەتوانێ کوڕەکەی ببینێت!!..
ئەو ڕستەیە هەموو لایەکی سەرسام کردبوو، دەبێ شیراك کوڕێکی ناشەرعی لە ژاپۆن هەبێت، بوونی مازارانی ئاسیاییش تەواوکەری مازارانی فەرەنسیەکەی میترانە لە ئان بیجۆ ژنی .
هەواڵی بوونی کوڕێك بۆ شیراك لە ژاپۆن لە ساڵی ٢٠٠٢ کەوتە سەرزاران، تا ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژنامەی زۆر ناسراوو بەربڵاوی ژاپۆنی (ئاساهی شیمبۆن) هەواڵی ئەوەی بڵاوکردەوە کەوا کوڕەکەی شیراك یەکێکە لە پاڵەوانانی زۆرانبازی سومۆیە لە ژاپۆن، بۆیەش سەرۆك شیراك زۆر چاودێری ئەو یارییە دەکات و بەردەوام ئامادەیی زۆرانبازییەکانی دەبێت. ئەو هەواڵە زۆر بەسەرسامییەوە لەلایەن ژاپۆنیەکان وەرگیران بەڵام ئەو بابەتە لە فەرەنسا لە گەرمەی ڕۆژانی هەڵبژاردنەکانا بووە دۆسیەیەکی دەولی گرنگ.

## تەنگژەیەکی ڕاستەقینە:

دادوەری تایبەت لە کاروباری دارایی لە ساڵی ١٩٩٨ ڕاپۆرتێکی لەسەر مافیای ژاپۆنی ئامادە دەکرد، دۆسیەکە تایبەت بوو بە پارەدارێکی بانکی ژاپۆنی بەناوی (شواشی ئوسادا) ی خاوەن بانکی تۆکیۆ سۆگۆبوو. پۆلیسی فەرەنسی دەیزانی ڕۆژێ دێ ئوسادا دەکەوێتە دەستی پۆلیس، تاوانباریش دەکرێت بەوەی سامانی کۆمەڵایەتی خەڵکی دزیوەو قاچاغیشی کردووە، بەڵگەیان لەسەر ئەو بانکەو خاوەنەکەی هەبوو، بەڵام کێشەکەیان ئەوە بووە ئەو لەگەڵ شیراك لە ساڵی ١٩٩٤ دیداریان لە هوتێلێك لە دوورگەی ئاواشیما

بووه. بوونی پەیوەندی و دۆستایەتی ئەو پیاوە سەرمایەدارە ژاپۆنییە هەموو لایەکی سەرسام کردبوو، وەك رۆژنامەنووسێك لە ئاهەنگی سەفارەتی فەرەنسی لە تۆکیۆ ئامادەببوو، وتبووی :

زۆرمان لا سەیربوو لەناو لیستی داوەتکراوان ئاوساداش، لەسەر داوای کۆشکی ئالیزی ناوی ئەویش هاتبوو .

رۆژنامە ناوخۆییەکان ئەو مەسەلەیەیان بەسادەیی وەرگرتبوو، گوایە سەرۆك بۆ قازانجی ئابووری فەرەنسی سوود لەو بانکە ژاپۆنییە وەردەگرێت، بەڵام ئەو پەیوەندییە لە ساڵی ١٩٩٨ بووە بە کێشەیەکی راستی و جەوهەری پاش ئەوەی بەرپرسە کۆنەکانی هەواڵگری گشتی وتیان :

شیراك بەنیازبووە سەردانی ژاپۆن بکات و لەو سەردانەدا، مەدالیای شەرەفی کونسلیەتی بەو پارەدارە ببەخشێت، کە هەواڵگری ئەو مەسەلەیەی زانیووە، زوو لە مەترسی ئەو بابەتە سەرۆکیان ئاگادار کردیتەوە .

هەواڵگری رێنمایی بە راوێژکارانی راگەیاندنی سەرۆك کۆمار پێشکەشکردبوو، بەڵام شیراك گوێ بەو رێنماییانە نەداوەو مەدالیاکەی بە هاورێیەکەی بەخشیووە، بەڵام برادەرەکەی وەك هەواڵگری پێشبینی کردبوو لە ساڵی ١٩٩٩ گیراو دە ساڵ حکوم درا .

رۆژنامەکانی ژاپۆنی سەرقاڵی ئەو کێشەیەو دۆسیەی پارەدارەکە بوون، وێنەی ئەوەیان بڵاودەکردەوە، یەکێك لە راوێژکارانی شیراك هەستی بەوە کردووە، کەوا سەرۆك لەلایەن هەواڵگری گشتییەوە چاودێری دەکرێت، ئەویش پەیوەندی بە بەرێوەبەری جۆن کلۆد کوسیرانی ناسراو بە دۆستی چەپەکانەوە کردبوو، سەرۆکایەتی کۆماری لەو مەسەلەیە ئاگادارکردبۆوە، چونکە ئەوەیان لە پۆست و

پلەی بەرزی ئەو ناوەشێتەوە، ئەوەش چواردەورەکەی لیوبیل جۆسپان دۆسیەکەیان بۆ بەرژوەندی نەیارەکەی شیراك بەكاردەهێنن .

بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەو کۆتایی هاتنی بە مشتومڕەکە، کۆشکی ئالیزیا بڕیاری دابوو لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەو چارەسەری پێکبهێنێت، بەڵام سەرۆکایەتی وەزیران بە بیانوی ئەوەی سەرۆك شیراك سەرقاڵی پرۆسەی کاندیدکردن و هەڵبژاردنە، ئەوەش ئارامی ئەو دەشێوێنێت و ماندووی دەکات، بۆیە رازی نەبوون بەشداری ئەو لیژنەیەی بکەن. یەکێك لە بەرپرسانی پێشووی هەواڵگری گشتی رایگەیاندبوو، ئەو هەرگیز زانیاری تایبەت بە ژیانی سەرۆك شیراکی بۆ نەهاتووە، ئەو زانیارانەیەش بەئاسانی شوێن بزر نابێت.

شیراك لە یونیوی ٢٠٠٢ بە سەرۆکی کۆمار هەڵبژێردرایەوە، بەو رەوشە تازەیەش کێشەکە لەبیرنەکرا، ئەو دۆسیەیە هەر مایەوە، بەشێوەیەکی تازە هاتەوە مەیدان، رۆژنامەی لۆمۆند لەسەر زانیاری فەرمانبەرێکی هەواڵگری گشتی بە پلەی نوێنەر، هۆکاری راستەقینەی گۆڕینی بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتی (جۆن کلۆد کۆسیرا)، لەلایەن شیراکەوە بە (پییر برۆشان) ی نزیك لە خۆییەوەی ئاشکراکرد. ئەوەش دوا قۆناخی دۆسیەکە نەبوو، لە یەکێك لە پۆستە نهێنیەکانی ناو بەریدی هەواڵگری گشتییەوە، دەرکەوت کەوا بەڵگەنامەیەکی قەڵاچۆکردنی تاوانی سەر بە هەواڵگری گشتی زانیوویەتی خەرجی سەرۆکیان لە ناردنی پارەی مەسروفاتی کوڕە گچکەکەی چەندبووە، ئەوەش روون کراوەتەوە کەوا سەرۆك کوڕێکی شەرعی هەیەو لە ژاپۆن دەخوێنێت و پارەی بەردەوامی بۆ رەوانەکراوە .

کۆشکی ئالیزیاش لەلایەن خۆیەوە دانی بە بوونی هیچ حیسابی سەرۆك لە بانکێکی ژاپۆنی نەناوە. ئەوەش دوا مەسەلەو باس و هەواڵ

نەبووە، چونکە هاموشۆی سەرۆك بە وڵاتی ژاپۆن فرەلایەن و شێوە بووە. پرۆپاگەندە زۆربوون، بوونی پەیوەندی سەرۆك بە ژنێکی ژاپۆنی خاوەن پێشانگاو هاوبەشی چەندین کۆمپانیای راگەیاندنی ژاپۆنیش جێگەی باس و پرسین بوون. ئەو ژنە زۆرجار سەردانی شیراکی لە کۆشکی ئالیزی کردووە، سەرۆکیش هاورێ بووە بۆ سەردانی ژاپۆن بە ناوی وەرگێر، لەو گەشتیەدا دیمانەی لەگەڵ تۆڕێکی تەلەڤزیۆنی بووە، سەرپەرشتیاری تۆڕەکەش هاورێی ژنەکەی بووە. بەڵام لە رۆژنامە لۆکالییەکان وێنەیەکی ئەو دیمانەیان بڵاوکردەوە، دیارە چۆن شیراك دەستی ژنێك ماچ دەکات، لە بنەوەی وێنەکە نوسرابوو (لە ژاپۆن ژنان ماچ ناکرێن، دەستیان دەکوشرێت ..!)، ئەو چیرۆکەش بەشێکە لە سەرکێشی و سەرچڵییەکانی سەرۆك شیراك لە وڵاتی خۆرە پرشنگدارەکە.

# بەشی نۆزدەهەم

**سارکۆزی لە ژنەکەیەوە شەقێکی بەردەکەوێت.**
**سیسیلیا لەبەر سارکۆزی وازی لە مێردەکەی هێناوەو لەبەر دۆستەکەشی وازی لەویش هێناوە.**
**تەقینەوەی ژن و مێردەکە.**

سیسیلیا لە فەمیلییێکی دەوڵەمەندا لە ساڵی ١٩٥٧ لەدایکبووە، خوێندنی باڵای لە یاسا تەواوکردووە، لەدوای تەواوکردنی خوێندنەکەی وەك هاوکاری پەرلەمانی سیناتۆر (رینی توزیت) کاریکردووە. کە سارکۆزی سەرۆکی شارەوانی نویلی بووە لە ساڵی ١٩٨٤ یەکەمجار بینیوویەتی، ئەو دەمە پەیوەندی بە بێژەری تەلەڤزیۆنی (جاك مارتان)ەوە هەبووە. بۆیە تا لەو جیانەبویتەوە نەکراوە نیکۆلا دۆستایەتی بکات. هەردوولا تەمەنێکی جوان و خۆشیان بەیەکەوە رابوارد، بەتایبەتی ئەو گەشتەی بەیەکەوە بەرەو بیابان کردیان، لەناو قوومی بیابانەوە نیکۆلا زۆرتر جوانی بووکە نازدارەکەی خۆی بینیوەو بووە هاوسەری کاروانە درێژە سیاسییەکەی .

لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٩ سارکۆزی ژنەکەی زۆرتر بەکارهێناوە تا بەستەلەکی ساردییەکان بتاوێنێتەوە، هەر ئەو ژنەش

بوو بەو شێوەیە ناوی زراندو و ناوبەدی کردووە. لەو شوێنانەی سیسیلیا هاوشانی بووە زۆر لە هاورێیان و هاورێیازەکەی بە جنێوو گلەییەوە باسیان کردووە، تا ئەو هاورێ بووە کێرڤی رۆژانەو کارنامەی سەرکەوتنی بەرەو خواربووە، پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٩ جیابوونەتەوە، سارکۆزی بەرنامەی پیشەیەکانی بەرەو باشی رێی کردووە .

زوو سیسیلیا مێردەکەی ئامۆژگاری کردووە کاری پارێزەری بکات، چونکە ئەوە پیشەی بنەرەتی و سەرەکی ئەوە، بەڵام وەزیری میزانیەی پێشوو چاوی لە ئاسۆی تر بڕیبووە تا گەیشتیتە کۆشکی ئالیزی.

پاش سەرکەوتنی جاك شیراك بەسەر بەرامبەرەکەی جان ماری لۆبانی پێشەوای بەرەی نیشتیمانی، نیکۆلا سارکۆزی لە ساڵی ٢٠٠٢ کراوە بە وەزیری ناوخۆ، لەو رۆژەوە سیسیلیای ژنی لە ناو بینایەی وەزارەتی ناوخۆ لە گۆرەپانی بۆفۆ بارەگایەکی لە تەنیشت مێردەکەیەوە بۆ خۆی تەرخانکردووە، بوونی ئەو نووسینگەیەشی بۆ ئەوەبوو تا لە کۆبوونەکان و سەردانەکان و کارە رەسمییەکانی ئاگادارو نزیك بێت، ئەو پێشهاتەش نموونەیکی تازە بووە لە ژنانی سیاسەتمدارانی فەرەنسا، پێچەوانەی هەموو نەریتە سیاسیەکان بووە. ئەو ژنە لە کاری رۆژانەی ناو وەزارەت پابەند نەدەبوو بەجلی رەسمی و کلاسیکی و پێڵاوی پاشپان بەرز دەوامی نەکردووە، ئەو بە پانتۆلی جینزو پێڵاوی بەرزەوە دەهات و دەچوو، تاکە پەیوەندیشی بەو وەزارەت و وەزیرەکەش پەیوەندی خۆشەویستی بوو و بەس. بەرنامەی پەیامنێری تایبەتی تەلەفزیۆنی فەرەنسی ریپۆرتاژێکی ٣٨ دەقەیی لە ساڵی ٢٠٠٣ دا بۆ خاتوون سارکۆزی تەرخانکردبوو، لەو بەرنامەیەدا ئەو ژنە باسی زۆر لایەنی تایبەتی و هەستیاری ناسکی

ژن و مێردایەتی خۆیانی کردووە، بەو ڕەوشتە نامۆیەی ئەو ژنە، هەردوولا ڕووبەڕووی زۆر ڕەخنەو گلەیی بوونەتەوە تا ساڵی ٢٠٠٥ جیابوونەوەی لێکەوتەوە، پێش جیابوونەوەکەش لۆکانار ئونشینی ئاگاداری دیوانی وەزارەتی ناوخۆی کردەوە، کەوا وێنەی تایبەتی سیسیلیای ژنی وەزیری دارایی لەناو ساڵۆنەکانی فەرەنسی دەسووڕێتەوە .

تەلەڤزێونی تی ڤی ١ لە هەشتاکان، گەشتێکی بە ژنی سارکۆزی کردبوو، تا لە بەرنامەیەکی تایبەتی سەمادا ئەویش بەشداری بکات، لەو گەشتەی ئەو ژنە بە سینگی ڕووتەوە لەگەڵ ڕێکخەری کۆنفراسەکان ستیغفان کۆلادو لە کەناری دەریا بینرابوو. لەو دەمەی سارکۆزی سەرقاڵی بەشداری کۆبوونەوەی لوتکەی حەوت گەورەکانی جیهان دەبوو، وێنەی ژنەکەی لە ساڵۆنەکانی پێشوازی ڕەسمی بینبوو. سیسیلیا بە دیتنی ئەو وێنەیەو هەواڵی سەماکردنەکەی تووڕەببوو، سوێندی خواردبوو کەوا ئەو هەرگیز سەمای نەکردووەو نەچویتە سەرکەناری دەریا، ئەو قسانەی سیسیلیا شۆکەکەی سەر گۆڕەپانی وەزراەتی ناوخۆی کەم و سارد نەکردەوە. بۆ زانینی ڕاسیتەکان و سەربردەی تەواوی ئەو وێنەیە سارکۆز ڕاوێژکارەکەی (پیبر شارۆن) ی ڕاسپاردبوو تا باش و دروست لەو مەسەلەیە بکۆڵێتەوە، وەزیری ناوخۆش لەبەرئەوەی ماوەیەك ڕاوێژکاری شیراك بووەو وێنەگرەکانی زۆر باش دەناسی، بۆیە بۆ ڕاستی ئەو وێنەیە پەیوەندی و پرسیاری زۆری لە گەورە وێنەگرەکانی کردبوو.

پاش سۆراخی وێنەکە، ڕاوێژکارەکە گەیشتە ئەو ڕاستیەی هەفتەنامەی بیبۆل لە پشت بڵاوکردنەوەی ئەو وێنەیە دابوون. ڕاوێژکار داوای لە هەفتەنامەکەکردبوو، بۆ ناسینەوەی خاوەنەی ڕاستەقینەی وینەکە زوو وێنە بڵاوکراوەکەمان بۆ گەورە بکەن، تا

بزانین بەراستی ئەو وێنەیە وێنەی ژنی وەزیرەکەیەتی، یان ناء .. پاش ئەوەی وێنەکەیان گەورەکردبوو و هەموولایەك نیگای تایبەتیان لەسەرکردبوو، بۆیان دەرکەوتبوو ئەو وێنەیە وێنەی ژنی وەزیری ناوخۆ نییە. بەتەواوبوونی مەسەلەی وێنەکە، بەشێك لە زنجیرەی سەر سارکۆزی تەواوبوو و بەشێکی تر دیارە دەێتە پێشەوە. لە بەشێکی تری پلانی سەر سارکۆزی ئەمجارە پاشکۆیەکی هەفتانەی رۆژنامەی لۆمۆند، ستونێکی بەناوی (چییان لێهات ..!) ی بڵاوکردەوە.

پاشکۆیەکە بۆ ئامادەکردنی بابەتێك لەسەر ستیفان کۆلارۆ لە دۆسیەکانی و ئەرشێفی خۆیاندا دەگەڕان، لەناو دۆسیەکانا وێنەیەکیان بەرچاو کەوت گومانی ئەوەیان کرد ئەو وێنەیە وێنەی ژنەکەی وەزیری ناوخۆبێت، لەبەر گەورەیی مەسەلەکەو ترسناکی بابەتەکەو دوودڵیان، وێنەکەیان بڵاونەکردەوە، ئەوانیش دڵنیا نەبوو لە خاوەنی وێنەکە ئەگینا

بێگومان بڵاویان دەکردەوە. پاش ئەو هەموو رووداوانە هەموو شتەکان بە ئارەزوو و ویستی سارکۆزی نەهات، ژنەکەی لە ٢٠ی مایۆی ٢٠٠٥ جانتاکانی پێچایەوەو لە ماڵەکەی دەرچوو، لە هێلی ئاسمانی فەرەنسی فرۆکەیەکی بەناوی خۆی بەکرێگرت و بەرەو ئوردن فڕی و گەیشتە ئەو پیاوەی چەند هەفتەیەك پێشتر لەویێ بینبووی. پاشان پیاوەکە ناسرا، ئەویش (ریشارد ئاتیاس) ی پیاوی کاری پسپۆر لە رێکخستنی دیداری گەورەبوو، ئەو ماوەیەش لە عومانی پایتەختی ئوردن سەرقاڵی ئامادەیی بوو بۆ سەکۆی ئابووری نێونەتەوەیی.

## لەگەڵ دۆستەکەی لە عومان:

لە ئوردن لە (دەریای میت) دا، لە گەڕەکی بتراء چل لە هەڵگرانی خەڵاتی نۆبل و لەسەر ئەرکی یەکێك لەوان، دیدارێك سازکرابوو، چەندین کەسایەتی سیاسی گەورەی جیهانی بەشداربوون، یەکێك لەوانە وەزیری پەروەردەی نیشتیمانی فەرەنسی فرانسوا فیلۆن و وەزیری راسپێردراوی هاوکاری فەرەنسی ئاکسافیی دارکوسیش ئامادەبوون، ئەوان راستەوخۆ سەرۆکایەتی حکومەتی فەرەنسیان ئاگادارکردووە کەوا سیسیلیای ژنی وەزیری ناوخۆی بە هاوڕێیەتی پیاوی کاری فەرنسی ریشاد ئاتیاس لەوێیە. لۆر دارکۆس ژنی وەزیری راسپێرداوی هاوکاری وتبووی کە سیسیلیام بینی زۆر سەرسام بووم، ئامادەبوون و هاتنەکەی لەوە دەچوو نوێنەری حکومەتەو لە جیاتی مێردەکەی وەزیری ناوخۆ هاتووە.

پاش ئەو رووداوە ئەو ژنە لەبەر چاوی سارکۆزی لاچووە، تەمەن و مومی ژیانیان پاش ١٨ ساڵ بەیەکەوەبوون و بوونی کوڕێکیان لە نێواندا، کوژاوەتەوە.

سیسیلیا بەرنامەی ژیانی لەناو کەش و ئاپوورەی سیاسی بە بۆنەی مێردەکەی گۆرییەوە بە ژیان لەگەڵ پیاوێکی خاوەن کاری سەربەخۆ. بە جیابوونەوەو رۆیشتنی ژنەکەی سارکۆزی لە ناو وەزارەت لە کۆبوونەوەکانی یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی بەکزی و بە لاوازی دەبینرا، دیارە دوورکەوتنەوەی یارو خۆشەویست ئاسان نییە، لەو رۆژەوە حەزی بە رووناکی راگەیاندن و دەرکەوتن نەدەکرد، تا رۆژێکیان رادێوی فەرەنسی نێونەتەوەیی باسی رەوشی کۆمەڵایەتی و فەمیلیی ئەویانکردەوە. سارکۆزی بریاریدا بەرووی ئەو هەواڵەدا بچێتەوە، بێدەنگ نەبوو، لە ٢٦ ی مایۆی ٢٠٠٥ دا لە

شاشەی تەلەفزیۆنی سێیەمدا وڵامی دانەوەو وتی:
فەمیلی منیش وەك ملێونەها فەمیلیی تر ئەو جیهانە كێشەی فەمیلیی و تایبەتی هەیە، ئەوەش وەنەبێ لە كاروانی كارو بەرنامەم لارم بكاتەوە، بەڵێن دەدەم، لەسەر ئەو كاروانە دەمینێمەوەو ئەو رەوشەش كاریگەری نابێت .
ئەو دەمانەی ساركۆزی خەریكی كێشەی كۆمەڵایەتی و ماڵەوەی بوو، لە ریفراندۆمی دەستووری فەرەنسی دووچاری شكست هاتبوون، رێژەیەكی زۆری فەرەنیسەكان دەنگیان بە نەخێر بۆ ئەو دەستوورە ئەوروپییە دابوو، بەراستی رێژەكە بۆ ئەوان جێگەی مەترسی بوو، رێژەی ٥٤ % زۆرە، بۆیە سەرۆك وەزیران رافاران دەستی لەكار كێشایەوەو دۆمینیك دوفیلبان حكومەتەكەی وەرگرت، پاش ١٤ مانگ لە وازهێنانی ساركۆزی لە پۆستی وەزارەتی ناوخۆ دووبارە ئەو پۆستەی وەرگرتەوە.

## بۆ گەڕایەوە پۆستی وەزارەتی ناوخۆ .؟؟

دەكرێ پرسیار بكرێت، بۆچی ساركۆزی گەڕایەوە وەزارەتی ناوخۆو گۆرەپانی بۆفۆ .؟ مەبەستی سەرەكی هاتنەوەی ساركۆزی بۆ وەزارەتی ناوخۆش ئەوەبوو تۆڵەی خۆی بكاتەوە، ئەوانەی باری فەمیلییان شێواندو هێلانەیان تێكدا تۆڵەیان لێ بكاتەوە، لەسەر سەكۆی بارەگای حزبەكەی بەئاشكرا وتبووی، ئەوانە بەراستی رەوشیان شێواندم و گوزەرانیان خراپكردم، بۆیە دەبێ بەتوندی بەروویاندا بوەستمەوە. سەرەتای هەڵمەتەكەی بەرووی سەرۆكایەتی حكومەتەوە راوەستا، راوێژكارانی وتیان، ئەو سەرچاوەكانی ئەنتەرنێتی لە

حکومەت زانیووە، ئەوان زانیاریان بەو تۆڕانە داوە بەردەوام دژی من هانیان داوون .
سارکۆزی دڵنیابوو سەرچاوەی یەکەمی هەواڵەکانی ئەنترنێت دژ بە ئەو، لە شارەوانی
(مۆ) ی سانت مارنەوەیە، تاوانباری یەکەمی ئەو کێشەیەش (باستیان مبیبو) بەڕێوەبەری پێشووی سەرۆکی شارەوانی مۆ (لیدوان کوبی) بووە، ئەوەی لەلایەن هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمارەوە لە ساڵی ٢٠٠٤ بەو ئەرکە راسپێردرابوو، ئێستاش بەڕێوەبەری منتدبە لەلای سەرۆکی تەلەفزیۆنی فەرەنسی، بەڵام (باستیان مبیبو) ئەو تۆمەتانەی سارکۆزی هەموو بەدرۆ ناوبردبوو، چونکە ئەو لە ساڵی ٢٠٠٢ ەوە وازی لە بەرپرسی شارەوانی مۆ هێنابوو. ئەو لێکۆڵینەوەی بۆ وڵامدانەوەی ئەو تومەتانە کران، کە فرانسوا کۆبی وەزیری منتدبی میزانیەو چاکسازی دەوڵەت سەرپەرشتی دەکرد، ئەنجامەکەی دەرکەوت، هەڵمەتەکە لەلایەن یەکێك لە یاریدەرانی خۆی لە شارەوانی مۆ و هەندێك لە راوێژکارانی خۆی وەك (کریستیان ئاستۆری) و (رۆجی کارۆتشی) یەوە بووە، هەردووکیان پلەی ئەفسەریان هەبووەو برادەری نزیکی خۆی بووینە، بەنیازی گاڵتەوە کردوویانە، مەبەستی پلان و تانەو ناتۆرەی تریان نەبووە.
سارکۆزی ئاگاداری سەرۆك شیراکی کردەوە، کەوا لە کەسانی نزیك و دەسەڵاتدارانی ناو کۆشکی ئالیزی پلانی لەسەر دەگێرن و ماندووی دەکەن، بەتایبەتی بەڕێوەبەری پێشووی پۆلیس و راوێژکاری شیراکی ئێستای (فیلیب ماسۆنی)، هەروەها (ئایف برتراند) ی بەڕێوەبەری پێشوی هەواڵگری گشتی، ئەوانە هەموو باجن ئەوانەی دەیانەوێت لە گەرمی کۆشکی ئالیزی و خۆشیەکانی بژین، دەبێ ئەو باجانەش بدەن.

# بەشی بیستەم

## كێشەی (دی ئێس ك):

شەڕی پاڵێوراوانی نێوان حزبەكان بۆ هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتی ئەپریلی ٢٠٠٧ توندە، بەهەموو هێزیانەوە ئامادەیی و كۆشش بۆ گەیشتن بە كۆشكی ئالیزیا بەردەوامە، لە نێوان ململانێیەكاندا، هەندێك بیریان لە سەلامەتی پێویستیان كردیتەوە لە پاراستنی بابەتە ناسكەكانی تایبەتی ژیانیان. پاڵێوراوانی سەرۆكایەتی قسەی ئەوەیان بیستووە گوایە، دەستەیەك رۆژنامەنووس لە كاتی پێویست و ناسكدا كتێبێكیان ئامادەیەو بڵاویشی دەكەنەوە، ئەو كتێبە بەوردی باسی پەیوەندییە سۆزداری و دۆستەكانیان دەكات، ئەو قسەیەش كۆنە، لەمێژە ئەو دبلۆماتانەیان ترساندووە، ئەوان لە نۆڤمبەری ٢٠٠٥ دا هەڕەشەی ئەوەیان كردووە. لە ترسی ناو هێنانیان راوێژكاری رۆژنامەگەری وەزیری ئابووری پێشوو دومینیك سترۆس، رەمزی خیرون، بەناچاری و لە ترسانە سەردانی دوو نووسەرەكەی كردووە، پرسی ئەوەی كردووە نەوەك ناوی وەزیرەكەیان هاتبێت، یان چە بەڵگەی رەسمی ئەوەیان لەلایە، نیازیان

وایە بەشێکی کتێبەکەیان لەسەر ئەو بنووسن، ئەویش وەك ئەوانەی ناویان هاتووە، نۆرەی ئەویش دێت.

رەمزی خیرون لە هوتێلی لوتیتیا چاوی بە دوو رۆژنامەنووسەکە کەوتووە، کە زانیوویەتی وەزیرکەی ئەویش دۆسیەی هەیە، بە دوو نووسەرەکەی وتووە، بڵاوبوونەوەی ئەو دۆسیەیە کێشەو سەرئێشەی زۆر بۆ دۆمینیك سترۆس خان پەیدا دەکات، ئەو قسانەش هەموو دوورن لە راستی و هەڵبەستراوی وەزیری ئابووری پێشوون. بەڵام دەکرێ پرسیار بکرێت، چە ئەوی گەیاندە ئەو پلەیە ..؟؟

کە نیکۆلای سارکۆزی لە ساڵی ٢٠٠٣ پۆستی وەزارەتی ناوخۆی بەرکەوت، دۆسیەیەکی دەستکەوت، لەو دۆسیەیەدا رۆژانەو بەسەرهاتی چەندین دبلۆماتی تێدا تۆماربووە، یەکێك لەوانە دۆسیەی تایبەتی نووسرا لەسەر دۆمینیك سترۆس خان بووە، ئەو یەکێك بووە لەو دبلۆماتە چەپانەی ململانی ئەویان کردبوو، بۆ پۆستی وەزارەتی ناوخۆ، کە دۆسیەیەکەی خوێندبووە بەقسەی یەکێك لە کەسە نزیکەکانی ناو یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللی، سارکۆزی زۆر تووڕە بووە.

ئەوەی وەزیری ئابووری پێشووی سەردەمی لیونیل جۆسپان زانیوویەتی ناگاتە ئەو بەڵگانەی هەواڵگری گشتی کۆیکردبوونەوە، بۆنی کۆشتنیان لێوە دێت، ئەو بەڵگانەش تاکە سەرچاوەی تاوانبارکردنی سترۆس خان نەبوون، چونکە چەند ئەندامێکی قەڵاچۆکردنی لەشفرۆشی سەر بە پۆلیس سەرپەرشتی و چاودێری هاتوچوی سترۆسیان کردووە، لە کاتی سەردانە زۆرەکانی بۆ ئەو ماڵانەی تایبەتن بە ژنانی لەشفرۆشەوە، هەموویان گلاڵەکردووە. سترۆس خان بەقسەی ئەوانەی بینیوویانە، زۆر هاتووتە ئەو تیاترۆخانە بەدناوەی هەرێمی پاریسی یەکەم، شەرابی خواردیتەوە،

ئەو شوێنە ناوی جوهرە بووەو نانی ئێوارانیشی تێدا خواردووە.

راپۆرتی زۆری لەسەر هاتووە، بۆیە رۆژێکیان پۆلیسێك بریاردەدات، خۆی لەو هەواڵە بکۆڵێتەوە، پۆلیسەکە ئەوەی ناو راپۆرتەکەی بەچاوی خۆی بینیووە، بە گەڕانەوەی بۆ نووسینگەی کاری، راپۆرتێکی بۆ دەزگای پۆلیسی لەسەر نووسیوە.

## لەلای سارکۆزییەوە:

سارکۆزی رقی لەو راپۆرتانە دەبێتەوە ناوی لەسەر نەبووبێت. بەو جۆرە راپۆرتانە دەڵێن کاغەزە سپیەکان، ئەو متمانەی بەو راپۆرتانە نەبووە، چونکە کەسانی بێ تاوان دەبنە قوربانی ئەو پرۆسەیە، بۆیە ئەو جۆرە راپۆرتانەی سەرچاوەکەی نەدیارو نەناسراوە، پشتگوێ دەخران، چونکە کاری وەزارەتەکەو بەرژەوەندییەکەی بە باڵاتر دەزانی لە راپۆرتێکی نەدیارو بێ ناونیشان .

دومینیك سترۆس خان توانی لە فبرایری ٢٠٠٥ دا پەیامنێرێکی گۆڤاری (ئێس. دی) داوەتی ماڵەکەی خۆی بکات، لە کاتی نانخواردنی لەگەڵ ژنەکەی وێنەیان بگرێت، وێنەگرەکەش کە وێنەکەی بڵاوکردیتەوەو لە بن یەکێك لە وێنەکاندا نووسیبووی:

خان دەتوانێت پشت بە ئان سینکلاری ژنی ببەستێت .

ئەو راپۆرت و ئەو وێنانە وەك چاودێر لەسەر ژیانی تایبەتی و خاوێنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکەی بڵاوکرابوونەوە.

ئەو ژن و مێردە زۆر جاری تر وێنەیان لە رۆژنامەو گۆڤارەکانا بڵاودەکرانەوە، تا جارێکیان وێنەی مێردەکە لە گۆڤاری باری ماتش لە رۆژانی دەستنیشانکردنی پاڵێوراوانی حزبی ئیشتراکی فەرەنسی بۆ

هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی فەرەنسی، هاوشانی بێژەرێکی ژنی پێشووی تەلەڤزیۆنی دەرکەوتبوو بڵاوکردیتەوە، وێنەی ئەو دووانە زۆر بڵاودەبوونەوە، وێنەکە وا دەردەچوو، وەك ئەوەی ژنەکەی (دی ئێس ك) مەبەست بێت، ئەوش بۆ پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنی بێت، بەو شێوەیە وێنەکە لە میدیاکانەوە باسکرا.

لەدیدارێکی رۆژنامەی (ئێکسپرێس) دا، ژن و مێردەکە بەیەکەوە بوون، رۆژنامەنووسەکە پرسیاری سەیرو چاوەروانەکراوی لە پیاوەکە کردبوو، وەک:

ئایا تۆ لەو مێیازیانەدا وا راهاتوویت ..؟

تۆ لەو ناترسێیت ئەو پروپاگەندانە کاریگەری لەسەر ژیانت بکات.؟؟

سترۆس لە وڵامدا وتبووی:

ئەو جوانیەکەی خۆی وەك چەکێك بەکارنەهێناوە .

ژنەکەشی بەشانازییەوە وڵامی داوەتەوە:

ئەو بەجوانی و سەرنجراکشانی مێردەکەی سەربەرزە، چونکە پیاوی سیاسی ئەوەی پێویستە .

جارێکێش لە وڵامی ئەوەی رووی تێکردنی خەڵك لە مێردەکەت و جوانیەکەی کێشەت بۆ دروست ناکات، ئەو لە وڵامدا وتبووی:

هەر چەند ئەوان بۆ لای خۆیان رایدەکێشن، من زۆر زۆرتر بۆ لای خۆمی رادەکێشم.

## لەناو تەڵەی هەڵبژاردنەکانا:

خاتوو دی ئێس ك کۆکە لەسەرئەوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن هەموو کەسێك دەشکێنێت، ئەو کەسە لە چە پلەو پایەکیش بێت، بەڵام

بێمنەتەو خۆی توندو بە پارێز ڕاگرتووە. دەكرێ پرسیاریش بكرێت، ئەگەر مەسەلەكە تەنها پروپاگەندە نەبێت، لەوە زۆرتر بێت ..؟؟

لە مانگی یولیوی ساڵی ٢٠٠٣ لە گۆشەیەكی بەرتەسكی هەفتەنامەی لۆنوفیل هەواڵێكی كورتی لەسەر ستروس خان بڵاوكردیتەوە، ئەگەرچی هەواڵەكە كورت بوو، بەڵام لەسەر بەرگی هەفتەنامەكەی شوێنی دیارو بەرچاوی بۆ تەرخانكرابوو، (هوبری برۆلونگۆ) لە هەفتەنامەكەدا نووسیبووی:

ستروس خان لەگەڵ دوو كیژی باڵابەرز چوویتە تیاترۆخانەیەكی بەدناو، مێینە ئامادەبووەكانی ناو تیاترۆخانەكە وتوویانە، ئەو پیاوە لە تەلەفزیۆن شێوەی جیاوازە، دەموچاوی ناو تەلەفزیۆنی و ڕاستیەكەی جیاوازی زۆری هەیە، هەندێكی تر وتوویانە، دەبێ ئەوە ببێتە سەرۆكی كۆمارەكەمان. لەوێ سنرۆس خان بەزۆری توانیبووی یەخەی قەمیسەكەی لەناو دەستی ژنانەكان دەربهێنێت، بەهەموو لایەكەوە بەتەنگاویی بۆی دەچوونە پێش.

ئەو هەواڵە كورتە تێكەڵاوكردنەوەی شتەكان بوون، یەكێك لەو ئەندامانی تاقمی حكومەت ئەوەی جان بییر ڕافارانیش داوەتی كردبوو، لەو تیاترۆخانەیە ئامادەبوو، زۆریش لە ڕاستی و مەبەستی بڵاوبوونەوەی هەواڵەكەیان دەپرسی، سەریان سوورماوە، یەكێك لەوانە ڕاوێژكاری ساركۆزی بوو، كە بە تەلەفۆن پەیوەندی بە ڕۆژنامەنووسەكە كردووە، بەڵام ستروس خان ڕەنگدانەوەكەی ئەوەندەبووە تەلەفۆنێكی بۆ سەرنووسەری هەفتەنامەكە كردووەو بەس.

لەپاش ڕووداوەكە، كارە شەرمەزارییەكانی وەزیری ئابووری پێشوو ستروس خان نەوەستاوە، زۆری نەخایاندبوو، كیژە ڕۆژنامەنووسێكی گەنجی تەمەن بیست و چوار ساڵانە، بۆ

ئامادەکردنی کتێبێك لەسەر فەشەلی پیشەیی، پەیوەندی بە چەندین کەسایەتی کردبوو، یەکێك لەوانە سنرۆس خان بووە، پاش تەواوبوونی دیدارەکەیان رۆژنامەنووسە گەنجەکە وتبووی:

ئەو لە ماوەی دیدارەکەدا لەگەڵم بەرێز نەبووە، بۆیەش داوام لە دادگا لەسەر تۆمارکردووە .

میدیاکان بەپەرۆشەوە باسی ئەو کێشەیان نەکرد، بەڵام باوکی کیژەکە، ئەویش ئەندامی حزبی ئیشتراکی بووە، پەیوەندی بە (لۆران فاییۆس) و (فرانسوا هۆڵند) کردبوو تا کێشەکە بە رازیکردن چارەسەر بکەن. بەڵام لە کۆبوونەوەی رۆژی ١٣ ی مایۆی ٢٠٠٥ بۆ ئامادەکردنی ریفراندۆم لەسەر دەستووری ئەوروپی ناوی وەزیرەکە بەبێ رەوشت ناوی هاتبوو.

## ماری ماتش، سارکۆزی ریسوا دەکات:

هەفتەنامەی باری ماتش لە ژمارەی رۆژی ٢٥ ی ئۆگستی ٢٠٠٥ دا، بە بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی سیسیلیا سارکۆزی لە نیویۆرکی ئەمریکی، خوێنەرانی سەرسامکردبوو، بەتایبەتی وەزیری ناوخۆ سارکۆزی، چونکە وێنەی ژنەکەی وەزیر وەرگیرابوو، دەستی کەسایەتی ناوداری بازار (ریتشارد ئاێتاس) ی لەسەر شانە بووە. ئەو گورزە بۆ سارکۆزی توندو بەزەبربوو، چونکە رای گشتی بەرگەی بابەتی داوێنپیسی ژن و مێردایەتی ناگرێت، بۆیە راوێژکارانی سارکۆزی زوو دانەکانی ئەو ژمارەی هەفتەنامەکەیان لە بازارا بەپەلە کۆکردەوە. دەزگاکانی راگەیاندن و وەزارەتەکان، هەموو هەفتەنامەکانی پێنچشەممەوان ئێوارەکەی چوارشەممەوان وەردەگرن، تا هەموولایەك بەیەکەوە هەفتەنامەکەی ئەو ژمارەیەی باری ماتش

وەرگرن، ئێوارەکەی رۆژی پێشتر دابەشیان نەکرد، تا بەیەکەوە خیانەتی ژنی وەزیری ناوخۆ بخوێنەوە، راوێژکارانی وەزیرەکە وتیان، تا کەمترین دانەی ئەو گۆڤارە بگاتە دەست خوێنەرانی و کەمێك شەرمەزارییەکەی سارکۆزی سووك بکەنەوە، بێجگە لەوەی ئەوەی لە دەستیان هات، گۆڤارەکەیان کڕییەوە، لە چاپخانەش ئەوانەی مابوون گلبیان دایەوەو زۆریان دزییەوە .

سارکۆزی لەسەر قەبران دەهاتەوە، تەرمی پاسەوانێکی بەرێکردبوو، لە گەڕانەوەی ناو ئۆتومبێلەکەی زەرفێکی پێچراوی بەناوی خۆی بینیبوو، بە کردنەوەی زەرفەکە، گۆڤارەکەی بینبوو، وێنەی ژنەکەی لە سەر بەرگی درابوو. بەو وێنەیە زۆر شلەژابوو، رووی تێکچووبوو، بەقسەی ئەوانەی لەو دەمەدا لەو نزیکبوون، وتیان گۆڤارەکەی نەکردەوەو تا نەگەیشتە بارەگای وەزارەت لە گۆرەپانی بۆڤۆی پاریس، ناوەرۆکی ریپۆرتاژەکەی نەخوێندەوە .

ئەو رووداوە بۆ سارکۆزی بەخوێن و بەژان و شەرمەزاری بوو، کە گەڕاوەتەوە نووسینگەکەی یەکسەر بەیانێکی تەڵاق و جیابوونەوەی لەگەڵ سیسیلیا نووسیوە، ویستی زوو ئەو بەیانە لە هەموو بوارەکانی راگەیاندن بڵاوبکاتەوە، بەڵام رۆژنامەنووسە ژنەکەی هاورێی لە رۆژنامەی لۆفیگارۆ ئامۆژگاری کردبوو، پەلە نەکات، ئەو ساردی کردیتەوە. دیارە ساردبوونەوەکەشی لەبەر ئەوە بووە کەس پێش ئەو، نە ڤالیری جیسکار دیستان و نە جاك شیراك ئەو جۆرە کێشەو رووداوانەی هاوشێوەیان بەو شێوەیە چارەسەر نەکردووە.

باسکردنی لایەنی تایبەتی فەمیلیداری نیکۆلای سارکۆزی هەر لە هەفتەنامەی باری ماتش باس نەکرابوو، زۆر باسکرابوو، رۆژنامەیەکی سویسری چەندین ریپۆرتاژی رۆژانەی لەسەر ئەو پەیوەندییە بڵاوکردبۆوە، ناونیشانی ریپۆرتاژەکانیش زۆرتر

ورووژاندنی گەرمی تێدابووە، وەك سیسیلیا بەڕی لەبن پێ سارکۆزی و ریشارد ڕاکێشاوە، یان ناونیشانی وەك، خۆشەویستی نوێی سیسیلیایان بۆ ریپۆرتاژەکە دانابوو.

نووسینی ڕۆژنامەکان زۆرجار بۆچوون و مەزندەبوون، بەڵام ڕۆژنامەنووسانی لۆماتان ئەو سنوورەیان بزاند، لە مەزندەو پرۆپاگەندە دەرچوون و هێلی سووریان بەزاند، لە ڕۆژی ٢٦ ی مایۆ تەڵاقدانی ژنەکەی سارکۆزیان زوو بڵاوکردەوە، هەر ئەو ڕۆژنامەیەش ناوی ژنی نوێیان زانی، وتیان سارکۆزی ژنی (کریستیان ئاستور) ی یەکێك لە برادەرە هەر نزیکەکانی دەهێنێت.

هەواڵەکەی ڕۆژنامە سویسرییەکە ئەگەرچی دووربوون لە ڕاستی، بەڵام بەشداری زۆربوونی پرۆپاگەندەی کردە سەر سارکۆزی، بەو هەواڵە تیراژی فرۆشتنی ڕۆژنامەکە لە فەرەنسا لە تەنها ٥٠٠ دانەی ڕۆژانە گەیشتە ٧٦ هەزار دانە. تیراژی فرۆشتنی ڕۆژنامەکە زۆربوو و تەماشاکەرانی سایتەکەی سەر نێتیشی زۆر زۆر بوو، نەك هەر خەڵکی سادەو هاووڵاتیان نیگایان لەو سایتە دەکرد، بەڵکو سیاسەتمداران ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیرانیش زۆرتر سەردانی ماڵپەڕەکەیان کردووە.

ئەوانەی لە پێشەوای یەکێتی لە پێناوی بزاڤی میللیەوە نزیك بوون، ئاگاداربوون، ئەو وتارانەی ڕۆژنامەی لۆماتانەی بە شێواندنی کەسایەتی ناوبردووە، بە بڵاوکردنەوەی چالاکی و هەواڵی هەمەجۆری وەزیری ناوخۆش ویستوویانە تێبگەن، بە بڵابونەوەی ئەو وتارانە لە سویسرا چەند کاریگەری لەناو فەرەنسا لەسەر هاووڵاتیانەوە دەبێت. ئەوانەی ئەو ڕاپۆرتانەیان بەرێکردبوو، هەموویان دوژمن و ناحەزی وەزیری ناوخۆبوون، بەڵام پرسیارەکەش ئەوەیە ئەو ڕاپۆرتانە سەرچاوەکەیان کێندەرێ بووە....؟

سەرچاوەی رۆژنامەکە، پەیامنێرەکەیان بووە لە پاریس، بەڵام بە چەندین ناوی خواستراو بابەتەکانی بۆیان ناردووە. بە ناوی جۆلیان رۆش و مرە سارج برۆسۆن. سەرنووسەری رۆژنامەکەش وتوویەتی، ناوە وەهمیەکانیش بۆ پاراستنی کەسایەتی رۆژنامەنووسەکەبووە. وەزارەتی ناوخۆی فەرەنسی لە سەفارەتی سویسری لە پاریس نزیك دەبۆوە تا ناوی راستەقینەی پەیامنێرەکە بزانێت، ئەوانیش بەئاسانی وڵامیان داوەتەوە، ئەو ناوانە لە لیستی ناوەکانی ئەوان دا نییە .

بە تێپەربوونی ماوەیەك بەسەر مەسەلەکە، ناوی چەند رۆژنامەنووسی نزیك لە کۆشکی ئالیزی هات، گوایە ئەوانە دەستیان لە ناردنی راپۆرتەکان بۆ لۆماتان هەبووە، ئەوەش سەرنووسەرەکەی توورەکردووە. بۆیە وتوویەتی، بواری هیچ سازش و دانوستانمان لەو مەسەلەیەدا نییە، ئەوەی پەیامنێرەکان بۆیان ناردووین، هەڵبەستراونین، سەرچاوەکانیانیش سالۆنەکانی تەحریرو شوێنە رەسمیە گشتییەکانی پاریسە، دیارە ئەوانیش ئەو رۆژنامەی ئێمەیان دۆزیوەتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکانیان. بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و سۆراخی دوا گۆڕان و پەیوەندی فەمیلیی پالێوراوی سەرۆکایەتی دەبوایە تا سەرەتای ساڵی ٢٠٠٦ چاوەروان بوایە.

رۆژنامەنووسان و لێکۆڵینەرەوان هەواڵی گەرانەوەی سیسیلیایان لە ینایری ٢٠٠٦ لە نیویۆرك زانی، هەموو لە چاوەروانی بوون، بەڵام ئەو هەر نەگەیشت، رۆژنامەنووسێك لە لیبیراسیۆن توانی پرسیاری ئەو بابەتە لە سارکۆزی بکات، ئەویش لە وڵامدا وتبووی، من لەو ماوەیەدا زۆرم بیست، زۆرتان نووسی، ئەوەش بۆ من باش بوون زۆرتان باسکردم، وا دەتانەوێ دان بەخۆم بگرم، منیش وا دەکەم، دوایی لەو رەوشە تێدەگەن و رێزیشی دەگرن.

## چیرۆکی کتێبەکە:

بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی گالا فالیری دۆمان زانیبووی، کەوا فانسۆن بارباری خاوەن دەزگای پەخشی فارسی، بەنیازە کتێبێکی ٢٤٠ لاپەڕەیی بەناوی (سیسیلیا سارکۆزی لە نێوان دڵ و عەقل) دا بڵاوبکاتەوەو لە ٢٤ ی فبرایری ٢٠٠٥ بکەوێتە بازارەوە، بەڵام بڵاوکردنەوەکەی راگرتبوو. لە کتێبەکەدا ژیاننامەی سیسیلیای تێدابووە، باسی سەردەمی منالّی و شووکردنی یەکەمی بە جاك مارتان و دواییش بە نیکۆڵا سارکۆزی کردبوو، جیابوونەوەکەشی بەچەند دێڕێك نووسیوو.

خاوەنی دەزگای پەخشەکە لە ترسی دەسەڵاتی پۆلیسی یەکەمی فەرەنسا نیکۆڵا سارکۆزی، نووسەرەکەی بانگ کردبوو، بە هەڕەشەش بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی پێ راگرتبوو. بە بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبەکە دەزگاکە دووچاری لێپرسینەوەو بەدواچوونەوە دەهات، بۆیە ئەوەی چاپیش کرابوون سووتێنران. سارکۆزی بەهۆی یەکێکی نزیکی خۆییەوە دەیتوانی بڵاوکردنەوەی کتێبەکە راگرێت، بەڵام وەزیرەکە خودی خۆی داوای راگرتن و بڵاونەکردنەوەی کردبوو.

ڕووداوەکە چەند مانگێکی بەسەرداچوو، سارکۆزی وەزیری ناوخۆ داوای کۆڕێکی بۆ زانینی ڕێژەی لادان لە فەرەنسادا کردبوو، لە کاتی بەستنی کۆڕە ڕۆژنامەگەرییەکەدا مێردی و ئامادەبووانی ئەویان بینی هات و تێپەری، بەتەواوبوونی کۆڕەکە هەردووکیان لە بالکۆنەکەی وەزارت بینیبوو بەمرتاحی و دوور لە دیدی خەڵکی قسەیان دەکرد.

ڕۆژنامەنووسێکی وێنەگر توانی لە ناوەندی یونیوی ڕابردوو لە لەندەن وێنەیەکی هەردووکیان بەیەکەوە بگرێت، وێنەکەش لە باری

ماتش بڵاوکرایەوە. سەرنووسەری هەفتەنامەکە ئاڵان گنیستاری ناچارکرا دەست لە کاربکێشێتەوە، رۆژنامەنووسان بەگشتی نارەزاییان نیشاندا، گلەییان لە گوشاری سیاسی دەرەوە لەسەر کاری بڵاوکراوەکەیان کرد، بەڵام گنیستار لەسەرکار لادراو، لە هەفتەنامەکەشدا نەگەرایەوە سەر کارەکەی خۆی، پاش ساڵێك لەسەر بڵاوکردنەوەی وێنەی سیسیلیاو دۆستەکە، بەو دەرکردنەیە تۆڵەی لێکرایەوە.

# بەشی کۆتایی

**دەکرێ گەورە پیاوی ئالیزی بێ ژن بێت؟**
**40% ژنانی فەرەنسی وتویانە، ئێمە ئارەزوومانە شەوێك لە گەڵ سەرۆك وەزیران رابوێرین .**

## هەڵمەتێکی قەزائی:

سارکۆزی و یاوەرەکانی لەسەر ئەو باوەرندابوون، ئەوەی بۆ کۆشکی ئالیزی خۆی بپاوڵێویت دەبێ ژنێکی لەگەڵدا بێت، ئەو پرۆسەیە بێ هاوسەری ژن ناچێتە سەر. دەرکەوتەی راپرسییەکانی دەزگاکانی راگەیاندن ئەوەیان سەلماندووە، کەوا کەسە نزیکەکان لە پێشەوای یەکێتی لە پێناو بزاڤی میللی، کۆکن لەسەرئەوەی فەرەنسییەکان بۆ ئەم مەسەلەیە کراوەن، بەڵام بۆ هاوسەری ژن و مێردایەتی فەمیلیی سارکۆزی جارێکی تر زەحمەتە.

لۆران فابیۆس سەرۆك وەزیرانی پێشووی سەردەمی میترانی بەزییوو، بەرامبەر سیگۆلین رویالی لەناو حزبی ئیشتراکی جیابوونەوەکەی ئازاری زۆری دابوو، ئەو لەو جیابونەوەیەدا قوربانی داوەو ماندووبوە، ژنەکەی لە ساڵی ٢٠٠٣ دا تەڵاقدا، هەموو کێشە گەورەو تەنگژەکان نەیانتوانی بەو تەنهایەش هەراسانی بکەن .

ئەو کیژە جوانەی لە دوایی بووە گۆرانییژ، هەموو دەیانزانی زۆر دەهاتە نووسینگەکەی لە رۆژانەی سەرۆکایەتی کۆمەڵەی نیشتیمانی فەرەنسی (پەرلەمان) لە نێوان ساڵانی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٠، ئەو وەك سارکۆزی نەکردووەو ژیانی تایبەتی خۆی ئاشکرا نەکردووە، بواری خۆش نەکردووە، تا رۆژانەیەی بگاتە سالۆنەکانی پێشوازی، بەناچاری بۆ بەرگری لە بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی پەنای بۆ دادگا بردووە .

لۆران فابیۆسی هەڵبژێرداروی هەرێمی نورماندی لە یولیۆی ٢٠٠٤ زۆر تووڕە بووە کە هەفتەنامەی باری مانش وێنەیەکی ئەوەیان لەگەڵ ژنی برادەرێکی بڵاوکردەوە، ژنەکەش فەمیلیی نوێنەرێکی زۆر ناسراوی باشووری خۆرئاوای فەرەنسابوو. لەگەڵ وێنەکەش ئەو وتارەش بەو ناونیشانەوە نووسرابوو :

(لە خۆشەویستییەوەو لە هەموو ساتەکانیدا، گۆڕان دەبێت و هاوسەریش پەیدا دەبێت)، بۆیە وەزیرە یەکەمەکەی لەسەر کارنەماو، نووسراوێکی بەدرۆخستنەوەی بۆیان ناردبوو، بەڵام هەفتەنامەکە گوێ بەو بەیانە نەدابوو، بەپێی نەریتی باوی دادگا بڵاویشی نەکردەوە.

## مافی راگەیاندن و ژیانی تایبەتی:

ئەو کێشەیە زۆر لایەنی لۆران فابیۆسی هەژاند، بەناوهێنانەکەو ریسواکردنەکە تێکچوو بوو، لە هەمووولایەك گاڵتەی پێدەکرا، بۆ تۆڵەکردنەوەو خاوێنکردنەوەی ناوو پلەکەی لە دادگا شکایەتی لە هەفتەنامەکەکردبوو، هەفتەنامەکە بەکورتی و بەپەنابردن بۆ مافی رەوای هاووڵاتیان لە دەزگاکانی راگەیاندن و مافی راگەیاندن بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ وڵامی داوەتەوە، بەڵام ئەو کۆڵی نەدابوو،

پارێزەرەکانی هەفتەنامەکەیان بەوە تاوانبارکردبوو، کەوا ناوی ئەو کەسەی لەکەدارکردووەو تەشهیریان پێکردووە، چونکە بەڕاستی بۆ ژنەکە زۆر ناخۆش بوو، ئەو لە سەر ئەستۆی پیاوێکی ترەو تەڵاق نەدراوە، لە بڕیارەکەی دادگاش بڵاوکرابۆوە، لەبەرئەوەی هەفتەنامەکە ناتوانێت بیسەلمێنێت، لەو وێنەیەدا چە جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان ئەو دوو کەسەیەدا هەیە، بۆیە بڕیاریدا بوو هەفتەنامەکە لەسەر نووسینی ئەو چەندی دێرەی هاوپێچی وێنەکەیە بە ٥٠٠٠ یۆرو سزا بدات.

فاییۆس دڵسۆزی ئەوە بووە ژیانی تایبەتی خۆی بەخاوێنی و پاکی رابگرێت، کە لە ساڵی ١٩٨١ وەزیری دارایی بووە، رۆژێکیان دەرگای شوقەکەی بەڕووی رۆژنامەنووسان کردیتەوەو زۆری بانگی ماڵەکەی کردوون، ئەو داوەتەشی بۆ کاری سیاسی و دەوڵەت و دارایی نەبووە، بە میدیاکانی راگەیاندووە لە فرانسواز کاسترۆ کوڕێکی بووەو بە هەمووانی نیشانداوە. لە ساڵی ١٩٨٤ فاییۆس کراوە بە سەرۆکی وەزیرانی فەرەنسا، کە ئەو پۆستە گەورەو ناسکەی وەرگرتووە تەمەنی تەنیا ٣٧ ساڵ بووە، ئەو بە بچوکترین سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا لە مێژووی ئەو وڵاتە دەژمێردرێت. فاییۆس بە دبلۆماتێکی کراوەو بەکۆشش و تکنۆقرات ناسرابوو، شارەزابوو لە راکێشانی رای گشتی، هەموو لایەك سەرنجیان بۆی رادەکێشا، رۆژنامەنووسان لەبیریان ماوە لە شوقەکەی لە شارۆنتاس دادەبەزی بۆ کڕینی (کرواسۆن) لە نزیکترین نانەواخانەو گۆڕەپانی بونتیونی بە پیادەیی دەبڕی.

## بۆ یەك شەویش بووایە..

(لۆران فاییوس) لە دیمانەیەك لەگەڵ ژنە رۆژنامەنووسێكیدا لە ساڵی ۱۹۹۰ لە هەفتەنامەی لۆنرفیل ئابسارفاتور، وتبووی:
ئەوە ستراتیژییەكەم بەرهەمی بوو، من پلەی یەكەمم بەركەوتووە، من لە ناو هەموو سەرۆك وەزیرانەكاندا لەو راپرسییەدا بۆم دەركەوتووە، ژنان زۆرتر حەز دەكەن ئەگەر شەوێكیش بێت لەگەڵما بمینێنەوە، من رێژەی ٤٠% دەنگەكانم وەرگرتووە، بەوەش لە پێشەوەی هەموو سیاسەتمدارانی فەرەنسام .
لە ساڵی ۲۰۰٦ كێرفەكە دابەزیوە، پاش ئەو كاروانە درێژەی سیاسی لۆران فاییوس ناوبانگی دابەزیوە، ئەوە جاران بوو، ئەو بەجوانترو شۆخترین كەسایەتی سیاسی وڵات دەناسرا، هەموو فەرەنسییەكان لەبیریانە رۆژنامەی (دەنگی ساڤانا ) وێنەی دەبلی ئەوی لە لاپەرەی یەكەمی لە مانگی ئوگسستی ۱۹۸٤ بڵاوكردبۆوە، لەو وێنەیەدا سەرۆكی حكومەت بەرەنگی لێوی ژنانەوە نەخشینكرابوو، لە ژێرەوەش نوسرابوو ۲۲% ژنانی فەرەنسی ئەو پیاوەیان دەوێت.
كێشەی فەمیلیی نێوان ژن و مێردەكە لە ساڵی ۱۹۸٦ دەستی پێكرد، لەو رۆژەی هەفتەنامەی مینوت وێنەیەكی سینگی رووتی فرانسۆز كاسترۆی ژنی سەرۆك وەزیرانی لەسەر كەناری دەریا بڵاوكردەوە. كۆششكرا تا دانەكانی ئەو هەفتەنامەیە لە بازارو كوشكەكان گل بدرێنەوەو زەفت بكرێن، بەڵام زۆری گەیشتە بازارو فرۆشران. فاییوس سەرۆكایەتی وەزیرانی بە شكستی چەپەكان جێهێشت، پاش ئەو پۆستە سەرۆكایەتی كۆمەڵەی نیشتیمانی فەرەنسی، واتە پەرلەمانی وەرگرت. لەو ماوەیەدا ژنە رۆژنامەنووس ئایزابیل ئاسنی كارمەند بۆ بەرژەوەندی لۆژونال دودیمۆنش وتبووی:

ئەو پیاوە کۆك و شۆخ بوو، ناوبانگی جوانیەکی دەنگی دابۆوە، بەتایبەتی لەناو کیژە خوێندکارانی خوێندنگای نیشتیمانی بەڕێوەبردن، ئەو خوێندنگایەی خۆی تێدا خوێندکاربووە.

## سیگۆلینی سیحراوی نێوانی دەسەڵات و سەرەنجڕاکێشان کۆیکردیتەوە:

سیگۆلین توانیویەتی بە جوانیەکەی بنازێت، نێوانی دەسەڵات و ویستی خەڵکیش کۆبکاتەوە، زیرەکانە سیاسەت و فەمیلیداری و دایکایەتی دەکات، زۆر کار بۆ ئەوە دەکات ماڵەکەی ئارام و دوورە ئاژاوە بێت، ئەوەش ئەزموونی درێژیەتی لە نێوان سیاسەت و باری تایبەتی فەمیلیداری. بەو بەرنامەیەش بوو، ئەندامانی فەمیلیەکەی لە ئاژاوە دوورخستیتەوە، ئەو ژنە گیانبازی زۆری کردووە تا توانیویەتی پسولەی چوونە ناو کۆشکی ئالیزی بەدەست بهێنێت، ئەوەش پاش ئەوە هاتووە کە حزبی ئیشتراکی پسولەکەی بۆ مۆرکردووەو رازی بووە .
سیگۆلین لە زۆر بۆنەو پێشهاتەکانا سەلماندوویەتی ئەو ژنێکی سەرکەوتووبووە لە ماڵەوەو لە کۆڕی سیاسەتیشدا، تا رای گشتی ئەوەی قبوول بووە زۆر ماندووبووە. فەرەنسییەکان باشیان لەبیرە کە لە ساڵی ١٩٩٢ وەزیری ژینگەبووە، کە کوڕی چوارەمی بوو، کامیرای تەلەفزیۆنەکان و ڕۆژنامەنووسانی بانگ کردیتە ماڵەکەی خۆی.
ژنێکی ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی لۆفیگارۆ نووسیویەتی:
سیگۆلین یەکێکە لە ژنە سیاسیە بەرزەکانی فەرەنسا، کە زۆر بایەخ بە جلوبەرگ و ئەندامی دەرەوەی خۆیداوە، ئەو جوان و پۆشتە خۆی وەك دایکێك نیشانداوە، بەو بەرنامەیەی توانیویەتی زۆرتر بچێتە

ناو دڵی فەرەنسییەکان و هەموو خۆشییان بوێت و زۆرترین دەنگ وەرگرێت، زیرەکانەش وێنەکانی خۆی بڵاودەکاتەوە، چی جلی گران و نازداری بوتیکەکانی پاریس هەیە هەڵیاندەبژێرێت. وێنەگری وەکالەتی گاما، (ئیمانۆیل سکورسلتی) یش هەمان دیتنی بۆ ئەو ژنە ئاکار شیرینە هەبووە .

وێنەی سیگۆلین پێشەکی رۆژنامەی (کوریر دیلا سیرا) ی ئیتالی لە ساڵی ٢٠٠٥ وەرگرتبوو، لە ژێرەوەشی نووسرابوو، تاکە سەماکەری سیاسەت. ئەو وێنەیەی لەلایەن وێنەگری ناودار (هیلمۆت نوتون) ەوە گیرابوو، شێوەکەی ناسك و هەستیاربوو، بە پەنجەکانی گەمە بە قژی دەکات، لە ژێرەوەی نووسەرەکەش نووسیبوی:

ئەو وێنەی ژنێکی فەرەنسی جوانە، ئەو لەلای چەپەوە خۆشە.

ساڵی پار ئەو ژنە وەك سەرۆکی ئەنجومەنی گشتی لە (بوانتۆ شارونت) دامەزرا، ئیمرۆش پاڵێوراوی حزبی ئیشتراکییە بۆ سەرۆکایەتی فەرەنسی. دیارە لەبەر ویستی زۆرو خەونەکانی ئەو ژنە، زۆر لە سیاسەتمداران توانجیان هەیە، بە توندی هێرشی دەکەنە سەر، لەوانە لۆران فابیوس، چەندجار بەگاڵتەوە، وتوویەتی ئەدی ئەو ژنە خاوەن چوار مناڵە، کێ دوایی ئیشی ماڵەوەی بۆ دەکات.؟

لە دیمانەیەکی رۆژنامەی لۆموند بۆ یەکەمجار ویستی سەرۆکایەتی لە سێپتمبەری ٢٠٠٥ ئاشکراکرد، لەو دیمانەیەدا وتبووی:

هەڵبژاردنم بۆ ئەو پۆستە مەسەلەیەکی تایبەتیە بە خۆم، مێردەکەم بەو مەسەلەیە پەیوەست نییە، ئەو لە ناو حزبی ئیشتراکییا لە هەڵبژاردنە سەرەتاییەکانا هاوشانی لۆران فابیوس دژم بوو. بەڵام

دوایی لەو دیمانەیە پەشیمان بۆوەو لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (لونوفیل ئویسارفاتۆر) وتبووی :
دەرچوونم لەو هەڵبژاردنەدا بە پشتیوانی (فرانسوا هۆڵند)ی مێردم دەبێت.
لەسەرەتای ٢٠٠٦ دا بە فینتشال تایمزی ڕاگەیاندبوو، ئەو لەگەڵ مێردەکەی بەیەکەوە بڕیاردەدەن، بەیەکەوە بۆ سەرکەوتن کاردەکەن، چونکە بردنەوەکە پەیوەیستە بە یەك مێرد.
کێشەی نێوان سیگۆلین و مێردەکەی سیاسی رووت بووە، ئەوان لە ماڵەو کێشەیان نەبووە فەمیلییێکی بەختیاربووینە، بەڵام ڕۆژنامەکانی فەرنسی بەو هەناسەیەوە قسەیان نەکردووە، زۆریان نووسی، وەك ئەو وێنە کاریکاتێرەی ناوەندی مانگی فبرایری ساڵی ٢٠٠٦ کە لۆموند بڵاویکردیتەوە، لە سەر وێنە کاریکاتێریەکەدا دیارە کەوا نووسراوە (قەدیس ڤالنتین)، وێنەکەش فرانسوا هۆڵندی مێردی سیگۆلین لە ماڵەوەیەو جلی ژوورەوەی لەبەرەو سۆلێکی لەپێیەو دەرگای دەرەوە بۆ ژنە ماندووو هیلاکەکەی دەکاتەوە، کە لە کۆبوونەوە هاتیتەوە.
لەو ڕۆژانەش دەنگۆی ئەوەی ئەو ژن و مێردە جیادەبنەوە زۆر لە ساڵۆنە سیاسییەکان بڵاوکرایەوە، ئەوەش پاش ئەوەی سیگۆلین بەتەنها بۆ ئاهەنگی سەری ساڵ لە ماڵە مێردی دەرچووە، وەك ئەوەی دۆستێکی هەبێت، ئاهەنگەکەی بەتەنها لە هوتێلی ئەنتیل لە پاریس کردووە.
لە ساڵی ٢٠٠٤ ڕۆژێك دەستەخوشکێکی ڕۆژنامەنووسی بە سیگۆلینی وتبوو، وابزانم پیاوەکەت کیژێکی ڕۆژنامەنووس لە هەفتەنامەی باری ماتشی خوشدەوێت و پەیوەندییان هەیە. سیگۆلینی وەزیری ژینگە هیچ ڕانەوەستاو بیری نەکردووە، یەکسەر تەلەفۆنی

بۆ ڕۆژنامەنووسەکە کردبوو، بەتوندی هوشیاری کردیتەوەو پێیووتبوو:

ناکرێ گەمە بەئاگر بکەیت، وازبێنە.!

بەڵام ئەویش زوو هەواڵەکەی پەیوەندی ئەوو هۆڵندی مێردی بەدرۆ خستەوە. ئەو هەواڵە گەیشتە سارکۆزی، لەترسی ئەوەی نەوەك کاردانەوەی خراپی لەسەر هەبێت، سیگۆلین پەیوەندی بە بەرپرسانی باری ماتشەوە کردبوو، هاوڕێیەکەی فرانسوا زۆر نزیك بوو لە برادەرە ڕۆژنامەنووسەکەی لۆفیگارۆ، بۆیە هەموو لایەکی بۆ مەسەلەی ئاشتبوونەوەیەکی ئێوارە خواردنێك بانگکردبوو، بەڵام بەرپرسانی لۆفیگارۆ داواکەیان قبوول نەکردبوو.

هێرش و پڕۆپاگەندە بەلێشاو دەکرایە سەر سیگۆلین، یەکێك لەو هەواڵانەی بڵاوبوونەوە، بونی پەیوەندی و خۆشەویستی نێوان فرانسوای مێردی و کیژێکی یاریدەر لە شارەوانی پاریس بەناوی ئان هیدالگۆبوو. ئەو هەواڵە کاریگەری کردە سەر (فلۆر) ی کیژی و فرانسواش، لە خوێندنگای کیژەکەی هاوڕێکانی پێیان وتبوو تۆ کیژی (ئان هیدانگۆ) ی. بۆیە سیگۆلین پەنای بۆ مێردەکەی بردووە، تا کێشەکەو پڕۆپاگەندەکان سارد بکاتەوە، ئەوەش مەترسی لەسەر ڕێرەوەی هەڵبژاردنەکان هەبووە، بۆیە جۆن لۆك ملۆنشۆن وتبووی:

هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار پێشبڕکێی شاجوانی نییە. بەڵام شاراس وتبووی:

ئەوەش کۆتایی دێت، وەك دایکە میرکلی ئەلمانیا کۆتایی هات .

کە سیگۆلین بەسەرکەوتنی میشال باشلی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی شیلی پیرۆزبایی بۆ نارد، هێرشی زۆری کرایە سەر، بەوە بەچاکی لە ڕەوشی فەرەنسا گەیشت. لەو ڕۆژەوە ویستی ئەو وەك سۆزی دایك و داپیرەی سیاسی خۆی دەرخات، ئەو نەیویست

وەك میشال ماری وەزیری بەرگری فەرەنسی وەك پیاوێك دەركەوێت، دەبوایە خۆشی لە پرۆپاگەندە ژنانەو مێینانەی دوور بخاتەوە، چونكە ئەوەیان لەناو شەپۆلی پرۆپاگەندە دەیخنكاند.

سیگۆلین بەپێچەوانەی سیاسیە چەپەكانی تر نایەوێت قوربانی بەماڵ و منالْ و خەباتە سیاسییەكەشی بدات، وەك نموونەیەكی كۆنی تەقلیدی فەرەنسی بمینێتەوە. هەموولایەك نموونەی مارگرێت تاتشرو ئەنجیلا میركلی ئەلمانیایان لەبەرچاوە، رۆژی ئەوە نییە لەسەر كورسی دەسەڵاتی سیاسی فەرەنسا ژنێك دانیشێت، لێهاتوویی سیاسی و جوانیەكەی بەیەكەوە ببەستێتەوە. ناكرێ هەر وا بمینێتەوە ژنان لەو وڵاتە یان ژنی سیاسەتمدارێك بن، یان دۆستیان بن! بەو جۆرەش ئەوەی پیاوەكان لە سەركەوتنی سیاسی و عاتیفی دەیدورنەوە بەشی ئەوانیشی تێدا بێت.

---

لە رۆژنامەی (القبس) ی كویتی بە زەنجیرەو رۆژانە لە ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوكراوەتەوە.

# وێنەکان



**پاریس**



پاریس




**فیلبان و سارکۆزی دوو کەسی ناکۆك و ناحەز**



**ڕۆلان دوما وەزیری پێشو**



**شیراك و سارکۆزی**



**جیسکار دەستی بەسەر ١٧ ژنە فەرەنسی دا گرتبوو**



**سیگولین**



**ساركوزى و سيسيلياى ژنى**



**ساركوزی و سیسیلیا**

## پێناسەیەکی کورتی وەرگێرە عەرەبیەکەی :

سلیمە محمد لبال لە ٢٩ ١٢ ١٩٧٦ لە جزائیر لە دایکبووەو لە زانکۆی جزائیر ئەندانازی بیولۆژی و لیسانسی لە ڕاگەیاندن تەواوکردووەو ٥ ساڵە نووسەری بنچینەییە لە بەشی سیاسی ڕۆژنامەی ڕۆژانە الشروقی جزائیری و لە چەندین بواری تر ڕاگەیاندن چالاکەو ئینگلیزی و فەرەنسیش دەزانی.

## وەرگێر لە چەند دێرێکدا:



لە ١٩٥٥ لە شاری دێرینی (هەولێر ) لەدایکبووە.
ئامۆژگای تەکنەلۆژیای بەغدای تەواوکردووە.
تا لە ولات دەرچووە فەرمانبەری شارەوانی هەولێر بووە.
لە ساڵی ١٩٩٨ ەوە لە وڵاتی سوید دەژی.

## چاپکراوەکانی ...

لە یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، ١٩٨٥ کتێبی (هەولێر) ی بە قەبارەی ٣٦٥ لاپەرە ئامادەو چاپکردووە.
هەر لە شارەوانیدا لە ساڵی ١٩٩٤ دا، ١٢ ژمارەی رۆژنامەی" هەولێر " ی دەرکردووە.
کەلاوە .. ١٩٩١ ریپۆرتاژ / بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر.
دیومخانی فلێن ... رۆژانەو ریپۆرتاژە / لە ١٩٩٩ لە رۆژنامەی " ئالای ئازادی " زەحمەتکێشان لە دە ئەلقەی درێژ بڵاوکرایەوە.
هەولێر .. تا دبلن ! .. ٢٠٠٠ ریپۆرتاژ / زانکۆی ئازادی بەرلین.
بەغدا.. بۆ هەولێر ! .٢٠٠٠ ریپۆرتاژ / سویدو سلێمانی.
مەملەکەتی فارگۆنەکان ... ٢٠٠١ ریپۆرتاژ / سلێمانی.
کاکە ئەبو ئیسماعیل .... ٢٠٠١ سلێمانی.
بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو .. ٢٠٠١ رۆمانی گابریل مارکیز، لە ژمارە ٢٥ ی گۆڤاری " ئاینده " ی سلێمانی بڵاوکرایەوە، وەك نامیلکەش بڵاوکرایەوە.
دە رۆژەکەی هەولێرم .. (١١) وتارو ریپۆرتاژبوو / لە گۆڤاری (گوڵان)

ی هەولێرو رۆژنامەی (کورد) لە ئوسترالیا بڵاوکرایەوە.
رێگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسۆن ماندیلا/ وەرگێران. هەولێر لە دەزگای موکریانی بڵاوکرایەوە.
سارد، یان گەرم .. (١٢) ریپۆرتاژبوو / لە رۆژنامەی (هەواڵ ) ی سلێمانی لە یولیو ٢٠٠١ ـ ینایری ٢٠٠٢ بڵاوکرایەوەو وەك نامیلکەش بڵاوکرایەوە.
فارگۆنەکان ..... ریپۆرتاژو بیرەوەرییە لە دەزگای بدرخان لە هەولێر٢٠٠٥ بڵاوکرایەوە.
مەملەکەتی کەلاوە ... وتارو پێناسەی بیناسازی کوردییە وەك نامیلکە لە وەزارەتی رۆشنبیری لە هەولێر بڵاوکرایەوە.
کۆریا پێناسەو مێژووی کۆریای باشوور، لە خانەی وەرگێران لە هەولێر ٢٠٠٧ .
هولۆکۆست کتێبێکە لەسەر قڕکردنی جولەکە لە ئەوروپا سەنتەری نما هەولێر ٢٠٠٧.
دیاناو ماساکۆ، دوو پرێنسیسی نازداری بێناز .....هەولێر دەزگای ئاراس ٢٠٠٨
مارتن لۆسەر.. و:بەشێکە لە کتێبی ناتوندوتیژی ١ سەنتەری مەسەلە هەولێر ٢٠٠٨

ئامادەی چاپە:
هەتان، چەند وتارێکە لەسەر بیناسازی کوردەواری، لە ساڵی ١٩٨٨ەوە ئامادەیە.
دیدار کۆی دیمانەی ئەدیبانی عەرەبی و جیهانییە و: سوید ٢٠٠٠ ـ ٢٠٠٧
مەجبوور........... سوید ٢٠٠٢
تەها حوسین ..... نابینایەکی بینا و: سوید ٢٠٠٥
ئەنجیلا میرکل ....و: سوید ٢٠٠٧
بەرەو کۆشکی ئالیزی، شیراک، روایال، سارکۆزی ....و: سوید ٢٠٠٧
ترێنە خێراکەی خۆرهەڵات ....... و: سوید ٢٠٠٧
ئیرانی نوێ .. لە دیدی ژوورنالیستانەوە ... و: سوید ٢٠٠٧

بەهەشتی زیندان .. وتارو ریپۆرتاژە لە ١٩٩٦ەوە بەبەردەوامی دەنووسی، ئێستاش گۆشەی (بریڤ) لە چەندین گۆڤارو رۆژنامەو ماڵپەرەکانا لەوڵات و دەرەوەی وڵات بڵاودەکاتەوە.